حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

# مێژووی دێرینی گەرمیان

## لە هەزارەی سێیەم تاکو ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پ.ز.

نامەیەکە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە بەشی مێژوو، مێژووی کۆن پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان کراوە لە لایەن

**ڕێبوار سەرتیپ حەمید**

بە سەرپەرشتیی پرۆفیسۆری یاریدەدەر

**د. کۆزاد محەمەد ئەحمەد**

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢ زایینی

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار(ڕێبوار سەرتیپ حەمید) بە ناونیشانی (مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزراەی سێیەم تا ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پ.ز. توێژینەوەیەکی مێژوویی-شیکارییە) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (مێژوو/مێژووی کۆن)دا، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: پ.ی.د.کوزاد محەمەد ئەحمەد

بەروار: / ١٠ /٢٠٢٢

بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ:

ناو: پ.د. پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن

سەرۆکی بەشی (مێژوو).

بەروار: / ١٠/ ٢٠٢٢

ڕەزامەندیی لیژنەی تاووتوێ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (ڕێبوار سەرتیپ حەمید)مان بە ناونیشانی (مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی سێیەم تا ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پ.ز.) خوێندەوە و گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کرد، بڕیارماندا بە پلەی(          ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی مێژوو مێژووی کۆن پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د.کامەران محەمەد جەلال
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە:
ڕێکەوت: ١٧/10/2022

واژۆ:
ناو: د.محمدامین علی عبدالله
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام:
ڕێکەوت: ١٧/10/2022

واژۆ:
ناو: د.نارام جەلال حسن
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام:
ڕێکەوت: ٨/10/ 2022

واژۆ:
ناو: د. کۆزاد محەمەد ئەحمەد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیار:
ڕێکەوت: ١/10/ 2022

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانییەوە پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.ابتسام اسماعیل قادر
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
٢٠٢٢/١٠/١٧

# پێشکەشە بە:

- دایک و باوکم بۆ هەمیشە قەرزداری ماندووبونیانم.
- هاوسەری ئازیزم کە هەمیشە پاڵپشتم بووە.
- منداڵە چاوگەشەکانم ئەم ماوەیە وەک پێویست لەگەڵیان نەبووم.
- برا و خوشک و هەموو ئەوانەی ڕۆژانێک مامۆستا و ئامۆژگاریکارم بوون و لێیانەوە وانەی ژیان و دڵسۆزی فێربووم.

# سوپاس و پێزانین بۆ :

- بەڕێز دکتۆر کۆزاد محەمەد، کە ماندوو بوو لەگەڵم و ئەرکی کێشا کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کرد و بە وردی خوێندییەوە و پێشنیاری بەجێ و بایەخداری بۆی هەبوو، سەرنج و تێبینیەکانی بە پێز و گرنگ بوون.
- سەرۆکایەتی بەشی مێژوو بەڕێزان (پ.د. پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری) و پ.ی.د. هاوار کەمال میرزا)، دەستگرۆییان کردوین و دڵسۆزانە بەدەم کاروبارەکانمانەوە بوون.
- بەڕێزان: پ.ی.د. دڵشاد زاموا، د. رافیدە عەبدوڵڵا و پ.ی.د. زریان حاجی، پ.ی.د. کامەران محەمەد جەلال، کە لە ماوەی خوێندن و لە کاتی نوسینی ئەم نامەیەدا هاوکارم بوون.
- سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان (پ.د. فەرهاد قادر)، کە دڵسۆزانە کۆمەکییان کردین.
- هەموو هاوڕێ خوێندکارەکانم (م.سەمیر حسن، حەسەن عەلی، زەردەشت عزت، شەماڵ عوسمان، شەهرام شیروان، دیلمان محەمەد و هێرۆ کەمال)، کە پێکەوە وەک تیمێک هەمیشە بەدەم کاری یەکترەوە بووین.

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ١-٦ |
| ١. جوگرافیا و پێشینەیەكی مێژووی گەرمیان و دانیشتوانە دێرینەكانی | ٧-٤٧ |
| ١-١ : جوگرافیای گەرمیان | ٨-٢٠ |
| ١- ١ -١ ناوی گەرمیان | ٨-٩ |
| ١- ١ -٢ سنوری جوگرافیای گەرمیان | ٩-١٢ |
| ١- ١ -٣ تۆپۆگرافیای ناوچەی گەرمیان | ١٢-١٤ |
| ١- ١ -٤ كەش و هەوا | ١٤-١٥ |
| ١- ١ -٥ سەرچاوە ئاوییەكان لە گەرمیاندا | ١٦-١٨ |
| ١- ١ -٦ گرنگترین ڕێگا و دەروازەكانی گەرمیان | ١٨-٢٠ |
| ١ -٢ سەرەتاكانی نیشتەجێبوون لە گەرمیان | ٢١-٣١ |
| ١- ٢ -١ چاخی بەردینی كۆن | ٢١-٢٢ |
| ١- ٢ -٢ چاخی بەردینی ناوەڕاست | ٢٢-٢٣ |
| ١- ٢ -٣ چاخی بەردینی نوێ | ٢٣-٢٥ |
| ١- ٢ -٤ فەرهەنگی حەسونە | ٢٥-٢٦ |
| ١- ٢ -٥ فەرهەنگی سامەڕا | ٢٦-٢٧ |
| ١- ٢ -٦ فەرهەنگی حەلەف | ٢٨-٢٩ |
| ١- ٢ -٧ فەرهەنگی عوبەید | ٢٩-٣٠ |
| ١- ٢ -٨ فەرهەنگی ئوروك (وەركا) | ٣٠ |
| ١- ٢ -٩ فەرهەنگی نەینەوای پێنج | ٣٠-٣١ |
| ١-٣ گەلانی دێرینی نیشتەجێبووی گەرمیان | ٣٢-٤٧ |
| ١-٣-١ گوتی یەكان | ٣٢-٣٦ |
| ١-٣-٢ لوللو(بی) یەكان | ٣٧-٤١ |
| ١-٣-٣ خورری یەكان | ٤١-٤٤ |
| ١-٣-٤ كاششی یەكان | ٤٤-٤٧ |
| ٢. گەرمیان لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز دا | ٤٨-٦٧ |
| ٢-١ بارودۆخی سیاسی لە هەزارەی سێیەمی پ.ز دا | ٤٩-٦٧ |
| ٢-١-١ شانشینی سیمورروم | ٤٩-٦٢ |

٢-١-٢ شانشینەکانی مادگا و دێر و کارخار ٦٣-٦٧

٢-٢. گەرمیان لە هەزارەی دووەمی پ.ز. ٦٨-٨٩

٢-٢-١ فراوانخوازییەکانی ئێشنوننا لە هەزارەی دووەمی پ.ز. ٦٨-٧١

٢-٢-٢ سەردەمی کاششی یەکان لە گەرمیان ٧١-٨٣

٢-٢-٣ نامار/نامری، سێبەری کاششی یەکان لە گەرمیان ٨٣-٨٥

٢-٢-٤ گەرمیان لە سایەی دەسەڵاتی میتانی یەکاندا ٨٥-٨٩

٣. گەرمیان لەنێو ململانێی زلهێزەکانی نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز.دا ٩٠-١٠٩

٣- ١ لەسەرەتای هەزارەی یەکەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمی پ.ز. ٩١-١٠١

٣- ٢ لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەم تا ناوەڕاستی هەزارەی یەکەی پ.ز. ١٠٢-١٠٩

ئەنجام ١١٠-١١٢

پاشکۆ ١١٣-١١٦

سەرچاوەکان ١١٧-١٣٨

پوختەی نامە بە زمانی عەرەبی

پوختەی نامە بە زمانی ئینگلیزی

# ليستی كورتكراوەكان

- *ABC* *Assyrian and Babylonian Chronicles*
- *AfO* *Archive für Orientforschung*
- *AJA* *American Journal of Archaeology*
- *AJSL* *The American Journal of Semitie Languages and Litreatures*
- *AOAT* *Alter Orient und Altes Testment*
- *ARAB* *Ancient Records of Assyriaand Babylion*
- *AS* *Anatolian Studies*
- *CAH* *The Cambridge Ancient History*
- *CDLJ* *Cuneiform Digital library Initiative*
- *CSMS* *The Canadian Society for Mesopotamian Studies*
- *G.J* *The Geographical Journal*
- *IJEARD* *International journal for Egyptian Archaeology and Related Disciplines*
- *Iran* *Iran: Journal of the British School of Persian Studies*
- *Iraq* *Iraq: Journal of the British School of Archaeology in Iraq*
- *JAA* *Journal of Anthropological Archaeology,*
- *JAOS* *journal of the American Oriental Society*
- *JBl* *Journal of Biblical literature*
- *JCS* *Journal of Cuneiform Studies*
- *JCSMS* *Journal of the Canadian Society for Mesopotamian Studies*
- *JHCS* *Journal of Historical and Cultural Studies*
- *JNES* *Journal of Near Eastern Studies*
- *RA* *Revue d' Assyriologie et d' Archeologie Orientale*
- *RHA* *Revue Hittite et Asianique*
- *RIA* *Reallexikon der Assyriologie*
- *RIMA* *Royal Inscriptions of Mesopotamia. Assyrian Periods*
- *RIME* *Royal Inscriptions of Mesopotamia-Early Periods*
- *RINAP* *Royal Inscriptions of The Neo-Assyrian Period*
- *SCIEM* *The Synchronisation of Civilizations in the Eastern Mediterranean*
- *SSM* *Societyes Symposium on Multiculturalism*
- *ZA* *Zeitschrift fur Assyriology*

## پێشەکی

مێژووی دێرینی مێسۆپۆتامیا یەکێکە لە گرنگترین و دێرینترین مێژووەکانی جیهان و لە دێرزەمانەوە لە چاخ و سەردەمە جیاوازەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ و دیاری لە مێژووی ژیان و ژیار لە جیهاندا هەبووە. لەم ڕۆڵگێڕانەشدا ناوچە جیاوازەکانی نێوان مێسۆپۆتامیا و زاگرۆس پشکی شێریان بەرکەوتووە لە مێژووی دێریندا. ناوچەی گەرمیان لە نێوەندیاندا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە، لە بنیادنان و گەشەسەندنی فەرهەنگ و شارستانییەتەکانی ناوچەکە.

ناوچەی گەرمیان وەك ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا و ناوچەکانی زاگرۆس و بانی ئێرانی ئەمڕۆ لە ماوەی نێوان هەزارەی سێیەم بۆ ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زاین، سنوری جوگرافی ئەم ناوچەیە مێژوویەکی دەوڵەمەند و لایەنی شارستانی و فەرهەنگی جیاوازی بە خۆوە بینیوە، ئەم ناوچەیە لە ڕوی سیاسی و ئابورییەوە بایەخێکی زۆری هەبووە، لەگەڵ دروست بوونی هەر هێزێکی سیاسی لە مێسۆپۆتامیا و ناوچەکە، کە بەردەوام ڕوبەڕووی هێرش و داگیرکاری بونەتەوە، هەر لە سەردەمی بنەماڵە سومەریەکانەوە تاوەکو کۆتایهاتنی دەوڵەتی میدیا، هەموو هێز و قەوارە سیاسیەکانی ئەو کات هەوڵی ئەوەیان داوە بەجۆرێك لە جۆرەکان دەسەڵاتیان بگەیەننە ئەم ناوچەیە و هەمیشە بەشێك بووە لە هاوکێشە سیاسی وسەربازی وئابورییەکانی ناوچەکە.

### گرنگی توێژینەوە:

شارستانییەت و فەرهەنگ و مێژووی دێرینی گەرمیان بەشێکی گرنگ و بایەخدارە لە مێژووی دێرینی مێسۆپۆتامیا و زاگرۆس، گرنگی ئەم ناوچەیە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی و مرۆیی و بەتایبەتیش هەڵکەوتەی جوگرافی و پێگەی گرنگی ناوچەکە و دەرامەتە سروشتی و سەرچاوە ئاوی و ڕێگا و دەروازە بازرگانییەکانی دەگەڕێتەوە. گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوە مێژووی و شارستانییەکان زیاتر لە پاشماوە شوێنەواری و سەردەمە جیاوازەکانی ناوچەکەوە دەردەکەوێت. لە ناوچە و شوێنەوارەکانی گەرمیاندا کۆمەڵێك کنە و پشکنین ئەنجامدراون پاشماوەی شوێنەواری سەردەمە جیاوازەکانی تێدا دۆزراوەتەوە. هەموویان سەرچاوەی کۆمەڵێك زانیاری گرنگ و بە پێزن بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی و فەرهەنگی و ئاشنا بوون بە مێژووی دێرینی گەرمیان، ئەمانەش تیشك دەخەنە سەر لایەنی ژیان و ژیاری گرنگی قۆناغە مێژوویەکانمان بۆ شی دەکەنەوە.

### هەڵبژاردنی بابەت:

دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەی ئەکادیمی چەند فاکتەرێك هەبن و کاریگەر بن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە. ئێمەش لە سۆنگەی کۆمەڵێك هۆکار بابەتی توێژینەوەکەمان هەڵبژارد بۆ شیکردنەوە و ڕونکردنەوەی، لەوانە ئەم ناوچەیە وەك بەشێك لە سنوری جوگرافی کوردستانی دێرین، ناوچە و ناوەندێکی گرنگ بووە لە نێوان ناوچەکانی باکور و باشور. شاهیدی زۆرێك لە ڕوداوەکانی مێژووی کۆن بووە، ئەمەش زیاتر بە گەڕانەوە بووە بۆ کۆمەڵە ژێدەرێکی

زانستی و ئەکادیمی و کنەو پشکنینە شوێنەوارییەکاندا کە لەم دواییانەدا لە گەرمیان ئەنجامدراون. ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە پەراوێزخستنی مێژووی دێرین و شارستانییەت و فەرهەنگی ئەم ناوچەیەیە.

لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار دێتە ئاراوە، ئەو پرسیارانەش خۆیاندەبیننەوە لەوەی ئایا ڕۆڵی سیاسی و شارستانی و فەرهەنگی ئەم ناوچەیە چۆن و چەند بووە؟ ئایا هیچ دیاردەیەکی مێژووی و شارستانی لەم ناوچەیەدا بەرچاو دەکەوێت؟ ئەگەر هەیە پاشماوە و بەڵگە شوێنەوارییەکانیان دەکەونە کوێوە؟ ئایا نیشتە جێبوون لەم ناوچەیە کەی و لە کوێدا بووە؟ لێرەدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە و دیاردە مێژووی و شارستانی و شوێنەوارییەکان بە خوێنەر ئاشنا بکرێن و ئەو بۆشاییە لە کتێبخانەی کوردیدا پربکەینەوە.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوە:**

زۆر جار توێژەر لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگ دەبنەوە. لەم توێژینەوەشدا کۆمەڵێك گرفت هەبوون، لەوانە زانیاری بە ئەندازەی پێویست نەبووە لە بارەی مێژوو و شارستانییەتی دەوڵەمەندی ناوچەکە. ئەو کنە و پشکنینانەی کە کراون و تەواو نەکراون. هەروەها کتێبخانەی کوردی لە ڕووی سەرچاوەی مێژووی کۆنەوە تاڕادەیەك هەژارە و زۆر بە کەمی سەرچاوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لەبارەوە بەرچاودەکەوێ. بەڵام لەم دواییانەدا توێژینەوەی گرنگ و زانستی، چ بە زمانی کوردی یاخود زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی هەندێکی کەمیش بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی لە ژێر ناوی جیاجیادا ئەنجامدراون. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو بیروڕایانەش کاتی زیاتر و دەرفەتی زیاتر و ماندوو بوونی زیاتری دەویست، بەڵام بەهۆی گرنگی بابەتی توێژینەوەکەمانەوە هەوڵمانداوە بتوانین بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵبین و بە پێی توانا و بەردەست بوونیان زانیاری و بۆچوونە جیاوازەکانی نێویان کۆبکەینەوە و سودیان لێ وەربگرین.

**میتۆدی توێژینەوە:**

وەك هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەو میتۆدەی بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە گیراوەتەبەر میتۆدێکی مێژوویی و شیکارییە. لەم ڕێگەیەوە هەوڵدراوە وێنای دۆخی مێژووی سیاسی ناوچەکە و شیکردنەوەی بابەتەکە بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و پاشماوەی شوێنەواریی و سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو. بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی لایەنی سیاسی و مێژووی ناوچەکە و ڕووداوە سیاسییەکان و لایەنە فەرهەنگییەکانی ئەو ناوچەیە تیشکی بخرێتەسەر.

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ''مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی سێیەم تاکو ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زاین'' لە چوار بەشی سەرەکی پێکدێت. بە پێی پێویستیش ئەم بەشانە بۆ چەند تەوەرێك دابەشکراون:

لە بەشی یەکەمدا باسمان لە پێگەی جوگرافی گەرمیان و سەرەتاکانی نیشتەجێبوون لە گەرمیاندا کردووە، ئەم بەشە بۆ دوو تەوەر دابەشکراوە. لە تەوەری یەکەمدا هەوڵدراوە لایەنەکانی جوگرافیای گەرمیان لە سنوری جوگرافی و تۆپۆگرافیا و کەش و هەوا و سەرچاوە ئاوییەکانی گەرمیان و ناوی گەرمیان. لە کۆتایدا باسمان لەو ڕێگا و دەروازە گرنگانە کردووە بە ناوچەی گەرمیاندا تێپەڕ دەبن. لە تەوەی دووەمدا بە گشتی باسمان لە سەرەتاکانی نیشتەجێ بوون و ئەو فەرهەنگانە کردووە لە ناوچەی گەرمیاندا بڵاو بوونەوە.

لە بەشی دووەمدا باسمان لە ناوچەی گەرمیان کردووە لە هەزارەی سێیەمی پێش زاین لەم بەشەدا دوو تەوەری سەرەکی هەن، تەوەری یەکەم پێکهاتووە لە گەلانی نیشتەجێبووی گەرمیان باسمان لە گوتی و لوللویی و خورری و کاشْشی کردووە، لە تەوەری دووەمدا باسمان لە شانشینە دێرینەکانی گەرمیان کردووە شانشینی سیموررروم بە تایبەت و چەند شانشینێکی دیکە بە نمونە وەرگیراوە. وەك شانشینەکانی دێر و مادگا و کاراخار.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی گەرمیان لە هەزارەی دووەم پێش زایندا دانراوە، ئەم بەشە لە چوار بابەتدا خۆی دەبینێتەوە. لە وانە فراوانخوازییەکانی شانشینی ئێشنوننا لە هەزارەی دووەم لە ناوچەی گەرمیاندا. دواتر تیشك خراوەتە سەر سەردەمی کاشْشی لە گەرمیان لەگەڵ نامری وەك ناوچەیەکی کاشْشی نشین. لە پاشاندا سەرنج خراوەتە سەر سەردەم و دەسەڵاتی میتانییەکان لە گەرمیاندا. میتانییەکان زیاتر دەسەڵاتیان تاکو ناوچەکانی باشوری کەرکوکی ئەمڕۆ هاتووە.

لە بەشی چوارەمدا سەرنج خراوەتە سەر گەرمیان لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز. ئەم تەوەرش بۆ دوو سەردەم جیا کراوەتەوە، یەکەم گەرمیان لە سەردەمی یەکەمی ئاشوری نوێ لە ٩١١-٧٤٥ پ.ز. دواتر باسمان لە سەردەمی دووەمی ئاشوری نوێ ٧٤٥-٦١٢ پ.ز. کردووە. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا کۆمەڵە خاڵێك وەك ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان**

لەم توێژینەوەیەدا سود لە کۆمەڵێك سەرچاوە وەرگیراوە و بینراوە، کە دەتوانین لێرەدا بۆ دوو جۆر سەرچاوە دابەشیان بکەین، جۆری یەکەمیان سەرچاوە بەڵگەییەکانی وەك ئەنجامی کنەو پشکنینکارییەکانی تیمەکان، تێکستەکان. جۆری دووەم کە لە نامە و تێزە ئەکادیمی و توێژینەوە زانستییەکان پێکهاتوون، ڕەنگە نەتوانرێت وەك پێویست ناوی هەموویان بهێنرێت، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا بە هۆی جیاوازی سەردەم و جیاوازی بەشەکانەوە تاڕادەیەك هەوڵدراوە ئەوەی پێویست بکات لە شوێنی خۆی و لە بەشی خۆیدا بەکاربهێنرێت. لە بەشی یەکەمدا زۆرترین ئەنجامەکانی کنە و پشکنینەکان بەکارهێنراوە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی توێژینەوەکەوە هەبووە، زیاتر ژمارە ٣٥ گۆڤاری سومەر بووە لە ساڵی ١٩٧٩ز دەرچووە، بەشێکی زۆری کنەکارییەکانی ناوچەی گەرمیانی تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی زانستییە و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراقیەوە دەرچووە. لە پاشاندا سود لەو کنەکارییانە وەرگیراوە کە بەم دواییانە لە ناوچەکە دا ئەنجامدراون، وەك توێژینەوە و کنەکاریەکانی هەردوو توێژەر پرۆفیسۆر جەیس کاسانا لە زانکۆی دارتسموث و پرۆفیسۆر کلاودیا گلاتزی شوێنەوارناس لە زانکۆی گلاسکۆ سێ توێژینەوە و ئەنجامی کنەکارییان لەم توێژینەوەیەدا سودی زۆریان لێ وەرگیراوە. کە بەم ناونیشانانەن:

1. Casana, J. and Glatz, C., Of Highland –Low Land Borderlands: Local Societies and Foreign Power in the Zagros – Mesopotamia Interface.
2. Casana, J. and Glatz, C. Babylonian Encounters in the Upper Diyala River Valley; Contextualizing the Results of Regional Survey and the 2016-2017 Excavations at Khani Masi.
3. Casana, J. and Glatz, C. The Land behind the Land behind Baghdad, Archaeological Landscapes of the Upper Diyala (Sirwan) River Valley.

لە جۆری دووەمدا سود لە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی وەرگیراوە دەتوانرێ پۆلێن بکرێ بە:

**یەکەم: دۆگلاس ئاڕ فرەین (Douglas R. Frayne)**

زانا و توێژەرێکی کەنەدییە پسپۆرە لە مێژووی کۆنی خۆرهەڵاتی نزیك و ئاشورناسی زیاتر پەیوەستە بە هەزارەی سێیەم تاکو ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زاین. بابەت و توێژینەوەکانی جیاواز و جۆراوجۆرن، هەندێکیان شیکاری و هەندێکیان تێکستن، هەموویان بە زمانی ئینگلیزی نوسراون. بۆ ئەم توێژینەوەیەش سودمان لە بەرهەمەکانی وەرگرتووە، بەتایبەت بەرهەمەکانی ( on the Location of Simurrum) و (The Ur Period 2112-2004 B.C) وەرگرتووە سەرەڕای ئەمانەش چەند بەرهەمێکی دیکەی ئەم نوسەرە بەکارهێنراون.

**دووەم: ئەلبیرت کیرك گرەیسن (**Albert Kirk Grayson**)**

زانا و ئاشوریناسێکی کەنەدییە، ئەم زانایە توێژینەوەکانی زیاتر پەیوەستن بە سەردەمی ئاشوری و بابلی. بەرهەم و توێژینەوەکانی زۆر بە بایەخ و بە پێزن. خاوەنی چەندین بابەتی زانستی و ئەکادیمین. گرەیسن زیاتر لەسەر تێکست کاری کردووە و هەندێ لە بەرهەمەکانیشی شیکارین. بە زۆری بە زمانی ئینگلیزی نوسراون. لەم توێژینەوەیەدا سودێکی زۆرمان وەرگرتووە لە بەرهەمەکانی چ بڵاوکردنەوەی تێکست بن یاخود توێژینەوە، بەشێکی زۆی توێژینەوە و بابەتەکانی ئەم نوسەرە بۆ ئەم توێژینەوەیە بینراوە و بەکار هێنراوە. بەتایبەت بابەتەکانی وەك:

1. Assyrian and Babylonian Chronicles, in: (*Texts From Cuneiform)*
2. *The Royal Inscriptions of Mesopotamia-Assyrian Periods, Vol. 1, Assyrian Rulers of the Third and Second Millennium BC (to 1115 bc)*
3. *The Royal Inscriptions of Mesopotamia-Assyrian Periods, Vol. 2: Assyrian Rulers of the Early First Millennium B.C. I (1114-859 B.C),*
4. *The Royal Inscriptions of Mesopotamia-Assyrian Periods, vol. 3: Assyrian Rulers of the Early First Millennium B.C II (858-745 B.C).*

**سێیەم: جۆن ئەی برینکمان (**John A Brinkman**)**

زانایەکی ئەمریکی بەناوبانگە و پسپۆرە لە مێژووی مێسۆپۆتامیا و سەرۆکی پێشووی پەیمانگای ڕۆژهەڵات بووە لە زانکۆی شیکاگۆ. توێژینەوەکانی بە زمانی ئینگلیزی نوسیوە. زیاتر لە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بابلی وەرگرتووە، لەم توێژینەوەیەدا بەشێك لە توێژینەوە و بابەتەکانی سودیان لێوەرگیراوە، بەتایبەت بابەتەکانی:

1. *A Political History of Post-Kassite Babylonia 1158-722 B.C.*
2. Babylonia in the Shadow of Assyria.
3. Foreign Relation of Babylonia from 1600-to-625 B.C.

**چوارەم: کۆزاد محەمەد ئەحمەد**

توێژەرێکی ئەکادیمی کوردە و پسپۆرە لە بواری مێژووی کۆن و شوێنەوار، لەم توێژینەوەیەدا سودمان لە بەرهەمەکانی بینیوە بە تایبەت تێزی دکتۆراکەی (*The Beginnings of Ancient Kurdistan (2500-1500) B.C*, A Historical and Cultural Synthesis) و نامەی ماستەرەکەی (کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز) لەگەڵ چەند توێژینەوەیەکی دیکەی لە گۆڤارەکاندا بڵاوی کردووەتەوە، بابەتەکانی نوێ و زانیاری تازەی تێدایە.

**پێنجەم: ڕافیدە عەبدوڵا**

توێژەرێکی کوردە پسپۆرە لە مێژووی کۆن و شوێنەوار. بە گشتی چەند بەرهەمێکی لەم توێژینەوەیەدا سودیان لێ وەرگیراوە، بە تایبەتی تێزی دکتۆراکەی بەناوی (*کردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الالف الثالث ق.م حتى ٦١٢ ق.م.*) کە بۆ سەردەمی ئاشوری زانیاری گرنگی تێدا کۆکراوەتەوە لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی ئەم توێژەرە کە لە گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

**شەشەم: کامەران کوێخا جەلال**

توێژەرکی ئەکادیمی کوردە و پسپۆرە لە مێژووی کۆن و خاوەنی چەندین بەرهەمی زانستیە. لەم توێژینەوەیەدا بەتایبەت سود لە نامەی ماستەرەکەی بە ناوی (*مێژووی کۆنی کەرکوك لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی نوزیدا* ) وەرگیراوە کە پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبووە بەتایبەت بۆ سەردەمی میتانیەکان. ناوبراو زانیاری زۆر باشی لە نامەکەیدا کۆ کردوەتەوە.

**حەوتەم: دڵشاد عەزیز مارف**

توێژەرکی ئەکادیمی کوردە و پسپۆرە لە شوێنەوار و خاوەنی چەندین بەرهەمی زانستیە. لەم توێژینەوەیەدا سود لە چەند توێژینەوەیەکی وەرگیراوە بەتایبەت (کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە کۆنەکاندا) و (الكاشيون فى كركوك و گرميان (من القرن ١٨ الى القرن ١ ق.م) وەرگیراوە کە پەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا چەند بابەتێکی دیکەی لەم توێژینەوەیەدا بەهەند وەرگیراون.

بە شێوەیەکی گشتی لە توێژینەوەکەماندا سود لە کۆمەڵە ژێدەرێکی جیاواز و جۆراوجۆر بە زمانی جیاواز وەرگیراوە و بینراوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی نوسین و زانیارییەکانی نێو ئەو بابەتانەی بینراون و بەکارهێنراون لە سەر بنەمای زانستی و ئەکادیمی بوون، هەوڵدراوە توێژینەوەی زانایان و شوێنەوارناس و زمانناسەکان دەست بخرێت. هەروەها نامەی زانکۆی تێزەکانی دکتۆرا لە ناوخۆ و دەرەوەدا کە لەم چەند ساڵەی دوایدا ئەنجام دراون و بە دەست هێنراون. ئەوانەش کە بونەتە دەلاقەیەکی ڕون بۆ ئاشنا بون و ڕوانین بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاگادار و ئاشنای بابەتە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی هەزاران ساڵەی رابردووی ناوچە و خاکەکەی خۆیان بن. لە کۆتایدا هیوامانە توانیبێتمان بە هەوڵەکانمان لەم توێژینەوەیەدا سەرنج و خزمەتێکی بچوکمان بە مێژوو و فەرهەنگی ناوچە و خاك و خەڵکی وڵاتەکەمان کردبێت و بە سوپاسەوە هەر ڕەخنە و پێشنیار و سەرنجێك هەبێ لەسەر چاوان دادەنرێ.

# ١. جوگرافیا و پێشینەیەکی مێژووی گەرمیان و دانیشتوانە دێرینەکانی

## ١-١ جوگرافیای گەرمیان

### ١-١ -١ ناوی گەرمیان

ناو و شوێنی جوگرافیایی ئەم ناوچەیە بە شێوەی جیا جیا لە دەق و سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە. کۆنترین ناوهێنانی گەرمیان لە دەق و سەرچاوە کۆنەکاندا بۆ سەردەمی ئاشوریی نوێ دەگەڕێتەوە.[١] بە پێی سەرچاوە سریانیەکان لە سەردەمی سارگۆنی ئاشوریدا ئەم ناوچایە شانشینێکی تێدا هەبووە بە ناوی 'بێث-گەرمای Bēth-Garmai' کە یەکێك لە شارەکانی ناوی 'کرخا-دی-بیث-سلۆك Karḫ-de-Bēth-Slok' بووە، دواتر 'ئارباکس Arbax' کە فەرمانڕەوایەکی میدی بووە، کەوتە شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژی ئاشورییەکان وردە وردە بەهێز بوو، توانی هێرش بکاتە سەر ئەم ناوچانە، بەرەو بیث گەرمای بەڕێکەوت. ئارباکس داگیری کرد، ناوچەی گەرمای کە ئامادە نەبوون باج و سەرانە بدەن بە میدیاییەکان، پەنایان بۆ ئاشورییەکان برد، 'سارگۆن Sargon'ی ئاشوری (٧٢١-٧٠٥ پ.ز.) بە سوپاکەیەوە بەرەو ناوچەکە ڕۆیشت و خستیە سەردەسەڵاتەکەی خۆی، لە ژێر چاودێری پاشای ئاشوری و بەسەرپەرشتی فەرمانڕەوای گرمای شارێکی نوێیان بنیاد نا، پێدەچێت بەناوی 'کرخ- سارگون Karḫ-Sargon'ەوە بوبێت، لە سەردەمی سلوکییەکاندا ناوەکەی گۆڕا بۆ 'کرخ-دی-بێث-سلۆك'.[٢] هەروەها لە زاری 'پلینی Pliny' وتراوە "هەرێمەکانی سەردەمی دەسەڵاتی ئەشکانی لە هەژدە شانشین پێکهاتبوون، یازدەیان شانشینی سەروو حەوتیشیان شانشینی خواروو بوون. گەرمیانیش یەکێك بووە لە حەوت لە شانشینەکانی خواروو. ناوچەی گەرمیانیش لە دەقە پەهلەوییەکانی ئەشکانییەکاندا پێی وتراوە 'گەرمیکان Garmikan' بە ئارامیش پێی وتراوە 'بێث- گەرمای Bēth-Garmai'".[٣]

لە سەرچاوەی دیکەشدا هاتووە کە لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە وتەی مێژوونوسی ناسراوی ئەرمەنی موسیس خورینی کە لە سەدەی پێنجەم و سەرەتای سەدەی شەشەمی زایینی ژیاوە، دەڵێت "ساسانییەکان بەم ناوچانەیان وتووە 'گەرمەکان Garmakan' کە مەڵبەندەکەی کەرکوکی ئەمڕۆ بووە. سنورەکەی لە باکوری خۆرئاواوە بۆ زێی بچوك و لە باشوری خۆرئاواوە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین بووە، لە باشوری خۆرهەڵاتەوە ڕوباری دیالە و لە باکوری خۆرهەڵاتیشەوە بۆ زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس.[٤]

وتراوە 'بەتلیمۆسPtolemy' لە جوگرافیاکەیدا ناوی گەرمیان بە 'گەرەمایۆی Garamaioi' بردووە، کە واتای گەرمیانییەکان دەبەخشێت. هەروەها لە بارەی گەرەمایۆی زیاتر دەڕوات و دەڵێت "پایتەختەکەی شاری 'کەرخ-دی-بێث-سلۆك Karḫ-de-Bēth-Slok' بووە، کە دەکاتە کەرکوکی ئەمڕۆ، ئەم شانشینە تاوەکو

---

[١] ابراهیم، ''ناوچەی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا''، ل. ٣.

[٢] ن. پیگلوسکایا، *شهرهای ایران در روزگار پارتیان و ساسانیان*، ت.عنایت الله رضا، چ٢، تهران، ١٣٧٢، ص. ٦٩,٦٨.

[٣] ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام، لە: *مێژووی خانەقی*، ئامادەکردنی، مامۆستا جەعفەر (فاضل کەریم ئەحمەد)، سلێمانی، ٢٠١٧، ل. ٤٧.

[٤] وەرگیراوە لە: احمد، کمال مظهر، *کرکوك و توابعها* حکم *التاریخ والضمیر*، مطبعة رینوین، وزارة التربیة، ٢٠٠٦، ص. ١٦.

هاتنی ساسانییەکان دەسەڵاتیان هەبووە".[٥] لە سەرچاوە سریانییەکاندا وڵات یان شانشینی گرمای کە پایتەختەکەی 'کرخ-دی-بیث-سلوك' بووە، سنورەکەی لە نیوان ڕوباری زێی بچوك بۆ ڕوباری دیجلە و بە درێژای ڕوباری 'ئەتراکون Atrakon'[٦] بووە، لە بەرزاییەکانی حەمرینەوە بۆ شاخەکانی 'ئوروکو Uroukou' هەروەها ڕوباری دیالە سنوری ڕۆژهەڵاتی شانشینی بیث-گەرمای بووە.[٧] سەبارەت بە ناوهێنانی گرمای کە لە یەکێك لەدەقەکانی سەردەمی 'نارسە Narsa'ی پاشای ساسانییەکاندا هاتووە، لە دەقە نوسراوەکەی پەیکوڵیدا دەڵێت "من توانای ئەمەم هەیە، ئەویش کوشتنی گەورە پیاوانی فارس و پیاو ماقوڵەکان و ماڵ و موڵکیان بدەم بە گەرمەماییەکان".[٨] لێرەدا پاشای ساسانی مەبەستی دانیشتوانی گەرمیانە.[٩] ڕەنگە هۆکاری ئەم وتانەی پاشای ساسانی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە شانشینی گەرماییەکان پشتیوانی بوون، لە تاج وەرگرتن و هاتنە سەر دەسەڵاتیدا، بەڵام لە سەرچاوە سریانییەکاندا لە سەردەمی سلوقییەکاندا بە قەڵاکانی کەرکوك و دەوروبەریان وتووە 'سەربوگ Sarbug'.[١٠]

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ناو و شانە لە ئێستادا لە زمانی کوردیدا ماوەتەوە، تاڕادەیەکی زۆریش نزیکن لە وشە سلوقی و سریانی و ساسانییەکانەوە، بە نموونە وشەی گەرمەکان لە وشە و ناوی گەرمیانەوە نزیکە، ناوەکە لە ئێستادا بووە بە گەرمیان و بەشێك لە خاکی کەرکوك و ناوچە گەرمەکان بە گەرمیان ناودەبرێت.[١١] لە ڕاستیدا ئەو ناوچەیەی لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە ناوی گەرمیان و یاخود بە هەموو شێوە جیاوازەکانییەوە بۆ ناوی گەرمیان بەکار هاتوە، مەرج نییە پڕاوپڕی ئەو سنورە جوگرافیاییە بێت، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە گەرمیان دیاریکراوە، بە پێی سەردەم و دەسەڵاتەکان ناوچەکانی گەرمیان لە ڕووی سنورەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

### ١-١-٢ سنوری جوگرافیای گەرمیان

ناوچەی گەرمیان ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی باشوری کوردستان پێکدەهێنێت، دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان/ عێراق، لە نێوان بازنەی پانی ٣٣ و ٣٥ باکور و هێڵی درێژی ٤١ بۆ ٤٤

[٥] وەرگیراوە لە باقر، طه و سفر، فؤاد، *المرشد الی مواطن الاثار والحضارة*، الرحلة الرابعة، بغداد، ١٩٦٥، ص. ٤ ؛ ئەحمەد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام، ل. ٤٧ ؛ شاکەلی، محەمەد، گەرمیان ڕابردووی نزیك و ئاینده، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل. ٩.

[٦] ڕوباری ئەتراکون مەبەست لێی هەمان ڕوباری تامارا یان تومرا یە کە ڕوباری دیالە دەگرێتەوە. دەرواندرێتە ن. پیگلوسکایا، مصدر *قبلی*، ص. ٥٤.

[٧] همان منبع.

[٨] ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، ''پەیکوڵی شوێنەوارێکی گرنگ و دەقێکی لە بیرکراو''، گۆڤاری ژین، ژمارە ٣ (٢٠١١)، ل. ٢٢.

[٩] هەمان سەرچاوە.

[١٠] مارکوارت، ی.، *ایرانشهر بر مبنای* جغرافیای *موسی خورنی*، ت. د.مریم میر احمدی، تهران، ١٣٧٣، ص. ٥٢.

[١١] احمد، کمال مظهر، *المصدر السابق*، ص. ١٦.

ڕۆژهەڵات،[١٢] ئەم ناوچەیە ڕووبەری ٣٧% کۆی ڕووبەری هەرێمی باشوری کوردستان پێکدەهێنێت، لەگەڵ ٧% ڕووبەری هەموو خاکی عێراق، ئەمەش گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە.[١٣]

سنورەکەی لە ڕووی سروشتییەوە دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە، لە نێوان هەردوو زێی سیروان (دیالە) و ڕوباری زێی بچوك، لەگەڵ زنجیرە بەرزاییەکانی 'حەمرین، Ebiḫی دێرین'[١٤] لە باکوریشەوە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و لە ڕۆژئاوا و باشورەوە لەگەڵ پارێزگاکانی سلاحەدین و دیالەدا هاوسنورە. لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە درێژای ١٥٣ کم سنوری هەیە.[١٥] (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١) لە ڕووی جوگرافییەوە گەرمیان بۆ چەند ناوچەیەك دابەش دەبێت، وەك زنجیرە بەرزاییەکان و دەشتەکان و شاخەکان.[١٦] (بڕوانە بابەتی تۆپۆگرافیای گەرمیان). لە ڕاستیدا ئەم جوگرافیایە سنورێکی جیاکەرەوەی سروشتییە لە نێوان ناوچەکانی باکور و باکوری خۆرهەڵات، لەگەڵ ناوچە دەشتە نیشتەنییەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقی ئەمڕۆ، بەشێکی زۆری ئەم ناوچانە بە ناوچەی بەرزاییە شەپۆلاوییەکان دەناسرێن.[١٧]

لە ڕووی کارگێڕییەوە، ناوچەکە لە ئەمڕۆدا چەند قەزایەك لەخۆ دەگرێت، وەك قەزاکانی (کەلار، کفری، کەرکوك، دوزخورماتوو، خانەقین، مەندەلی، شارەبان، چەمچەماڵ و دوبز) کە هەریەکەیان بە ئەندازە و ڕووبەرێك بەشداری پێکهێنانی خاکی گەرمیانن.[١٨] لەبەرئەوە ئەم سنورە جوگرافییە بەرفراوانە و هەڵکەوتە ستراتیژییەی گەرمیان (کە لە باسی ڕێگا و دەروازەکانی گەرمیاندا ڕوونکراوەتەوە) وایکردوە کە ڕۆڵی سەرەکی هەبێت، لە ڕەوتی مێژوو و لایەنی ژیاری لە ناوچەکەدا. پێگەکەی وایکردووە بەردەوام ببێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێز و دەسەڵاتەکان بە درێژایی مێژوو.[١٩]

لە ڕاستیدا سەبارەت بە سنورەکانی باشوری بۆچوونی جیاواز هەن. سنوری باشور لە بەدرەوە دەست پێدەکات، بەرەو شاری مەندەلی دەچێت و لەوێوە تاوەکو دەگاتە زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین، بە تەنیشت

---

[١٢] پاڵانی، ابراهیم قاسم درویش، ''ادارة كرميان دراسة في الجغرافيا الادارية''، *مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية*، عدد٦٢، (٢٠١٨)، ص. ١٣١.

[١٣] دەروێش، عزەدین جمعە و محەمەد، ئارام حەسەن، تایبەتمەندییە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان''، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە ١، (٢٠١٧)، ل. ٩٣.

[١٤] ابراهیم، نوعمان جمعە، ناوچەی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا''، *سێیەمین کۆنفرانسی زانستی و نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپوری کوردستان زانکۆی سەڵاحەدین*، هەولێر، ٢٠١٩. ل. ٣. هەروەها کۆنترین ناوهێنانی بۆ سەردەمی سومەری دەگەڕێتەوە بە ناوی 'Ebiḫ(EN.TI)' هاتووە، هەروەها لە سەردەمی ئەکەدیدا بە 'Ebiḫ'هاتووە. بەرزایەکانی ئێبیخ ناوچەی بەرزاییەکانی حەمرین دەگرێتەوە. بڕوانە: Steinkeller, P., Early History of the Hamrin Basin in the Light of Textual Evidence, in; *Uch Tepe ITell Razuk*, *Tell Ahmed al-Mughir*, *Tell Ajmat*, ed. McGuire Gibson, Copenhagen-Chicago, 1981, p. 163.

[١٥] پاڵانی، *المصدر السابق*، ص. ١٣١.

[١٦] غەفور، عەبدوڵا، *جوگرافیای کوردستان*، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ل. ٣٦-٣٨.

[١٧] خصباك، شاكر، *العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبيعيه والبشرية*، بغداد، ١٩٧٣، ص. ٣٤.

[١٨] دەروێش، و محەمەد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٩٤.

[١٩] زاموا، دڵشاد عەزیز، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەواری و تۆمارە کۆنەکاندا''، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە ٥، (٢٠١٨)، ل. ١٣٧.

ڕوباری دیجلەدا بەرەو باکور هەڵدەکشێت.[٢٠] وتراوە ئیبن خەلدون ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵات بە چیای کوردان 'ئەو ناوچانەی کوردەکانی تێدا دەژین' بە 'بارما' ناودەبات، هەروەها بە 'باریا'ش ناوی بردووە.[٢١] یاقوتی حەمەوی لەم بارەیەوە دەڵێت "باریما ناوچەی بەرزاییەکانی حەمرین دەگرێتەوە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلەوە، سەرچاوەی ئاو و مادەی قیری زۆرە".[٢٢] لە بارەی ڕۆژهەڵاتیشیەوە، لە بنەڕەتدا دوو هۆکاری سەرەکی کاریگەری لەسەر دیاریکردنی سنور هەبووە، ئەم ناوچەیەش ئەم دوو هۆکارەی بەسەردا چەسپاوە، یەکەم هۆکاری تۆپۆگرافیایە کە سنوریکی سروشتی جیاکەرەوەیەی هەیە لە ناوچەی زاگرۆسدا، دووەم بریتییە لە دەسەڵاتی سیاسی. لە ڕووی سروشتییەوە زنجیرە چیای زاگرۆس سنورێکی سروشتی جیاکەرەوە پێکدەهێنێت. ئەم هۆکارە خۆسەپێنە و دەتوانرێت پێوەی بابەندبیت، ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەیە کە هەمیشە سنوری نێوان مێسۆپۆتامیا و دراوسێ ڕۆژهەڵاتیەکانی دیاری کردووە. هۆکاری دەسەڵاتی سیاسی لە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی بۆ دیاری کردنی سنور لە نێوان دەسەڵاتە سیاسییەکان هاتوەتە کایەوە وەك پەیمانی ئەماسیا لە ساڵی ١٥٥٥ ز. لە نێوان عوسمانی و سەفەوی و ئەم ڕێککەوتنە لە دواتردا بەردەوام بوو.[٢٣] لە ساڵی ١٦٣٩ ز. جارێکی دیکەی ڕێککەوتنی دیاری کردنی سنور لە نێوانی عوسمانی و دەسەڵاتی شای ئێران واژۆکرا، بە پێی ئەم ڕێککەوتنە ناوچەی زەهاو و میرنشینی باجەڵان کە لە ناوچەی حەمرین و هەتاوەکو زەهاو ڕوباری سیروان و تاوەکو کرند سنوری دەسەڵاتەکەی بووە.[٢٤] لە ساڵی ١٨٢٣ ز دیسانەوە ڕێککەوتنی دیاری کردنی سنوری نێوانیان مۆرکرا، لە ساڵی ١٨٤٧ ز ئەم جارە بە چاودێری بریتانیا و فەرەنسا ڕێککەوتنی نێوان عوسمانی و شای ئێران بەڕێوەچوو، بە پێی ئەم ڕێککەوتنە دەسەڵاتی شا دەستبەرداری هەموو ناوچەکانی ڕۆژئاوای زەهاو بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەوە بەدوا گەرمیان بووە بەشێك لە قەڵەمڕەوی عوسمانییەکان.[٢٥] لە ڕاستیدا ئەم ڕیککەوتنانە نەیانتوانی ئارامی و ئاسایش لە نێوان ئەم دەسەڵاتە سیاسییانە بێنێتە کایەوە ئەوەش لەبەر ئەوەبوو هەموو ڕێککەوتنەکانی دیاریکردنی سنور پەیوەندی بە سنوری ناوچەیەکەوە هەبووە ئەوەش کوردستان بووە کە هەمیشە ئەو زلهێزانە لەسەری ڕێککەوتنیان کردووە. کە بە پێی دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕوسیا و بریتانیا و بە ڕێککەوتنی ئاستانە لە نێوان ئێران و عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٣ ز و لیژنەی دیاریکردنی سنور لە ساڵی ١٩١٤ ز سنورەکەی لەگەڵ ئێران دیاریکراوە. ئەم سنورە دوور و درێژە لە باشورەوە لە خواروی جەسانەوە دەست پێدەکات، بە لاپاڵی چیای پشکو و ڕۆژهەڵاتی

---

[٢٠] نەقشبەندی، ئازاد، ''دەربارەی دەست نیشانکردنی سنوری باشوری کوردستان''، *گۆڤاری سیاسەتی دەولی*، ژمارە ٥، (١٩٩٤)، ل. ٨ ؛ خەسباك شاكر، *كورد و مەسەلەی كورد*، و. ئەمجەد شاكەلی، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٥، ل. ٢١.

[٢١] وەرگیراوە لە: هروتی، سەعدی عوسمان، *سنوری خوارووی کوردستانی باشور لە سەدەی نۆزدەهەمدا*، دهۆك، ٢٠٠٧، ل. ١٤.

[٢٢] الحموی، یاقوت، معجم *البلدان* "بارما"، ج ١، بیروت، ١٩٧٧، ص. ٣٢٠.

[23] Potts, D.T. A Cultural Boundaries and Languages in the Western Iran: the Case of the Zagros Gates, in: *Archaeology of Iran in the Historical Period*, ed. K. Niknami and A. Hozhabri, Switzerland, 2020, p. 55-56.

[٢٤] یوسف، عبدالرقیب، *حدود كوردستان الجنوبیة من سنجار حتى بدرة*، سلیمانی، ٢٠١١، ص. ٥٠.

[25] Potts, *Op.Cit*. P. 57.

زرباتیە بەرەو باكور بە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی مەندەلی تاوەكو دەگاتە ڕوباری ئەڵوەند، لە قەزای خانەقین، بەرەو مونزرییە درێژ دەبێتەوە تاوەكو دەگاتە شوێنی هاتنە ناوەوەی ڕوباری سیروان.[٢٦]

لە ڕووی سیاسییەوە، گەرمیان پێگەیەكی جوگرافیی ستراتیژی هەیە، چونكە كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر دەوروبەری. ئەم كاریگەرییە لە ڕوی سەربازی و بازرگانی و تەنانەت لە ڕوی سیاسیشەوە ڕۆڵێكی دیاری لە ناوچەكەدا هەبووە، بۆ ناوچەی گەرمیان بەگشتی پێگەی خاڵی بەیەكگەیشتن و یەكتربڕینی هەیە، لە نێوان ناوچەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقی ئەمڕۆ لەگەڵ ناوچەكانی سەرەوییەدا.[٢٧] لەو ڕوانگەیەوە زۆربەی زانیارییە مێژووییەكان بە بەڵگەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، كە پێگەی جوگرافیایی گەرمیان بە گشتی و خوارووی گەرمیان بەتایبەتی بەحوكمی نزیكایەتی لە ناوەندی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەكەكان كە لە مێسۆپۆتامیا سەریان هەڵداوە، وایكردووە ناوچەكە هەمیشە گۆڕەپانێكی گەرمی كێشمەكێشی بەشێكی زۆری چالاكییە سیاسی و سەربازییەكان بێت، لە نێوان هێزە فەرمانڕەواكاندا.[٢٨]

## ١-١ -٣ تۆپۆگرافیای ناوچەی گەرمیان

سروشتی تۆپۆگرافیای گەرمیان جیاوازە و پێگەی جوگرافیی گەرمیان بۆ سێ ناوچەی سروشتی جیاواز دابەش دەبێت. یەكەم لە تەنگە و شاخەكانی دەربەندیخانەوە دەست پێدەكات، بۆ زنجیرە بەرزاییەكانی تونا جلكان، لە نزیك قەزای كەلار، بەشی دووەم لە بەرزاییەكانی تونا جلكان بۆ زنجیرە بەرزاییەكانی حەمرین، سێیەمیش بەشی خواروو لە بەرزاییەكانی حەمرینەوە بۆ ڕوباری دیجلە (بڕوانە پاشكۆی ژمارە ١).[٢٩]

لە ڕووی جیۆلۆجییەوە ناوچەكانی باكوری گەرمیان بە تایبەت ناوچە شاخاوییەكانی بەمۆ و ناوچەكانی باكوری خۆرئاوای مێژووەكەی بۆ چاخەكانی ئایۆسین و مایۆسین دەگەڕێتەوە. ئەم ناوچە شاخاویانە وەك پشتێنەیەك درێژ دەبنەوە.[٣٠] ناوچە شاخاوییەكانی قەرەداغ و سەگرمە، سەرچاوەی ئاوی زۆرە، بڕی بارانیساڵانەی لە دەوروبەری ٦٠٠ملم دایە، ئەم ناوچانە بەشێك بوونە لە دەریای 'تیثس Tythes'ی كۆن،[٣١] لەبەرئەوەی ئەو ناوچانەی سەرچاوە ئاوییەكانی زیاتر بووە، خاكی هەبووە، لە ڕووی چالاكی كشتوكاڵی و شارستانییەتەوە زیاتر لەبار بووە، بۆ نیشتەجێ بوون لە ناوچەكانی تر.[٣٢]

---

[٢٦] ئەمین، هاوڕێ یاسین محەمەد، *لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق*، چ٣، سلێمانی، ٢٠١٤، ل. ٢١.

[٢٧] دەروێش، و محەمەد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٩٤.

[٢٨] كریم، خالد مەحمود، كەلار و دەوروبەری لەبەر ڕۆشنای سەرچاوە مێژووییەكاندا''، *گۆڤاری زانكۆی گەرمیان*، ژمارە ٥ (٢٠١٨)، ل. ١١٦.

[29] Mitchell, C.W & Naylor, P.E ''Investigations in to the Soil and Agriculture of the Middle Diyala Area of Eastern Iraq'', *GJ*, Vol. 126, No. 4, (1960), p. 469.

[٣٠] دەروێش، و محەمەد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٢.

[٣١] خصباك، *المصدر السابق*، ص. ٢٢ ؛ غەفور، *جوگرافیای كوردستان*، ل. ٢٥.

[٣٢] ابراهیم، نعمان جمعە، ''البیئة الطبیعیة في كوردستان الجنوبیة واثرها في نشاة الحضارة خلال العصر الحجري الحدیث''، *سوبارتو*، عدد ٢، (٢٠٠٨)، ص. ٧٩.

لە دوای ناوچە شاخاوییەکان ناوچەیەکی دیکە دێت، پێی دەوترێت ناوچەی ڕاگوزەر، ئەم ناوچانە دەکەونە نێوان ناوچە شاخاوییەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و ناوچەی دەشتی نیشتەنی لە باشور و باشوری ڕۆژهەڵات، ئەم ناوچانە بە هەمان بارودۆخی جیۆلۆجی ناوچە شاخاوییەکاندا تێپەڕ بووە، ئەم ناوچانە بە سەرچاوەی ئاوی زۆر و دەشتی بەپیت ناسراوە، بە پیتترین ناوچەن بۆ کاری کشتوکاڵی و دانەوێڵە چاندن و لەوەڕگا، وەك دەشتی حەمرین.[٣٣] ناوچەی گەرمیان بە هۆی بە پیتی و جۆراوجۆری خاکەکەیەوە، ناوبانگی هەیە و لە زۆر کۆنەوە ئەو بایەخەی زانراوە، لەبەرئەوە تاوەکو ئێستا کۆنترین گوندی کشتوکاڵی لە سنوری گەرمیاندا گوندی چەرمو لە قەزای چەمچەماڵ مێژووەکەی بۆ هەزارەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، پاشماوە کشتوکاڵییەکانی تێدا دۆزراوەتەوە.[٣٤]

ڕووی زەوی و کەش و هەوا دوو هۆکارن کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر نیشتەجێبوون جوگرافیای دانیشتوان، گەرمیان کە پێکهاتەی خاکەکەی بەشێکی بەرزاییە شەپۆلییەکانە، چەندین ناوچەی زۆر بەرزی تێدایە، وەك زنجیرە شاخەکانی 'بەمۆ، قەرەداغ، تمارا، قۆرەتوو، قزرابات (=سەعدیە) و بەرزاییەکانی دەرەوشکە لە ناحیەی جەلەولا'.[٣٥] هەروەها لە چەند ناوچەیەکی دیکە هەیە، وەك بان و گردەکان، بەتایبەت بان و گردەکانی سەگرمە و قەرەداغ و ناوچەکانی حەمرین ڕووبەرێکی فراوانی ناوچەکە پێکدەهێنێت.[٣٦] لەگەڵ ئەوەشدا بان و گردەکان لە دەوروبەری ڕوباری دیالە و ناوچەکانی کەرکوك هەن بەرزاییەکانیان لە نێوان ٦٠٠ بۆ ١٠٠٠ مەتردایە، لەهەندی جێگە بۆ نزیکەی ٣٠٠ مەتر کەم دەبێتەوە. ئەم ناوچانە لەڕووی سەرچاوەی ئاوییەوە دەوڵەمەندن، لقەکانی ڕوباری عوزێم وەك 'خاسە، تاوغ و ئاوەسپی' زۆر جێگای ئەم ناوچانەیان بڕیوە، لەهەمان کاتدا چەند دەشتێکی بەرتەسکی تێدایە، وەك دەشتی ئاوەسپی.[٣٧]

ناوچەی دەشتەکان ڕووبەرێکی فراوانی خاکی گەرمیان پێکدەهێنن. بەرزییان لە ئاستی ڕووی دەریاوە نزیکەی ٢٠٠ بۆ ٤٠٠ مەتر دەبێت و نزیکەی ٧٥% ڕووبەری خاکی گەرمیان پێکدەهێنن. گرنگترینیان وەك دەشتی حەمرین لە دامێنی زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین و هەروەها دەشتە نیشتەنییەکانی ئەوپەڕی باشوری ڕۆژهەڵاتی گەرمیان، لەگەڵ دەشتەکانی وەك شاکەل، باتێوە، جولاك و گۆپتەپە' بەشێك لە خاکی گەرمیان پێکدەهێنن.[٣٨] ناوچەی دەشتی حەمرین چەند بەرزاییەکی وەك بەرزاییەکانی دەروشکە، گڵابات، گومار و جەبەل داغ تێدەکەوێت لە دەوروبەری ڕوباری سیروان لە نزیك کەلار دەشتی لافاو کرد هەیە، و دەشتی شاکەل و شێروانەش دەناسرێت. ئەم دەشتە بە پیتە بۆ کاری کشتوکاڵی، دەشتەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتیش لە

---

[٣٣] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای *هەرێمی کوردستانی عێراق*، هەولێر، ١٩٩٨، ل. ٥٥-٥٦.
[٣٤] دەروێش، و محەمەد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٣.
[٣٥] خلف، قیس یاسین، ''المیاء السطحیة فی محافظة دیالی، المشاکل و والحلول''، *مجلة مداد الأداب*، عدد ٢٠ (٢٠١٨)، ص. ٣٦٣.
[٣٦] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٥٤.
[٣٧] غەفور، *جوگرافیای کوردستان*، ل. ٣٨.
[٣٨] دەروێش، و محەمەد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١١٣.

دەشتەکانی قەزای بەدرە و جەسان پێك دێت. ئەم دەشتانە سەرچاوەی ئاوی زۆرە بۆ کاری کشتوکاڵی.[٣٩] (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١)

لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە ئەم ناوچە دەشتاییانە هەمیشە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بووە. بەڵگەی ڕاستی سەلماندنیشی چەندین ناوچە و شوێنەواری دێرینە تیایاندا، بە زۆری لە ڕێگەی دەقە مێخییەکانەوە ئاماژەیان بۆ کراوە و ناسراونەتەوە، وەك 'باتیر Batir' تەل سولیمە، 'ئاو/بال Aw/Bal' (لە شوێنێکی دەوروبەری قەرەتەپەیە)[٤٠] 'ڕاشاب Rašab' (ڕەنگە تەل حەداد یان تەل سیب بێت)، 'ماتکا Matka' (ڕەنگە ماتیکی باشوری ڕۆژئاوای تاوق بێت)، 'نوزی Nuzi'، 'ئەڕڕاپخا Arrapḫa' و 'کیماش Kimaš' و 'خومورتوم Ḫumurtum' (لەوانیە لە نزیك دوزی ئێستا بوبێت).[٤١] هەڵکەوتەی ئەم دەشتانە لە نێوان جەمسەرەکانی هێزدا هەمیشە گرنگیەکی تایبەتی پێ بەخشیبوون، بۆیە ڕێگاوبانە سەرەکییەکانی هاتووچۆ کە وڵاتانی بابل و ئاشور و عیلام و میدیا و هی تریان پێکەوە دەبەستەوە.[٤٢]

ئەم هۆکارانە بونەتە یارمەتیدەر بۆ مرۆڤی چاخەکانی پێشوو، بە تایبەت ئەوکاتانەی کە سەرەتاکانی شارستانییەت لە دەرکەتندا بوو. لە چاخی بەردینی کۆنەوە مرۆڤ لەم ناوچانەدا نیشتەجێ بووە و پاشماوە شوێنەوارییەکانیان دۆزراوەتەوە لە ناوچەکەدا.[٤٣] لە هەندێ ناوچەی گەرمیان بە تایبەت لە بەردەبەڵکە لە قەزای چەمچەماڵ، پاشماوەی شوێنەواری چاخی بەردینی کۆن دۆزراوەتەوە. بە هەموو ئەو ئامرازە بەردینە بچوکانەش دەوترێت 'Microliths'.[٤٤] لەبەرئەوە دەشتە بە پیتەکان سەکۆی پێشکەوتن و دەرکەوتنی کۆنترین لایەنە شارستانییەتەکان بوون، کە مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیوە.[٤٥] لێرەدا دەردەکەوێت سروشتی گەرمیان جیاوازە و ئەم جیاوازییە وایکردووە ببێتە ناوچەیەك زۆربەی پێکهاتە سروشتییەکانی تێدا کۆ ببێتەوە، ئەمەش یارمەتیدەری دروستکردنی لایەنە ژیارییەکانە، بە درێژایی مێژوو ئەم خاکە کاریگەری لە سەر ناوچەکانی دەوروبەر دروست کردووە، هەموو دەسەڵاتە سیاسییەکان هەوڵی ئەوەیانداوە ئەم ناوچە جوگرافیاییە بخەنە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان.

---

[٣٩] *هەمان سەرچاوە*، ل. ١١٣-١١٤.

[٤٠] لە ناوچەکانی نزیك لە قەرەتەپە و بە دیاری کراوی لە نزیك ناحیەی کۆکس گوندێك هەیە بە ناوی گوندی ئاوبارە، عەرەب پێی دەڵێت عبارا، ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندە بە پاشماوەی شوێنەواری و گردە شوێنەوارییەکان. ناوەکانیان تاڕادەیەك لێکچوون ڕەنگە هەمان ناوی 'ئاو/بال، ئاوان، ئاوال'بێت، کە لە مێژووی کۆندا ناوی هاتووە.

[٤١] ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، *کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا*، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل. ١٣.

[٤٢] هەمان سەرچاوە.

[٤٣] سليم، *المصدر السابق*، ص. ٢٩-٣٠.

[٤٤] الدوري، رياض عبدالرحمن، ''عصر الانتقال من الكهوف الى القرى''، *هزارميرد*، عدد ٢٤ (٢٠٠٤)، ص. ١١٠.

[٤٥] سليمان، عامر و الفتيان، احمد مالك، *محاضرات في التاريخ القديم*، بغداد، ١٩٧٨، ص. ٣٢.

### ١-١-٤ کەش و هەوا

ئاو و هەوا فاکتەرێکی گرنگە، ڕۆڵی هەیە لە سەر ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان و کاریگەری بە جێدەهێڵێت لەسەر ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵی و لایەنی ژیاری دانیشتوان، بە درێژایی مێژوو. زۆرێك لە توێژەرەوان لەو بڕوایەدان لە دەوروبەری ١٥٠٠٠ساڵ پ.ز. گۆڕانکاری لە کەش و هەوادا ڕویداوە، تاڕادەیەك ئاو و هەوای ئەم ناوچەیە وەك ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستی لێهاتووە، زستانی زیاتر سارد و باراناوی تر بووە.[٤٦] لە دەوروبەری ١١٠٠٠ ساڵ پ.ز. گۆڕانکاریەکی تر لە کەش و هەوای ناوچەکەدا ڕویداوە، بە تایبەت لە بەشەکانی سەرەوە و ڕۆژهەلاتی نزیکی کۆندا. پێدەچێت باران بارینی وەرزی لە ناوچە دەشتاییەکاندا دەستی پێکردبێت، پلەکانی گەرمی تاڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هات بەرەو گەرمبوون، ئەمەش وایکرد مرۆڤ پەنا ببات بۆ کەناری ڕوبار و سەرچاوە ئاوییەکان.[٤٧] بەڵام کەش و هەوا لە چاخی بەردینی نوێوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بە خۆوە نەبینیوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ ئێستادا.[٤٨] لە هەمان کاتدا ئەوە سروشت بووە کاریگەری لەسەر مرۆڤ داناوە و بە پێچەوانەوە مرۆڤ سودی لێوەرگرتووە، وەك ئاو و هەوا و خاکەکەی لە سەرەتادا مرۆڤ لەسەر سروشت ژیاوە، خۆراکی خۆی لێوە بەدەست هێناوە، کاریکردووەتە سەر سروشت و دەوروبەرەکەی. لە کۆتاییەکانی چاخی بەردینی کۆندا کەش و هەوای ناوچەکە گونجاو بووە بۆ ژیان، کەش و هەواکەی کاریگەری لەسەر چالاکی مرۆیی و کۆبونەوەیان و دروستکردنی یەکەم کۆمەڵگای کشتوکاڵی هەبوو.[٤٩]

پلەکانی گەرما یەکێکی دیکەیە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئاو و هەوا، پلەی گەرمی لە ناوچەکانی گەرمیاندا جیاوازە، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە، هۆکاری ئەم جیاوازییە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکە و سروشتی بەرز و نزمیەکەی، بەڵام بە گشتی تێکڕای پلەی گەرمی ساڵانەی لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ پلەی سیلیزی دەبێت.[٥٠] ئاووهەوای ناوچەکە بەگشتی لە ژێر کاریگەری ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستدایە، هاوینی گەرم و وشکە و زستانیش بارانی مام ناوەندی هەیە و کەمترە لە ناوچە شاخاوییەکانی باکوری.[٥١] بەزۆری ناوچەی گەرمیان لە ڕووی ئاو و هەواوە ناوچەیەکی ڕاگوزەرە، لە نێوان ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاست لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و ئاو و هەوای بیابانی لە ناوچەکانی باشور و ناوەڕاستی عێراقی ئەمڕۆ، لەبەرئەوە زستانی تاڕادەیەك بە باران و هاوینی گەرم دەبێ، ئاو و هەواکەی بە ئاو

---

[46] Issar, S. A. and Zahar, M., *Climate Change Envivonment and History of the Near East*, Berlin, 2007, p. 53.
[47] *Ibid*, p. 57.

[٤٨] سلیمان، و الفتیان، *المصدر السابق*، ص. ٣٤.
[٤٩] ابراهیم،''البیئة الطبیعیة في کوردستان الجنوبیة''، ص. ٨٠.
[٥٠] دەروێش، و محەمەد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٢٠.
[٥١] خصباك، *العراق الشمالي*، ص. ٤٧.

و هەوای گەرمەسێر دەناسرێتەوە.[٥٢] ڕێژەی باران بارین لە نێوان لە نێوان ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ ملم دەبێت، بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکان ئەو ڕێژەیە تاڕادەیەك زیاترە.[٥٣]

ئەم کەش و هەوایە وایکردووە سروشتی ناوچەکە جیاوازی پێوە دەرکەوێت، لە ڕووی ڕوەکی سروشتییەوە جۆراو جۆر بێت، و گژوگیای ستێپس و لەوەڕگاکان لە ناوچەکانی گەرمیاندا زۆرن، لە سەرەتای زستانەوە دەردەکەون تاوەکو کاتەکانی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، ناوچە شاخاویەکانی دەوڵەمەند ترن بە ڕووەکی سروشتی، وەك بەڕوو، کەناری ڕووبارەکانیش بە درێژای مێژوو بۆ کاری کشتوکاڵی بەکارهێنراون.[٥٤]

## ١-١ -٥ سەرچاوە ئاوییەکان لە گەرمیاندا

گەرمیان کە ناوچەیەکی بەربڵاو پێکدەهێنێت. سەرچاوە ئاوییەکان وەك یەکێك لە دەرامەتە سروشتییەکان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی گێراوە لە دروستبوونی لایەنی ژیاری و ڕەوتی ڕوداوە مێژووییەکان. ئەمەش وایکردووە، لە دێرزەمانەوە ببێتە ناوەندێکی ژیاری بۆ ژیان و ئاوەدانی.

بە گشتی شارستانییەت لە مێسۆپۆتامیا و گەشەکردنەکەی پەیوەست بووە بە هەردوو ڕوباری دیجلە و فورات و لقەکانییانەوە، هەروەها کەمی باران بارین وایکردووە کە پشت بە کاری ئاودێری ببەستن بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، لەبەرئەوە ئاودێری کۆڵەکەی شارستانی بووە.[٥٥] لە هەمان کاتدا گەرمیان لە ڕووی جوگرافیاوە پانتاییەکی فراوان لە نێوان چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵات و ڕوباری دیجلە لە ڕۆژئاواوە دەگرێتەوە، واتا هەموو ئەو ناوچانەی دەکەونە دەوروبەری ڕوباری دیالە و لقەکانییەوە.[٥٦] لەبەرئەوە ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندە بە سەرچاوە ئاوییەکانی وەك ڕوبار و کانی و کارێز و بڕی باران بارینی ساڵانە و هەندێ لە ڕوبارەکان هەمیشەیی و هەندێکی وەرزین، بە گشتی ڕوبارەکانی گەرمیان پێکدێن لە مانەوەی خوارەوە:_

یەکەم/ ڕوباری سیروان ئەم ڕوبارە لە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت. لە نزیك گوندی لاوەران سنوری ئێران دەبڕێت و دێتە خاکی هەرێمی کوردستانەوە.[٥٧] ئەم ڕوبارە بۆ کاری کشتوکاڵی زۆر گونجاوە، درێژییەکەی لە گەرمیاندا نزیکەی ١٨٤کم دەبێت،[٥٨] وەکو یەکێك لە لقەکانی ڕوباری دیجلە لە ناوچەکانی باکوری خۆرهەڵاتەوە بۆ ناوچەکانی باشوری خۆرئاوا دەڕوات، لە ناوچەی قزراباتەوە ڕوباری

---

[٥٢] حەمید، ڕزگار حاجی، *کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو*، سلێمانی، ٢٠١٢، ل. ١٢٧.

[٥٣] شاکەلی، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣.

[٥٤] دەروێش، و محەمەد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٦.

[٥٥] باقر، طه، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ج١، ط٢، بغداد، ٢٠١٢، ص. ٤٦.

[٥٦] عبدوالسەمەد، ڕافیدە عەبدوڵا، ''بەسەرهاتە مێژووییەکانی ناوچەی گەرمەسێر''، *هەزارمێرد*، ژمارە ٢٤، (٢٠٠٤)، ل. ٤٥.

[٥٧] نعيمي، محسن ابراهيم، *مدينة جلولاء دراسة في جغرافية المدن*، رسالة ماجستير، جامعة ديالى، ٢٠٠٥، ص. ٤٥ ؛ حەمید، ڕزگار حاجی، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٦.

[٥٨] دەروێش، و محەمەد، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٩.

ئەڵوەند دوای تێپەڕبوونی بە قەزای خانەقیندا دەڕژێتە ڕوباری سیروانەوە. هەروەها ئاوی ڕوباری (نارین) لە خوارووی قزراباتەوە دەڕژێتە ڕوباری سیروانەوە.[٥٩]

سەبارەت بە ناوی ڕوباری سیروان/ دیالە لە سەرچاوە و دەقە کۆنەکاندا بە زۆر شێوە هاتووە. ڕوباری سیروان بە ڕوباری دیالە ناو دەبرێت، ئەوەش دوای ئەوە دێت کە ڕوباری ئەڵوەندی تێدەڕژێت لە نزیك قزراباتەوە لە پارێزگای دیالەوە.[٦٠] لە مێژووی دێریندا ناوی ڕوباری سیروان/دیالە بە ناوی جیاجیا هاتووە. لە تێکستەکانی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاستدا 'توڕران Turran' هاتووە. بەڵام لە تێکستە مێخییەکانی سەردەمی ئاشوری نوێدا بە شێوەی 'تورنات Turnat' هاتووە.[٦١] لە سەرچاوە سریانییەکاندا بە ناوی 'تورمارا Turmara' هاتووە، لە قۆناغی دواتردا بووە بە 'تامرا Tamra'، بە تایبەت لە سەردەمی ئاشورناسرپاڵی دووەم.[٦٢] هەروەها ڕوباری سیروان/دیالە لە تێکستە مێخییەکاندا بە ناوی 'دور-ئول Dur-ul' هاتووە.[٦٣] بەڵام لە قۆناغی دواتردا بە ناوی جیا هاتووە، وەکو ناوی 'دیالاس Dialas' واتا ڕوبار و لە هەندی کاتدا بە 'دیاباس Diabas' دەخوێنرێتەوە. هەروەها بە 'دیلتا Dilta'ش ناوی بردراوە لەزمانی ئارامیدا بەمانای زێ یان ڕوبار دێت.[٦٤]

دووەم/ ڕوباری عوزێم سەرچاوەکەی لە ناوچەکانی دەوروبەری شاخەکانی قەرەداغ و ناوچە و بەرزاییەکانی ناوشوانەوە هەڵدەقوڵێت، ئەم ڕوبارە لە سێ لقی سەرەکی پێکدێت، یەکێکیان خاسەیە کە بە ناوچەی کەرکوکدا تێپەڕدەبێت، لقی دووەم پێی دەوترێت تاوخ و بە ناوچەکانی تاوخدا تێپەڕدەبێت.[٦٥] ئەم لقەی ڕوباری عوزێم بە چەند جۆرێك ناوی هاتووە، وەك تەینال لە نزیك دێلێژە بەناوی باسەڕە و لە دوایشدا بە ناوی ڕووخانە (تاوق چای) لە نێو حەویجە بە ڕوباری زەرگە دەناسرێت.[٦٦]

لقی سێیەمی ئەم ڕوبارە بە ئاوەسپی[٦٧] ناودەبرێت، بە ناوچەی دوزخورماتودا تێپەڕدەبێت، لە ناوچەی زەنگەنە بەم ڕوبارە دەوترێت زغەێتون، دواتریش بەرەو ڕوباری عوزێم دەکشێت.[٦٨] ڕوباری عوزێم تاکە لقی

---

[٥٩] الهاشمی، طه، جغرافیة العراق *(العراق القدیم، العراق في زمن العباسیین والعراق الحدیث)*، بغداد، ١٩٣٠، ص. ١٢٩ ؛ باسم، القیم، ''مورفوتکتونیة نهر دیالی – العراق''، *مجلة کلیة الاداب*، عدد ٧٨، (٢٠٠٦)، ص. ٣.

[٦٠] خصباك، *العراق الشمالی*، ص. ١٠٥.

[٦١] حنون، نائل، *مدن قدیمة و مواقع اثریة خلال العصور الاشوریة*، دمشق، ٢٠٠٩، ص. ٢٩٧.

[٦٢] سلمان، حسین احمد، ''تاریخ نهر دیالی''، سومر، عدد ٤٥، ج ١&٢، (١٩٨٨)، ص. ٢٩٨.

[٦٣] السعدي، ایاد کاظم داود، *تاریخ مملکة اشنونا في ضوء تنقیبات منطقة دیالي و حمرین*، رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة بغداد، ٢٠٠٧، ص. ١٠ ؛ باقر، *مقدمة في تاریخ الحضارات....*، ص. ٧٢.

[٦٤] سلمان، *المصدر السابق*، ص. ٢٩٨.

[٦٥] مزوری، عبدالرحمن صالح، *الوزن جیوپولیتیکي لمیاه انهار في کوردستان*، دهوك، ٢٠١٢، ص. ١٤٥.

[٦٦] غەفور، عەبدوڵا، جوگر*افیای کوردستان*، ل. ٩٣.

[٦٧] چەمی ئاوەسپی لە سەردەمی دەسەڵاتداری عوسمانییەکاندا بە ئاق سوو ناوبراوە، جیاکارییەکی سروشتی هەیە، ئەوەش ئەوەیە لە سەرچاوەکەی بۆ ئاو ڕێژگەکەی هەر لە خاکی کوردستاندایە. دەڕواندرێتە گەرمکی، ئەحمەد حەمید، *شاری خورماتوو*، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل. ١٣.

[٦٨] غەفور، جوگر*افیای کوردستان*، ل. ٩٣.

ڕوباری دیجلەیە کە پشت بە باران دەبەستێ. درێژی ئەم ڕوبارە لە سەرچاوەکەی بۆ ئاوڕێژگەکەی کە ڕوباری دیجلەیە نزیکەی ٢٣٠ کم دەبێت، بەزۆری ڕێڕەوەکەی دەکەوێتە نێوان گردۆڵکەکانەوە.[٦٩]

ڕوباری عوزێم دوای تێپەڕینی بە بەرزاییەکانی حەمریندا لە دەربەند یاخود تەنگەی 'دەمیر قاپو' بەنداوێکی لە سەر بنیاد نراوە، پاشان دەڕژێتە ڕوباری دیجلەوە،[٧٠] بەڵام سەبارەت بە ناوی ڕوباری عوزێم لە سەرچاوە و دەقە کۆنەکاندا ئەوەی تاوەکو ئێستا لە بەردەستدایە بە دوو شێوە ناوی هاتووە، لە دەقە مێخییەکانی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست و نوێدا بە شێوەی 'ڕەدانو Radanu' هاتووە.[٧١] هەروەها لە دەقە کلاسیکییە یۆنانی و ڕۆمانییەکاندا بە شێوەی فیسکوس Fiscos' ناوی براوە.[٧٢] لە گەرمیاندا چەندین لق و ڕوباری دیکە هەیە، لە ڕووی قەبارە و هەبوونی ئاوەوە تاڕادەیەك لە ڕوبارەکانی سیروان/ دیالە و عوزێم بچوکتر و مەودای کەمتر دەبڕن، ئەوانیش وەك ڕوبارەکانی:_

أ-ڕوباری هەواسان بە عەباسانیش ناو دەبرێت، لەناوچەی زەهاوەوە لە خاکی ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت،[٧٣] لە ناوچەکانی بناری بەمۆوە دێتە گەرمیانەوە، لە نزیك ناحیەی مەیدانەوە دەڕژێتە ڕوباری سیروانەوە.[٧٤]

ب- ڕوباری ئەڵوەند بە ڕوباری حەڵوانیش دەناسرێت، یەکێکە لە لقەکانی ڕوباری دیالە سەرچاوەکەی لە بەرزاییەکانی کەرەند لە وڵاتی ئێرانەوە هەڵدەقوڵێت، دوای بڕینی سنوردا، بە شاری خانەقیندا تێپەڕدەبێت و دەڕژێتە ڕوباری دیالەوە.[٧٥]

ت- ڕوباری قۆرەتو لە بەرزاییەکانی بانکازەوە و هەڵدەقوڵێت و دێتە ناوچەی گەرمیانەوە، بەرەو ناوچەکانی خۆرئاوا و خواروو دەڕوات، دواتر دەڕژێتە ڕوباری سیروانەوە.[٧٦]

ڕوباری سیروان/دیالە لە بەر ڕۆژئاواوە چەندین چەم و دۆڵ و کانی و کارێزی تێدەڕژێت، کە هەندێکیان گەورەوە و هەندێکیشیان بچوکن. لە کۆنیشدا نیشتەجێبوون لە بەری چەپ و خۆرئاوای سیروانەوە کەمتر بووە، بەڵام بەری ڕۆژهەڵات جیاوازتر بووە، سەرچاوەی ئاوی زۆر و ڕێژەی باران بارینی تێدا زۆرتر بووە، ئاوەکانی ئەڵوەند و هەواسان و قۆرەتوو زیاتر کارئاسانی بۆ کردوون بۆ کاری کشتوکاڵی، لەبەرئەوە لە کۆندا ئەو ناوچانە زیاتر گرنگی پێدراو بوون، لە ناوچەکانی دیکەی دەوروبەریان.[٧٧]

---

[٦٩] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٥٣.
[٧٠] باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات....*، ج١، ص. ٧٣.
[٧١] حنون، *المصدر السابق*، ص. ٢٩٦.
[٧٢] باقر، و سفر، *المصدر السابق*، ص. ٤ ؛ السعدي، *المصدر السابق*، ص. ١٢.
[٧٣] خلف، *المصدر السابق*، ص. ٣٩٢.
[٧٤] الهاشمي، *المصدر السابق*، ص. ١٤٠.
[٧٥] خصباك، *العراق الشمالي...*، ص. ١٠٦ ؛ المزروعى، مثنى مشعان و جاسم، تسامر مهدي، ''الاهمية الستراتيجية لموقع قضاء خانقين''، *مجلة ديالى لعلوم الانسانية*، عدد ٧٥، ج٢ (٢٠١٨)، ص. ٣٦٦-٣٦٧.
[٧٦] الهاشمي، *المصدر السابق*، ص. ١٤٠.
[77] Casana, Jesse & Glatz, Claudia, ''The Land Behind the Land Baghdad: Archaeological Landscapes of the Upper Diyala (Sirwan) River Valley'', *Iraq*, Vol. 79, (2017), p. 4.

ئاو وەك سەرچاوەی یەکەمی ژیان ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە نیشتەجێبوون و پەیدابونی شارستانییەتدا. گەرمیانیش بە سەرچاوەی ئاوی دەوڵەمەندە، بۆیە لە کۆنەوە جێگەی بایەخ بوویێت، بەردەوام یارمەتیدەر بووە و ئاسان دەست خراوە بۆ کاری کشتوکاڵی، بوارەکانی دیکەی ژیان. ئەمەش وایکردووە مەزەندە بکرێت کە لە ماوەی دیاریکراوی ئەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵی بینیبێت، پاشماوە شوێنەواریەکانیش بەڵگەی یارمەتیدەرن بۆ ئەو مەزەندەیە.

## ١-١ -٦ گرنگترین ڕێگا و دەروازەکانی گەرمیان

ئەو پێگە جوگرافیایی و سروشتییەی گەرمیان وایکردووە لە هەموو ڕوویەکەوە خاوەنی بایەخ و تایبەتمەندی خۆی بێت، گەرمیان وەك ناوەندێکی گرنگ لە نێوان ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا و ناوچەی چیاکانی زاگرۆس بوو، ئەڵقەیەکی بەیەکگەیشتنی گرنگ بووە، لە هەموو سەردەمەکاندا، ئەم بایەخەی لە دەست نەداوە.

لەبەرئەوە ئەگەر ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی یەك لایەندا بوو بێت، یاخود چەند هێزێکی سیاسی و پارچە پارچە بوویێت، چەند دەروازەیەکی لاوەکی و یەك دەروازەی سەرەکی و شاڕێیەکی هەبووە، بۆ ڕۆژهەڵات و بانی ئێران.[78] ئەوەش دەروازەی پەروێزخان (خوسروی)یە. کە تاکە دەروازەیی نێوان مێسۆپۆتامیا و بانی ئێران بووە، بە تێپەڕبوون لێیەوە ناوچەکانی سەرەوە و خوارەوە لەبەردەمیاندا واڵا دەبوو.[79] بە درێژای مێژوو ئەم دەروازەیە ناوەندێك بووە بۆ هاتوچۆی نێوان گەلانی مێسۆپۆتامیا و گەلانی زاگرۆس. لە سەرەتاوە گەلانی وەك سوباری و گوتی و کاششی بەم ناوچەیەدا تێپەڕیون بۆ ناوچەکانی سومەر، هەروەها میدییەکان بەم ناوچەیەدا تێپەڕیون بۆ داگیرکردنی نەینەوای پایتەخی ئاشور.[80] لە دواتریشدا ئەخمینییەکان دژی کلدانییەکان و ئەسکەندەر دژی ئەخمینییەکان، تەنانەت سەردەمی ئەشکانی و ساسانی و دواتریش لەسەردەمی ئیسلامدا ئەم دەروازەیە وەك ناوەندێکی گرنگ تەماشا کراوە. بەکارهێنراوە بۆ مەبەستی بازرگانی و سەربازی، لە زۆر قۆناغە مێژووییەکاندا ململانێکان لەم دەروازەیەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرئەوە بە دەروازەی ئاسیا ناودەبرێت.[81]

ئەم شاڕێگایە بە سەرپێڵی زەهاودا تێپەڕ دەبێت، شاری خانەقینیش لەسەر ئەم ڕێگایە بنیاتنراوە، بە شاڕێگەی خوراسان دەناسرێتەوە، چونکە ڕێگەی مێسۆپۆتامیای سەردەمانی پێش ئیسلام و خوراسان بووە.[82] ڕێگای خوراسان لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا بەشێك بووە لە ڕێگای ئاوریشم بە هەمەدان و کرماشاندا تێپەڕ

---

[78] ئەحمەد، ''خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام''، ل. ٢٩.

[79] امین، میر قادری محمد و کمالدین نیکنامی، ''گذرگاه کوهستانی غرب زاگرس مرکزی و شاهراه خراسان بزرگ بر مهرهای دوره اکد''، مجله مطالعات باستان شناسی، عدد٢ (١٣٩٩)، ص. ٢٤٧.

[80] ئەمەش پێدەچێت لە ڕوانگەی ئەو دەقەوە بێت کە سوپای میدییەکان توانیویەتی ناوچەی ئەڕڕاپخا داگیر بکات کە لە ناوچەی گەرمیاندایە، هەروەها ئەو ڕێگایەش کە ئاسانتر توانراوە هاتوچۆی سەربازی و ئابوری پێدا بکرێت دەروازەکانی مونزرییە و دەروازەی پەرویزخانە کە هەردوو دەروازەکە لە ناوچەی گەرمیاندایە. توێژەر.

[81] Herzfeld, Ernst, *Am Tor Von Asien, Felsdenkmäle aus Irans Heldenzeit,* Berlin, 1920, p. 2.

[82] ئەحمەد، ''خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام''، ل. ٢٩.

دەبوو، بە گەرمیاندا دەچوو تاوەکو دەگەیشت بە بەغداد.[83] گەرمیان جگە لەم دەروازەیە چەند دەروازە و ڕێگایەکی دیکەی هەیە بۆ ناوچەکانی دەرەوە. وەك ڕێگای 'دێر Dēr' یاخود پێی وتراوە 'دور- ئیلو Dūr-īlu' ناوچەی تەل عەقەر دەگرێتەوە لە نزیك قەزای بەدرەی ئەمڕۆ، دواتر دەڕوات تاوەکو دەگاتە ناوچەی 'سوسە Susa' یان 'شوش Šūš' لە عیلام، ئەم ڕێگایە زیاتر بۆ مەبەستی سەربازی بە کارهێنراوە لە نێوان مێسۆپۆتامیا و وڵاتی عیلام.[84]

لە گەرمیاندا ڕێگەی دیکە هەبووە، بۆ ناوخۆ بەکارهاتووە، وەك ڕێگەی نێوان مەندەلی و خانەقین و ڕێگای بەغداد کرماشان بە خانەقیندا تێدەپەڕی،[85] هەروەها ڕێگای موسڵ و بەغداد، لە سەردەمی ئیسلامدا، بە ناوچەی گەرمیاندا تێپەڕیوە، لە بەغدادەوە بۆ بەعقوبە و بە حەمریندا لە ڕوباری دیالە پەڕیونەتەوە بە نێو دەلی عەباسدا بۆ قەرەتەپە. لەسەردەمی کۆندا ڕێگەی دیکە هەبووە، لە خوزستانەوە دەهاتە ئەم ناوچەیە، لێرەوە دەچونە ناوچەکانی باکور، ئەم ڕێگایە لە سەردەمی ئەخمینییەکاندا بەشێك بووە لە ڕێگای شاهانەی ئەخمینییەکان.[86] بەگشتی ڕێگا و دەربەندەکان هەمیشە جێگەی بایەخی تایبەت بوون، لەبەرئەوەی لە کاتی ئاشتیدا شادەماری ئابوری و جوڵەی بازرگانی و هاتوچۆ و باج وەرگرتن و هێنان و بردنی کەرستەی خاو و کەرستە دروستکراوەکان بوون. لە کاتی شەڕ و جەنگیشدا شوێنی هاتن و چوونی هێزی سەربازی و جێگەی هەڕەشەی داگیرکاری و کۆچ و ڕەوی گەلان و هێرش و پەلامار بووە.[87]

سنوری جوگرافیای گەرمیان ناوچەیەکی ستراتیژییە و ڕۆڵی گرێی هەیە لە نێوان ناوچەکانی باکور و باشور، ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان باکور و باشور بە گەرمیاندا هاتووە، بە تایبەتی بە درێژای ڕوباری سیروان. کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕێگایە کۆنترۆڵکردنی سەربازی و بازرگانی و هاوردەکردنی ماددەی خاوی بە دوادا هاتووە. ئەمەش وایکردووە بە درێژای مێژوو ئەم ناوچەیە وەك ناوچەیەکی گرنگ تەماشا بکرێ هەر هێز و قەوارەیەکی سیاسی ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا و دەوروبەر هەوڵی دەست بەسەردا گرتنی ئەم ناوچەیەیان داوە.

---

[83] ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، ''بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا''، *گۆڤاری ژین* ١، (٢٠٠٩)، ل. ١٣.

[84] باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات*، ص. ٤٤.

[85] Admiralty and the War Office, *Handbook of Mesopotamia*, Vol. 3, London, 1917, 205-206.

[86] ئەحمەد، ''بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا''، ل. ١٤.

[87] ئەحمەد، ''خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام''، ل. ٢٩.

## ٢-١ سەرەتاکانی نیشتەجێبوون لە گەرمیان

سەردەمەکانی پێش مێژوو هەموو ئەو چاخانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ هێشتا نەیتوانی بوو نوسین دابهێنێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە گەرمیان چەندین پاشماوەی شوێنەواری چاخەکانی پێش مێژووی تێدا دۆزراوەتەوە، لە چاخی بەردینی کۆنەوە گەرمیان وەك مەڵبەندێکی ژیان پاشان نیشتەجێبوون گرنگی پێدراوە. ئەو ماوەیەی مرۆڤ لە چاخی بەردیندا بووە، مەودایەکی دوور و درێژە و ناتوانرێت بە سانایی سەرەتاکانی دەست نیشان بکرێت.

لە ڕاستیدا سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی بۆ دوو سەردەم دابەش دەبێت، چاخەکانی پێش مێژوو و چاخە مێژووییەکان. چاخەکانی پێش مێژوو 'بەتایبەت چاخە بەردینەکان' بە پێشکەوتنی ئامێر و ئامرازە بەردین و شێوەکانی ژیان جیا دەکرێنەوە.[٨٨] سەردەمەکانی بۆ سێ چاخی سەرەکی دابەشکراون، ئەوانیش 'چاخی بەردینی کۆن Palaeolithic' و 'چاخی بەردینی ناوەڕاست Mesolithic' و 'چاخی بەردینی نوێ Neolithic'. هەروەها هەریەك لەم چاخانە بۆ چەند سەردەمێکی دیکە دابەشکراون.[٨٩]

گەرمیانی دێرین لە کۆنترین ڕۆژگارەکانەوە مرۆڤ تێیدا لە ئەشکەوت و پەناگەکاندا ژیاوە، دواتر سیما ژیارییەکان لە ناوچەکەدا دەرکەوتوون، بەڵگەی ئەم ڕاستییە نشینگەکانی وەك بەردەبەلکە و کەریم شایەر و پاڵی گەورە و چەرمویە، لەم ڕوانگەیەوە سەرەتاکانی نیشتەجێبوون لە گەرمیان لەچاخە کۆنەکاندا دابەش دەبێت بۆ:

### ٢-١ -١ چاخی بەردینی کۆن

پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم چاخە لە گەرمیاندا لە ساڵی ١٩٤٩ ز لە شوێنەوای بەردەبەلکە دەرکەوت. یەکەمجار لە لایەن 'ناجی الاصیل'ی بەڕێوەبەری شوێنەواری عێراقەوە ڕوپێوی بۆ کرا.[٩٠] ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە سەر ڕێگای سلێمانی چەمچەماڵ بە پێی بۆچوونەکان سەردەمەکەی بۆ کۆتایی چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە.[٩١] بەردەبەلکە بە دووری ٤ کم لە قەزای چەمچەماڵەوە هەڵکەوتووە، ناوەکەی بە واتای بەردی ڕاوەستاو یاخود نیوە وەستاو دێت.[٩٢] نشینگەی بەردەبەلکە دەکەوێتە سەر چەمی شیوە سور و بەرەو باشوری ڕۆژ هەڵاتی چەمچەماڵ دەڕوات تاوەکو دەگاتە تاوغ چای. بەرزاییەکانی ئەم ناوچەیە بۆ چاخی مایۆسین دەگەڕێتەوە، ئامرازە بەردینەکانی ئەم ناوچەیە لە ژێر چینە قوڕینەکاندا دۆزرانەوە، بە گشتی لە تەوری دەستی و ئامێرە چەوییە تەلیزمییەکان و بەردەئەستێکان پێکدێت.[٩٣]

---

[٨٨] باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ص. ١٧١-١٧٧.

[٨٩] عەبدوڵا، هاشم حەمە، ''ئامرازە بەردینەکانی شوێنەواری بەردە بەلکا''، *هەزارمێرد* ١٩، (٢٠٠٢)، ل. ١٥.

[90] AL. Asil, N., ''Barda Balka'', *Sumer*, Vol. 5, part 1&2, (1949), p. 25.

[٩١] لاسو، يورگن، ''كردستان الجنوبية تعليق عن اثارها و تاريخها القديم''، ت. رافده عبدالله، *هزارميرد* ٦ (١٩٩٨)، ص. ١٩٦.

[٩٢] باقر، و سفر، *المرشد الى مواطن الاثار والحضارة*، ص. ١٢.

[93] Wright, H.E. and Howe, B., ''Preliminary Report on Sounding at Barda Balka'', *Sumer*, Vol.7, part 1&2, (1951), p. 108.

ئامرازەکانیشی زیاتر بۆ مەبەستی بەرگریکردن لە خۆیان و ڕاوکردن و بە جێهێنانی ئیشوکاری ڕۆژانەیان بووە.[٩٤] مێژووی ئەم شوێنەوارە بە نزیکەیی بۆ ٢٥٠,٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.[٩٥] ئامرازە بەردینەکانی ئەم شوێنەوارە لە جۆری ئامرازەکانی 'چاخی ئاشولی Acheulean' و 'موستیری Mousterian'ین.[٩٦] بونی ئەو ئامرازانەی کە بۆ سەردەمی ئاشولی دەگەڕێتەوە زیاتر مێژووی ئەو ناوچەیە پشت ڕاست دەکاتەوە. هەروەها لەم ناوچەیەدا پاشماوە شوێنەوارییە ئێسکییە ئاژەڵییەکانی وەك ددان و ئێسکی شکاو دۆزراونەتەوە. بەزۆری بۆ ئاژەڵەکانی وەك گوێدرێژی کێوی، گای کێوی، بزنی کێوی، مەڕی کێوی، ئاسك و تەنانەت فیل (ئەو جۆرەی لە هیندستان دەژی) دەگەڕێتەوە.[٩٧]

بەردەبەڵکە بە کۆنترین ناوچەی شوێنەواری لە گەرمیان دادەنرێت، لە مێسۆپۆتامیا و کوردستانی دێرینیشدا لە پاش ناوچەی فایدە دێت لە ڕۆخی ڕوباری دیجلە. پاشماوە شوێنەوارییەکانی بۆ سەردەمی چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەردەخات گەرمیان بە درێژای مێژوو لانکەی ژیان و ژیار بووە لە ناوچەکەدا.

### ١-٢ -٢ چاخی بەردینی ناوەڕاست

چاخی بەردینی ناوەڕاست دەکەوێتە نێوان چاخی بەردینی کۆن و نوێوە، لەم سەردەمەدا بە بەراورد بە چاخی پێش خۆی ئامێر و ئامرازی بەردینی ورد بەکارهاتوون، بە ئامرازی 'مایکرۆلیثی Microlithic' ناسراون، هەروەها بە فەرهەنگی زەرزیش[٩٨] دەناسرێتەوە. پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم چاخە لە ناوچەکانی گەرمیاندا لە قەزای چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە. بەتایبەت لە ناوچەی کەریم شایەر و پاڵی گەورە.[٩٩]

کەریم شایەر دەکەوێتە دووری ١٠ کم لە ڕۆژهەڵاتی چەرمو لە قەزای چەمچەماڵ، لەسەر کەناری چەمی گەورەیە. ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی کراوەیە، ڕەنگە تەنها وەك ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی وەرزی بەکارهێنرابێت، چەندین پاشماوەی شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە.[١٠٠] لە کەریم شایەر کۆمەڵێك ئێسکی ئاژەڵی دۆزراونەتەوە، هی ئاژەڵەکانی وەك مەڕ، بزن، بەراز و ڕێوین، هەموو لێکۆڵینەوەکانیش ئەوە

---

[٩٤] بصمەچی، فرج، ''العصور الحجرية في العراق''، *سومر* ١١، جزء ١&٢، (١٩٥٥)، ص. ١١٦.

[95] Rowan, Y. M., Barda Balka, by. Bruce Howe, Chicago, 2014, p. ix.

[96] Braidwood, R., ''A Preliminary Note on Prehistoric Excavations In Iraqi Kurdistan 1950-1951'', *Sumer*, Vol. 7, part 1&2, (1951), p. 101 ; Solecki, R., ''A Paleolithic Site in The Zagros Mountains of Northern Iraq Report on Sounding at Shanidar Cave'', *Sumer*, Vol. 8, Part 1&2, (1952), p. 129.

[97] Wright, and Howe, *Op. Cit.*, p. 109.

[٩٨] زەرزی ناوی ئەشکەوتێکە دەکەوێتە دۆڵی چەمی ڕێزانەوە لە شاخەکانی بەرامبەر سورداشەوە، لە پارێزگای سلێمانی، لە ساڵی ١٩٢٧ز توێژەری ئەمریکی گارۆد پشکنینکاری تێدا ئەنجام دا، ئامرازە بەردینەکانی بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە. بڕوانە: رشيد، جمال و رشيد، فوزي، *تاريخ الكورد القديم*، اربيل، ١٩٩٠، ص. ٢٩.

[٩٩] باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، ج١*، ص. ٢٠٧.

[١٠٠] رشيد، جمال، *ظهور الكورد في التاريخ*، ج١، اربيل، ٢٠٠٣، ص. ٤١٢_٤١٣ ؛ باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ج١، ص. ٢١٣ ؛ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٨٣.

دەردەخەن ئەو ئاژەڵانە کێوی بوون و هێشتا ماڵی نەکراون،[١٠١] بەڵام لە کەریم شایەردا هیچ پاشماوەیەکی شوێنەواری ئاژەڵی ماڵی کراو نەدۆزراوەتەوە. هەروەها بژێوییان لەسەر سروشت بووە، هیچ جۆرە دانەوێڵە و خواردنێك لە ناوچەکەدا نەدۆزراوەتەوە.[١٠٢]

یەکێکی دیکە لە شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی ناوەڕاست لە گەرمیاندا ناوی پاڵی گەورەیە. ئەم پەناگە بەردینە دەکەوێتە نزیك چەرمو بە ١٤ کم لە باکوری خۆرهەڵاتەوە، دەکەوێتە زنجیرە چیای بەرانانەوە و بەسەر دەشت و دۆڵەکانی دەوروبەریدا دەڕوانێت. ئەم شوێنە پەناگەی مانەوە بووە، بەشێکی زۆی پاشماوەی شوێنەواری تێدا دۆزرایەوە.[١٠٣] ئامرازەکانی پەناگەی پاڵی گەورە نزیکەی ٤٠٠٠ پارچە دەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە تیخیی یەکلا و دوو لای لە بەردی ورد دروستکراو و سەرە نێزەی گەورە و بچوك لەگەڵ 'سمتوکە بچوکەکان Micro burins' لە شێوەی سێگۆشەی و لاکێشەی و لەبزێنەیی و کەوانەییش بە دەگمەن بوون. هەروەها ئامرازە لە ئێسك دروستکراوەکانی هەندێکی سادە بوون و هەندێکی وەك ئامرازی ڕازاندنەوە لە جۆری مورو و گوارە و تەنانەت هەندێکیشیان لە ددان دروستکرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئامرازە ئۆبسیدییەکان لە تیخی یەکلای کورت و ئەستور بوون، بەگشتی ئەوجۆرە ئامرازەیان کەمتر و ئاڵۆزترن لە شێوەیاندا.[١٠٤]

ئەوەی لەم بابەتەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەوەیە لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی کەریم شایەردا هیچ جۆرێك لە ئامرازی لە ئۆبسیدی دروست کراو بەرچاو ناکەون، بەڵام لە پشکنینکارییەکانی پەناگەی پاڵی گەورەدا ئامرازی لە ئۆبسیدی دروستکراو دۆزراوەتەوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین پاڵی گەورە قۆناغێکی گەشەسەندوو ترە لەوەی کە مرۆڤ توانیویەتی بەردی ئۆبسیدی دەست بخات و ئامراز و ئامێرەکانی پێ دروست بکات و ڕۆژانە پێداویستییەکانی خۆیان لە خۆراك و پۆشاك پێدابین بکات.

### ١-٢ -٣ چاخی بەردینی نوێ

گەرمیان گرنگترین ناوچە بوو لەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینی، بە تایبەت لە دوای چاخی بەردینی ناوەڕاست، لە چاخی بەردینی نوێدا توانرا هەنگاوی گەورە بنرێ. مرۆڤایەتی لە کۆکردنەوەی خۆراکەوە دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی خۆراك. سەرەتای ئەم هەنگاوەش لە گەرمیانەوە نرا و بەتایبەتیش لە چەرمووە بوو. لە ماڵی کردنی ئاژەڵ و دۆزینەوەی کشتوکاڵ و نیشتەجێبوون و چاندن، هەموو ئەمانە پێکەوە سەرەتایی بەدیارکەوتنی قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی مرۆڤایەتی و گەرمیان وەك ناوەندێك ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. چەرمو بە یەکێك لە بەناوبانگترین گوندە کشتوکاڵییەکانی سەردەمی

---

[١٠١] الشيخ، عادل عبدالله، *بدء الزراعة واولى القرى في العراق*، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، (١٩٨٥) ص. ٤٥. ؛ Braidwood, *Op. Cit.*, p. 102

[١٠٢] ميلارت، جيمس، *اقدم الحضارات في الشرق الادنى*، ت. محمد مطلب، دمشق، ١٩٩٠، ص. ٢٨-٢٩.

[١٠٣] بریدوود و بروس هاو، *لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراق*، و. ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، هەولێر، ٢٠٠٥، ل. ١٤١-١٤٢.

[١٠٤] هەمان سەرچاوە، ل. ١٤٣.

چاخی بەردینی نوێ دادەنرێت. پاشماوەی شوێنەواری ئەم گوندە دەکەوێتە کەناری ئاوی چەمی گەورە بە دوری ١١ کم لە ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵەوە.[١٠٥] هەروەها چەرمو دەکەوێتە ناوچەیەکەوە ڕێژەی باران بارین تێیدا باشە و سەرچاوەی ئاوی هەیە، ئەو بارانەی لە ناوچەکەدا دەبارێت بەشی چاندنی دانەوێڵە و کشتوکاڵکردن دەکات، لەبەر ئەوە لەم ناوچەیەدا کشتوکاڵکردن پێویستی بە ئاودێری کردن نییە.[١٠٦] چەرمو بە یەکێك لە کۆنترین باشترین گوندە کشتوکاڵییەکانی چاخی بەردینی نوێ دادەنرێت. بۆیە چەرمو بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت، لەم قۆناغەدا مرۆڤ لە کۆکردنەوەی خۆراکەوە دەستی کرد بە بەرهەمهێنانی خۆراك وپێداویستیەکانی ڕۆژانەی خۆی.[١٠٧] لەساڵانی نێوان ١٩٤٨-١٩٥٥ ز لەچوارچێوەی بەردەوامی کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکانی زانکۆی شیکاگۆی ئەمریکا لە گەرمیاندا، چەرمو وەك وێستگەیەکی شوێنەواری گرنگ پشکنینکاری تێدا ئەنجام درا. لە ئەنجامدا شانزدە چینی شوێنەواری تێدا دۆزرایەوە، تەنها لە پێنج چینی سەرەوەیدا گڵێنەسازی تێدا دەرکەوتووە.[١٠٨] ئەم گوندة ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بووە بۆ ماوەی نزیکەی ٢٥٠ ساڵ. نزیکەی ٢٥ بۆ ٣٠ ماڵی تێدا نیشتەجێ بووە و ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ١٥٠ کەس زیاتر نەبووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بووە هیچ جۆرە گۆڕێك لەچەرمودا نەدۆزراوەتەوە.[١٠٩]

لە چەرمودا ئامێر و ئامراز گەلێکی زۆر دۆزراونەتەوە، ئامرازەکانیش لە ماوەی جیاوازدا دروست کرابوون، هەندێکیان لە بەرد و هەندێکی دیکەشیان لە بەردی ئۆبسیدی داتاشرابوون، لەگەڵ سواڵەت لە چینەکانی سەرەوەیدا.[١١٠] ئامرازە ئۆبسیدییەکان لە چەرمودا زۆرن و بە شێوەیەکی گشتی لە دروستکردنی ئامرازە تیژەکاندا بەکارهێنراون، وەك چەقۆ و سەرە نیزە و ئامرازە دەستیەکانییان. هەروەها ئەو ڕێژە زۆرە لە بەردی ئۆبسیدی دەبێت لە جێگەیەکی نزیك لە خۆیان دەستیان کەوتبێت، تەنانەت پارچەی گەورەشیان بەکارهێناوە.[١١١]

بەشێکی دیکە لەو ئامرازانەی لە چەرمودا دۆزراوەتەوە بریتین لە ئامرازی جوانکاری، بەشێکیان لە بەرد دروستکراون، وەك murووی خڕ و لولەی و قوچەکی، هەروەها ملوانکە و تەنانەت هەندێکیشیان

---

[١٠٥] بریدوود و هاو، *لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراق*، ل. ٥٧ ؛ ابراهیم، ''ناوچەی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنای کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا''، ل. ٧.

[106] Braidwood, *Op. Cit.*, p. 100.

[١٠٧] اوتس، دایڤید و اوتس، جوان، *نشوء الحضارة*، ت. لطفي خوري، بغداد، ١٩٨٨، ص. ١٧٩.

[١٠٨] الدباغ، تقي، *الوطن العربي في العصور الحجرية*، بغداد، ١٩٨٨، ص. ١١٤.

[١٠٩] الرويشدي، سعدي، ''نظرة في منجزات انسان ماقبل التاريخ في ضوء الدراسات الحديثة''، *سومر* ٢٦، ج ١&٢ (١٩٧٠)، ص. ٣٨٦.

[110] Mortensen, Peder, ''Additional Remarks on the Chronology of Early Village Farming Communities in the Zagros Area'', *Sumer*. Vol. 20, Part 1&2, (1964), P. 30.

[111] Lindas, Braidwood, ''Preliminary Notes on the Jarmo Flint and Obsidian Industry'', *Sumer*. Vol. 7, Part 1&2, (1951), p. 105-106 ؛ میلارت، *المصدر السابق*، ص. ٦١ .

نەخشێنراون، لەگەڵ ئەوەشدا موستیلەی لە بەرد و ئێسقانیش دەرکەوتوون، بازنیشیان بەکارهێناوە، هەروەها قیریان لە دروستکراوەکانیاندا بەکارهێناوە.[١١٢]

گوندی چەرمو لە ڕووی کشتوکاڵی و چاندنی بەروبومە خۆراکییەکانەوە لە پێشەنگدا بووە، بەتایبەت وەك جۆ.[١١٣] هەروەها گەنم و نیسك و ماشیان چاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی گوندی چەرمو دەست بەرداری کۆکردنەوەی خۆراك و بەروبوومی سروشتی نەبوون، بەتایبەت ناوك و بەرهەمی وەك بەڕوو و فستق لە پاشماوە شوێنەوارییەکاندا دۆزراونەتەوە. لە پاڵ ئەمانەشدا بایەخیان بە ئاژەڵی ماڵی کراو داوە، بەتایبەت بزن بەڵگەی ڕاشکاوی لە بارەوە هەیە.[١١٤]

لە گەرمیان جگە لە چەرمو پاشماوەی شوێنەواری چاخی بەردینی نوێ لە نزیك کەرکوك بە دیاری کراوی لە ناوچەیەکی نزیك لە مەتارە کە ناوی قەرەیاتاغە دۆزراوەتەوە، مێژووەکەی بەپێی تیشکی کاربۆن ١٤ دەگەڕێتەوە بۆ (٧٧٥٠+ - ٢٥٠) پ.ز.[١١٥] هەروەها لە ناوچەی حەمرین و بە دیاریکراویش لە تەل ڕەیحان (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢) لەسەر ڕوباری نارین پاشماوەی شوێنەواری چاخی بەردینی نوێی پێش گڵێنەسازی تێدا دۆزراوەتەوە. کە لە کۆمەڵێك ئامێر و ئامرازی بەردین پێکدێت.[١١٦]

دەرکەوتنی چەرمو وەك یەکێك لە کۆنترین ناوەندی نیشتەجێبوونی هەمیشەی لە گەرمیان خاوەن گرنگی ژیاری تایبەت بە خۆیەتی. وردەکاری ئامرازە دروست کراوەکان و ئەو ماددە خاوانەی لێی دروستکراون، هەروەها جۆراوجۆری ئامرازەکان، لەگەڵ خانوو بۆ مانەوەی هەمیشەی و ماڵیکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵکردن، وەك ناوچەیەکی گەرمیان و کوردستان چەرمو وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەم گۆڕانەش لە هەزارەی ٧ و ٨ پ.ز. ڕویداوە. لەبەر ئەوە گەرمیان یەکێك بووە لە پێشەنگەکانی شۆڕشی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا.

### ١-٢ -٤ فەرهەنگی حەسونە[١١٧]

گەرمیان وەك ناوچەیەکی ژیاری بەگشتی هەموو قۆناغەکانی گەشەسەندنی گڵێنەسازی بەخۆوە بینیوە. بۆ نموونە و پاشماوە شوێنەوارییەکانی کەلتور و فەرهەنگی حەسونە لە هەندێ ناوچەی گەرمیان

---

[١١٢] بریدوود و هاو، *لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراق*، ل. ١٠٤-١٠٥.
[١١٣] کول، سونیا، *ثورة العصر الحجري الحديث*، ت. تقى دباغ و نادية سعدي، بغداد، ١٩٨٨، ص. ١٢.
[١١٤] بریدوود و هاو، *لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراق*، ل. ١١٠.
[١١٥] حازم، حسين يوسف، ''دور منطقة كركوك الحضاري خلال فترة عصور ماقبل التاريخ في العراق''، *مجلة جامعة كركوك*، عدد ٢٤ (٢٠٠٩)، ص. ١٠٣.
[١١٦] ئەم زانیارییە بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵکو لە فەرمانگەی شوێنەواری عێراقی پارێزراوە، زانیارییەکانیش وەرگیراوە لە: الحيالي، فيحاء مولود علي، *الواح فخارية من مواقع حوض حمرين في العصر البابلي القديم*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، (٢٠٠٦)، ص. ٣١.
[١١٧] حەسونە گوندێکە دەکەوێتە نزیك شاری موسڵەوە، بە دووری ٧ کم لە ناحیەی شورەوە دورە، لە باشوری موسڵەوەیە، لە دوای گوندی چەرمۆ بە شێوەیەکی نوێ خاوەنی شارستانییەت تایبەت بە خۆیەتی هەر بە ناوی حەسونەشەوە دەناسرێتەوە. باقر، طه، ''عصور ماقبل التاريخ فى وادى الرافدين''، *کۆڕی زانیاری کورد*، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، (١٩٧٤)، ص. ٣٠.

دەرکەوتوون. وەك ناوچەی مەتارە کە گوندێکی بچوکە و دەکەوێتە دووری ٣٤ کم لە باشوری کەرکوکەوە، ئەم ناوچەیە ٧ چینی شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە.[١١٨] کۆمەڵگای گوندی مەتارە تاڕادەیەك دەتوانرێ بە کۆمەڵگایەکی باشوری حەسونە دابنرێت، گڵێنەسازییەکەی بە زۆری لە جۆری گڵێنەکانی حەسونەیە.[١١٩] لەچەمچەماڵ لە گوندی چەرمو لە چینەکانی سەرەوەیدا فەرهەنگی حەسونە دۆزراوەتەوە.[١٢٠] ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەی لە چەرمودا دۆزراوەتەوە لەهەندێك ڕووەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانەی فەرهەنگی حەسونە، بەڵام لە بابەتی گڵێنەسازیدا لە چینەکانی سەرەوەیدا جۆرێك لە هاوبەشی گشتییان تێدایە.[١٢١]

لە قەزای کەلار و بە دیاریکراوی لە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری سیروان یەکێك لە نشینگەکانی هاوسەردەمی شارستانییەتی حەسونە بە ناوی کانی ماسی هەیە و (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤) بە (تەل مەجید)یش دەناسرێتەوە، دەکەوێتە بەرزاییەکانی نزیك لە کەلار لە سەر ڕوباری سیروان. لە ئاستی لافاو بەرزترە، لە تەنیشتیدا چەند گردێکی دیکەی شوێنەواری هەیە.[١٢٢] ئەم ناوچەیە لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسی بیانی و بە سەرپەرشتی زانکۆی گلاسکۆی بریتانی کاری پشکنینکارییان تێدا ئەنجامدرا، لەم شوێنەوارەدا پاشماوەی شوێنەواری سەردەمی چاخی بەردینی نوێ و گڵێنەسازی فەرهەنگی حەسونەشی تێدا دەرکەوت، بە شێوەیەکی گشتی 5% دۆزراوەکانی هاوشێوەی ئەوانەی حەسونەن، لە ناوچەکانی دەوروبەریش وەك گردی فەلاح و تەپی سیروان و گڵێنەسازی سەردەمی فەرهەنگی حەسونەیان تێدا دۆزراوەتەوە.[١٢٣] بەگشتی دەکرێت بوترێت گەرمیان وەك ناوچەیەکی بەربڵاو فەرهەنگی حەسونەی تێدا دەرکەوتووە، سەردەمەکەی بۆ دەوروبەری هەزارەی شەشەم و حەوتەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە.[١٢٤]

### ١-٢ -٥ فەرهەنگی سامەڕا[١٢٥]

بڵاو بوونەوەی کەلەپور و فەرهەنگی سامەڕا لە ناوچەکانی گەرمیاندا تاڕادەیەك بەرچاوە، بەتایبەت کاتێك تیمێکی شوێنەوارناسی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٦٦ز. ڕوپێوییەکی شوێنەوارییان ئەنجامدا لە

[١١٨] الشیخ، *المصدر السابق*، ص. ٧٧.

[١١٩] بریدوود و هاو، *لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراق*، ل. ٧٧-٧٩.

[120] Dabbagh, T, ‘‘Hassuna Pottery’’, *Sumer*, Vol. 21, Part 1&2 (1965), p. 91.

[121] Mortensen, Peder, ‘‘On the Chronology of Early Village Farming Communities in Northern Iraq Area’’, *Sumer*, Vol. 17, Part 1&2, (1962), P. 72.

[122] Casana, & Glatz, The Land Behind the Land Baghdad, p. 11.

[123] *Ibid*, p. 8.

[124] Casana, Jesse, & Glatz, Claudia, ‘‘of Highland-Lowland Borderlands: Local Societies and Foreign Power in the Zagros-Mesopotamian Interface’’, *JAA*, Vol. 44, (2016), p. 142 ; Jesse Casana & Claudia Glatz, ‘‘The Land Behind the Land Baghdad’’, p. 8.

[١٢٥] فەرهەنگی سامەڕا تەرزێکی نوییە لە شارسانییەتەکانی پێش مێژوو (چاخی بەردینی کانزایی)، سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی شەشەمی پێش زایین، ناوەکەی لە ناوی شاری سامەڕای پایتەختی خەلافەتی عەباسییەوە هاتووە، تەرزی گڵێنەسازی تایبەت بەخۆی هەبووە، بۆ یەکەمجار لە لایەن شوێنەوارناسی ئەڵمانی هێرتسفیلدەوە پێش جەنگی جیهانی یەکەم ١٩١٤-١٩١٨ز بە ناوی سامەڕاوە ناوی برد. بڕوانە: باقر، طه، ‘‘عصور ماقبل التاریخ فی وادی الرافدین’’، ص. ٤٠-٤١.

ناوچەکانی مەندەلی و بەدرە. بەدیاریکراوی لە مەندەلی لە گوندی تەمرخانە بە زۆری گڵێنەسازی فەرهەنگی سامەڕرا دۆزرایەوە.[١٢٦] لە هەمان کاتدا تیمێکی شوێنەوارناسی زانکۆی شیکاگۆ بە هاوکاری زانکۆی کۆپنهاگن لە پشکنینکارییەکانیاندا لە ناوچەکانی دەوروبەری بەنداوی حەمرین (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢)، بە تایبەت لە ناوچەی تەل ڕەیحان لە یەکێك لە گردە شوێنەوارییەکانیدا لە بەری ڕۆژئاوای ڕوباری نارینەوە کە گڵێنەکاری ڕەنگاوڕەنگ هاوشێوەی گڵێنەسازی شارستانییەتی سامەڕرای تێدا دۆزراوەتەوە.[١٢٧] هەروەها لە هەمان کاتدا لە تەل ڕەیحان کە یەکێکی دیکەیە لە گردە شوێنەوارییەکان کە تیمێکی شوێنەواری ئیتالی پشکنینکاری تێدا ئەنجامداوە و گڵێنەکاری فەرهەنگی سامەڕرای تێدا دۆزراوەتەوە.[١٢٨]

لە هەمان ناوچە و لە چوخەمامی لە گڵێنەسازی سەردەمی فەرهەنگی سامەڕرا دۆزراوەتەوە.[١٢٩] لە چوخەمامی ٤ چینی شوێنەواری دۆزراونەتەوە، ئەم چینانە زانیاری سەردەمانی پێش مێژوومان دەدەنێ لە بارەی زۆربەی فەرهەنگەکانەوە، لە هەمان کاتدا پەیکەرگەلێکی زۆری ڕەنگ کراو دۆزراونەتەوە، لەگەڵ بەشێکی زۆر لە مورو و ئامرازی جوانکاری.[١٣٠]

گڵێنەکارییەکانی چوخەمامی ڕەنگ کراوەکانی هەندێ دیمەن پیشاندەدات لە شێوەی هەڵپەڕکێ و بە ڕەنگی جیا جیا ڕەنگ کرابوون.[١٣١] لە ڕاستیدا ڕەنگە هۆکارەکانی پشت هەبوونی پەیکەری دایك و ئەو جۆرە لە نەخش و نیگارە لە سەر گڵێنەکارییەکانی چوخە مامی ڕەنگ بێ دەرخەری بیر و جۆرێك لە باوەڕی ئاینی بێت، مەبەست لێی بەدەست هێنانی فەڕ و دەربڕینی خواست و ویستیان بێت.

لە ناوچەی کەرکوك و دەوروبەری و بە دیاریکراوی لە مەتارە دەکەوێتە باشوری کەرکوکەوە، گڵێنەکاری فەرهەنگی سامەڕرا دۆزراوەتەوە.[١٣٢] هەرچەندە بەشێك لە گڵێنەسازییەکەی مەتارە لە شێوەی فەرهەنگی حەسونەیە، بەڵام دەتوانرێن هەموو گڵێنەکارییە ڕەنگکراوەکانی بە بەرهەمی شارستانییەتی سامەڕرا تەماشا بکرێن.[١٣٣]

---

[126] Oates, J., ‘‘Survey in the Region of Mandali and Badra’’, *Sumer*, Vol. 22, Part 1&2 (1966), p. 51-52.

[١٢٧] جيسون، مكواير، ‘‘تنقيبات جامعتى شيكاكو و كوبنهاكن في اوج تبة (حمرين)‘‘، سومر ٣٥، ج ١&٢ (١٩٧٩)، ص. ٤٦٠.

[١٢٨] الحيالي، *المصدر السابق*، ص. ٣١.

[129] Potts, D.T., *Mesopotamian Civilization; The Material Foundations*, London, (1997), p. 48.

[١٣٠] اوتس، و اوتس، *المصدر السابق*، ص. ١٢٨-١٣٠.

[١٣١] زاموا، دلشاد عزيز، ‘‘الزخارف الادمية و الحيوانية على فخاريات حضارة سامراء (٥٥٠٠-٤٩٠٠ ق.م.)‘‘، *هزارميرد* ٢٥ (٢٠٠٤)، ص. ٢٤٨-٢٤٩.

[١٣٢] محمد، يوسف محمد و ثامر، غسق عمر، ‘‘فخار دور سامراء القديم‘‘، *مجلة الملوية للدراسات الاثارية و التاريخية*‘‘، مجلد ٤، عدد ١٠، (٢٠١٧)، ص. ٣٦٨.

[١٣٣] بریدوود و بروس هاو، *لێکۆڵینەوەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عێراق*، ل. ٨٠.

## ١-٢ -٦ فەرهەنگی حەلەف[١٣٤]

یەکێکی دیکە لە تەرزەکانی شارستانییەت کە لە گەرمیاندا بڵاو بووەتەوە، بریتییە لە فەرهەنگی حەلەف. بە شێوەیەك لە گەرمیاندا بڵاو بووەتەوە کە لە چەند ناوچەیەك شوێنەواری ئەم فەرهەنگە و پاشماوە شوێنەوارییەکەی دۆزراوەتەوە. سەرەتای دۆزینەوەی ئەم فەرهەنگە لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٣ ز. لە لایەن 'مالۆوان'ەوە لە ناوچەی موسڵ لە 'تەل ئەرپەجی' دۆزراوەتەوە.[١٣٥]

گردی ڕەحیم یەکێك لە گردە شوێنەوارییەکانی ئەم فەرهەنگە دەکەوێتە ناحیەی ڕزگاری سەربە قەزای کەلارەوە، ئەم گردە شوێنەوارییە لە ساڵی ١٩٥٦ ز. لە ڕوپێوی شوێنەوارەکانی فەرمانگەی شوێنەواری عێراقدا تۆمارکراوە. بەم دواییانە لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە لە ساڵی ٢٠١٢ ز. پشکنینکاری تێدا ئەنجام درا. لە کنەکارییەکەیاندا چەندین پارچەی شوێنەواری دۆزرانەوە. پارچە شوێنەوارییەکان شێوەی جیا جیا و بە ڕەنگی جۆراوجۆر نەخشێنرا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پارچە لە گڵێنەکاری هاوشێوەی فەرهەنگی حەلەف لەم گردە دۆزرانەوە.[١٣٦] شێوەی خانوەکانی گردی ڕەحیم لە شێوەی خانوی ثولوس دەچێت کە شێوەیەکی بازنەی هەبووە. لە سەردەمی شارستانییەتی حەلەفدا یەکێك بووە لە شێوە باوەکانی بیناسازی باو، هەروەها ئەو ئامێر و ئامرازانەی لە گردی ڕەحیم دۆزرانەوە هەمەچەشن بوون و لە بەرد و بەردی ئۆبسیدی و گڵێنەکاری و جیاوازی لە قەبارەشیاندا هەبووە، تەنانەت نیگارەکانیشی جیاواز بوو.[١٣٧] هەروەها لایەنە گرنگەکانی دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی گردی ڕەحیم سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە شارستانییەتی حەلەف تاوەکو ڕۆخەکانی ڕوباری سیروان بڵاوبوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕاستییە دەردەخات گەرمیان وەك ناوچەیەکی ژیاری گرنگ بە بەردەوامی ژیان لە گوندەکانیدا هەبووە و هەمیشە ئاوەدان بوون.[١٣٨] گڵێنەکاری فەرهەنگی حەلەف لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە بەگشتی و ناوچەکانی حەمرین بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبوەوە،[١٣٩] لە ناوچەکانی تەل گوببە کە دەکەوێتە نێوان قزرابات و ناحیەی جەلەولا، لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسی یابانییەوە جۆرێك لە گڵێنەسازی دۆزراوەتەوە بۆ سەردەمی

---

[١٣٤] فەرهەنگی حەلەف ناوەکەی لە گوندی تەل حەلەف (خەڵەف)ەوە هاتووە، دەکەوێتە سەر ڕوباری خابوور لە ناوچەی سەرێکانی لە نێوان سنوری باکوری کوردستان(تورکیا) و ڕۆژئاوای کوردستان(سوریا)، کە لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسی ئەڵمانییەوە بە سەرکردایەتی فۆن ئۆپینهایم لە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دۆزراوەتەوە، بڕوانە: باقر، ''عصور ماقبل التاريخ في وادي الرافدين''، ص. ٤٢.

[135] Dabbagh, T., ''Hassuna Pottery'', *Sumer*, Vol. 22, Part 1&2, (1966), p. 23.

[١٣٦] محمود، احمد اسماعيل، و اخرون، تقرير اولى غير منشورة عن (*اعمال التنقيب في تل رحيم*). ٢٠١٢.

[١٣٧] *نفس المصدر.*

[١٣٨] زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٤٠.

[١٣٩] ياسين، غسان طه، ''صناعة الفخار العراقي من اقدم العصور حتى نهاية التاريخ القديم''، *مجلة اداب الرافدين*، عدد ٤٩ (٢٠٠٨)، ص. ١٦.

شارستانییەتی حەلەف دەگەڕێتەوە.[140] هەروەها لە هەمان ناوچەدا و لە تەل سونگور پاشماوەی شوێنەوارییەکانی فەرهەنگی حەلەف دۆزراوەتەوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢).[141] لەگەڵ ئەوەشدا گڵێنەکاری فەرهەنگی حەلەف لە کەرکوك و دەوروبەری بەتایبەتیش لە 'نوزی Nuzi'[142] شار وێران لە باشوری ڕۆژئاوای کەرکوك لە چینەکانی ١١ و ١٢ دا دۆزراوەتەوە.[143]

### ١-٢ -٦ فەرهەنگی عوبەید[144]

یەکێکی دیکە لەو فەرهەنگانەی لە گەرمیاندا تاڕادەیەك بڵاو بوەوە، بریتی بوو لە کەلەپور و فەرهەنگی عوبەید. لە چەند شوێنێك لە گەرمیاندا پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم تەرزە لە شارستانییەت دۆزراونەتەوە. شارستانییەتی عوبەید بۆ دوو ناوچەی سەرەکی دابەش دەکرێت، ئەوانیش عوبەیدی باکور و عوبەیدی باشورە کە لە هەندێ ڕووەوە لە یەکتری جیاوازن.[145] ئەو جیاوازییەش لە شێوەی گڵێنەکە و پێکهاتە و ڕەنگەکەیدا بووە.[146] لە دەوروبەری ٤٥٠٠ ساڵ پ.ز. ئەم فەرهەنگە لە ناوچەکانی باکور و چیاکانی زاگرۆس جێگەی کەلتور و شارستانییەتی حەلەفی گرتەوە.[147] لە ناوچەکانی حەمرین لە زۆر جێگە ئەم جۆرە لە شارستانییەت دۆزراوەتەوە، لەوانە لە ناوچەی تەل مەزهور لە سەر ڕوباری نارین، کە لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسی بریتانییەوە پشکنینکاری تێدا ئەنجام درا و لە ساڵی ١٩٧٩ ز. شوێنەواری نیشتەجێبوون و پاشماوەی شوێنەواری سەردەمی فەرهەنگی عوبەیدی تێدا دەرکەوت.[148] لە ناوچەکانی دەوروبەری تەل مەزهور ئەم فەرهەنگە بڵاو بووە، بۆ نموونە لە تەل عەبادە دەکەوێتە ١٢ کم خوارووی ناحیەی سەعدیەوە و لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیالەوە. لە ئەنجامی کنەکاری لە لایەن

---

[140] فوجی، هیدیو، ''تل کبة (تقریر اولی عن تنقیبات البعثة الاثاریة الیابانیة في حوض سد حمرین)''، سومر ٣٥ جزء ١&٢، (١٩٧٩)، ص. ٥١٣.

[141] ماتسوموتو، کین، ''تل صنکر (أ، ب، ج، في حمرین) ''، *سومر* ٣٥، جزء ١&٢ (١٩٧٩)، ص. ٥٢١.

[142] نوزی دەکەوێتە (یورغان تەپە) بە دووری ٢٠ کم لە باشوری کەرکوکەوە، لە لایەن تیمێکی کنە و پشکنینی ئەمریکیەوە لە زانکۆی هارڤارد و پەنسلڤانیاوە بە هاوکاری مۆزەخانەی عێراق لە ساڵانی نێوان ١٩٢٥-١٩٣١ ز کنەوپشکنینی تێدا ئەنجام دراوە بە سەرپەرشتی ریچارد. ف. ستار. بڕوانە: لوید، سیتون، *أثار بلاد الرافدین من العصر الحجري القدیم حتی الغزو الفارسي*، ت. محمد طلب، دمشق، ١٩٩٣، ص. ٢٩٢.

[143] جەلال، کامەران کوێخا، *مێژووی کۆنی کەرکوك لەبەر ڕۆشنای دەقەکانی نوزیدا*، هەولێر، (٢٠٠٨)، ل. ٦٨ ؛ زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٤٠.

[144] ئەم فەرهەنگە لە لایەن تیمێکی شوێنەوارناسی بریتانیەوە لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧ ز لە ناوچەی شوێنەواری عوبەید، کە بۆ خۆی تەرزێکی نوێی گڵێنەکاری ڕەنگاوڕەنگە، ناوەکەشی هەر لە ناوی شوێنەکەوە هاتووە، کە دەکەوێتە ٤ کم باکوری خۆرئاوای شاری ئورەوە. بڕوانە: باقر، مقدمة فی تاریخ الحضارات القدیمة، ص. ٢٤٧.

[145] لوید، *المصدر السابق*، ص. ١١٢ ؛ باقر، ''عصور ماقبل التاریخ في وادي الرافدین''، ص. ٤٨.

[146] غلاب، محمد السید و الجوهری، یسری، *الجغرافیا التاریخیة عصر ماقبل التاریخ وفجره*، ط ٢، القاهرة، ١٩٧٥، ص. ٣٦٧.

[147] ڤان دی میروپ، مارك، *مێژووی خۆرهەڵاتی نزیکی کۆن لە دەوروبەری ٣٠٠٠ -٣٢٣ پ.ز*، و.عەلی نادر، سلێمانی، ٢٠١٨، ل. ٢٨.

[148] روف، مایکل و کیلیك، روبرت،'' تل مظهور''، سومر ٣٥، جزء ١&٢ (١٩٧٩)، ص. ٥٣٠ ؛
Roaf, M.,'' Tell Madhhur a Summary Report on the Excavations'', *Sumer*, 43, Part 1&2, (1984), p. 109-127.

تیمێکی شوێنەوارناسییەوە پاشماوەی شوێنەواری سەردەمی شارستانییەتی عوبەیدی تێدا دۆزراوەتەوە.[149] لە تەل سونگور[150] و تەل عەیاش کە دەکەوێتە ٧ کم باکوری خۆرئاوای ناحیەی سەعدیە.[151] هەروەها لە تەل ڕەشید (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢)[152] و لە ناوچەی چەمچەماڵیش شوێنەواری کلتور و شارستانییەتی عوبەید لە شوێنەواری قەڵای سپی دۆزراوەتەوە.[153]

## ١-٢ -٧ فەرهەنگی ئوروك (وەرکا)[154]

سەردەمی 'ئوروك Uruk' یاخود شێوە سامییەکەی 'وەرکا Warka' لە نزیکەی ٣٥٠٠ - ٣٠٠٠ پ.ز. لە پاش فەرهەنگ و کلتوری عوبەیدەوە دێت، ئەم فەرهەنگە لە مێسۆپۆتامیا و کوردستاندا بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینی.[155] پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم فەرهەنگە لە ناوچەکانی گەرمیاندا بڵاوبوەتەوە بە تایبەت لە ناوچەی ئەحمەد ئەلحەتوو لەگەڵ ناوچەی تەل گوببە.[156] هەروەها لە گوندی تەل ئەبو قاسم لە باکوری ڕۆژهەڵاتی بەنداوی حەمرینەوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢)، لە چینی پێنجەمدا پاشماوە شوێنەوارییەکانی شارستانییەتی وەرکا دۆزراوەتەوە.[157] لە قەزای چەمچەماڵیش ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧ ز. تیمێکی شوێنەوارناسی فەرەنسی لە لۆگردان کە دەکەوێتە گوندی پیریادی سەر بە ناحیەی شۆڕش لە قەزای چەمچەماڵ شوێنەواری پەرستگایەکی ئاینییان دۆزییەوە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی فەرهەنگی وەرکا دەگەڕێتەوە.[158] هەروەها لە گوندی شۆکی گەورە دەکەوێتە ڕۆژئاوای چەمی دوزخورماتوەوە، گڵێنەکاری سەردەمی شارستانییەتی وەرکای تێدا دۆزراوەتەوە.[159] لە دوای وەرکا فەرهەنگی جەمدەت نەصر[160] دێت، بەزۆری لە ناوچەکانی دیالە و حەمرین گڵێنەسازییەکەی بە 'گڵێنەسازی قرمزە Scarlet Ware' دەناسرێتەوە، لە هەمان کاتدا لە ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری بڵاوبوەتەوە.[161]

---

[149] عبود، صباح، ''تل عبادة''، *سومر* ٣٥، جزء ١&٢ (١٩٧٩)، ص. ٥٢٥.

[150] ماتسوموتو، *المصدر السابق*، ص. ٥٢٠-٥٢١.

[151] الجادر، وليد محمود، ''تل عياش (تقرير اولى عن حفريات جامعة بغداد موقع تل عياش الواقع في حوض حمرين)''، *سومر* ٣٥، جزء ١&٢ (١٩٧٩)، ص. ٥٥٩.

[152] عبود، صباح، ''تنقيبات تل رشيد/ حمرين''، سومر ٣٥، جزء ١&٢ (١٩٧٩)، ص. ٥٢٧.

[153] زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٤١.

[154] ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی وەرکا کە لە پشکنینکارییەکدا لە لایەن شوێنەوارناسە ئەڵمانییەکانەوە لە ساڵی ١٩٢٨ ز دۆزرایەوە، کە تێیدا جۆرێك لە فەرهەنگ و کەلتوری نوێ وەدەرکەوت، کە بەناوی شوێنەکەوە بەوەرکا ناوبراوە، سەردەمەکەی دەکەوێتە دوایشارستانییەتی عوبەیدەوە. بڕوانە: باقر،''عصور ماقبل التاريخ فى وادي الرافدين''، ص. ٥٦.

[155] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٠١.

[156] ابوالصوف، بهنام، *تاريخ من باطن الارض*، عمان، ٢٠٠٩، ص. ٢٠٩. ؛ الحيالي، *المصدر السابق*، ص. ٢١.

[157] دانيال، فوريست، '' تنقيبات خيط قاسم/ حمرين (تقرير اولى عن موسم الاول)''، سومر ٣٥، جزء ١&٢ (١٩٧٩)، ص. ٤٩١-٤٩٧.

[158] زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٤١.

[159] ابراهیم، ''ناوچەی گەرمیان لە ژێر ڕۆشنایی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا''، ل. ١٤.

[160] سەردەمی دووەم بە جەمدەت نەصر دەناسرێتەوە لە دوای وەرکا و داهێنانی نوسین، ناوەکەی جەمدەت نەصر (تەل نەصر) وەرگیراوە کە دەکەوێتە ١٥ کم لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کیشەوە، لە ساڵی ١٩٢٥ ز دوای کنەکاری لە لایەن شوێنەوارناس 'لانگدۆن Langdon' تەرزێکی نوێی شارستانی تێدا دۆزرایەوە، بڕوانە: باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ص. ١٧١-١٧٧.

[161] یاسین، *المصدر السابق*، ص. ٢٦.

### ١-٢ -٨ فەرهەنگی نەینەوای پێنجەم

لە سەردەمی کۆتایی ئوروك و سەردەمی فەرهەنگی 'جەمدەت نەصر'دا و لە سەرەتایی سەردەمی 'سەرهەڵدانی بنەماڵەی یەکەم Early Dynastic I'دا کەلتور و شارستانییەتێك لە کوردستاندا بڵاوبوەوە و بە ئاشکرا جیاوازە لەوانەی هاوسەردەمی خۆی و پێشتریش. ئەم فەرهەنگە بە فەرهەنگی 'نەینەوای پێنجەم' ناو دەبرێت. ئەم فەرهەنگە بە گڵێنەکارییەکانیدا دەناسرێتەوە، یەکەمجار لە خەندەقە قوڵەکەی نەینەوادا لە لایەن 'مالۆوان'ەوە دۆزرایەوە.[١٦٢] ئەم تەرزە لە گڵێنەکاری بە گشتی لە ڕووی ڕەنگ و شێوە و نیگارەکانی سەر گڵێنەکانەوە جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی.[١٦٣] ڕەنگەکەیان بەزۆری ڕەنگی تێرن وەك ڕەش و سور و مۆر، نیگارەکانیشیان بەگشتی بریتین لە شێوەی مرۆیی دەستکاری کراو و ئاژەڵی دووبارە بووەوە، بەشێکی زۆریان ملیان زۆر درێژ کراوە.[١٦٤] ئاژەڵەکانیش پێکهاتوون لە مەڕ، بزن و ئاسك تەنانەت لە هەندێ وێنەدا ئەوەندە ملیان درێژکراوە شێوەی زەڕافە دەدەن.[١٦٥] هەروەها شێوازی دەفر و قاپ و پەرداخەکانیشیان گۆڕانی پێوە دیارە.[١٦٦] لە ناوچەکانی گەرمیاندا ئەم فەرهەنگ و کەلتورە زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەون، تەنها لە نزیك خانەقین پاشماوەی شوێنەواری ئەم قۆناغە دەرکەوتووە. لەهەندێ شوێنی دیکە لە پاڵ شارستانییەتی وەرکادا ئەم 'فەرهەنگی نەینەوای پێنجەم'ە بەرچاوکەوتووە.[١٦٧] لە ناوچەکانی بەنداوی حەمرین بەگشتی شێوەکانی بیناسازی لەسەر تەرزی 'نەینەوا ٥' لە ناوچەکانی گوندی 'تەل ڕزوق' و 'تەل مەزهور' و 'تەل گوببە' و 'ئەبو قاسم' دۆزراونەتەوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢).[١٦٨] هەروەها لە ناوچەکانی بەنداوی عوزێمیش لە چەند شوێنێك پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم فەرهەنگە دۆزراوەتەوە. بەتایبەت لە 'تەل شۆکی بچوك' دەکەوێتە نزیك قەزای دوزخورماتووەوە.[١٦٩]

لە ڕاستیدا لەم فەرهەنگەدا لە ناوچەکاندا مردووەکانیان لە دەرەوەی ناوچە ئاوەدانییەکانەوە دەناشت. لە هەمان کاتدا جۆگەلەی ئاودێری لە ناوچەکەدا دۆزراوەتەوە بۆ هەمان کەلتور و فەرهەنگی 'نەینەوا ٥' دەگەڕێتەوە. وەك ئەوەی 'خێت قاسم'، لە نزیك بەنداوی حەمرین.[١٧٠] بەگشتی لە ناوچەکانی گەرمیاندا فەرهەنگی هاوشێوەی فەرهەنگی 'نەینەوا ٥' لە ناوچەکانی بەنداوی حەمرین و بەنداوی عوزێم بەرچاوکەوتوون، ڕەنگە لە داهاتوودا لە کنە و پشکنینکارییەکاندا زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم کەلتور و فەرهەنگەوە زیاتر ئاشکرا ببێت.

---

[١٦٢] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٠٨-١٠٩.

[١٦٣] یاسین، *المصدر السابق*، ص. ٢٧.

[١٦٤] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٠٩.

[١٦٥] یاسین، *المصدر السابق*، ص. ٢٧.

[١٦٦] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٠٩.

[167] Es-Soof, B., ''Uruk pottery from Dokan and Shahrazur Districts and Distribution of Ninevit V Pottery as Revealed by field Survey Work in Iraq'', *Sumer*, Vol. 20, Part 1&2, (1964), p. 42.

[١٦٨] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١١١.

[١٦٩] خلیل، غیث حبیب، *وادی الرافدین في عصر فجر السلالات*، رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة بغداد، ٢٠٠٤، ص. ٢٢.

[١٧٠] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١١٢.

## ١-٣ گەلانی دێرینی نیشتەجێ بووی گەرمیان

### ١-٣ - ١ گوتی یەکان

لە کۆندا گەرمیان وەك ناوەندێکی نیشتەجێبوون بەشێك لە گەلانی دێرینی تێدا ژیاوە. یەکێك لەو گەلانە گوتی یەکان بوون بۆ ماوەیەك گەرمیان وەك مەڵبەندێکی نیشتەجێبوون و ئاوەدانی ئەم گەلە بووە. گوتی یەکان لقێکن لە دانیشتوانی دێرینی کوردستان و خاوەن تایبەتمەندی خۆیان بوون و سەرەتای دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز. ناوی گوتی بۆ ئەو دانیشتوانە بەکار هاتووە لە ژوورو و ڕۆژهەڵاتی سومەردا نیشتەجێ بوون.[١٧١] ئەوەی تاوەکو ئێستا تۆمار کراوە و لە بەردەستدایە بۆ یەکەمجار ناوهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ نوسینێکی 'لوگالانیموندو Lugal-a-ni-mundu' ی پاشای 'ئاداب Adab' کە بۆ سەردەمی گزنگی بنەماڵەکان دەگەڕێتەوە. کە لە ڕوو نوسێکی سەردەمی بابلی کۆن بەدەستمان گەیشتووە و لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێ یەمی پ.ز. ناوی لە پاڵ ناوەکانی 'ایلام، ماراخشی، گوتیوم، سوبیر، ئامورو' دا هاتووە.[١٧٢]

ناوی گوتی یەکان لە تێکستە سومەری و ئەکەدی یەکاندا بە ڕێنوسی جیا جیا هاتووە،[١٧٣] بەڵام لە هەموو جۆرە نوسینەکانیدا کۆتاییەکەی بە UM هاتووە. لە دەقە ئەکەدی یەکاندا بەشێوەی 'Gu-mu-ti-um, Gu-nu-um, Gu-tu- ú-um, Ku-tuum, Ku-tu-ú, Gu-tu-um' هاتووە، بەڵام لە سەردەمی بابلی کۆندا بە 'Gu-ti-ce, Qu/G/Kum-ti-I, Qu-te-ú' هاتووە،[١٧٤] هەروەها لە نوسینەکانی شمشارەدا بە شێوەی 'Qu-ti-I, Qu-tu-um, Qu,tu-u' هاتووە. لە تێکستێکی سەردەمی بابلی کۆنیشدا بە شێوەی 'Gu-tu-u' هاتووە، مەبەستی گوتی یەکانە.[١٧٥] لە سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست و نوێدا ناوی گوتی بە شێوەی 'گوتیوم Gutium' هاتووە. لە هەندێ سەرچاوەی سەردەمی بابلی ناوەڕاستیشدا بە شێوەی 'Gu-tu-a' نوسراوە.[١٧٦] لە بارەی شوێنی گوتی یەکانەوە تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی ورد شوێن و پێگەی ئەم گەلە بە تەواوی نازانرێت، بەڵام ئەوەی دەتوانرێت لەبەر ڕۆشنایی تێکستەکانەوە سەرنج و تێبینیەکان لە بارەیانەوە ڕێکبخرێنەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت قسە لەسەر شوێن و پێگەی جوگرافی گوتی یەکانەوە بکرێت.

---

[١٧١] دیاکونوف، ئی. م، *میدیا*، و. بورهان قانیع، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل. ١٥٢.

[172] Kramer, S. N., *The Sumerians*, Chicago, 1963, p. 281 ; Hallo, W. W.,''Gutium'', *RlA*, Vol. 3, Berlin, (1957-1971), p. 709 ؛ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٤٥ ؛ ڕەشید، جەمال، *کەرکوك لە چەرخە کۆنەکاندا*، و. حەسەن جاف، دهۆك، ٢٠٠٨، ل. ٢٢-٢٣.

[173] Hallo,''Gutium'', *RlA*, Vol.3, p. 709 ؛ جەلال، *مێژووی کۆنی کەرکوك*، ل. ٤٦.

[174] Hallo, *Ibid*, p. 709.

[175] Finkelstein, *Late Old Babylonian Documents and Letters*, London, 1972, p. 84.

[١٧٦] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٤٦.

شوێنی گوتی یەکان بە پێی جوگرافیای سارگۆن دەبێت گوتیوم لە نێوان 'ئابول-ئەدەد Abul-Adad'[١٧٧] بۆ 'خاللابا Ḫallaba' بووبێت، هەروەها پێدەچێت ئابولات و ئابول-ئەدەد یەك ناوچە بوبێت کە لە ناوچەی 'کیماش Kimaš'ە.[١٧٨] هەرچی ناوچەی کیماشە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێت لە ناوچەی گەرمیاندا بێت کە گودیا باس لە دەرهێنان و هێنانی کانزای مس دەکات لەو ناوچەیە.[١٧٩] لەو کاتەدا ئینسی کیماش ناوی 'خو-نو-نی Ḫu-nu-ni' بووە، ڕەنگە لە نێوان بەرزاییەکانی حەمرین بۆ زێی خواروو بوو بێت، بە تایبەت دەوروبەری کەرکوك.[١٨٠] هەرچی 'خاللابا'یە بۆچونی جیاوازی لە سەرە و تاوەکو ئێستا نەزانراوە، بە دوو جۆر ناوی هاتووە، 'Ḫallaba - Ḫalba' هەندێ بۆ چونەکان ئەم ناوچەیە بە حەلەبی سوریا دیاری دەکەن.[١٨١]

گوتی یەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەکانی ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا و نزیك لە ناوچە چیایەکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون، چەند جارێکیش ڕوبەڕوبوونەوەیان لەگەڵ شانشینەکانی 'مادگا Madga'، 'سیمورروم Simurrum' و 'ئوربیلوم Urbilum' ڕویداوە.[١٨٢] بە گوێرەی ڤایدنەر بێت دەبێت گوتیوم لە ناوچەکانی سەروەی 'سیپپار Sippar' بۆ بەرزاییەکانی حەمرین لە دەوروبەری دیالەدا بێت.[١٨٣] لە هەمان کاتدا هینز لە بارەیانەوە باوەڕی وایە گوتیوم دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیالە بۆ ناوچەکانی ئێرانی ئەمڕۆ.[١٨٤] بەڵام ئولبرایت پێی وایە گوتی یەکان لەو دانیشتوانانەن دەکەونە ئەوپەڕی باکوری خۆرهەڵاتی بابل، لە نێوان ناوچەکانی حەمرین و ڕوباری دیجلە ئەو ناوچانەی شاخاوین نیشتەجێ بوون لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی بەغدادی ئەمڕۆ. هەندێك لە سەرچاوەکان بە ماری

---

[١٧٧] ئولبرایت لەوباوەڕەدایە کە دورنیە ئابول-ئەدەد بکەوێتە ناوچەکانی سەروەی بەغداد، بە تایبەت لە ناوچە بەرزایی و گردۆڵکەکانی باکوری بەدرەوە و باشوری ڕۆژهەڵاتی مەندەلی. بڕوانە:
Albright, W. F., "A Geographical Treatise on Sargon of Akkad's Empire", *JAOS*, Vol. 45, (1925), p. 219.

[178] Grayson, A. K., ‘‘The Empire of Sargon of Akkad’’, *AfO*, III, (1974-1977), p. 59 ; Weidner, E., ‘‘Das Reich Sargon von Akkad’’, *AfO*, 16, (1952-1953), p. 12 ; Hallo,‘‘Gutium’’, *RlA*, Vol. 3, p. 719
؛ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٤٧ ؛ عبدالصمد، رافده عبدالله، *كردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الالف الثالث ق.م حتى ٦١٢ ق.م*، اطروحة دكتوراة، جامعة السليمانية، قسم التاريخ، (٢٠٠٨)، ص. ٥١.

لە بارەی کیماش ئەم ناوە نابێت لەگەڵ کیماشی عیلامیدا تێکەڵ بکرێت، کیماش لە ناوچەیەکی سەروەی بەرزاییەکانی حەمریندا بووە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە پێدەچێت کیماش لە دامێنی زاگرۆسدا بێت لە سەر ڕوباری سیروان، لە باکوری حەمرینەوە، هەروەها بۆچونی دیکە هەیە کە لەسەر چەمی ئاوەسپی بوبێت، لە نزیك داقوق لە باشوری کەرکوکی ئەمڕۆ با تایبەت لە گوندی قوشتەپە. بڕوانە

Ahmed, Kozad, *The Beginnings of Ancient Kurdistan (2500-1500) B.C*, A Historical and Cultural Synthesis, Ph.D. dissertation, Leiden University, 2012, p. 69-199.

[179] Edzard, D. O., *Gudea and His Dynasty*, *RIME*, Vol.3, Toronto, 1997, p. 34. E3/1.1.7.

[180] Edzard, D. O., and Röllig, W., ‘‘Kimaš’’, *RlA*, Vol. 5, Berlin, (1976-1980), p. 593.

[181] Hawkins, J. D., ’’Halab ‘‘, *RlA*, Vol. 4, Berlin, (1972-1975), p. 53.

[182] Liverani, M., *The Ancient Near East*, London, 2014, p. 153.

[183] Weidner, ‘‘Das Reich Sargon Von Akkad’’, p. 14.

[184] Heinz, M., The Ur III, Old Babylonian and Kassite Empire, in *A Companion to the Archaeology of the Ancient Near East*, ed. D. T., Potts, Blackwell, 2012, p. 716.

چیاکان ناویان دەبەن.[185] بەگشتی ئاسان نییە ناوچەکانی گوتیوم دیاری بکرێت، بەڵام دراوسێی باکوری ئەکەد بوون و درێژ دەبوونەوە تاوەکو سلێمانی ئەمڕۆ. بە شێوەیەکی فراوان بڵاو ببونەوە لەو ناوچانەی کورد و لوڕی تێدا نیشتەجێن، لە ئەمڕۆدا.[186] لە دەقێکی دیکەدا نیشتیمانی گوتی یەکان وابەستەی ئەو چیایانە کراوە کە بە 'گوبین Gubin'[187] ناوبراوە. ئەمەش لە دەقێکی ئەدەبیدا بە ناوی نەفرەتی ئەکەدەوە هاتووە دەڵێت:

خواوەند ئێنلیل سەیری ئاراستەی چیاکانی گوبینی کرد و
ئەوانی لە زنجیرە چیا بەرفراوانەکانەوە هێنایە خوارەوە
ئەوانەی کەوەك مرۆڤ هەژمار ناکرێن گوتیوم گەلێك سرەوتن نازانن
بەهرەی مرۆڤانە و بەڵام هۆشیاری سەگانە و ڕوکەشی مەیمونانە
ئێنلیل ئەوانی لە چیاکانەوە هێنایە خوارەوە، وەك كوللە بەسەر زەویدا بارین.[188]

بەڵام بە پێی دەقێکی سەردەمی بابلی کۆن گوبین دەکەوێتە نێوان 'مێلوخخا Meluḫḫa' و 'عیلام Elam' لە ڕاستیدا ئەمەش دوورە لە پێگەی جوگرافیای گوتی یەکانەوە.[189] لە تەل خەفاجی دەقێکی سەردەمی 'سامسو-ئیلونا Samsu-iluna' پاشای بابل ١٧٢٣-١٧١٩ پ.ز. دۆزراوەتەوە، باس لە هێرشێك دەکات کە کردویەتییە سەر 'ئێشنوننا Ešnunna' و سەرکەوتوو بووە لە ملکەچ پێکردنی ناوچەی 'ئیداماراز Idamaraz'[190] لە سنوری گوتی یەکان و دەستی بەسەر ناوچەی دیالەدا گرتووە و لەوێشەوە بۆ ناوچەی عیلام کشاوە.[191]

لە هەزارەی دووەمی پ.ز. گوتی یەکان لە ناوچەکانی دیکەشدا بوون و بە شێوەی جیا جیا دەرکەوتوون. هەندێکیان بە شێوەی گروپی تایبەتی پاسەوانی کاریان کردووە، وەك ئەوەی 'یەسمەخ-ئەدەد Iasmaḫ-Adad' لە ماری کە هەموو پاسەوانەکانی گوتی بوون.[192] لە 'سەردەمی 'توکولتی-نینورتا Tukulti-Ninurta'ی یەکەم ئاشوری لە ساڵی ١٢٥٠ پ.ز. باسی گوتی یەکان دەکات لە ناوچەکانی زێی

185 Albright, *Op. Cit.*, p. 219.
186 Gadd, C. J., The Dynasty of Agade and the Gutian Invasion, in: *CAH*, ed. Edwards, E. S., and Gadd, C. J., and Hammond, G. L.) Vol. 1, part. 2, Cambridge, 1971, p. 444.
١٨٧ بۆ وەبیر هێناوەنەوە لە ناوچەی گەرمیان و بەدیاریکراوی لە بەرزاییەکانی باکوری قەزای کەلار گوندێك هەیە بەناوی (گۆبان)ەوە. توێژەر
188 Foster, B. R., *The Age of Agade Inventing of Empire in Ancient Mesopotamia*, London, 2016, p. 354 ; Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, p. 70.
189 Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, p. 70.
١٩٠ئەم ناوە بە چەند جۆرێك هاتووە، وەك ئیداماراز و ئیداماراص، پێگەی جوگرافیایەکەی تاوەکو ئێستا بە وردی دەست نیشان نەکراوە، بەڵام بۆچونەکان لەگەڵ ئەوەدان کەدەکەوێتە ناوچەکانی خواروی دیالە و ئێشنوننا. بڕوانە:
Hawkins, J. D., ''Idamarz'', *RlA*, Vol. 5, Berlin, (1976-1980), p. 29.
191 Beaulieu, Paul-Alain, *A History of Babylon (2200 B.c- 75 A.d)*, Blackwell, 2018, p. 105.
١٩٢ ئایدم، یسپەر و لاسو، یورگین، *ڕوپێویەکی جیوپۆلۆتیکی دەربارەی میرنشینانی گردی بناری و زاگرۆس*، و. ئاسۆس مەلا قادر، هەولێر، ٢٠٠٨، ل. ٤٩.

خواروو و ناوچەی گوتی درێژبووەتەوە تاوەکو چیاکانی 'لالار Lallar'.[193] لە زۆرێك لە دەقە مێخییەکاندا باس لە کۆیلەی گوتی کراوە، بە 'نامرو Namru' ناویان بردوون، وشەی نامرو بە واتای کاڵ یان درەوشاوە یاخود پێست جوان بەکارهاتووە. هەروەها ناوچەی وڵاتی گوتی بەرهەمی ناوخۆی زۆر بووە و بە ناوی خودی گوتی یەکانیشەوە ناسراوە، وەك هەنجیری گوتی و یاقیقی گوتی.[194] لەهەزارەی یەکەمی پ.ز. بەگشتی بەدانیشتوانی ماننای و میدیاییان دەوت گوتی.[195] سەبارەت بە ناوچەی جوگرافی و بڵاوبونەوەی گوتیەکان بە دڵنیایەوە لە هەزارەی دووەم و یەکەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە شێوەیەکی بەفراوانتر بڵاوبونەوە لە ناوچەکەدا.

لە ڕووی نەژادییەوە گوتی یەکان یەکێکن لە گەلانی زاگرۆس نشین لەگەڵ کاششی و عیلامی و لوللوبی یەکاندا لە ناوچەی بەرزاییەکانی زاگرۆس دەژیان.[196] سەرەتای دەرکەوتنیان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری مێسۆپۆتامیا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەوڵەتی ئەکەدی. پێدەچێت وردە وردە دزەیان کردبێتە نێو خاکی ئەکەدەوە، تاوەکو ئەوکاتەی دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە و دەسەڵاتیان وەرگرتووە. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی شوێنەواریمان لەبەردەستدا نییە کە باس لە وێرانکردنی شارەکان و ئەکەد بکات.[197]

گەیشتنە دەسەڵاتی گوتی یەکان لە مێسۆپۆتامیادا بۆ ناوەڕاستی سەدەی ٢٣ پ.ز. دەگەڕێتەوە، 'ئێڕڕیدو-پی/وا-زیر Erridu-Pi/Wa-zir' سەرکەوت وەك یەکەم پاشای گوتی لە وڵاتی ئەکەد. لە دوای ئەویش زنجیرەیەك لە پاشایانی گوتی دەسەڵاتەکەیان وەرگرت.[198] بە پێی لیستی پاشایان، گوتی یەکان ٢١ پاشا بۆ ماوەی ١٢٥ ساڵ (هەندێکیش ١٢٤ ساڵ) دەسەڵاتیان هەبووە.[199] یەکەم پاشای گوتی یەکان لە وڵاتی ئەکەد دەسەڵاتی وەرگرتووە ناوی 'ئێڕڕیدو-پی/وا-زیر' بووە، لە دەسەڵاتیدا لاسایی پاشایانی ئەکەدی کردوەتەوە و نازناوی پاشای هەرچوار لای جیهان لە خۆی ناوە و لە پاڵیشیدا نازناوی پاشای لە خۆی ناوە. لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا بەشێك لە شارەکان سەربەخۆ بوون، وەك 'لەگەش Lagaš' کە 'گودیا Gudia' فەرمانڕەوایی کردووە.[200]

هەرچەندە لەوبارەیەوە گادد پێی وایە "گوتی یەکان بە هیچ جۆرێك پاشایان نەبووە، لەبەرئەوە بە زۆری بە بەربەری ناویان براوە. یەکەم پاشایان ناناسرێتەوە، بەڵام شارستانییەتیان لەوانەوە وەرگرتووە و هەندێکی کەم پاشماوەی شوێنەوارییان بۆ بەجێهێشتووین".[201] ئەمەش تاڕادەیەك لە گەڵ پێشنیارەکەی

---

193 Speiser, E. A., *Mesopotamian Origins*, Philadelphia, 1930, p. 111.
194 Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, p. 73.
١٩٥ رشيد، جمال، *ظهور الكورد في التاريخ*، ج١، اربيل، ٢٠٠٣، ص. ٤٧.
196 Cameron, G., *History of Early Iran*, Chicago, 1936, p. 138 ؛ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٥٠.
197 Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, p. 70.
198 Zadok, R., Linguistic Groups in Iran, in: *The Oxford Handbook of Ancient Iran*, ed. D. T. Potts), Oxford, 2013, P. 415.
199 Jacobsen, T., *The Sumerian King List*, Chicago, 1939, p. 206 ؛ Hallo,''Gutium'', *RlA*, Vol. 3, p. 711.
٢٠٠ ڤان دی میروپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١١٣.
201 Gadd., *Op. Cit*., p. 457.

دیاكۆنوف یەكدەگرێتەوە كە دەڵێت "گوتی یەكان پاشایان نەبووە، بەڵكو سەرۆك هۆزیان هەبووە بە هەڵبژاردن دانراون. ناوبردنییان بە پاشا تەنها واتای ئەو سەركردانە بووە هەڵبژێردراون. ئەوانەشیان لێهاتوو بوبن بۆ جارێكی دیكە هەڵبژێردراونەتەوە".[202] دوایین پاشای گوتی یەكان ناوی 'تیریگان Tirigan' بووە، تەنها بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە دەسەڵاتدا بووە. دواتر لە لایەن 'ئوتوخێگال Utuḫeĝal' فەرمانڕەوای ئوروك توانی دەسەڵاتی گوتی یەكان كۆتایی پێبهێنێت، وەك دەڵێت "دوژمنی خواوەندەكان ئەوانەی پاشایەتی سومەریان بۆ چیاكان برد ڕاونا و لە دژیان جەنگام و بەسەریاندا سەركەوتم".[203]

گوتی یەكان لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیاندا چەند پاشماوەیەكی شوێنەوارییان بۆ بەجێ هێشتوین. ئەوەی تاوەكو ئێستا دۆزراوەتەوە، یەكەمین پاشای گوتی یەكان ناوی ئێرِڕیدو-پی/وا-زیر'ە لە دوای دەست بەسەرداگرتنی شاری 'نیپپور Nippur' پەیكەری بۆ خۆی دروست كردوە و خۆی بە پاشای چوار لای زەوی ناوبردووە، لە پاڵیشیدا خۆی بە پاشای گوتیوم ناودەبات.[204] لە ڕاستیدا ئەم پاشایە تاوەكو ئێستا سێ نوسراوی دۆزراوەتەوە. دوو لەو نوسراوانە لە لایەن گوتسەوە دۆزراونەتەوە هەر لایەكی تابلێتەكە شەش دێڕ نوسینی لەسەرە. هەروەها سەرە دارەدەست (صوڵجان)ێكی پاشا 'لا-ئەراب Lâ-arab' دۆزراوەتەوە لە ناوچەی سیپپار تیرەكەی ١٩.٧ سم و بەرزییەكەی ١٦.٨ سم دەبێت و ناوی خۆی لەسەر هەڵكۆڵراوە. لە هەمان كاتدا پاشای گوتی 'لار-لاگان Lar-lagan' نۆزدەهەمین پاشای گوتیوم بوو، لە نوسراوێكی سومەریدا لەگەڵ 'نامخانی Namḫani' دا ناوی بردراوە.[205]

لە سەردەمی 'سیوم Sium' بیستەمین پاشای گوتیوم بوو، لە نوسراوێكی پاشای 'كیش Kish' دا كە ناوی 'لوگال- ئانا-توما Lugal-Ana-Tuma' بووە ناوی هاتووە. هەروەها مۆرێكی لولەیی درێژییەكەی ٢.٩٣ سم تیرەكەی ١.٧٧سم دەبێت لە بەردی سربنتن' دروست كراوە، بۆ كۆتایی فەرمانڕەوایی گوتی یەكان دەگەڕێتەوە، لەسەری نوسراوە 'ئیلولو خزمەتكاری سیوم' ئەمەش ئاماژەیە بۆ پاشای گوتی یەكان.[206]

لەبارەی زمانی گوتی یەكانەوە هەتاوەكو دەقێك بە زمانی گوتی نەدۆزرێتەوە ئەوا زمانیان هەر بە نەزانراوی دەمێنێتەوە. بەڵام دەتوانرێت هەندی زانیاری كەمیان لە بارەوە بزانرێت، ئەوەش لە ڕێگەی ناوی كەسی و ئەو ناوانەی لە لیستی پاشایانی سومەریدا هاتووە، لەو ڕوانگەیەوە زمانی گوتی سەر بە زمانی گەورەی زاگرۆسییەكان بووە، وەك زمانی عیلامی و لوللوبی و یەكێك بووە لەو زمانانەی حەممورابی بە سەخت وەسفی كردوون.[207]

[202] دیاكونوف، *میدیا*، ل. ١٥٥ ؛ ئەحمەد، *كوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٥٢.

[203] Jacobsen, *Op. Cit.*, p. 139.

[204] دیاكونوف، *میدیا*، ل. ١٥٢ ؛ ڤان دی میروپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١١٣.

[205] Frayne, D., *Sargonic and Gutian Periods, RIME*, Vol. 2, Toronto, 1993, p. 228-229.

[206] *Ibid*, p. 230.

[207] دیاكونوف، *میدیا*، ل. ١٥٧_١٥٨ ؛ ئەحمەد، *كوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٥٣_٥٤.

## ١- ٣- ٢ لوللو(بی) یەکان

لوللوبی یەکان یەکێکی دیکەن لەو گەلە کۆنانەی لە کوردستانی دێرێندا ژیاون، گەرمیانیش وەك بەشێك لە ناوچەکانیان لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، بەشێکی مێژوویان لە گەرمیاندا تۆمارکراوە. ئەمەش لە نەخش و هەڵکۆڵراوەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم گەلە دێرینە لە دەق و سەرچاوەکاندا بە چەند جۆرێك ناویان هاتووە، وەك Lu(l)ubu(m), Lullume, L/Nullu, Lulubun, Lu-lu-bum' هەروەها هەمان زاراوە بەکارهاتووە بۆ ناوی شوێن و ناوی خودی گەلەکە.[٢٠٨] ناتوانرێت شوێن و جوگرافیای لوللوبی یەکان بە ووردی دەستنیشانی بکرێت، بەڵام لە هەزارەی سێیەمی پ.ز. لە بارەی شوێنیانەوە لە جوگرافیاکەی سارگۆندا ناویان براوە.[٢٠٩] وەکو هاتووە لوللوم دەکەوێتە نێوان 'ئورونا Uruna' و 'سینو Sinu' لە پاش 'ئەڕاپخا Arrapḫa'وە.[٢١٠] بەڵام کامیرۆن دەڵێت "زەوی و ناوچەی نیشتەجێبوونی لوللوبی یەکان لە ناوچەکانی باکوری ڕوباری دیالەوەیە"واتا بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە.[٢١١]

بەگشتی نیشتیمانی لوللوبی یەکان دەکەوێتە ناوچەی زنجیرە بەرزاییەکانی زاگرۆس و باکور و باکوری خۆرهەڵاتی عیلامەوە. ناوچەی لوللوبی یەکان لە ناوچەی شارەزوری ئەمڕۆ بەرەو ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی 'خالمان Ḫalman' دریژ بوەتەوە.[٢١٢] هەروەها بوونی نەخشێکی هەڵکۆڵراوی 'ئاننوبانینی Annubanini' پادشای لوللوبی یەکان لە قەد پاڵی شاخێکی سەرپێڵی زەهاو وایکردووە زۆرێك لە توێژەران بێنە سەر ئەو باوەڕەی سنوری باشوری لوللوبی یەکان تاوەکو ئەو شوێنە لەسەر ڕوباری ئەڵوەندە درێژ بووەتەوە.[٢١٣]

پێدەچێت هەردووکیان تاوەکو هاوسنور بوون لە یەکەوە نزیك بووبن، یاخود سنوری گوتی و لوللوبی یەکان تاوەکو ڕادەیەك تێکەڵ بوون.[٢١٤] لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو و دەوروبەری تاوەکو ئێستا کۆنترین هەڵکۆڵراوە بۆ ئانوبانینی پادشای لوللوبی یەکان دەگەڕێتەوە. سەردەمەکەشی تاوەکو ئێستا بە تەواوی یەکلایی نەبۆتەوە کە بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین 'هاوکاتی بنەماڵەی سێیەمی ئور' یاخود بۆ سەرەتای هەزارەی دووەمی پ.ز. هاوکاتی سەردەمی بنەماڵەی 'ئیسن و لارسا' یان سەردەمی بابلی کۆن بووە.[٢١٥]

---

[208] Klengel, H., "Lullu(bum)", *RlA*, Vol.7, Berlin –New York, (1987- 1990), p. 164.

[209] Zadok, Linguistic Groups in Iran, in, p. 412 ; Weidner, *Op. Cit.*, p. 12.

[210] Grayson, *AfO*, P. 61.

[211] Cameron, *Op. Cit.*, p.29

[212] Speiser, *Op. Cit.*, p. 87-88.

[٢١٣] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٥٧.

[214] Zadok, Linguistic Groups in Iran, in, p. 412.

[٢١٥] رضائی، ایرج، ''از خلمان تا الون سرگذشت چهار هزار ساله يك جاينام باستانی (سرپل ذهاب)''، *مجله پژوهشهای ایران شناسی*، شماره ١ (١٣٩٧)، ص. ٣٩.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوچەی شاخاوی بەمۆ بە دیاریکراوی لە دەربەندی 'بێلولە Bēlula'[٢١٦] نەخشێکی لەبەرد هەڵکۆڵدراو لە دەربەندەکەدا هەیە پێدەچێت بۆ یەکێك لە پاشایانی لوللوبی بە ناوی 'تاردونی Tarduni'.[٢١٧] لەبەرئەوە بە گشتی دەبێت ناوچەی جوگرافیای لوللوبی یەکان ناوچەکانی زاگرۆس بێت.[٢١٨] بێت.[٢١٨] بەتایبەتی ناوچەکانی نێوان دیالەی سەروو (گەرمیان) بۆ ناوچەکانی ژوروتر لە دەوروبەری سلێمانی، بەڵام تاوەکو ئێستا ناوەندی دەسەڵاتەکەیان بە شاراوەیی ماوەتەوە، کە دوورنیە لە نزیك سەرپێڵی زەهاوی ئەمڕۆدا بوو بێت.[٢١٩] ئیدی لە ئەنجامی سەرکەوتنی لوللوبی یەکان بێت، یاخود بە هۆی کۆچ و ڕەوی ئاشتییانەوە بووبێت، لوللوبی یەکان لەم ناوچانەدا بونیان هەبووە، زۆرجاریش پاشایان و دەسەڵاتدارانی سەرکەوتوو میلی سەرکەوتنیان لە وڵاتی بێگانەدا چەقاندووە و یادگاری سەرکەوتنەکانیان تێدا نەخشاندووە.[٢٢٠]

سەرپێڵی زەهاو لە دەقە دێرینەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر ناوی هاتووە، لە سەردەمی ئەکەدیدا بە ناوەکانی 'خالمان Ḫalman' ئاماژەی بۆ کراوە،[٢٢١] هەروەها ناوی حەلوان بۆ ناوی ڕوباری ئەڵوەندیش بەکارهاتووە، کە لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاودایە، هەروەها بەردێکی سنور 'کودوررو'ی کاششی یەکان ئاماژە بە ڕوباری مێتوران دەکات لە سەرپێڵی زەهاو.[٢٢٢]

دیاکۆنۆف دەڵێت "دەبێت دەسەڵاتی ئانوبانینی لە ناوچەی دێر و دەوروبەری بوو بێت تاوەکو سەر ڕوباری دیجلە، ناوچەی سەرپێڵی خستوتە سەر سنوری دەسەڵاتەکەی، لەبەرئەوە میلی سەرکەوتنی لەوێدا داناوە و ناوی شاخەکەشی بردووە".[٢٢٣] لەبەرئەوە شاری سەرپێڵی زەهاو دوو لە گرنگترین نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی لێیە ئەوانیش ئەوەی 'ئاننوبانینی' و 'ئیدیـ(ـن)ـسن' لە کۆتایی هەزارەی سێیەم لە ژێر

---

[٢١٦] ڕەنگە ناوی بێلولە لە 'بێ-لو-لو Bé-lu-lu' وە هاتبێت کە بە ئەکەدی واتە گەورەی لوللوی. بڕوانە: عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية*، ص. ٤٤.

[٢١٧] عبدالصمد، *المصدر السابق*، ص. ٤٤. لە نوسینەکانی سەر هەڵکۆڵراوەکە ناوەکەی بە تاردونی دەخوێنرێتەوە، بەڵام نوسینەکە وەك ئەوە وایە لەلایەن کەسێکی نەخوێندەوارەوە هەڵکۆڵرابێت، لە ئێستادا هیچ شتێکی دیکە لە بارەی ئەم پاشایەوە نازانرێت، بۆیە گومان دەکرێت پاشایەکی ناوچەیی بوبێت هەروەها زاموا لە ڕواڵەت و شێوە هەڵکۆلراوەکەوە باوەڕی وایە کە پێدەچێت پاشایەکی خوررییەکان بوبێ بەتایبەت 'ئیدیـ(ـن)ـسن'ی پاشای سیموررروم. بڕوانە: زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٤٩-١٥٠.

[218] McMahon, Augusta, The Akkadian Period: Empire, Environment and Imagination, in: *Companion to the Archaeology of Ancient Near East.* ed. D. T, Potts, Blackwell, 2012, p. 658.

[219] Stepien, Marek, *From the History of State System in Mesopotamia the Kingdom of the Third Dynasty of Ur*, Warsaw, 2009, p. 20.

[220] Ahmed, *The Beginnings*, p. 77 ؛ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٥٧-٥٨.

[٢٢١] قادری، محمد امین و اخرون، ''باتیر، پژوهش پیرامون یك نام کهن در سرپل ذهاب''، *مجله پژوهشی باستان شناسی ایران شناسی*، عدد(٢٣)، (١٣٩٧)، ص. ٤١.

[222] Borger, R., ''Vier Grenzsteinurkunden Merodachbaladans I Von Babylonien. Der Tahran-Kudurru'', *AfO*, Vol. 23, (1970), p. 18.

[٢٢٣] دیاکونوف، *میدیا*، ل. ١٥٠ و ٦٢٢.

دەسەڵاتی گەلانی زاگرۆس وەك لوللوبی و شانشینی سیموررومدا بووە.[٢٢٤] هەڵكۆڵراوەكەی سەرپێڵی زەهاو پاشایەك پیشان دەدات ژمارەیەك دیلی گرتووە و خواوەندی 'ئێشتار Ištar'یش وێنا كراوە، نوسینەكەشی بە زمانێكی ئەكەدی خراپ نوسراوە.[٢٢٥] هێرتسفیلد دەڵێت "ئەم هەڵكۆڵراوە لە ڕووی وێنەی و شێوازەكەیەوە پێدەچێت بۆ سەردەمی ئەكەدی بگەڕێتەوە بە تایبەت بۆ سەردەمی 'نەرام-سین Naram-Sîn'ی ئەكەدی".[٢٢٦] لە دەقێكی ئەدەبیدا بە نەفرەتی نەرام-سین 'داستانی كوثا' دەناسرێت باسی لوللوبی یەكان دەكات، بەسەركردایەتی ئانوبانینی و ژنەكەی 'مێللیلی Mellili' و حەوت كوڕەكەی توانیویەتی ٣٦٠٠٠٠ جەنگاوەر كۆ بكاتەوە.[٢٢٧]

لە دەقە نوسینێكدا هاتووە "ئانوبانینی پادشای بەهێز (پادشای) لوللوبوم، بە هاوكاری خواوەند ئێشتار ئەم كارەی كردووە، لەسەر چیای باتیر".[٢٢٨] لە ناوچەی تەل سیب لە نزیك تەل سولەیمە[٢٢٩] لە دیالە چەند دەقێك دۆزراونەتەوە باس لە باتیر و پەرستگای خواوەند'باتیراتوم Batiratum' دەكات، بە هەمان شێوە ئانوبانینی ئەو چیایەی نەخشەكەی لەسەر هەڵكۆڵیوە بە ناوی باتیر ناوی دەبات.[٢٣٠] لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی باتیر وەك ناوی شاخ و خواوەند و ناوی پەرستگاش بەكارهاتووە، لە ناوچەكانی سەرپێڵ و تەل سولەیمە و تەل سیب بە گشتی لە گەرمیاندا باتیر دەپەرسترا.[٢٣١] هەروەها ناوی باتیر پێش ئەوەی ناوی شاخ بێت ناوی شار بووە، دواتریش وەك ناوی شاخ بەكارهاتووە، وەك دەڵێی ناوچەی ئورارتو چیای ئارارات.[٢٣٢]

لوللوبی یەكان لە كۆمەڵگایەكی هۆزایەتی دا ژیاون و شانشین و میرنشینیان پێكهێناوە، ڕەنگە پادشاكانیان و میرەكانیان سەرۆك خێل و هۆزەكان بوبێتن، لە كاتی شاڵاو و مەترسی دەرەكیدا یەكیان

---

[٢٢٤] رضائی، ایرج، *مصدر قبلی*، ص. ٣٧. هەرچەندە وۆكەر پێشنیار دەكات و باوەڕی وایە كە هەڵكۆڵراوەكەی سەرپێڵی زەهاو هی ئیددیـ(ن)ـسین بێت، كاتێك بە سەر یەكێك لە دوژمنەكانیدا سەردەكەوێت و سەركەوتنەكانی تۆمار دەكات، بەڵام دواتر پێدەچێت ئانوبانی نی ناوی خۆی لەسەر هەڵكۆڵی بێت. بڕوانە: Walker, M. F., *The Tigris Frontier from Sargon to Hammurabi- A Philologic and Historical Synthesis*, (A Dissertation Present to the Faculty of the Graduate School of Yale University, 1985, p. 189.

[225] Klengel, *Op. Cit*., p. 165.

[٢٢٦] هیرتسفلد، ارنست، *تاریخ باستان شناسی ایران بر بنیاد باستان شناسی*، ت. علی اصغر حکمت، تهران، ١٣٥٤، ص. ١٨.

[227] Astour, M. C., ''Ezekiels Prophecy of Gog and the Cuthean Legend of Naram-sin'', *JBI*, Vol. 95, No. 4, (1976), p. 576 ; Westenholz, J. G., *Legends of the Kings of Akkade*, Indiana, 1997, p. 311 ؛ ساكز، هاری، *عظمة بابل*، ت. عامر سلیمان، موصل، ١٩٧٩، ص. ٤٨.

[228] Edzard, D. O., ''Zwei Inschrifien am felsen von Sar-i-pul-i-Zahab- Anubabnini'', 1 und 2, *AfO*, Vol. 24, (1973), p. 73 ; Ahmed, *The Beginnings*, p. 247.

[٢٢٩] لە ساڵی ١٩٧٧ ز لە ناوچەی تەل سولەیمە تێكستێك دۆزراوەتەوە كە ناوی پاتیر هاتووە لە تێكستەكانی تەل سولەیمە كە تەنها دوو جار ناوی هاتووە، گومان دەكرێت كە باتیر ناوی كۆنی تەل سولەیمە بێت. بڕوانە: رشید، فوزی، *اقدم الكتابات المسمارية المكتشفة في حوض سد حمرين*، بغداد، ١٩٨٣، ص، ١٥.

[230] Al-Rawi, F. N. N., ''Texts from Tell Haddad and ElSewher'', *Iraq*, Vol. 56, (1994), p. 39.

[٢٣١] قادری، و امین و دیگران، *مصدر قبلی*، ص. ٤٥.

[٢٣٢] قادری، و امین و دیگران، *مصدر قبلی*، ص. ٤٦.

گرتووە، لە کاتی دیکەشدا ناحەز و ڕکابەری یەکدی بوون، لە نامەکانی شمشارە و لە ساڵنامەی ئاشورناسرپاڵدا باسی چەندین پاشا و میری لوللویی بەرچاو دەکەوێت.[٢٣٣]

کۆمەڵگای لوللوبی یەکان لە ڕووی ئابورییەوە لە دەقەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز. دەردەکەوێت کە لە 'گاسور Gasur' دۆزراونەتەوە. تێیاندا هاتووە لوللوبی یەکان سەرقاڵی پەروەردەکردنی ئاژەڵ و بازرگانی کردن و گرنگیشیان بە ژیانی کشتوکاڵی و شوانکارەیی داوە، بازرگانیشیان بە دانەوێلەوە کردووە.[٢٣٤] تێکستەکان ئاماژە بە مانگا و بزن و مەڕ دەکەن، نێردراون، لەگەڵ ئاژەڵی باری و لیستی دانەوێڵەکان بازرگانیان پێوە کراوە.[٢٣٥] هەروەها ناوچەی لوللوبی یەکان سەرچاوەی کۆیلە بووە، بۆ ناوچەکانی دیکە ئەمەش لە دەقەکانی ئەڕڕاپخادا ئاماژەی بۆ کراوە.[٢٣٦]

لە ڕووی زمانەوە لە چەند وشەیەکی کەم بەولاوە هیچ شتێکی ئەوتۆ لە بارەی زمانیانەوە نەزانراوە 'یانزو Ianzu'[٢٣٧] وشەیەکی لوللوبییە. دیاکۆنۆف پێشنیاری کردووە کە واتای پاشا دەگەیەنێت. ئەوەش بە بەراوردکردن لەگەڵ زمانەکانی دیکە لە دواتردا.[٢٣٨] هەروەها لە زمانی لوللوبی یەکاندا پاشگری ni- لەگەڵ ناوەکاندا بە زۆری دەردەکەوێت بۆ نموونە وەك ناوەکانی 'ئانوبانینی Anubanini' و 'ساتونی Satuni' ئەو پادشا لوللوبی یەی نەرام سینی ئەکەدی بەسەریدا سەرکەوت و 'سابینی Sabini' فەرمانڕەوای شاری 'کیسیرتو Kisirtu' ی زاموا.[٢٣٩] هەروەها 'تاردونی Tarduni' ئەو پادشایەی نەخشێکی لە دەربەندی بێلولەدا هەڵکۆڵیوە.[٢٤٠] هۆکاری کەمی زانیاری لە بارەی زمانیانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاوەکو ئێستا هیچ تێکستێك بە زمانی لوللوبی نەدۆزراوەتەوە، هەروەها لوللوبیەکان نوسینەکانیان بە نوسینی مێخی نوسیوە.[٢٤١]

لە ڕووی ئاینییەوە لوللوبی یەکان کۆمەڵگایەکی فرە خواوەندیان هەبووە. هەروەها ئانوبانینی پاشای لوللوبی لە هەڵکۆڵراوەکەی سەرپێڵی زەهاودا ناوی چەندین خواوەندی هێناوە کە پەرستراون، وەك 'ئێشتار Ištar' 'ئانو Anu'، 'ئانتوم Antum'، 'سین Sîn'، 'ئەدەد Adad'، 'ئێنلیل Enlil' و 'شەمەش Šamaš'. لەگەڵ هەندێ ناوی دیکە شکاون و ناخوێندرێنەوە.[٢٤٢] هەروەها لە دەقێکی سەردەمی 'تێگلات-

---

[٢٣٣] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٥٩.

[٢٣٤] رشید، جمال و رشيد، فوزي، *تاريخ كرد القديم*، اربيل، ١٩٩٠، ص. ٤٦.

[235] Klengel, *Op. Cit*., p. 165.

[236] Speiser, *Op. Cit*., p. 95.

[٢٣٧] بەڵام کامیرۆن پێی وایە کە یانزو وشەیەکە دەقاودەق وشەیەکی کاششی یە و بەواتای پاشا دێت. بڕوانە:
Cameron, *Op. Cit*., p. 92.

[٢٣٨] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٦٣.

[٢٣٩] *هەمان سەرچاوە*، ل. ٦٣.

[240] Ahmed, *The Beginnings*, p. 79.

[٢٤١] كامل، ئاري خليل، حمد، ابراهيم حسين، ''الآقوام اللولوبية في منطقة السليمانية في نهاية الالف الثالث قبل الميلاد'' ، *JHCS*، Vol. 11، No. (2/41)، 2019، ص. ١٥٥.

[٢٤٢] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٦٢.

پیلیسەر‌ی یەکەمی ئاشوری ١١١٥-١٠٧٧ پ.ز. دوای داگیرکردنی وڵاتی لوللومو باس لە بردنی ٢٥ خواوەندی وڵاتی لوللوبی دەکات کە بۆ وڵاتی ئاشوری گواستوەتەوە و ماڵ وموڵکییانی داوە بەخواوەند ئەدەد.[٢٤٣] ئەمەش دیاردەیەکی باو بووە لەلایەن پاشایانی ئاشورەوە کراوە.

## ١-٣- ٣ خورری یەکان

خورری یەکان یەکێکی دیکەن لە گەلە دێرینەکانی کوردستان و گەرمیان وەك بەشێك لە جوگرافیا و قەڵەمڕەوی خورری یەکان بووە. هەروەها ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان، کاریگەرییان بە زۆری لەسەر ناوچەی کەرکوك و دەوروربەری بووە. ناوی خورری یەکان لە تەوراتدا بە شێوەی 'حۆریم' هاتووە.[٢٤٤] ناوی خورری یەکان بۆ یەکەم جار لە نوسراوەکانی مێسۆپۆتامیادا بۆ سەردەمی ئەکەدی ٢٣٧١-٢٢٣٠ پ.ز دەگەڕێتەوە. هەروەها لە سەردەمی بنەماڵەی سێ یەمی ئوردا ناویان لە دەقە ئابوری و کارگێرییەکاندا دێت لە ساڵانی ٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز.[٢٤٥] خورری یەکان ناوی وڵاتەکەیان زیاتر بە شێوەی 'Ḫur-ri' واتا بە پیتی 'خ' هاتووە و ناسراوە، بە شێوەی ئەکەدی 'Ḫur-ruḫe' و لە یەکێك لە تابلێتەکانی نوزیدا بە شێوەی 'خوروم Ḫur-ru/m' هاتووە.[٢٤٦] هەروەها لە زمانی حیثیدا بە شێوەی 'خورلیلی Ḫur-li-li' هاتووە.[٢٤٧] لە هەمان کاتدا ناوی خورری بۆ یەکەم جار لە نامەکانی تەل عەمارنەدا لە میسر لە دوای دۆزینەوەی ئەرشیفی شاهانە هاتووە، بە زمانی خورری لە نامەیەکی پاشا 'توشراتا Tušrata'ی میتانی دا تۆمارکراوە.[٢٤٨]

خورری یەکان لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دانیشتوانی باکوری دۆڵی دوو ڕوبار بوون، زۆربەی ناوەکانی 'نوزی Nuzi' لە هەڵکۆڵراوەکاندا دۆزرانەوە دەرکەوت ناوی خوررین.[٢٤٩] ناوچەی نوزی (گاسور) دەکەوێتە نزیك کەرکوك لە باکوری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە ئەم ناوچە لە هەزارەی دووەمی پێش زاینیدا زمانی خورری بە شێوەیەکی فراوان تێیدا بڵاوبووە، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ زانینی کات و شوێنی بڵاوبونەوەی خورری یەکان لەم ناوچانەدا.[٢٥٠] هەروەها کۆچی بە لێشاوی خورری یەکان بۆ گاسور وایکرد تەنانەت ناوی گاسور بۆ نوزی بگۆڕدرێت.[٢٥١]

---

243 Grayson, A. K., *The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods (RIMA), Vol. 2,* Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC (1114-859 BC*)*, Toronto, 1991, p. 34.

٢٤٤ ڤیلهێلم، گێرنوت، *شارستانییەت و مێژووی خوورییەکان*، و. ئارام جەلال هەمەوەندی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل. ١٣.

٢٤٥ باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ص. ٩٩.

٢٤٦ يحيي، و الاخرون، *من تاريخ الشعوب الشرق الادنى القديم*، بغداد، ٢٠٢٠، ص. ٧٩.

247 Fournet, A. and Bomhard A. R., *The Indo-European Elements in Hurrian*, Charleston, 2010, p. 1.

٢٤٨ اسماعيل، فاروق، *مراسلات العمارنة الدولية*، دمشق، ٢٠١٠، ص. ٢٦.

249 Gelb, I. J., *Hurrian and Subarians*, Chicago, 1944, p. 53.

٢٥٠ ڤیلهێلم، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٦.

251 Lewy. J., ''Notes on Pre-Ḫurrian Texts from Nuzi'', *JAOS*, Vol. 58, N3, (1938), p. 453 ؛
يحيي، و الاخرون، *المصدر السابق*، ص. ٩٠.

بەشێك لە خورریيەكان لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری ديجلە بڵاوبونەوە، بە تايبەت لە ناوچەكانی سەرەوەی ڕوباری عوزێم ناوچەكانی سەرەوەی زێی بچووك، بۆ ناوچەكانی ديكەش پەليان هاويشتووە.[٢٥٢] لە ڕووی زمانەوانييەوە هاوشێوەی و هاوبەشی لە نێوان زمانی خورری و زمانەكانی قەوقازيدا هەيە.[٢٥٣] هەروەها ناوی خورری و وشەی خورری لە نامەكانی تەل سولەيمە (لە ناوچەی حەمرين) دا هاتووە.[٢٥٤] ناوی خورری يەكان لە سەردەمی 'نەرام-سين Narâm-Sîn'ی ئەكەدی ٢٢٩١-٢٢٥٥ پ.ز. هاتووە كاتێك هێرشی كردوەتە سەر ناوچەكانی سوبارتو، تێيدا هاتووە "ساڵێك تێپەری نەرام-سين لە سەر خاكی سوبارتو لە 'ئەزوخينوم Azuḫinum' سەركەوت و كەسێكی بەناوی 'داخيش-ئەتاڵ Daḫiš-Atal' بەديل گرت".[٢٥٥] وا دەردەكەوێت دوو شوێن بە ناوی ئازوخينوم[٢٥٦] هەبووبن. يەكێكيان لە باكور لە ناوچەی خابورە، ئەوی ديكە لە ناوچەی ئەڕڕاپخادا بووبێت، ئەمەی دواييان بە شێوەی 'ئەرزوخينوم Arzuḫinum' يش ناوی هاتووە.[٢٥٧]

لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت سنوری خورری لە باكورەوە تاوەكو ناوچەكانی خاپور درێژ بووبێتەوە، بەڵام نازانين بە تەواوەتی كوێی گرتۆتەوە، بەڵام لە ناوچەی باشور سنوری خورری دەگاتە ناوچەكانی دەوروبەری ڕوباری دیالە.[٢٥٨] هەروەها دەقێكی برۆنزی لە شاری سامەڕڕا دۆزراوەتەوە لە ئێستادا لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاريس پارێزراوە. نوسينەكەی دەدرێتە پاڵ پاشايەكی خورری بە ناوی 'ئەتاڵ-شێن Atal-Šen' وەك پاشای ئورکیش و ناوار دەسەڵاتی گەشتۆتە ناوچەكە و پەرستگايەكی بۆ خواوەند 'نێر(ی)گاڵ Ner(i)gal' بنياد ناوە، ڕەنگە سەردەمی بنيادنانەكی بگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان دەسەڵاتی ئەكەدی و بنەماڵەی سێ يەمی ئور.[٢٥٩] باوەڕ هەيە كە دانيشتوانی ئەم ناوچەيە لە سەردەمی بنەماڵەی سييەمی ئور بە زۆری خورری بووبێتن و چەند شانشينێكی خورريیان بنياد نابێت بەتايبەت لەبەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری ديجلە و لەسەرووی بەغدای ئەمڕۆ.[٢٦٠]

خورری يەكان لە ناوچەكانی سەرەوەی دۆڵی دوو ڕوباردا بە فراوانی بڵاوبوبونەوە، ئەوان توانيبويان لە چەند شوێنێك شانشينی بچوك بۆخۆيان بنياد بنێن،[٢٦١] سەردەمی دەسەڵاتی ئەكەديدا چەند شانشينێكی

---

[252] Folster, *Op. Cit.*, p. 34 ; Stein, L. Diana, "Hurrians", in: *Oxford Ensclopidia of Archaeology in the Near East*, ed. Eric, M. Meyers, Vol. 3, Oxford, 1997, p. 127.
[253] Bachvarova, M. R., "Hurrians" in: *Encyclopedia of the Bible and its Reception*, Vol. 12, Berlin, 2016, p. 605.
[٢٥٤] ئەحمەد، *كوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٧٠.
[٢٥٥] يحيي، و أخرون، *المصدر السابق*، ص. ٨٣ ؛ ئەحمەد، *كوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٦٧.
[٢٥٦] زۆرێك لە توێژەران باوەڕيان وايە كە ئەرزوخينوم دەكەوێتە باشوری ئاڵتون كۆپرييەوە، بەڵام بۆچونی ديكەش هەيە كە باوەڕيان وايە ئەرزوخينوم دەكەوێتە ناوچەی چەمچەماڵی ئەمڕۆ لە دەوروبەری گوندی لەيلان. بڕوانە حنون، *المصدر السابق*، ص. ٣٠٦.
[٢٥٧] ئەحمەد، *كوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٦٧.
[٢٥٨] ڤێلهێلم، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٣٢.
[259] Laessøe, J., *People of Ancient Assyria*, Tr. Leigh Browne, Copenhagen, 1963, p. 51.
[260] *Ibid*, p. 51.
[٢٦١] مجيدزادە، يوسف، *تاريخ و تمدن بين النهرين*، ج١، تهران، ١٣٧٦، ص. ١٧٠.

خورری هەبوون، وەك کارخار و سیمورروم و ئوربیلیوم و شوشەرا و سیمانوم' لەوانە کارخار و سیمورروم لە سەر ڕوباری دیالە و لە ڕۆژهەڵاتەوە، کە هەمیشە دژی دەسەڵاتی ئەکەدی بوون.[262] لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور ناوچەی بەرزاییەکانی سەرەوەی ڕوباری دیالە بەزۆری خورری نشین بوون.[263] لە سەردەمی 'شولگی Šulgi' ئاماژە بە شاڵاو و پەلامارەکانی دەکات بۆ سەر وڵاتی 'کارخار Karḫar' و 'سیمورروم Simurrum' هەردووکیان دەکەونە باکوری ڕۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی حەمرین، (ئەمەش لە جیگای خۆی بە تیرو تەسەلی لەسەر دەدوێین).[264] هەروەها ئەم ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە و دیالە لە سەردەمی بابلی کۆندا، وەك ناوچەکانی دیکە بازاڕێکی بازرگانی کردن بوون بە کۆیلەوە، کۆیلەکان خاوەن بەهرە و بەهێزبوون، زۆربەی دانیشتوانەکەی خورری بوون.[265]

لە سەردەمەکانی دواتردا لە دەوروبەری سەدەی پازدەیەمی پ.ز. خورری یەکان لەگەڵ چینێکی دەسەڵاتداری هیندۆ ئەوروپایی توانییان قەوارەیەکی سیاسی گەورە بنیاد بنێن، خەڵکەکەی خورری بوون و بە زمانی خورری دەدوان، بەڵام چینە دەسەڵاتدارەکەی بە 'میتانی Mittani' ناو دەبران.[266] هەروەها ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری خورری نشین بوون لە ژێر دەسەڵاتی میتانییەکاندا بوون.[267] لە هەمان کاتدا ئەو تێکستە نوسراوانەی لە 'نوزی، شاروێران' و 'کوروخانی ئەرڕاپخا' لە سەدەی ١٤ پ.ز. لە سەردەمی دەسەڵاتی میتانییەکاندا دۆزراونەتەوە، هەندێکیان باس لە سیفەتەکانی وڵاخی بەرز 'ئەسپ' دەکەن.[268] شارەزایی و لێهاتوویی میتانییەکان لە بەخێوکردنی ئەسپ و دروستکردنی گالیسکەی سەربازی دوو چەرخ'دا یارمەتیدەرێکی زۆر باش بوو بۆ بڵاوبوونەوەی خێرای دەسەڵاتیان، بە جۆرێك توانیان لە ماوەیەکی کەمدا سنوری دەسەڵاتیان لە 'نوزی' بۆ کەنارەکانی دەریای ناوەراست درێژ بکەنەوە.[269]

لە ڕووی ئاینیەوە خورری یەکان چەندین خواوەندیان هەبووە، وەك 'تێشوپ Teššup'ی با و باران و خواوەند 'شاوشکا Šauška' هاوتای ئیشتار لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە زۆر جێگەی ڕێز و بەرز نرخاندن بووە، لەگەڵ 'کوماربی Kumarbi' و 'خێپات Ḫepat' هەروەها چەندین خواوەندی دیکە و خواوەندی هاوتاکەی

262 Gadd, C. J., Babylonia 2120 – 1800 B.C, in: *CAH*, ed. Edwards, E. S., and Gadd, C. J., and Hammond, G. L., Vol. 1, part. 2, Cambridge, 1971, p. 624.

٢٦٣ ڤیلهێلم، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٣٣.

٢٦٤ *هەمان سەرچاوە*، ل. ٣٤.

265 Finkelstein, J. J., ''Mesopotamia'', *JNES*, Vol. 21, No. 2, (1962), p. 76.

266 Novak, M., ''Mittani Empire and the Question of Absolute Chronology'', *SCIEM*, (2000), 2nd Euro conference, p. 389. مجیدزادە، *مصدر قبلی*، ص. ١٧٠ ؛ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەراست*، ل. ٧٠ ؛ ڤان دی میروپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٩٠.

267 Edzard, D. O. and Kammenhuber, A.,"Hurriter" *RlA*, Vol.4, (1972-1975), Berlin, p. 510.

٢٦٨ ڤیلهێلم، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٣٤.

٢٦٩ رشید، و رشید، *المصدر السابق*، ص. ٧٢.

خۆی لەوانە ’نێر(ی)گال Ner(i)gal‘ لە کوردستانی کۆندا لە پاڵ ’شاوشکا و تێشوپ‘ لە مەڵبەندەکانی وەك ئەزوخینوم و ئەرڕاپخا و کوروخانی لە باشوری کەرکوك دەپەرستران.[٢٧٠]

لە بارەی جیاوازی نێوان خورری و میتانی تەنها لە ناوە ناسراوەکاندایە، بەڵام دەوڵەتەکە هەریەکە و زۆرجار بە کەسی میتانی وتراوە خورری و بە خورری یەکەش وتراوە میتانی. واتە جیاوازی گشتی لە نێوان خورری و میتانیدا نییە. هەموو میتانی یەکانیش لە ناوچە خورری نشینەکاندا فەرمانڕەوا بوون.[٢٧١] حیثییەکانیش بە وڵاتی میتانییان دەوت سەر زەمینی خوررییەکان، هەروەها زمانی فەرمی دەوڵەتی میتانی زمانی خورری بووە.[٢٧٢]

## ١ـ٢ ـ٤ کاششی یەکان

یەکێکی دیکەن لە گەلە دێرینەکانی کوردستانی دێرین بە گشتی و گەرمیان بە تایبەتی وەك پێگەیەکی جوگرافیای لە سنور و قەڵەمڕەوییەکاندا بووە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە زۆربەی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکاندا لە ناوچەی گەرمیان پاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم گەلە دۆزراونەتەوە.

کاششی یەکان ئەو گەلە دێرینەن کە ناوە ئەکەدییەکەیان بە ’کاشو Kaššu‘یە،[٢٧٣] هەروەها کاششی یەکان خۆیانیان بە کاسی و Galzu ناوبردووە.[٢٧٤] لە سەرچاوە یۆنانییەکانیشدا بە شێوازی ’کۆسایۆی Kossaioi‘ یان بە کۆسۆیۆی هاتووە.[٢٧٥] هەر لەم بارەیەوە سترابۆ دانیشتوانی سەرەوەی ناوچەی میدی لە ناوچەکانی چیاکانی زاگرۆس بە کاششی یەکان ناودەبات و دەڵێت "کاششی یەکان دراوسێی ’ئێللیپی Ellipi‘[٢٧٦] بوون".[٢٧٧] هەروەها نیرخوس هەموو ئەوانە بە کاششی یەکان ناو دەبات دراوسێی نزیکی میدیا بوون. بە زۆری سەرچاوە یۆنانییەکان ناوی ’Kaššioie‘ی بۆ ناوی کاششی یەکان بەکاردەهێنن.[٢٧٨] لە بارەی ناو هێنانی کاششی یەکانەوە کۆنترین ناوهێنای کاششی یەکان بۆ سەدەی ٢٤ پ.ز دەگەڕێتەوە. لە سەردەمی ’پوزور- ئینشوشیناك Puzur-Inšušinak‘ دا ناویان دێت، بەڵام پێدەچێت ئەوان لە ماوەی هەزارەی سێ یەمی پ.ز. هێندە بە هەند وەرنەگیرابن، لەبەرئەوە کەمترین ناوهێنانیان هەیە لەو سەردەمەدا.[٢٧٩]

---

[٢٧٠] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٧٢.

[٢٧١] رشید، و رشید، *المصدر السابق*، ص. ٧٢.

[٢٧٢] ڤان دی میروپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٩٠ _ ٢٣١.

[273] Zadok, Linguistic Groups in Iran, in, p. 410.

[274] Bryce, *The Routledge Handbook of the Peoples and Places of Ancient Western Asia*, New York, 2009, p. 375.

[275] Beaulieu, *Op. Cit.*, p. 123.

[٢٧٦] ئێللیپی ناوچەیەکی نێوان ماد و عیلام بووە سنوری لەگەڵ کارخار هەبووە. ئەم ناوچەیە بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی کاشی بوون، هەندی جاریش فراوانخوازییان کردووە. بڕوانە.
König, ‘‘Ellipi’’, *RlA*, Vol. 2, Berlin, 1938, p. 357.

[٢٧٧] سترابو، *سترابو سرزمینهای زیر فرمان هخامنشیان*، ت. همایون صنعتی زاده، ص. ٥٠.

[٢٧٨] وەرگیراوە لە: احمد، سامي سعید، ‘‘فترە العصر الكاشي‘‘، سومر، عدد ٣٩ (١٩٨٣)، ص. ١٣٥.

[٢٧٩] گیریشمن، رومن، *مێژووی ئێران لە سەرەتاوە تاوەکو هاتنی ئیسلام*، و. سەلاحەدین ئاشتی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل. ٨٤.

لە بارەی ناوی کاششی یەکانەوە وشەی 'کاششی Kassite' بەکارهاتووە، بە شێوازێکی جیاواز بۆ کۆمەڵێك یاخود گەلێك کە سیفەتێکی چیای و هۆزگەراییان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراو و خاوەن زمانی خۆیان بوون. توانییان بۆ ماوەی ٤ سەدە فەرمانڕەوایی بابل بکەن.[٢٨٠] کاششی یەکانیش لەوەدا لە گەلانی دیکەی کوردستانی دێرین جیاواز نین کە ناتوانرێت خاك و نیشتیمانیان بە وردی دیاری بکرێت، مەودا و سنوری سەر زەمینەکەیان بۆ مێسۆپۆتامیایەکان زۆر زانراو نەبووە، بە جۆرێك بە پێی سەردەمەکان و دەقەکان جیاوازییان هەیە، سەرچاوە و دەقە مێخییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاششی یەکان لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی زاگرۆسن و نیشتەجێی ناوچەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کەرکوك و گەرمیان بەرەو ناوچەی بەرزاییەکانی لوڕستان بوون.[٢٨١]

ناوچەی گەرمیان بە درێژایی ڕوباری دیالە لە سەردەمی چاخی برۆنزیدا بەشێك بوون لە سنوری کاششی یەکان. هەروەها میتانی یەکان لە باکوری خۆرئاوا و عیلامی یەکان لە ناوچەکانی باشوری خۆرهەڵات و ناوچەکانی ناوەڕاستی دیالەش بە پێی سەردەم لە ژێر دەسەڵاتی ئەو قەوارە سیاسییانەدا بووە، ئەم جیاوازییەش لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی تەل یەلخی لە ناوچەی حەمرین دا بە ئاشکرا دەردەکەوێت.[٢٨٢] هەروەها کاششی یەکان بە شێوەیەکی فراوان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا هەبوون، بە تایبەت لە نێوان بابل بۆ نوزی (یۆرغان تەپەی ئەمڕۆ) تاوەکو ناوچەکانی خانا و 'تێرقا Terqa' هەروەها توانیویانە بۆ خۆیان چەند قەوارەیەکی بچووك پێکبهێنن بۆ ماوەیەکی کاتی.[٢٨٣] کاششی یەکان لە سەرەتای دەرکەوتنیان لە سەدەی ١٨ پ.ز. تاوەکو ئەو کاتەی کە دەسەڵاتیان لە بابل وەرگرت، لە ناوچەکانی بابل و سیپپار و دیالە و حەمریندا نیشتەجێ ببوون.[٢٨٤] پێش دەرکەوتنی کاششی یەکان ناوچەکانی سەرەوەی دیالە لە ژێر دەسەڵاتی گوتی یەکاندا بووە، بە دەرکەوتنی کاششی یەکان و دەستگرتنیان بەسەر ناوچەکەدا گوتی یەکانیش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی کاششی یەکانەوە و لوللوبی یەکان زیاتر چوونە ناوچەکانی سەرەوە، هەروەها هەندێك لە دەقەکان نوزی بە وڵاتی کاششی یەکان ناودەبات.[٢٨٥]

---

[280] Malko, Helen. O., *Investigation into the Impacts of Foreign Ruling Elites in Traditional State Societies; the Case of the Kassite State in Babylonia*, Unpublished Ph.D. Dissertion Stony Brook University, 2014, p. 8.

[٢٨١] زاموا، ''الكاشيون فی كركوك و گرميان (من القرن ١٨ الى القرن ١ ق.م)''، *مجله جامعه كركوك*، عدد خاص ملحق المجلد ١٥، عدد ٢ (٢٠٢٠)، ص. ١.

[282] Oselini, V., The Cultural Influence of Mesopotamian State in the Upper and Middle Course of the Diyala River During the mid 2nd Millennium B.C. in: *the Proceedings of the 10th International Congress on the Archaeology of Ancient Near East*, ed. Barbara Horj and others, Vol. 2, Wiesbaden, (2018), p. 391.

[283] Sommerfeld, W., The Kassites of Ancient Mesopotamia (Origins, Politics and Culture), in: *Civilization of the Ancient Near East*, ed. Jack M. Sasson, Vol. 2, New York, 1995, p. 918.

[284] Malko, *Op. Cit.*, p. 15.

[285] Sassmannshausen, L., Kassite Nomads: Fact or Faction, in: *Nomades et Sédentaires Dans le Proche-Orient Ancien*, ed. Christophe Nicolle, Paris, 2004, p. 292.

له ساڵانی نێوان ١٥٠٠ – ١٤٠٠ پ.ز بەشێك له كاششی یەكان له نوزی نیشتەجێ بوون له پاڵ دانیشتوانه خورری یەكەیدا. ناوچەی بەرزاییەكانی خۆرهەڵاتی عێراقی ئەمڕۆ و ڕۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆ لەسەر ڕێگای بەغدا بۆ كرماشان به زۆری دانیشتوانەكەی كاششی یەكان بوون.[٢٨٦] لێرەدا دەردەكەوێت ناوچەی گەرمیان بەگشتی بەشێك بووه له ناوچەی كاششی نشین. له ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا له بەشێكی زۆری كنه و پشكنینەكاندا پاشماوەی كاششی له ناوچەكەدا دەركەتووە، وەك ئەو كنەو پشكنینەی كه له نێو بازاڕی كەلار دا كراوه و بەردەوامه.

له ناوچەكانی دیكەی وەك تەپەی كەلان (له ناحیەی كۆكس) پاشماوەی گڵێنه سازی سەردەمی كاششی یەكان دۆزراوەتەوە.[٢٨٧] ئەم تەپەیه نزیكەی ٢٥ مەتر له ناوچەكانی دەوروبەری بەرزتره، پێدەچێت پەرستگا بووبێت، پاشماوه شوێنەوارییەكانی ئەم ناوچەیه به زۆری بۆ هەزارەی دووەمی پ.ز. دەگەڕێتەوە، له ئێستادا هێزەكانی پێشمەرگەی لەسەره.[٢٨٨] هەروەها له كانی ماسی یەكێكی دیكەیه لەو ناوچانەی بۆ سەردەمی چاخی برۆنزی دەگەڕێتەوە، كۆمەڵێك گڵێنه سازی ناوەڕاست و كۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز. تێدا دۆزراوەتەوە، له هەمان كاتدا پاشماوەی سوتان كه بۆ كۆتایی سەردەمی كاششی یەكان دەگەڕێتەوە، تێدا دۆزراونەتەوە.[٢٨٩]

زمانی كاششی وەك زمانەكانی دیكەی كوردستانی دێرین له پاڵ زمانی گوتی و لوللوبی زۆر كەمی لەبارەوه زانراوە. زمانی كاششی، جگه له هەندێ وشەی كەم و ناوی كەسی و جوگرافیای و ناوی خواوەندی لێ دەربچێت هیچ دەقێك نییه به زمانی كاششی و تاوەكو ئێستا دۆزرابێتەوە.[٢٩٠] هەتاوەكو ئێستاش زمانی كاششی یەكان به نەزانراوی ماوەتەوە، له هەمان كاتدا هەتاوەكو ئێستا نەتوانراوه پەیوەندی ئەم زمانه به زمانەكانی دیكەوه ئاشكرا بكرێت. كاششی یەكان زمانی نوسینی ئەكەدییان بەكارهێناوە، بەڵام له كتێبخانەكەی ئاشوربانیپاڵدا هەندێ ناوی كاششی دۆزراوەتەوه بۆ ئەكەدی وەرگێردرابوون، له پاڵ ئەمەشدا هەندێ زاراوه و وشەی هیندۆ ئەوروپییان بەكارهێناوە.[٢٩١] بەڵام دەكرێت زمانێكی پەیوەندار بێت به زمانه زاگرۆسییەكانەوه له زمانەكەشیاندا كۆمەڵێك ناوی خواوەندی هیندۆ ئەوروپی هەن. بەڵام ناوی كەسی كەمترن، هەروەها پێدەچێت زمانی كاششی شێوەزارێكی باكوری عیلام بێت.[٢٩٢] لەگەڵ ئەوەشدا لێكچونی لەگەڵ زمانی حیثی دا هەیە، ئەوەش له ڕۆشنای وشەی 'Ianzi' به مانای پاشا بۆ

---

[286] Brinkman, "Kassiten", *RlA*, Vol.5, (1976-1980), Berlin, p. 465.
[287] Casana, and Glatz, ''Of Highland –Low Land Borderlands'', p. 134.
[288] Casana, and Glatz, ''The Land Behind Baghdad'', p. 11.
[289] Casana, and Glatz, ''Of Highland –Low Land Borderlands'', p. 138.
[٢٩٠] ئەحمەد، كۆزاد محەمەد، له پەراوێزی ژماره ٢، (*ئەمین زەكی بەگ، خولاصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان*)، بەرگی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٢١، ل. ١٦٩.
[291] Beaulieu, *Op. Cit.*, p. 122.
[292] Speiser, *Op. Cit.*, p. 122 ؛ ساكز، هاری، *عظمة بابل*، ص. ٩٠.

پاشایەکی کاششی بەکارهاتووە. بە کوڕی خانبان (خالمان –حەلوان) پاشای نامری ناوبراوە، بە بابلیش دەبێت 'Šarru' لە دەقێکدا لە ناوچەی 'یوزغات Yozgat' دۆزراوەتەوە هەمان وشەی 'Ianzi' تێدایە.[٢٩٣]

زۆربەی دەقەکانی سەردەمی کاششی بە زمانی ئەکەدی نووسراون، بەشێکیشیان بە زمانی سومەری نوسراون، بەتایبەت نوسراوی موڵکایەتی و نەزری و دەقە تایبەتییەکان، دەقە کارگێڕییەکان زیاتر بە زمانی ئەکەدی نوسراون و لە دوای سەردەمی 'کادەشمان-تورگو Kadašman-Turgu' دەقەکان تاڕادەیەك هەموویان بە زمانی ئەکەدی نوسراون.[٢٩٤] لە نێو دەقەکاندا هەندێ دەق دیارە بۆ کاششی یەکانی بابل دەگەڕێتەوە. بەڵام هیچ بەڵگەیەك نیە بە زمانی کاششی بێت، بەشێك لە دەقەکان بە زمانی بابلی نووسراون ناوەکانییان کاششین بۆ ناوی خێڵ و ناوی خواوەند و وشەی کاششی لە ڕەوتی بابلیدا بەکارهاتووە.[٢٩٥]

لە ڕووی ئاینیەوە کاششی یەکان تێکەڵ بوون لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەی بابل و هەندێك لە خواوەندەکانیان پەرستووە.[٢٩٦] کاششی یەکان ڕێزی زۆریان لە خواوەندی سومەری ئێنلیل گرتووە و پەرستویانە.[٢٩٧] هەروەها کاششی یەکان لە پاڵ خواوەندەکانی بابلدا خۆشیان چەندین خواوەندی دیکەیان هەبووە و پەرستویانە، لەوانە 'سوریاش Suriaš' یاخود 'شوریاش Šuriaš' یەکێك لە خواوەندە سەرەکییەکانیان بووە، ئەم خواوەندە بە خواوەندێکی هیندۆ ئەوروپای دادەنرێت.[٢٩٨] هەروەها 'شوقامونا Šuqamuna' و 'خاربێ Ḫarbe' خواوەندێکی گەورەی کاششی یەکان بووە، لەگەڵ 'ماروتاش Marutaš'.[٢٩٩] لە هەمان کاتدا چەندین خواوەندی دیکەی کاششی یەکان هەبوون پەرستوویانە و هەریەکە و تایبەتمەن بوون بە کارو دیاردەیەك.

[293] Clay, A. T., *Personal Names from Cuneiform Inscriptions of the Cassite Period*, Yale Oriental Series, Vol. 1, p. 44.
[294] Brinkman, J. A., *Materials and Studies for Kassite History*, Vol. 1, Chicago, 1976, p. 73-74 ; Balkan, Kemal., *Kassitenstudien: die Sprache der Kassiten*, New Haven, 1954, p. 2-4.
[295] Malko, H. O., The Kassite of Babylonia; A Re-Exmination of Ethnic Identity, in: *Studies in Near Eastern Records*, ed. Gonzalo Rubio, Vol. 24, Berlin, (2020), p. 185.
[٢٩٦] الحسيني، لمياء محمد علي، *بلاد بابل (كاردونياش) في العهد الكشي (سلالة بابل الثالثة)*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، ٢٠٠٤، ص. ١٢.
[297] Sommerfeld, *Op. Cit.*, p.928.
[٢٩٨] ئەحمەد، لە پەراوێزی ژمارە ٢، (*ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان*)، ل. ١٦٧.
[299] Brinkman, J. A., "Kassiten", *RlA*, Vol.5, p. 472 ; Balkan, *Op. Cit.*, p. 99-103.

# ٢. گەرمیان لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز دا

## ٢-١ بارودۆخی سیاسی لە هەزارەی سێیەمی پ.ز.

### ٢-١-١ شانشینی سیمورروم

لەم قۆناغە مێژووییەدا لە ناوچەکانی گەرمیاندا چەند شانشینێکی خورری هەبوون، ئەم شانشینانە ڕۆڵێکی دیارییان هەبووە و بەردەوام لە ئەگەری هێرشی دەسەڵاتە سیاسییەکانی ئەوکاتی ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا بوون، ڕەنگە بە پێتی و دەوڵەمەندی گرنگی خاك و پێگەکەشی هۆکاری ئەم هێرشانە بووبن.

ناوی سیمورروم بە چەند شێوە و ڕێنوسێکی جیاواز هاتووە، لە سەرچاوە هەرە دێرینەکانەوە تاوەکو سەردەمی بابلی کۆن ناوەکە بە 'سیمورروم Simurrum' دەنووسرا، واتا بە دەنگی (س) دەستی پێ دەکرد، بەڵام لەسەردەمەکانی دواتردا بە (ش) دەنوسرا و گۆ دەکرا و بە 'شیمورروم Šimurrum' دەخوێنرایەوە. پێدەچێ لەسەر زمانی خەڵکی سیمورروم بە (ر)ی سوك خوێنرابێتەوە، لە نوسینەکانی خودی 'ئیدیـ(ـن)ـسین'دا هەرچەندە بە زمانی ئەکەدی نوسراون، بەڵام بە یەك (ر) سوك هاتووە.[٣٠٠]

هەرچەندە تاوەکو ئێستا شوێن و پێگەی 'سیمورروم Simurrum' یەکلایی نەبووەتەوە، هەر ئەمەش وایکردوە بیرو بۆچوونی جیا جیا لە بارەی شوێنەکەیەوە هەبێت، بەڵام تاوەکو ئێستا قوڵنگی پشکنین لە مێژوو و شارستانییەت و پێگەی جوگرافیایی ئەم شانشینەی نەداوە، ئەمە هۆکاری زۆری و جیاوازی بۆچونەکانە، بەڵام تاوەکو دۆزینەوەی ئەم شانشینە هەموو ئەم وتانە لە چوارچێوەی بیروبۆچووندا دەمێنێتەوە. یەکەم کەسێك کە باسی لە شوێن و پێگەی سیمورروم دەکات مایسینەر بوو، لە ساڵی ١٩١٩ ز بە بۆچوونی ئەو پێدەچێت سیمورروم لە ناوچەی کەرکوکدا بێت، لە بەرئەوەی لە دیباجە مێژووییەکەی 'شولگی Šulgi'دا هەردوو ناوی سیمورروم و لوللوبوم پێکەوە دێت.[٣٠١] لە دواتردا گۆتزە باس لە شوێنی سیمورروم دەکات. ئەو پێی وایە دەبێت سیمورروم لە دەوروبەری ئاڵتون کۆپری دا بوو بێت لە کەرکوك.[٣٠٢]

فینکڵشتاین لە زاری یاکوبسنەوە لەم بارەیەوە دەڵێت "کە دوور نییە سیمورروم لە ناوچەکانی دەوروبەری دوز خورماتلی دا بێت".[٣٠٣] لە لایەکی دیکەوە ڤایدنەر پێشنیار و بۆچونێکی جیاوازتر و گرنگی هەیە لە بارەی شوێنی سیموررومەوە، ئەو باوەڕی وایە سیمورروم دەکەوێتە ناوچەکانی باکوری خۆرهەڵاتی بابل، لەو بەشەی بەرزاییەکانی حەمرینی تێدایە، هەروەها هەردوو ڕوباری دیالە و عوزێمی

---

[300] Frayne, D., On the Location of Simurrum, in: *Crossing Boundaries and Linking Horizons; Studies in Honour of M. Astour*, ed. G. O. Young, M. W. Chavalas and R. E. Averbeck, Maryland, 1997, p. 244 ؛ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٩٠.

[٣٠١] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٢٩ ؛ Gelb, *Hurrian and Subarians* , p. 58.

[302] Goetze, A ., '' Ḫulibar of Duddul'', *JNES*, Vol. 12, No. 2, (1953), p. 119

[303] Finkelstein, J. J., ''Subartu and Subarians in Old Babylonian Sources'', *JCS*, Vol. 9, No. 1, (1955), p. 3.

پێدا تێپەڕ دەبێت، لە ناوچەکانی باکورترەوە چیاکانی زاگرۆس و لوللوبی یەکان هەبوون، پێکەوەش لە دوو تۆماری ساڵنامەی شوڵگیدا ناویان هاتووە.[٣٠٤]

هالو لەبارەی پێگەی جوگرافی سیموررومەوە باوەڕی وایە سیموررروم دەروازەیەك بووە بۆ چوونە نێو خاکی خورری یەکانەوە، خەڵکەکەیان خورری بووە و لەوپەڕی باشور بووە، لە ناوچەکانی خوارترەوە خاکی ئوری سێیەم بووە.[٣٠٥] هەروەها فرەین زۆر بە بایەخەوە لەسەر ئەم بابەتە دواوە، ئەو پێی وایە سیموررروم پێدەچێت لە سەر ڕوباری دیالە بێت، لە یەکێك لەو خاڵانەوە بێت کفری دەبەستێتەوە بە ڕوباری دیالەوە، لە هەمان کاتدا دەبێت زۆر لە کارخارەوە دوور نەبووبێت، تەنها خاڵێکیش جێگەی سەرنج تێڕامانە ئەو ناوچەیەیە چەمی پونگەڵە دەڕژێتە ڕوباری سیروانەوە، هەروەها بەرزاییەکانی بە بەرزاییەکانی زەنگ یاخود کۆشکی زەنگ ناسراوە و لە ئەمڕۆشدا بە بەرزایەکانی شاکەل دەناسرێت، پێدەچێت زابان بوبێت گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پێگە گرنگە، پێدەچێت ناوی ڕوباری سیروان و قەڵای شێروانە، درێژە پێدەری ناوی سیموررروم بێت، سیموررروم ـــ سیورر+ان ـــ سیروان.[٣٠٦]

بەڵام لە سەردەمی دواتردا، پاش نزیکەی ١١ ساڵ لە ساڵی ٢٠٠٨ فرەین لە توێژینەوەیەکی دیکەدا، لە بارەی شوێنی سیموررومەوە دەڵێت "ناوچەی شەمێران لە ڕووی شێوەی ناوەوە لە سیموررومەوە نزیکە کە بە ٢٠ کم لە ڕۆژئاوای هەڵەبجەوەیە، هەروەها لە سەر ڕوباری سیروانە، بە دوری ٧ کم لە شەمێرانەوە ناوچەیەکی نیشتەجێبوون هەیە بە ناوی عازەبان، پێدەچێت زابانی دێرین بێت، لە هەمان کاتدا ناوچەکە لە سەر بەرزاییەکە و پێگەیەکی ستراتیجی گرنگی هەیە".[٣٠٧]

دانانی سیموررروم لەسەر ڕوباری دیالە لەڕوانگە یاخود بەپێی هەندێ لەدەق و بەڵگەکاندایە. داگیرکاری ’نەرام-سین‘ی ئەکەدی باس لە شکستپێهێنانی هەردوو ناوچەی ’ئارامێ Arame‘ و سیموررروم دەکات پێکەوە.[٣٠٨] ئارامی دەبێت لە ناوچەی تەل حەرمەل دا بێت، لەسەر ڕوباری دیالە لە باشوری ئەو ناوچەیەی ڕوباری دیالە بەرزاییەکانی حەمرین تێدەپەڕێنێت، ئەم پێشنیارە بۆ شوێنی ئارامێ پەیوەندی دارە بە یەکێك لە دەقەکان کە تیایدا هێزەکانی ئارامێ و ’ئێشنوننا Ešnunna‘ بەیەکەوە ناویان دێت، هەروەها دەردەکەوێت لە لەشکرکێشییەکەی ’نەرام-سین‘دا هێزەکانی لە ئارامێ بۆ سیموررروم بە ڕوباری دیالەدا چوبنە سەرەوە. لە هەمان کاتدا ’صیلوش-داگان Ṣilluš-Dagân‘ فەرماندەی هێزەکانی

---

[304] Weidner, E., ‘‘Simurrum und Zaban’’, *AfO*, 15 (1945-1951), p. 80.
[305] Hallo, W. W., ‘‘Simurrum and the Hurrian Frontier’’, *Revue Hittite et Asianique (RHA)*, 36, (1978), P. 72-76.
[306] Frayne, On the Location of Simurrum, p. 266.
[307] Frayne, D., The Zagros Campaigns of the Ur III Kings, *The Canadian Society for Mesopotamian Studies (CSMS)*, (2008), p. 46.
[٣٠٨] نامەیەکی سەردەمی بابلی کۆن، سیموررروم پەیوەندیدار دەکاتە بە ئێشنونناوە، ناوهێنانی سیموررروم لەگەڵ ئارامێ گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا بۆ شوێنی ئارامێ بەڵگەکانی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور وابەستەی ئێشنوننای دەکەن. بڕوانە: Finkelstein., Subartu and Subarian, p. 2.

سیموررروم و 'ئیشیم-شولگی Šulgi-Išim'[٣٠٩] بووه، ئەمەش جارێکی دیکە سیموررروم و پەیوەندی بە ڕووباری دیالەوە دەکاتەوە جێی پرسیار لە بارەی شوێنی سیموررروممەوە.[٣١٠]

لە سەردەمی بابلی کۆندا دەق دۆزراونەتەوە باس لە کۆیلەی ئارامێ دەکات و دەڵێت ''ئافرەتێکی کۆیلە ناوی 'تاگاشا Tagaša' بووە (لە) شاری ئارامێ (لە) وڵاتی سوبارتو''.[٣١١] کۆیلە لە سەردەمی بابلی کۆندا خواستێکی زۆری لە سەر بووە، لەبەرئەوە پێدەچێت ئارامێ لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی بابلدا بوبێ، لە نزیك سیموررروم یاخود سەر ڕێگای سیموررروم.[٣١٢] ئارامێ لە لیستە جوگرافییەکەی 'تەل حەرمەل، شادوپوم Šaduppum'ی دێریندا ناوی هاتووە، لەسەر ڕووباری سیروان بووە، لە باشوری ئەو ناوچەیەی ڕووبارەکە حەمرین دەبڕێت.[٣١٣] لە دەقێکی ئەرشیفی ئوری سێیەمدا مێژووەکەی بۆ ساڵی ٤٨ فەرمانڕەوایەتییەکەی شولگی دەگەڕێتەوە، ناوی لەشکری ئارامێ و ئێشنوننا بەیەکەوە هاتووە.[٣١٤]

بەڵگەی دیکە هەیە لە سەردەمی 'شو-سین' 'شەڕڕوم- بانی Šarrum-Bâni' کۆمیسەری باڵا لە نامەیەکدا لە کاتی دروستکردنی شورای پاراستن دەڵێت "تۆ فەرمانت پێکردم شورا دروست بکەم، ڕێگا لە ئاموری یەکان بگرم، لە نێوان دیجلە و فوراتدا بۆ ئەوەی دەست درێژی نەکەنە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان، کاتێك پەیامم نارد ئاگاداریان کردمەوە ئاموررری یەکان لە ناوچە بەرزاییەکاندا ئۆردوگایان لێ داوە (خوررری یەکان) لە سیموررروم یارمەتییان داون، بۆ ڕووبەڕووبونەویان چومە نێو بەرزاییەکانی (ئێبخ، حەمرین)ی دێرینەوە".[٣١٥]

لە سەردەمی 'ئیببی-سین Ibbi-Sîn'دا ٢٠٢٨-٢٠٠٤ پ.ز. پاشای بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ناوی سیموررروم لە پاڵ ناوی ئێشنونادا هاتووە، بە پێ دەقەکە دەڵێت "ئێشنوننا و سیموررروم بەڵێنەکەی خۆیانیان شکاند و 'ئیببی-سین' ئاگاداری کردمەوە ساڵی داهاتوو سوپایەك بۆ هێرشکردنە سەریان بنێردرێت".[٣١٦] لە هەندێ لە دەقەکانی سەردەمی دواتردا ناوی سیموررروم بەرامبەر 'زاب(ب)ان Zab(b)an' هاتووە، بەتایبەت فەرهەنگە زمانەوانییەکان (lexical texts=) و لە لیستی ناوە جوگرافی یەکان بە شێوەی (Si-mur-ra = Zab-ban).[٣١٧] لە سەردەمی ئاشوری نوێ ئیدی ناوی سیموررروم

---

[٣٠٩] ئیشیم شولگی ناوچەیەکە دەکەوێتە سەر ڕووباری دیالە، دورنیە ناوەکەی پەیوەندیدار بێت بە ناوی شولگی پاشای بنەماڵەی سێیەمی ئورەوە. بڕوانە:

Edzard, D. O., Išim-Šulgi, *RlA*, Vol. 5, Berlin, (1976-1980), p. 179.

[310] Frayne, On the location of Simurrum , p. 263.

[311] Walker, *Op. Cit.*, p. 21.

[312] *Ibid*, p. 21-22.

[٣١٣] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل ٢٣٢.

[٣١٤] هەمان سەرچاوە.

[315] Hamblin, William, *Warfare in the Ancient Near East to 1600 B.C*, Rutledge, 2006, p. 116 ; Frayne, D., Simurrum, *RlA*, Vol. 12, Berlin, 2009-2011, p. 510 ; Michalowski, piotr., *The Correspondence of the King of Ur*, Indiana, 2011, p. 399.

[316] Hamblin, *Op. Cit.*, p. 118.

[٣١٧] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٢٩.

دەرناکەوێت، ناوی ’زاب(ب)ان جێگەی گرتوەتەوە، بە پێی لیستە جوگرافییەکانی سەردەمی ئاشوری نوێ، ’زابان Zaban‘ ’زاببان Zabban زانبان Zanban‘ چوەتە جێگەی سیموررروم.[٣١٨]

ناوی زابان زۆر دووبارە دەبێتەوە و لە سەردەمی بابلی کۆندا ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیجی بووە. بەڵگە نامە دۆزراوەکانی سەردەمی ’ئەپیل سین‘ دەریدەخات لە پێش حەممورابیدا بازرگانەکانی خواروو ناوچەی زابانیان وەك ناوەندێکی بازرگانی و وێستگەیەك لەسەر ڕێگاکانی باکور زانیوە، هەروەها پێدەچێت ناوەندێکی بازرگانی گرنگ بوبێت لە نێوان ئەڕراپخا و سیموررروم و بابل، لە هەمان کاتدا ئێشنوننایش یەکێك بووە لەو وڵاتانەی زۆر گرنگی پێداوە.[٣١٩] لە سەردەمی بابلی نوێدا دەقێك دۆزراوەتەوە پێدەچێت دەقێکی ئابوری بووبێت دەڵێت "میتوران[٣٢٠] لە نێوان زابان و دێر دا".[٣٢١] هەروەها ڕێگای بازرگانییە لە نەینەوا بۆ ئاشور و زابان و میتوران و دێر و پاشان بۆ بابل بووە.[٣٢٢]

لە سەردەمی کاشێی یەکاندا ناوی شاری زابان لە پاڵ ناوی شارەکانی ’پادان Padan‘ و ’لوبدو Lubdu‘[٣٢٣] هاتووە، بەڵام بەداخەوە دەقەکە شکاوی زۆری تێدایە و ناخوێنرێتەوە.[٣٢٤] هەروەها ئاشور دانی یەکەم ١١٧٩-١١٣٤ پ.ز. کاتێك بەرەو وڵاتی بابل بەڕێ کەوتووە شاری زابان و شاری ئیرڕیا و ئوگار-سەللوی،[٣٢٥] داگیرکردووە و تاڵانی کردوون.[٣٢٦] ناوی زابان لە نوسراوەکانی سەردەمی ئاشوری نوێدا دەردەکەوێت، لە سەردەمی ئاشور ناسرپاڵی دووەم ٨٨٣-٨٥٩ پ.ز. باسی دەرخستنی ئەو مەودا

---

318 Weidner, Simurrum und Zaban, p. 76.

319 Postgate, J. N., The Historical Geography of the Hamrin Basin, *Sumer*, Vol. XI, N 1-2, (1981), p. 153.

٣٢٠ یەکێکە لە شارە گرنگەکانی ناوچەی حەمرین لە سەر ڕوباری دیالە، پێدەچێت ناوی ئەم شارە لە ناوی ڕوباری تورناتەوە هاتبێت، یەکەم جار کە ناوی هاتبێ دەگەڕێتەوە بۆ تێکستێکی سەردەمی بابلی کۆن کە لە ناوچەی تەل ئەلسیب دا دۆزراوەتەوە. بە شێوەی ’میتورنو Mēturnu‘ هاتووە، دەکەوێتە ناوچەی تەل ئەلسیب و تەل حەداد. بڕوانە: حنون، *المصدر السابق*، ص. ٣٣٢.

321 Mustafa, Abdul Kader. A., *The Old Babylonian Tablets from Me-Turan (Tell Al-Sib and Tell Haddad)*, Ph.D, Dissertation , Glasgow University, 1983, p. 54.

322 *Ibid.*, p. 54.

٣٢٣ ئەم شارە ناوکەی بە لوبدا Lubda و لوبدی Lubdi‘ی هاتووە، دەکەوێتە باشوری کەرکوك پێدەچێت لە داقوقدا بێت، لە سەر یەکێك لە لقەکانی ڕوباری عوزێمە لە ساڵنامەی ئاشورییەکاندا ناوی هاتووە، ئەم شارە لەسەر سنوری نێوان ئاشور و ’کاشێی و میتانی‘ بووە، لە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە و لە باشوری ڕوباری زێی خواروو، بەشێکی زۆری خوررییەکان لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ ببون. بڕوانە: Finkelstein, Subartu and Subarian, p. 2.

324 Weidner, Simurrum und Zaban, p. 77.

٣٢٥ ئوگار-سەللو بە واتای دەشتی سەللو دێت، شار یان ناوچەیەکە دەکەوێتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلەوە. پێدەچێت لە نێوان زێی خوار بۆ ڕوباری عوزێم بێت لەو ناوچەیەی کە دەگەن بە بەرزاییەکانی حەمرین، لە مێژووی هاوچەرخیدا لە پاڵ ناوی ئارمان ناویی هاتووە، هەروەها لە هەندێ لە تێکستەکاندا لەگەڵ لاخیرو ناوی دێت، وەك لە سەردەمی ’ئەدەد-نیرار‘ی دووەم دەڵێت "لە لاخیرو بۆ ئوگار-سەللو" لاخیرو لەسەر ڕوباری دیالە بووە، پێدەچێت لە یەکەوە نزیك بووبن. بڕوانە: Grayson, A. K., Assyrian and Babylonian Chronicles, in: Texts From Cuneiform, ed. Leo Oppenheim, New York, 1970, p. 264-265.

٣٢٦ ئەحمەد، ’’بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا‘‘، ل. ١٠ ؛ Weidner, ‘‘Simurrum und Zaban’’, p. 76.

جوگرافی یە دەکات دەستی بەسەرداگرتوون کە دەڵێت "لە کەناری ئەوبەری زێ ’زێی خواروو‘ تاوەکو شاری ’تەل باری Tal-Bari‘[٣٢٧] لە ناوچەکانی سەرەوەی زاببناندا بوو‘‘.[٣٢٨]

لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی شەلمانیسەری سێیەم ٨٥٨-٨٢٧ پ.ز. دەڵێت "بەرەو وڵاتی بابل ڕۆیشتم لە شاری زابان ’کە یەکەم وێستگەی دەرچونی بووە لە وڵاتی ئاشور‘ لەوێ قوربانیم پێشکەش بە خواوەند ئەدەد کرد، پاشان بەرەو میتورنات (پێدەچێت لە نزیك ئەو ناوچەیە بێت ڕوباری نارین تێکەڵ بە دیالە دەبێت) ڕۆیشتم".[٣٢٩] لە دواتردا لە سەردەمی شەمشی-ئەدەدی پێنجەمدا تاڕادەیەك هەمان ڕێگای گرتوەتە بەر و چوەتە ’زاددی‘[٣٣٠] و زابان و پاشان گەیشتوەتە بەرزاییەکانی حەمرین و شاری میتورناتی گەمارۆ داوە.[٣٣١] لە ئەگەری پەیوەستکردنی ناوی سیموررروم و زابان بەیەکەوە، ڤایدنەر لەوباوەڕەدایە زاببان لە سەر ڕوباری دیالە و لە ناوچەکانی دەوروبەری حەمرین بۆی بگەڕێین. بە پێی بەڵگەی سەردەمی ئاشوری نوێ پێدەچێت زابان لەسەر ڕوباری نارین بێت لەو خاڵەی ڕوبارەکە دەڕژێتە ڕوباری دیالەوە.

بە ڕای ناشف دەبێت زابان لە شوێنێکی زۆرگەکانی نێوان کفری و قەرەتەپەدا بێت،[٣٣٢] ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی نوسینێکی ’شەمشی-ئەدەد Šamši-Adad‘ی پێنجەم ٨١١-٨٢٣ پ.ز. ئەو باوەڕی وایە زابان لەسەر زێی خواروو نەبووە، ئەمەش سیموررروم لەو بۆچوونە دوور دەخاتەوە کە پێی وایە سیموررروم دەکەوێتە ناوچەی پردێ. دەقێکی سەردەمی ئاشوری ناوەڕاست هەیە لە شاری دێرینی ’کار-توکوڵتی-نینورتا، تلول العقر‘ دۆزراوەتەوە، دەقەکە دەڵێت "ووڵاتی (چیای ؟) ’زاببان/زامبان‘ لەسەر ڕۆخی ڕوباری ’سیروان، تورانی دێرین‘.[٣٣٣] فرەین لەم دواییانەدا باوەڕی وایە ئەگەر سیموررروم و زابان یەك بن دەبێ لەسەر ڕوباری سیروان بن، باشترین جێگەش گردی شێروانەیە لە کەلار.[٣٣٤]

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەکەدی یەکاندا ئاماژەیەکی ڕوون نییە بۆ ئەوەی شوێنی سیموررروم دیاری بکات، تەنها ناوهێنانە، هەریەکە لە سەرجۆنی ئەکەدی و ’نەرام-سین Narâm-Sîn‘ توانیویانە خاکی سیموررروم داگیربکەن، بەڵام لە سەردەمی گوتی یەکاندا ئێرریدو-پی/وا-زیر دەڵێت "کانیشبا Kanišba پاشای سیموررروم هانی خەڵکی سیموررروم و لوللوبوم (چیا نشینەکان)دا ڕاپەڕن، ’ئەمنیلی Amnili‘

---

[٣٢٧] تەل باری ئیدزارد باوەڕی وایە کە پێدەچێت لە سەر کەنارەکانی زێی بچوك بێت لە ناوچەی کۆیە، کە ناوچە زاببان دەکەوتە ناوچەکانی سەرەوەی. بڕوانە: Fales, F. M.,‘‘ Til (Bit)bari’’ *RlA*, Vol. 14, Berlin, 2014-2016, p. 42.

[328] Grayson, *(RIMA)*, Vol. 1, p. 212. ؛ Weidner, ‘‘Simurrum und Zaban’’, p. 76.

[329] *Ibid*, p. 76.

[٣٣٠] لە تێکستەکانی سەردەمی بابلی کۆندا بۆ یەکەمجاری ناوی هاتووە، بۆچونەکان لە بارەی شوێنی ئم شارەوە جیاوازن، هەندیك لە لێکۆڵەرەوان ناوچەی قەرەتەپە و هەندێکی دیکەش لە ناوچەی دوز خورماتووی دادەنێن. بڕوانە: حنون، *المصدر السابق*، ص. ٣٢٧.

[331] Weidner, *Op. cit*, p. 76.

[٣٣٢] هەروەها عەبدالقادر هەمان باوەڕی هەیە پێی وایە کە دەبێت زابان لە نێوان کفری بۆ قەرەتەپە بێت لە گردۆلکەکانی دیالەدا و پێیوایە کە زابان و سیموررروم یەکن. بڕوانە: Mustafa., *Op. Cit.*, p. 45.

[٣٣٣] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٣١.

[334] Frayne, Simurrum, *RlA*, Vol. 12, p. 511.

(جنراڵی دوژمنی لوللوی) شۆڕشی کرد".[٣٣٥] ئەوەی گرنگە لێرەدا تەماشای ناوی 'ئەمنیلی' بکەین، ناوێکی لوللوبی یە و لە ڕووی ناوەوە نزیکە لە ناوی میلیلی ژنی ئانوبانینی خاوەن نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی سەرپێلی زەهاوە، سەرنجی شوێنی سیموررروم بدەین، سەرەتا دەبێت سیموررروم و لوللوبوم هاوسنوربن، ئەوانەش بەشێك بوبن لەو لوللوبی یانەی لە گەرمیاندا نیشتەجێ بوون، لەبەر ئەوە پێدەچێت سیموررروم لە پێش وڵاتی لوللوبی یەوە بووبێت. هەروەها لە هێرشەکانی شولگیدا بە تایبەت لە ساڵی ٤٤ و ٤٥ دەسەڵاتەکەیدا دەڵێت ''ئەو ساڵەی سیموررروم و لوللوبوم وێرانکرد''. ئەمەش جارێکی دیکە پێدەچێت بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی تاوەکو سیموررروم داگیرنەکرابێت نەتوانراوە هێرش بۆ سەر لوللوبوم بکرێت. لە ڕوانگەی ئەو بۆچون و دەقانە دەڵێن پێدەچێت سیموررروم لە ناوچەکانی دیالە و لەسەر ڕوباری سیروان لە (گەرمیان)دا بێت، بۆ شوێنی جوگرافیای سیموررروم دەبێت سەرنج لەسەر چەند خاڵێك بدەین:

یەکەم: دوورنییە سیموررروم لەسەر ڕوبار بێت و ناوچەکانی دەوڵەمەند بێت بەباخ و بێستان، ئەوەش هەمیشە یارمەتیدەر بووە لەزوو هەستانەوە و گەشەسەندنی وەك ناوەندێکی گرنگی ئابوریی.

دووەم: پێدەچێت سیموررروم لەسەر یەکێك لەو ڕێگایانە بووبێت کەدەچێتەوە سەر ڕوباری 'دیالە، سیروان'، خاوەنی پێگەیەکی ستراتیجی بووە، لەنێوان ناوچەکانی حەمرین و ناوچە شاخاوییەکان.

سێ یەم: پێدەچێت سیموررروم زۆر دور نەبوبێت لە ناوچەی بەرزاییەکانی حەمرین، هەمیشە بەربەستێك بووە لەبەردەم هێرشە سەربازییەکانی دەسەڵاتە سیاسییەکانی مێسوپۆتامیا، لەبەرئەوە هەتاوەکو سیموررروم وێران نەکرابێت نەیانتوانیوە دەستیان بگات بە ناوچەکانی سەرەوەی بە تایبەت لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە و ڕوباری دیالە بە خۆی و سەرچاوەکانیەوە، لەبەر هەمان پێگە بووە هەندێ لە نوسەران بە دەروازەی خورری نشینی ناوچەکانی مێسوپۆتامیا دانراوە.[٣٣٦]

سیموررروم ئەگەر شانشین بێت، شار بێت یاخود وڵات، بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر شانۆی سیاسی ناوچەی گەرمیان ڕۆڵی گرنگی خۆی گێراوە، لەبەرئەوە هەمیشە جێگەی هێرش بۆ بردن بووە، لە لایەن دەسەڵاتە سیاسییەکانی هاوچەرخی، لە سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سومەریەکانەوە بەتایبەت بنەماڵەی دووەم ٢٨٠٠-٢٧٠٠ پ.ز. هێرشی کراوەتە سەر، بەڵام لەپاش هەرکەوتنێك جارێکی دیکە هەستاوەتەوە. لە مێژووی دێرینی گەرمیاندا شانشینی سیموررروم وەك دەسەڵات و قەوارەیەکی سیاسی دیار وەك

---

[335] Hamblin, *Op. Cit.*, p. 118.

[٣٣٦] لە ناوچەرگەی گەرمیاندا و لە سەر ڕوباری سیروان لە نێوان قەزای کەلار و ناحیەی جەلەولادا گوندێك هەیە بە ناوی سیامەرو ئەم گوندە و دەوروبەری پاشماوەی شوێنەواری زۆری تێدایە، دەکەوێتە نێوان بەرزاییەکانی شاکەل و بەرزاییەکانی گومار، ناوچەیەکی دەوڵەمەند و بەپێتە پێگەیەکی ستراتیژی هەیە، پارێزراوە، لە بەری ڕۆژئاوای ڕوباری سیروانەوەیە، لە ڕوی زمانەوانییەوە ناوەکەی پێدەچێت گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و لە سیمورو ـــ سیامەرو وەك لە سەردەمی سەرهەڵدانی بنەماڵەکان بە شێوەی (Si-mu-ru) و لە دەقێکی سەردەمی ئەکەدی بە شێوەی Si-m(u)-ur و لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا بە شێوەی Si-mu-ru هاتوە. بەڵام تاوەکو ئێستا کنە و پشکنینی تێدا نەکراوە، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەگەردا دەمێنێتەوە تاوەکو ئەوکاتەی کە قوڵنگی کنە و پشکنین لە شارستانییەت و شانشینی سیموررروم دەدات.

ئاماژەی بۆ کراوە، هۆکاری ئەم ئاماژە بۆ کردنەش دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارکردنی لەشکرکێشی و هێرشە بەرفراوانەکانیان و ڕووداوە هاوچەرخەکانی، تۆمارە سۆمەرییەکانیش باسیان لە لەشکرکێشی بۆ سەر ئەم شانشینە کردووە.[٣٣٧]

ئەوەی تاوەکو ئێستا لەبەر دەستدایە کۆنترین ئاماژەیە بۆ کردارێکی سەربازییە لە دژی ئەم شانشینە ئەنجام دراوە، لەلایەن پاشایەکی سەردەمی دووەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سۆمەرییەکان بۆ دەوروبەری ٢٧٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە پادشاکە ناوی 'نانئە Nana'[٣٣٨] بووە. دەقەکە دەڵێت "نانئە سیموررومی گرت، بەڵام نەیتوانی باجی لێوەرگرێت".[٣٣٩] هالو لەبارەی نانئەوە پێی وایە ئەم نانئەیە پێدەچێت 'ئا-ئەننی-پاددا A-anne-padda'ی پاشای ئور بێت لەسەردەمی دووەمی بنەماڵەکاندا.[٣٤٠] پەندێکی دیکە هەیە دەڵێت "سیموررومی گرت بەڵام شوراکەی نەڕماند".[٣٤١] هەندێك باوەڕیان وایە ئەم پەندە پێدەچێت تەواوکەری هەمان ئەوەی پێشوتر بێت.[٣٤٢] هەروەها دەقێکی دیکە هەیە دەڵێت "لە نێو بەرچنە و گەمی دا باخەکانی سیموررومـ(ن)".[٣٤٣] لەبەر ڕۆشنای ئەم دوو دەقەدا دەکرێت بووترێ سیموررووم لە یەك کاتدا خاوەنی قەڵا و شورای بەهێز بووە. هەروەها باخ بێستانی باش و دەوڵەمەندی هەبووە، ئەمەش ڕەنگە یارمەتیدابێت بۆ ئەوەی لە دوای هەر وێرانکردنێك بتوانێت زوو هەستێتەوە، هەروەها پێدەچێت هەر ئەم دەوڵەمەندی و باخ و بێستانانانە بوبێتە هۆکاری چاوتێبڕین و دوبارە بوونەوەی هێرشەکان بۆ سەر سیموررووم.

سارگۆنی ئەکەدی بە دامەزرێنەری دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتی ئەکەدی دادەنرێت. یەکێك لە ساڵەکانی فەرمانڕەوایەتییەکەی ناودەنێت، "ئەو ساڵەی چومە سەر سیموررووم".[٣٤٤] بەڵام بە پێی دەقێکی دیکە لە تەل حەرمەل دۆزراوەتەوە، تێیدا هاتووە کە دەڵێت "لەو کاتەدا و لەو هێرشەی کردییە سەر سیموررووم و داگیری کرد و باجی بەسەردا سەپاند و باجەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەکەد بردەوە".[٣٤٥] ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەستی سارگۆن داگیری کاری بووە و بە زەبری هێز هاتوەتە سەر سیموررووم. یەکێك لەو تێکستانەی لە گاسور دۆزراونەتەوە، ئاماژە بۆ هەندێ سیموررومی دەکەن لە شارەکەدا ژیاون، بەشە

---

[٣٣٧] زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٤٧.

[٣٣٨] لە لیستی پاشایانی سومەریدا لە نێو پاشایانی ئوری سەردەمی دووەمی بنەماڵەکاندا 'مێس- ئاننێ-پاددا Mes-Anne-Pada' ٤٠ ساڵ فەرمانڕەوا بووە و پاشان کوڕەکەی 'ئا-ئەننی-پادا A-Anne-Padda' ماوەی ٤٠ ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردووە و لە دوای ئەویش 'میس-کیئاگ-نانئە Mess-Kiag-Nunna' بۆ ماوەی ٣٧ ساڵ لە دەسەڵاتدا بووە. بڕوانە: Jacobsen, *The Sumerian King List*, p. 172.

339 Frayne, On the location of Simurrum, p. 245. ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٩٢. ؛

340 Hallo, ''Simurrum and the Hurrian Frontier'', p. 73.

[٣٤١] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٩٣.

[٣٤٢] هەمان سەرچاوە، ل. ١٩٣.

[٣٤٣] *هەمان سەرچاوە، هەمان جێگا.*

344 Frayne, *Sargonic and Gutian Periods*, *RIME*, Vol. 2, p. 9 ; Frayne, On the Location of Simurrum, p. 245 ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست، ل. ١٩٣. ؛

345 Westenholz, J. G., *Legends of the Kings of Akkade*, Indiana, 1997, p. 91.

خۆراکیشیان بۆ بڕاوەتەوە "دادا Dada بە نێ نێ Nene دەڵێت "ئەو دانەوێڵەیەی بۆ بەشینەوەم جێهێشتووە، بابەشینەوە و تۆوی لێ دابین بکات، بەڵام ئەگەر سیموررووی یەکان دانەوێڵەی تەواویان وەرنەگرت، (ئەوا) با هەندێکی لێ بدات بە ئەوان و من (خۆم) دەیخەمەوە جێگەکەی".[٣٤٦] هەروەها لە دەقێکی دیکەدا بۆ سەردەمی دەسەڵاتی 'نەرام-سین' دەگەڕێتەوە تێیدا هاتووە، 'نەرام-سین' توانیویەتی هێرش بکاتە سەر ئازوخینوم و لوللوبوم و ناوچەکانی حەمرین 'سیموررروم و خاشیمار Ḫašimar و نیققوم Niqqum'.[٣٤٧] داگیری کرد.[٣٤٨]

لە سەردەمی 'نەرام-سین'ی ئەکەدیدا هێرش بۆ سەر ناوچەکانی سیموررروم بەردەوام بووە، لە نوسینێکدا دەڵێت "پۆتیم-ئاتال Puttim-âtal' پاشای سیموررروم"[٣٤٩] وەك یەکێك لە دوژمنەکانی پاشای ئەکەدی ناوبراوە.[٣٥٠] ئەوەی زانراوە ئەم 'پۆتیم-ئاتال'ە چوەتە نێو هاوپەیمانێتیەکەوە لە دژی نەرام سینی ئەکەدی پێکهێنرابوو، ئەو هاوپەیمانێتییە[٣٥١] پێکهاتبوو لە "پۆتیم-ئاتالی سیموررروم، 'پاشاهاندگالنی Pašahnadgalni' لوللوبوم، 'گولا-ان Gula-an' لە گوتی یەکان و [.....] لە 'کاکموم Kakmum'، 'ئینگی Ingi' لە 'نامار Namar' و 'ئای-ئای-ئان I-I-An' لە 'تورککو Turukku'" ئەم حەوت پاشایە لە دژی 'نەرام-سین' ڕاپەڕین، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.[٣٥٢] وادیارە ئەم 'پۆتیم ئاتال'ە چووەتە هاوپەیمانێتی دژی 'نەرام-سین' و سەرکەوتوو نەبووە. ئەمە بووەتە هۆکاری ئەوەی هێرش بکرێتە سەر سیموررروم، بە دیل گیراوە و ڕەوانەی ئەکەد کراوە.[٣٥٣]

یەکێکی دیکە لەو پاشایانەی لە سیموررروم دەسەڵاتی وەرگرتووە، ناوی 'بابا Baba' بوو، ئەم پاشایە هاوچەرخی نەرام-سین بووە، نەرام-سین توانیویەتی شکست بە سیموررروم بهێنێت و بابا پاشای سیموررروم دەست گیربکات.[٣٥٤] وەك لە دەقەکەدا هاتووە دەڵێت "ئەو ساڵەی نەرام-سین لە 'کیراشێنوی

[٣٤٦] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٩٦.

[٣٤٧] پێگەی جوگرافیایی نیققوم دەبێت لە نزیك توگلیاش بێت، لە ناوەڕاستی دیالە، کۆنترین ناوهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی 'نەرام-سین'ی ئەکەدی و 'شار-کالی-شەڕی'، کە نیقوم لە نێوان گوتیوم و دێر دا بووە، لە نامەکانی شمشارەدا ناوی نیقوم لە پێش میتوران هاتووە، هەروەها بەشێك بوو لە سەر زەمینی نامار/نامری، لە سەردەمی ئاشوری نوێدا زۆر توشی داگیرکاری بوەتەوە. بڕوانە: Röllig, W., "Niqqu (m)", Vol. 4, Berlin, (1998), p. 569.

[348] Frayne, *Sargonic and Gutian Periods*, *RIME*, Vol. 2, p. 87.

[٣٤٩] 'پوتیم-ئاتال Puttim-âtal' و بە 'پوتوم-ئاتال Puttum-âtal' یش دەخوێنرێتەوە ئەم ناوە ناوێکی خورری یە و لە نوزی لەم جۆرە ناوە لە تێکستەکاندا دۆزراوەتەوە. بڕوانە: Gelb, *Hurrian and Subarians*, p. 55.
لێرەدا دەکرێت بگەین بەوەی کە خورری یەکان لە ماوەیەکی کەمدا بێنە نێو خاکی سیموررروم‌ەوە، بەشێوەیەك خۆیان جێگیر کردووە کە تەنانەت توانویانە کەسێکی خورری لەسەر تەختی دەسەڵات دابنێن. ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٩٦.

[350] Weidner, ‘‘Simurrum und Zaban’’, p. 75.

[٣٥١] ئەم هاوپەیمانێتییە لە ژێر سەرپەرشتی ناماردا بووە و تەنانەت ماردامانیش بەشداری تێدا کردووە. بڕوانە:
Hallo, Simurrum and the Hurrian Frontier, p. 73.

[352] Eidem, and Laessoe, *The Shemshara Archives-1-, the Letters*, Copenhagen, 2001. p. 25.

[٣٥٣] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٩٥.

[354] Frayne, *Sargonic and Gutian Periods*, *RIME*, Vol. 2, p. 144.

'Kirašeniwe'[355] بەسەر سیمورروومدا سەرکەوت و 'بابا' ئێنسی سیمورروم و 'دوبول Dubul'ی ئێنسی 'ئەرامێ'ی گرت".[356] ناوی بابای پاشای سیمورروم لەسەر لە دەقێکی سەردەمی ئەکەدیدا هاتووە، بەڵام دەقەکە شکاوە و تەنها " کاتێك نەرام سینوو[.......] بابای ئێنسی سیمورروم" ماوەتەوە، لەوانەیە ئەمە بەشێك بێت لەو دەست کەوتانەی لە هێرش بۆ سەر سیمورروم دەستیان کەوتووە.[357]

لە سەردەمی دەسەڵاتی گوتی یەکاندا سیمورروم جارێکی دیکە دەبێتەوە جێگەی هێرش بۆ بردن، ڕەنگە بۆ ئەم هێرشە کۆمەڵێك هۆکار هەبووبن، بەڵام دیارترینیان هاندانی دانیشتوانی ناوچەکە بووبێت دژی دەسەڵاتی گوتی یەکان.[358] وەك لە دەقێکدا پاشای گوتی 'ئێرڕیدو-پی/وا-زیر Erridu-Pe/Wa-zir' دەڵێت "ئەو کاتەی 'کا-نیشبا Kanišba' دەستی بە کارە دوژمن کارانەکەی کرد لە دژی باوکم 'ئێنرڕیدا-پی/وا-زیر Enrrida-Pe/Wa-zir' پاشا بەهێزەکە پاشای گوتیوم پاشای هەرچوار لا، کانیشبا هانی خەڵکی لوللوبوم و چیا نشینەکانی دا بۆ شۆڕش و ڕاپەرین، ئێرڕیدو-پی/وا-زیر لە شاری ئەکەدەوە بەرەو سیمورروم بەڕێکەوت، بە یارمەتی خواوەند ئیشتار سابرێنێکی (بزنی نێر) گەورەی کردە قوربانی بۆ خواوەندی شاری ئەکەد".[359] لێرەدا دەردەکەوێت پێدەچێت ئەکەد وسیمورروم زۆر لەیەکەوە دوور نەبوو بن.

لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ئاماژەکان بۆ سیمورروم زیاتر دەبن، لە ڕووی کرۆنۆلۆژییەوە زیاتر وردتر دەبنەوە. دیباجە مێژووییەکان دەبنە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان ئەوەش بە دیاریکردنی مێژووی ساڵی لەشکرکێشییەکان بۆ سەر سیمورروم.[360] شولگی لە هێرشەکەیدا بە هێرشی دووەم دەناسرێتەوە لە ساڵی ٣١ دەسەڵاتیدا بۆ سەر سیمورروم 'تەپپان-دەراخ Tappan-Daraḫ'[361]ی پاشای

---

[355] ناوی شوێنێکی خوری یە و یەکێك بووە لە شارەکانی سیمورروم، لە ناوچەکانی زاگرۆسدا بووە، پێدەچێت کەوتبێتە ناوچەکانەی سەرەوەی زێی بچوکەوە. بڕوانە: Salvini, Mirjo., The Earliest Evidences of the Hurrians Before the Formation of the Reign of Mitanni, *Urkesh and the Hurrians* (Studies in Honor of L., Cotsen), Bibliotheca Mesopotamia, Vol. 26, Malibu, (1998), p. 102.

[356] Frayne, D., *The Historical Correlation of Royal Hymns. (2400-1900 BC)*, A Ph.D. Dissertation Present to the Faculty of the Graduate School of Yale University, 1981, p. 42 ; Frayne, *Sargonic and Gutian periods, RIME*, Vol. 2, p. 144 ؛ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٩٤.

[357] Walker, *The Tigris Frontier from Sargon*, p. 21.

[358] نیکنامی، کمالدین و میرقادری، محمد امین، سرنخ های جدید از رویدادهای در سرپل زهاب در اواخر هزاره سوم ق.م با نگاهی به نقش برجسته انوبانی نی، *مجله پژوهش ایرانشناسی*، شماره(٢)، (١٣٩٧). ص. ١٣٦.

[359] Frayne, *Sargonic and Gutian Periods, RIME*, Vol. 2, p. 223-224 ; Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, p. 145-146 ; Virtanen, Nikolas, *The Collapse of the Akkadian Empire*, (A Review of Historical and Textual Sources), University of Helsinki, 2019, p. 34.

[360] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٩٧.

[361] گیلب باوەڕی وایە ئەم ناوە خورری نیەو هیچ پەیوەستەگیەکی جوگرافیایشی نییە. Gelb, *Hurrian and Subarian*, p. 114. هەروەها مۆلینا دەڵێت "ئەم ناوە هێشتا نەناسراوەتەوە کە سەر بە چ زمانێکی دێرینە". Molina, M., "Tappan-darah", *RlA*. V. 13, Berlin, 2011-2013, p. 452.

سیمورروم دەستگیردەکات، لەگەڵ خێزانەکیدا ناوی کوڕ[٣٦٢]/ کچێك دەبات بە پێی دەقێك لە درێهم دۆزراوەتەوە، خۆراك و پۆشاکیان بۆ بردراوەتەوە.[٣٦٣] هەروەها تەپپان دەراخ بە پیاوەکەی سیمورروم ناوی براوە کە هاوسەردەمی شولگی بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتیدا سیمورروم ببووە ناوەندێکی دژایەتیکردنی دەسەڵاتی شولگی، ئەمەش هۆکارێك بوو زۆرێك لە هێرشەکانی بۆ سیمورروم بێت، تاوەکو لە ساڵی ٤٥ دەسەڵاتەکەیدا دەڵێت "سیموررومم بە تەواوی وێرانکرد".[٣٦٤] لەوکاتەدا خۆی بە پاشای هەرچوارلای جیهان ناوبردووە.[٣٦٥]

هێرشەکانی شولگی بۆ سەر سیمورروم دوبارە بونەتەوە لە ساڵەکانی ٢٥ و ٢٦ و ٣٢ و ٤٤ و ٤٥ و لە ساڵی ٤٤ دەسەڵاتیدا دەڵێت "وێرانکردنی سیمورروم و لوللوبوم بۆ نۆیەمین جار".[٣٦٦] لێرەدا دەردەکەوێ هێرشی دیکە هەبووە بۆ سەر سیمورروم بەڵام تۆمار نەکراوە، هەندێ لە دەقەکانی سەردەمی بابلی کۆن زیاتر باسی هێرشەکانی شولگی و وردەکارییەکانی دەکات.[٣٦٧] بە گشتی لە سەردەمی بابلی کۆندا سێ فاڵ هەن کە باس لە چۆنیەتی دەستگیرکردن و زیندانی کردنی،'تەپپان-دەراخ' دەکەن کە هەموو ئەو فاڵانە لە لایەن گوتسەوە خوێندنەوە و شیکاری بۆ کردوون.[٣٦٨]

بە پێی هەندێك دەق لە دوای 'تەپپان دەراخ' کەسێکی دیکە دەسەڵات لە سیمورروم وەردەگرێت، ناوی 'کیرب-ئۆلمی Kirib-Ulme'یە[٣٦٩] ناوی لە سێ دەقی بڵاونەکراوەی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا هاتووە، یەکێکیان لە ئەنیستیۆتی ڕۆژهەڵاتی شیکاگۆ و دوو لە دەقەکان لە درێهم بوون.یەکێك لە دەقەکان بۆ سەردەمی 'شو-سین' و ئەوی دیکەیان بۆ سەردەمی 'ئەمار-سین' دەگەڕێتەوە.[٣٧٠] هیچ شتێکی دڵنیا کەرەوە لەبارەی کەسایەتی و ژیانییەوە لەبەردەستدا نییە، بەڵام تەنها لە ساڵی هەشتەمی فەرمانڕەوایەتی 'ئەمار-سین' و دواجاریش لەسەردەمی دەسەڵاتی 'شو-سین'دا ناوی هاتووە.[٣٧١] وا دەردەکەوێت ئەم 'کیرب- ئوڵمی'یە لە دوای 'تەپپان-دەراخ'ەوە دەسەڵاتی وەرگرتبێت لە سیموررومدا، بەڵام بەخت یاوەری نەبووە و هەمان چارەنوسی 'تەپپان دەراخ'ی هەبووە و هێرشی کراوەتە سەر

---

[٣٦٢] کوڕەکەی ناوی 'ئانوم-ئەدەد Anum-adad' بوو، پلە و پۆستی لە دەرباری شاهانەی ئوری سێیەمدا وەرگرتووە، بەشداری لە بڕیارداندا دەکرد، بۆ سیمورروم گەڕاوەتەوە و لە ژێر چاودێری ئەودا صیلوش-داگان وەك ئێنسی سیمورروم دانراوە. بڕوانە: Molina, *Op. Cit.*, p. 452.

[٣٦٣] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٠٠.

[364] Goetze, Albrecht, "Historical Allusions in old Babylonian Omen Text", *JCS*, Vol. 1. N. 3, (1947), p. 260.

[365] *Ibid*, p. 260.

[366] Michalowski, *Op. Cit*, p. 13.

[367] Biggs, Robert. D., 'Šulgi in Simurrum, in: *Crossing Boundaries and Linking Horizons: Studies in Honor. of M. Astour*, ed. G. O. Young, M. W. Chavalas and R. E. Averbeck, Maryland, 1997, p. 169.

[368] Vacin, Ludek., *Šulgi of Ur; Life, Deeds, Ideology and Legacy of A Mesopotamian Ruler as Reflected Primarily in Literary Texts*, Ph.D. University of London, 2011, p. 88.

[٣٦٩] هەروەها ناوی کیرب-ئۆلمێ دیسانەوە ناوێکی خورری یەو لە تێکستەکاندا بە پیاوی سیمورروم ناوی هاتووە. Finkelstein, Subartu and Subarians, p. 6.

[370] Biggs, *Op. Cit.*, p. 173.

[371] Owen, David, The Royal Gift seal of Silluš-dagan Governor of Simurrum, *in: Graziani, ed. Studi sul Vicino Oriente Antico, Dedicati alla Memoria di luigi Cagni*, Napoli, 2000, p. 12.

سیموررووم دەستگیرکراوە.[372] بەڵام ناوی هەریەکە لە 'تەپپان-دەراخ' و 'کیرب-ئوڵمی' بە یەکەوە لە دەقێکی سەردەمی شوسیندا پێکەوە دێت لە ساڵی یەکەمی فەرمانڕەوایەتیەکەیدا.[373]

یەکێکی دیکە لە دەسەڵاتدارەکانی سیموررووم ناوی 'ئولام-شێن UL(I)am-šēn' بووە، بەڵام تەنها لەیەك تێکستدا ناوی هەیە، نازانین فەرمانڕەوای سیموررووم بووە یاخود تەنها کاربەدەستێك بووە، پێدەچێت فەرمانڕەوای سیموررووم بوبێت لە سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتی شولگی سەرەتای دەسەڵاتی 'ئامار-سین Amar-Sîn'دا،[374] هەر لە سەردەمی شولگیدا لە ساڵی ٣٩ی دەسەڵاتەکەیدا کەسێك بە ناوی 'صیلوش-داگان Ṣilluš-Dagan' لە 'پوزرش-داگان Puzriš-Dagan، درێهم' دەردەکەوێت پێگەیەکی دیاری هەبووە، لە ناوەندی بڕیاردان لە دەسەڵاتی ئوری سێیەم نزیك دەبێتەوە و لە دواتردا دەکرێتە ئینسی لە سیموررووم.[375] جێ مۆرێك کە مێژووەکەی بەوردی نەزانراوە لە درێهم دۆزراوەتەوە. ئەم جێ مۆرە صیلوش داگان بە ئێنسی سیموررووم ناودەبات، پێدەچێت بۆ ساڵی ٤٢ی دەسەڵاتی شولگی بگەڕێتەوە، ڕەنگە ماوەیەکی کەم بوبێت بە ئینسی سیموررووم دواتر دورخرابێتەوە، بەهۆی ڕاپەڕینێکەوەی لە سیموررووم دژی دەسەڵاتەکەی.[376] بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی 'ئەمار-سین'دا جارێکی دیکە کراوەتەوە بە ئێنسی سیموررووم، بەڵگە بۆ ئەمە مۆرێکی لولەییە لەسەر لەوحێکی قوڕین، لە ساڵی شەشەمی دەسەڵاتی 'ئەمار-سین'دا، بە ناونیشانی فەرمانڕەوا (ئێنسی) سیموررووم ناوی هاتووە.[377] هەروەها بەڵگەیەکی دیکە هەیە لەسەر بنەمای نامەیەکی ئەدەبی لەسەردەمی دەسەڵاتی 'شو-سین Šu-Sîn'دا کراوەتەوە ئێنسی سیموررووم و ناوچەی 'ئیگي-خور-ساگ-گا Igi-ḫur-sag-gá' لە ناوچەی حەمرین.[378]

هێرشەکانی پاشایانی بنەماڵەی سێیەمی ئور لە سەردەمی هەموو پاشاکانیدا دوبارە بوەتەوە، لە سەردەمی 'ئیببی-سین Ibbi-Sîn'ی دوا پاشایاندا جارێکی دیکە هێرشکراوەتەوە سەر شانشینی سیموررووم، ساڵی سێیەمی دەسەڵاتەکەی بەناوی هێرش بۆ سەر سیموررووم ناودەبات.[379] ئەم هێرشەی 'ئیببی-سین' بۆ ئارامکردنەوەی وڵاتەکەی و سەرکوتکردنی پاشا تازە سەرهەڵدراوەکەی سیموررووم بووبێت، پێدەچێت 'ئیددیـ(ن)ـسین Iddi(n)Sîn' بوبێت.[380] ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەو سەردەمەدا دانیشتوانی ناوچەکە لە دۆخێکی نائارامدا ژیانیان گوزەراندبێت.

---

[372] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل ٢٠١.

[373] Biggs, *Op. Cit.*, p. 173.

[374] Owen, *Op. Cit*, p. 7-8.

[375] *Ibid*, p. 1.

[376] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٠٤.

[377] *هەمان سەرچاوە*. ل. ٢٠٤.

[378] Owen, *Op. Cit*., p. 1-2.

[379] Jacobsen, *The Sumerian King List*, p. 200 ؛ Lafont, Bertrand, The Army of the King of Ur: the Textual. Evidence, *CDLJ*, (2009), p. 2.

[380] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٠٧.

به پێی بەڵگەنامە سومەرییەکان لایەنە سەرەکییەکانی کۆتایی پێهێنانی بنەماڵەی سێیەمی ئور، بریتی بوون لە گەلی سو و عیلامییەکان. بە پلەی یەکەم مەبەست لە سو خورری یەکانە.[٣٨١] هەندێ لە توێژەران باوەڕیان وایە سیمورری یەکان بە شێوەیەکی گشتی خورری بوون، کرۆکی ئەو هێزە سەرەکییەیان پێکهێناوە و بەشداری کۆتایی پێهێنانی بنەماڵەی سێیەمی ئوریان کردووە و یەکێك لەو هێزانە بووە کە لە ناوچەکەدا چالاك بوون.[٣٨٢]

جەنگەکان بۆ گرنگی ستراتیژی ناوچەکە و بوونی دەروازەیەکی گرنگ لە کۆندا دەگەڕێتەوە، لەلایەن پاشاکانی ناوچەکەوە گرنگی پێدراوە بووە، نەخش هەڵکۆڵراوەکانیان تێدا جێهێشتووە، وەك پاشای لوللوبی یەکان و سیمورروم. هەرهێزێکی سیاسی ئەو دەروازەیەی کۆنترۆڵکردبێ واتای کۆنترۆڵکردنی شاڕێگای خوراسان بووە. هێزە لوکاڵییەکان سیمورووم و لوللوبوم بوون، هەمیشە لە هەوڵی پاراستنی ناوچەکانی خۆیاندا بوون.

ناوی 'ئیدیـ(ـن)ـسین Iddi(n)-Sîn' پاشای سیمورروم لە هیچ یەکێك لە لیستی ناوی پاشایانی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشوری و بابلیدا نیە، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە 'ئیدیـ(ـن)ـسین' پاشایەکی سەربەخۆ بووە و ملکەچی هیچ یەکێك لە دەسەڵاتەکانی ئەوکاتە نەبووە، لەسەردەمی لاوازییاندا توانیویەتی شانشینێکی بەهێز لە باکوری ڕۆژهەڵات بنیادبنێت.[٣٨٣]

لە پاش ڕوخاندنی بنەماڵەی سێ یەمی ئور زۆری ناوچەکان سەربەخۆی خۆیان بەدەست هێنایەوە، لەنێویاندا سیمورروم بە سەرکردایەتی 'ئیدیـ(ـن)ـسین' پاشای چوست و چالاك. ئەم پاشایە چەند نوسینێکی بۆ بە جێ هێشتوین کە تێیدا شتێك لە بارەی شانشینەکەوە باسدەکات، ئەو توانیویەتی سەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە پێکەوە بنێت، لە 'کولونـ(ـن)ـوم Kulun(n)um'[٣٨٤] لەوپەڕی باکورەوە بۆ 'خالمان Ḫalman'[٣٨٥] لەوپەڕی باشور،[٣٨٦] هەروەها 'سیماشکی Simaški' لەوپەڕی ڕۆژهەڵات، ئەمەش بەڵگەیە

---

[٣٨١] *هەمان سەرچاوە*. ل. ٢٠٧.

[٣٨٢] *هەمان سەرچاوە*. ل. ٢٠٧.

[٣٨٣] عبدالصمد، رافدە عبدالله و احمد، کوزاد محمد، "صخرة غریب هەلدنی حقائق و معلومات وثائقیة"، *هەزار مێرد*، ژمارە ١ (١٩٩٧)، ص. ١٢١.

[٣٨٤] لە بارەی شاری کولوننومەوە ئایدم و لیسۆ پێیان وایە دەبێت لە نزیك بێتواتە بێت، کە لە لایەن گروپێکی بچووکەوە بەڕێوە دەبرا، بەڵام دواتر سیمورروم توانیویەتی دەستی بەسەرداگرێت. بڕوانە:
Eidem, and Laessoe, *The Shemshara Archives-1-*, p. 24.
بەڵام کۆزاد لە زاری فرمینەوە دەڵێت "شاری کولوننومی کۆن دەبێت گوندی گوڵان بێت، لە دۆڵی شاورێ لە ناوچەکانی باکوری بێتواتە". بڕوانە: Ahmed, *The Beginnings*, p. 285.

[٣٨٥] ڕوونوسەکانی سەردەمی پاشایەتی سیموڕوم باسیان لە چەندین ناوچە و شوێنی جیاواز کردووە لەوپەڕی باکور بۆ ئەو پەڕی باشوور، لە باشوور باس لە 'خاڵمان Ḫalman' دەکات، لەبەردەکەی هەڵەدنیدا وەك کۆتا ناوچەی سیموڕوم لە هەزارەی دووەمی پێش زاین باسی لێوە کراوە، پێدەچێت خاڵمان لە هەمان ئەو ناوچەیە بێت کە باتیری لێبووە. بڕوانە: نیکنامی، و میرقادری، محمد امین، *مصدر قبلی*، ص. ١٣١.

شانشینەکەی ئیدیـ(ـن)ـسین بەلای کەمەوە نزیکەی ٢٤٠ کم هەوایی قەڵەمڕەویەکەی بووە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣).[٣٨٧]

لەبارەی بنەماڵەکەیەوە هیچ زانیارییەکی ووردمان لەبەردەستدا نییە، بەڵام کوڕێکی هەبووە کە ناوی 'زابازونا Zabazuna'، بووە. ئیدیـ(ـن)ـسین بۆ خۆی سەرپەرشتی هەندێ لە هێرشە سەربازییەکانی سیموررومی کردووە و سێ پارچە نوسینی لەبارەی هێرشەکانییەوە بۆ بەجێهێشتوین لە ئەمرۆدا لە مۆزەخانەی بەغدادە. ئەم تێکستانەش لە لایەن فۆادییەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە.[٣٨٨] زابازونا وەك 'ئیدیـ(ـن)ـسین'ی باوکی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە پاشایەکی چالاك بووە. وا دەردەکەوێت بە ناوی باوکییەوە فەرمانڕەوایەتی کولونومی کردووە، لەبەرئەوەی ئەو کاتانەی نوسینەکانی بێتواتەی نوسیوە باوکی لە ژیاندا بووە.[٣٨٩] دوای ئیدیـ(ـن)ـسین زابازونای کوڕی فەرماندەیی هێرشە سەربازییەکانی سیموررومی کردووە. وەك دەردەکەوێت، لە پاش سەرکەوتنەکەی بە سەر شاری کولونوم و نوسینی ڕوو نوسەکانی.[٣٩٠] هەستاوە بە بنیادنانی تەختێك بۆ مەبەستی بەشداریکردنی خواوەندی گەورەی شار، بۆ ئاهەنگ گێڕان بۆ سەرکەوتنەکانی دروستی کردبێ.[٣٩١] ئەم تەختەش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە تەختی خورشیدی خاوەر زەمین دەناسرێتەوە.[٣٩٢] توێژەرێك لە خشتەیەکدا بە ووردی باس لە مێژووی هاوچەرخێتی نێوان ئیدیـ(ـن)ـسین و زابازونا کوڕ کراوە بە بەراورد لەگەڵ ناو هێنانەکەیان لەگەڵ

---

هەروەها ناوچەی خاڵمان بە چەندین شێوە ناوی هاتووە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە، وەکو خاڵمان← هالمان ← ئالمان← ئالوان ← ئەڵوەن. ئەم ناوە بۆ ناوچەیەکی جوگرافیایی تەنانەت بۆ ناوی ڕوباریش بەکارهاتووە، کە بە رووباری ئەڵوندیان وتوە و بە ناوچەی خانەقیندا تێپەڕ دەبێت، بڕوانە: ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ١٦٨.

[٣٨٦] لە بەردە نوسراوەکەی هەڵەدنیدا ئیدیـ(ـن)ـسین لە دێڕەکان ٥١ و ٥٢ باس لە ئانوبانینی پاشای لوللوبوم دەکات، ناوهێنانی ئانوبانینی بۆ زانینی کرۆنۆلۆجیای هەردوو پاشاکە گرنگە، بە تایبەتی لەوەدا کە ئانوبانینی پاش ئیدیـ(ـن)ـسین نەهاتووە، جێگەی داخە کە لەم نوسراوەشدا لە دوای ئەمەوە زۆری شکاوە و ناتوانرێت فرمانەکانی نێوانیان دیاری بکرێت، کە وابەستەی ئەم ڕستانە کراوە و ئامانجی کارەکە دیاری دەکات، واتا نازانین لە لایەن سیموررومەوە چی بەسەر ئانوبانی نی هاتووە، یان بە پێچەوانەوە، دوریش نیە کە ئیدیـ(ـن)ـسین لەم نوسینەدا باس و خواسی ڕابردووی باس کردبێت. بڕوانە: Ahmed., *The Beginnings*, p. 264-265.

[٣٨٧] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٠٨.

[388] Al-Fouadi, A. H., "Inscription and Reliefs from Bitwata", *Sumer*, Vol. 34, (1978), p. 122-128.

بێتواتەیی، ئەردەلان عوسمان، "سێ بەردە نوسراوەکەی بێتواتە''، *سوبارتو*، ژمارە ٢ (٢٠٠٨). ل. ١٠ ؛ عبدالصمد، و احمد، "صخره غریب هەلدنی حقائق و معلومات وثائقیه"، ص. ١٢

[٣٨٩] ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٠٩.

[٣٩٠] شافەر و ڤاسەرمان پرسیارێکیان بۆ دێتەپێشەوە ئەویش ئەوەیە ئایا کێ کولوننومی سەرکوت کردووە؟ ئیدیـ(ـن)ـسین یاخود زابازونای کوڕی، گێلب و کیناست باوەڕیان وایە کە زابازونا فەرمانڕەوای کولوننوم بووە و کاتێك شۆڕش لە دژی هەڵگیرساوە ئیدیـ(ـن)ـسین چوەتە یارمەتی زابازونای کوڕ و یاخی بونەکە دامرکێنراوەتەوە. بڕوانە: Shaffer, A., and N. Vasserman., "Iddi(n)Sîn, King of Simurrum: A New Rock-Relief Inscription and a Reverential Seal", *ZA* .93, (2003), p. 29.

[٣٩١] بێتواتەیی، ئەردەڵان عوسمان، "بێتواتە لە سەرچاوە مێخییەکاندا''، *سوبارتو*، ژمارە ١ ساڵی (٢٠٠٧). ل. ١٢.

[٣٩٢] *هەمان سەرچاوە*، ل. ١٢.

بنەماڵەی ئور و ئیسن و ئێشنوننا ئەو پێی وایە بەو پێیە دەبێت سەردەمی دەسەڵاتیان لە نێوان ٢٠٢٨ پ.ز. بۆ ساڵی ١٩٥٠پ.ز بێت.[٣٩٣]

| دێر | سیمورروم | ئێشنوننا | ئیسن | ئور | پ.ز |
|---|---|---|---|---|---|
| | ↑ | ↑ | | ئەبی سین (٢٠٢٨- | ٢٠٢٨ |
| | ↑ | ئیتوریا | ئیشبي ئیرا | ٢٠٠٤) | |
| | ↑ | شوئیلیا | (١٩٨٥-٢٠١٧) | | |
| | ↑ | (کوڕ) | | | ٢٠١٠ |
| | ↑ | ↑ | | ئەبی سین ×-١٣ | |
| | ↑ | نور ئاخوم | ئیشبي ئیڕرا | | |
| | ئیدي سین | ↓ | | ئەبی سین ٢٤ | |
| | ↓ | | | (کۆتای دەسەڵاتیان) | |
| | ↓ | | ئیشبي ئیڕرا | | |
| | ↓ | کیري کیري | ×+١٩ | | ١٩٨٠ |
| | زابازونا | ↓ | | | |
| | (کوڕ) | | ئیشبي ئیرا ٣٣ | | |
| ئانوم موتابیل | ↓↑ | بیلالاما | شو ئیلشو(کوڕ) | | |
| ئانوم موتابیل | | | (١٩٧٥-١٩٨٤) | | ١٩٥٠ |

ئەم خشتەیە وەرگیراوە لە Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan (2500-1500) B.C*, p. 245.

هەندێ بەڵگەی نوسراو نیشانی دەدەن ئیدیـ(ـن)ـسین و تەنانەت زابازونای کوڕیشی هاوچەرخی 'ئیشبی ئیڕرا Išbi-Erra' 1985-2017 پ.ز. ی پاشای ئیسن بوون، یەکێك لە بەڵگەکان تێکستێکی ناوەڕۆك ئابورییانەی سەردەمی ئیشبی ئیڕرایە مێژووی دەقەکە بۆ ١٩+× (ژمارەکەی پێشی شکاوە) هەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتی ئیشبی ئیڕرای دەگەڕێتەوە. لیستەکە کۆمەڵێك شتی تێدا تۆمار کراوە بۆ پاشای سیمورروم دەچن، زۆر پێدەچێت ئەو پاشایەی سیمورروم کە باسی کراوە ئیدیـ(ـن)ـسین بووبێت.[٣٩٤] هەروەها شوێن مۆرێك لە تەل ئەسمەر لە پەرستگای 'ئیتوریا Ituria' دۆزراوەتەوە بۆ کەمێك پێش 'بیلالاما Bilalama'ی پاشای ئێشنوننا دەگەڕێتەوە، لە سەری نوسراوە "زابازونا پاشای بەهێز، تیش-ئاتال ی نوسەر خزمەتکارتە".[٣٩٥] ئەگەر سەرنجی ئەم بەڵگەیە بدەین پێدەچێت زابازونا زیاتر هاوچەرخی 'کیری-کیری Kiri-Kiri' بوبێت.

---

393 Ahmed, *The Beginnings*, p. 245 ; Walker, *Op. Cit.*, p. 177.

٣٩٤ ئەحمەد، *کوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٠٩.

395 Sollberger, ‘‘Two New Seal-Inscripions’’, *Anatolian Studies*, 30, (1980).., p. 64.

## ٢-١-٢ شانشینەكانی مادگا و دێر و كاراخار لە گەرمیاندا

**مادگا Madga** بۆ یەكەمجار ئەم شارە لە سەردەمی ئەكەدی و لە تێكستەكانی ئەبو سەلابیخ و ئیبلا دا ناوی هاتووە، ڕۆڵی گرنگ و دیاری هەبووە، وەك یەكێك لە شارە دێرینەكانی گەرمیان لە سەردەمی گوتی یەكاندا ناوی هاتووە، بەڵام تاوەكو ئێستا هیچ زانیاریەكی یەكلاكەرەوەمان لە سەر پێگەی ئەم شارە نییە..[٣٩٦] ئەم شارە لە ڕووی بازرگانیەوە گرنگ بووە، وەك لە دەقێكی سەردەمی ئەكەدیدا كە لە تەل سولەیمە دۆزراوەتەوە باس لە مادگا دەكات لە نێوان 'شو-مو Šu-mu و ما-زا Ma-za' هاتووە.[٣٩٧] لە تێكستێكی سەردەمی سارگۆنی ئەكەدیش كە لە لەگەش دۆزراوەتەوە باس لە ناردنی جۆ دەكات بۆ مادگا، لە ڕێگەی بەلەمەوە بۆ ناوچەكانی سەرەوە بووە. لە دواتردا و لە تێكستەكانی سەردەمی ئوری سێیەم ئاماژە بە كەشتیەكانی مادگا دەكەن، وەك هاتووە "خۆراك بۆ كرێكاران/سەربازانی بەلەمەكە بۆ مادگا...".[٣٩٨] لە مۆرێكی پاشا 'خونخیلی Ḫunḫili' پاشای كیماشدا هاتووە 'خونخیلی فەرمانڕەوای كیماش و حاكمی مادگا من ئوگوگو Ugugu خزمەتكارتم'.[٣٩٩] ڕەنگە ئەم بەڵگەیەش هۆكار بوو بێت كە هەندێك لە توێژەران باوەڕیان وابێت كە مادگا دەكەوێتە سنوری كفری بۆ ناوچەكانی دوز خورماتوو.

لە سەردەمی دەسەڵاتی گوتییەكاندا لە دەقێكدا هاتووە گوتی یەكان هێرشیان كردوەتە سەر مادگا و داگیریان كردووە، وەك دەڵێت "ئێرڕیدو-پی/وا-زیر پاشای بەهێز پاشای گوتیوم پاشای هەرچوار لای جیهان، لە دژی مادگا جەنگا و فەرمانڕەوای مادگا بۆ شاخەكان هەڵهات، ئێرڕیدو-پی/وا-زیر توانی دەست گیری بكات".[٤٠٠] لە هەمان كاتدا كۆزاد باوەڕی وایە كە پێدەچێت شوێنی شەڕەكەیان بكەوێتە ناوچەی قەرەداغەوە و لە سەگرمە لە نزیك ڕوباری سیروان.[٤٠١] لەبارەی شوێنی شاری مادگاوە فرەین باوەڕی وایە پێدەچێت مادگا بكەوێتە ناوچەی كفری ئەمڕۆ، بەڵام لە پاشتردا و لە بابەتێكی نوێدا بۆ شوێنی مادگا وای دادەنێت باشترین جێگە گوندی ماتیك بێت كە كەمێك لە باشوری تاوقەوەیە.[٤٠٢] بەڵام هەندێكی تر لە لێكۆڵەرەوان مادگا لە نێوان بەرزاییەكانی گومار بۆ كفری دادەنێن.[٤٠٣] لێرەدا دەردەكەوێت كە زۆربەی بۆچوونەكان لەگەڵ ئەوەدان كە شانشینی مادگا دەكەوێتە جێگەیەكەوە كە لە سەر ڕوبار بووە، لە ناوچەی گەرمیان، بەڵام تاوەكو ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەكی ورد پێگەی ئەم شارە یان شانشینە بە تەواوی دیاری بكرێت.

---

396 Walker, *Op. Cit.*, p. 34.
397 *Ibid*.
398 *Ibid*.
399 *Ibid*, p. 127.
400 Frayne, *Sargonic and Gutian Periods, RIME*, Vol. 2, p. 222-223 ; Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, p. 150.
401 Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, p. 151.
٤٠٢ ئەحمەد، *كوردستانی ناوەڕاست*، ل. ٢٣٣.
403 Walker, *Op. Cit.*, p. 35.

**دێر Dēr** ئەم ناوە لە لە تێکستەکاندا بە دوو جۆر هاتووە ئەوانیش ‘Bad.an, Dēr’ کە مەبەست لە تلول عقرە لە نزیك بەدرەی ئەمڕۆیە.[٤٠٤] یەکێکە لەو شانشینانەی دەکەوێتە گەرمیانەوە لە سەر ڕوباری دیجلەیە لەبەری ڕۆژهەڵاتیەوە، کە قەزای بەدرەی ئەمڕۆ دەگرێتەوە، ئەم ناوچەیە لە سەر سنور بووە لە گەڵ عیلام، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەکەدییەکاندا لە لایەن سارگۆنی ئەکەدییەوە داگیر کراوە پاشانیش لەسەر دەستی ’ریموش Rimuš‘ی کوڕی داگیر کراوەتەوە، هەروەها توانیویەتی پاشا و کاهینی ئاینی شانشینەکە دەستگیر بکات.[٤٠٥] ئەم شانشینە بە هۆی ئەوەی پێگەیەکی جوگرافی گرنگی هەبووە، لە سەر ڕێگای بازرگانی بووە، زۆرجار کەوتوەتە بەر هێرشی عیلامی و لە زۆر سەردەمی مێژوویدا جەنگی بەرامبەر کراوە، کۆنترین پاشای تاوەکو ئێستا ناوی زانرابێ ناوی ’نیدنوشا Ninduša‘ بووە لە تێکستێکی سەردەمی بابلی کۆندا پێمانگەیشتووە.[٤٠٦] لە سەردەی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا ناوچەکانی گەرمیان کەوتونەتە بەر هێرشی سەربازی و ’ئورنەممو Urnammu‘ی دامەزرێنەری بنەماڵەی سێیەمی ئور هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەی گەرمیان دەست پێ کرد، بە مەبەستی فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتەکەی ئەم پاشایە لە هێرشێکدا بۆ دەڤەری ’گوتیوم Gutium و سیمودار Simudar‘[٤٠٧] کوژراوە.[٤٠٨]

لە دوای ئورنەممو کوڕەکەی دێتە سەر دەسەڵات کە ناوی شولگی Šulgi‘ بوو. ئەو بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەی گەرمیان و خانەقین دەست پێکرد و وێرانی کردن.[٤٠٩] لە تێکستێکدا کە لە گیرسو دۆزراوەتەوە دەردەکەوێت شولگی هەنگاوەکانی بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی سەرەوەی دیالە دەست پێکردووە.[٤١٠] لە ساڵی ١١ هەمینی دەسەڵاتەکەیدا، لە یەکەم هەنگاودا لە لەشکرکێشییەکدا بەرەو ناوچەی ’دێر Dēr‘ بەڕێکەوت کە دەکەوێتە ناوچەی بەدرەی ئەمڕۆوە. لە هەمان ساڵدا پەرستگای خواوەند ئیشتاری لە دێر نۆژەنکردەوە.[٤١١] لە ساڵی بیستەمی دەسەڵاتیدا دەستی کرد بە

[404] Walker, *Op. Cit.*, p. 46.

[405] Unger, Eckhard, "Dēr", *RlA.* 2, Berlin, 1938, p. 199.

[٤٠٦] باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ص. ٤٦١.

[٤٠٧] سیمودار یان زیمودار ناوچەیەکە دەکەوێتە ناوچەکانی سەرەوەی دیالە، لە سەردەمی ’شو-سین‘دا ئەو شورایەی کە بۆ بەرگری کردن لە هێرش و کۆچی ئامورییەکان دروستکرا، کۆتاییەکەی لە ناوچەی سیمودار بووە، لە ناوچەی دیالە. بڕوانە: Liverani, Mario., *Akkad the First World Empire*, Padova, 1993, p. 160.

هەروەها لە یەکێك لە نامەکانی ئەرەدمو کە بۆ شولگی نێردراوە دەڵێت "لە زیمودار بۆ سیمورروم". ئەم دوو شوێنە بە یەکەوە ناویان هاتووە کە پێدەچێت لە نزیك یەکتر بن، یاخود هاوسنور بن. بڕوانە: Michalowski, *Op. Cit.*, p. 345.

[408] Frayne, D., *Ur III Period (2112-2004 BC), RIME*, Vol. 3, Toronto, 1997, p. 66-67.

[٤٠٩] ئەحمەد، ’’بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا‘‘، ل. ٩.

[٤١٠] شولگی لە ژێر کاریگەری هاوسەرەکەیدا بووە، بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکانی سەرەوەی ڕوباری دیالە، لەبەر ئەوەی ’شولگی-سیمتی Šulgi-Simti‘ی هاوسەری خەڵکی ئێشنوننا بووە، هەمیشە جێگەی ڕێز بووە، هاوکار و هاندەری شولگی بووە بۆ هێرشکردن و داگیرکردنی ناوچەکانی کاراخار و سیمورروم. بڕوانە Vacin, *Op. Cit.*, p. 51.

[411] Frayne, D., The Zagros Campaigns of the Ur III King, *CSMS*, Vol. 3, (2008), p. 38.

سەربازیکردنی ناچاری ئەوەش لە پێناو ئامادەکاری کردن بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی ناوچەی دێر، هەروەها ساڵی ٢١ دەسەڵاتەکەی ناو بردووە بە "ئەو ساڵەی دێر وێرانکرا".[٤١٢]

**کاراخار Karaḫar** خورری یەکان لە ناوچەکانی سەرەوەی دۆڵی دوو ڕوباردا بە فراوانی بڵاوبوبونەوە، ئەوان توانیبویان لە چەند شوێنێك شانشینی بچوك بۆخۆیان بنیاد بنێن.[٤١٣] کارخاریش یەکێکە لەو شانشینانەی لە لایەن ئەوانەوە لە ناوچەی گەرمیان دامەزراوە هەرچەندە زانیارییەکان لە بارەیانەوە کەمن.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەکەدیدا چەند شانشینێکی خورری هەبوون، وەك شانشینەکانی 'کارخار و سیموررروم و ئوربیلیوم و شوشەڕا و سیمانوم' لەوانە کارخار و سیموررروم لە سەر ڕوباری دیالە و لە ڕۆژهەڵاتەوە، هەمیشە دژی دەسەڵاتی ئەکەدی بوون.[٤١٤] سەبارەت بە ناوی ئەم شانشینە یەکەمجار لە تێکستێکی جوگرافی سەردەمی بنەماڵە سومەرییەکاندا بە شێوەی Kak-Ka-ra هاتووە، لە سەردەمی ئەکەدیدا لە تێکستێکی تەل سولەیمەدا بە شێوەی Ka-ka-ra-an هاتووە.[٤١٥] هەروەها لە تێکستەکانی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور و سەردەمی ئاشوریدا بە شێوەی 'کاراخار Karaḫar و کارخار Karḫar و خارخار Ḫarḫar' هاتووە.[٤١٦] گوتسە باس لە شوێنی کارخار دەکات، ئەو پێی وایە بۆ شوێنی 'کارخار Karḫar' پێدەچێت لە دەوروبەری ڕوباری ئەڵوەنددا بێت.[٤١٧] هەروەها فرەین باوەڕی وایە دەبێت کارخار زۆر لە سیموررروەوە دوور نەبووبێت، ئەو باوەڕی وایە پێدەچێت کەوتبێتە سەر ڕێگای خانەقین لەو جێگەیەی ئاوی ئەڵوەند بە خانەقیندا تێپەڕ دەبێت.[٤١٨]

لیڤاین باوەڕی وایە هەرجۆرە دەست نیشانکردنێك بۆ شوێنی کارخار تەنها پێشبینییە، تاوەکو ئەو کاتەی ئەو شارە دەدۆزرێتەوە، دورنیە بکەوێتە سەر شا ڕێگای خوراسان ڕوبارێکی بە تەنیشتدا ڕۆیشتووە، بەڵام لە سەردەمی بابلی کۆن ناوەڕاستدا ئەم ناوە کەم دەبێتەوە (یاخود تاوەکو ئێستا زانیاریمان لەسەر نییە). لە دواتردا لە سەردەمی ئاشوری نوێ دەردەکەوێتەوە کە ئەوپەڕێ باشوری خۆرهەڵاتی ئاشور بووە.[٤١٩] کارخار وەك یەکێك لە شارە هەرە گرنگەکانی ناوچەکە ڕۆڵی خۆی گێڕاوە بە حوکمی ئەوەی لەسەر ڕوباری ئەڵوەند بووە، کۆنترۆڵی ڕێگای خوراسانی دەرکرد، هەروەها بانی ئێران و مێسۆپۆتامیا

---

412 Frayne, *RIME*, Vol. 3/2, p. 101-103.

٤١٣ مجید زادە، یوسف، *تاریخ و تمدن بین النهرین*، جلد اول، تهران، ١٣٧٦، ص. ١٧٠.

414 Gadd, C. J., Babylonia 2120 – 1800 B.C, in: *CAH*, ed. Edwards, E. S., and Gadd, C. J., and Hammond, G. L., Vol .1, part .2, Cambridge, 1971, p. 624.

415 Ahmed, *The Beginnings*, p. 197-198.

416 Walker, *Op. Cit.*, p. 65 ; Frayne, D., On the Location of Simurrum, p. 256-257.

417 Goetze, A ., '' Ḫulibar of Duddul'', *JNES*, Vol. 12, No. 2, (1953), p. 119

418 Frayne, On the Location of Simurrum, p. 266.

419 Levine, L. D., Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros II, *Iran*, Vol. 12, (1974), p. 116-117 ; Levine, L. D., "Ḫarḫar", *RlA*, Vol. 4, Berlin, (1972-1975), p. 120-121.

و به یەکەوە دەبەستەوە. ناوی دوو لە فەرمانڕەواکانی ئەم شارە لە ڕێگای نوسینەکانەوە بە ئێمە گەیشتوون.[٤٢٠]

یەکێك لە فەرمانڕەواکانی کارخار ناوی لەسەر مۆرێك نوسراوە، کە ناوی 'تیش- ئاتال Tiš-Atal'[٤٢١] بووە. مۆرەکە لە مۆزەخانەی لوڤەرە لە سەری نوسراوە "تیش-ئاتال پاشای کارخار ماسیام-ئیشتار بەندەتە".[٤٢٢] هەروەها یەکێکی دیکە لە فەرمانڕەواکانی کارخار ناوی 'زەردامو Zardamu' بووە. مۆرەکەی ئەم پاشایە لە مۆزەخانەی بریتانیایە، دوو ستون نوسینی لەسەرە، ناوی چەند خواوەندێکی لەسەر نوسراوە وەك خواوەند 'نێر(یـ)گال Ner(i)gal و ئاننونیتوم Annunitum و دوموزی Dumuzi و شەمەش Šamaš' و لە کۆتایدا خۆی بە پاشای بەهێز و پاشای کاراخار و پاشای هەرچوار لای جیهان وەسف کراوە.[٤٢٣] لە تێکستێکدا کە لە تەل ئەسمەر دۆزراوەتەوە ئاماژە بۆ داگیرکردنی کارخار دەکات لە لایەن ئێشنوننناوە. کە پێدەچێت لە ماوەی نێوان دەسەڵاتی 'بیلالاما و ئیپیق-ئەدەد Ipiq-Adad'ی دووەم بووبێت، لە هەمان کاتدا ئەم لەشکرکێشییە لە دژی زەردامو بووە.[٤٢٤] بەڵام چەند جارێك لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا هێرشی کراوەتە سەر، یەکەم هێرشی شولگی بۆ سەر ناوچەکانی 'کاراخار Karaḫar' لە ساڵی ٢٤ فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بوو. ئەو ساڵەی دەسەڵاتەکەی ناودەنێت "ئەو ساڵەی کاراخار وێران کرا".[٤٢٥] کارخار لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی شولگیدا چوار جار هێرشی کراوەتە سەر و تۆمار کراوە. جاری یەکەم لە ساڵی ٢٤ و جاری دووەم و سێیەم لە نێوان ساڵانی ٣٢ بۆ ٣٣ دەسەڵاتی شولگیدا بووە.[٤٢٦] جاری چوارەمیش لە ساڵی ٤٥ ی دەسەڵاتەکەیدا بووە کە دەڵێت "ئوربیلیوم و سیموررروم و لوللوبوم و کاراخارم وێرانکرد".[٤٢٧]

لێرەدا دەردەکەوێت کارخار وەك یەکێك لە ناوچەکانی گەرمیان بەردەوام هێرشی کراوەتە سەر و وێرانکراوە. شولگی لەشکرکێشی دووەمی لە نێوانی ساڵانی ٣١ بۆ ٣٥ دەسەڵاتەکەیدا دەست پێکرد، لە ساڵی ٣١ کارخار و لە ٣٢ سیموررروم بۆ جاری سێیەم هێرشی کراوەتە سەر. ئەم لەشکرکێشییە دەنگدانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە و سەرنجی زۆری خراوەتە سەر.[٤٢٨] هێرشی بەردەوامی پاشایانی بنەماڵەی ئوری سێیەم بۆ سەر شانشینی کارخار ئەوە دەردەخات کە ئەم شانشینەی لە ناوچەی گەرمیان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لە دۆخێکی ئارامدا نەژیاون.

---

[٤٢٠] ئەحمەد، ''بایەخی خانەقین و گەرمیان لەبەر ڕۆشنایی سەرچاوە کۆنەکاندا''، ل. ٩.

[٤٢١] ئەم ناوە ناوێکی خوررییە، ئەمەش پێدەچێت بەڵگەیەکە کە خوررییەکان لەم ناوچانەدا نیشتەجێبوون. بڕوانە: Walker, *Op. Cit.*, p. 159.

[422] Frayne, *RIME*, Vol. 3, p. 452.

[423] *Ibid*, p. 453 ;  Walker, *Op. Cit.*, p. 163.

[424] Walker, *Op. Cit.*, p. 163.

[425] Vacin, *Op. Cit.*, p. 86.

[426] Hallo, ''Simurrum and the Hurrian Frontier'', p. 74.

[427] Frayne, *RIME*, Vol. 3, p. 108.

[428] Vacin, *Op. Cit.*, p. 88 ;  Ahmed,  *The Beginnings*, p. 237.

شولگی جگە لە سیموررروم و کارخار و دێر چەند جارێکیش هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی ’کیماش Kimaš‘[٤٢٩] و ’خومورتی Ḫumurti‘[٤٣٠] لە هێرشەکانیشدا پێکەوە ناویان هاتووە. وەك دەڵێت "ئەو ساڵەی کیماش و خومورتیم وێرانکرد".[٤٣١] هەروەها ئەم دوو ناوچەیە ناویان لە تێکستێکی ’کوتیك- ئینشوشیناك Kutik-Inšušinak‘ لە شوشدا هاتووە. کە تێکستەکە دەگەڕێتەوە سەردەمی ئەکەدی و ناوی کیماش لەپاڵ ناوی ’خورتی Ḫurti‘ هاتووە.[٤٣٢] تێکستەکە دەڵێت "بۆ خواوەند ئینشۆشیناك فەرمانڕەوا پوزور-ئینشوشیناك فەرمانڕەوای شوش و دەسەڵاتداری عیلام کاتێك شاری کیماش و وڵاتی خورتی یاخیبوون لە دژم بە سوپاوە چوم بۆ داگیرکردنیان....".[٤٣٣] کە ئەمەش یەکەم ناوهێنانی ئەم دوو ناوچەیە پێکەوە.[٤٣٤] شولگی دواین ساڵی دەسەڵاتەکەشی بە ناوی "هێرش بۆ سەر ’خارشی Ḫarši‘ و کیماش و خومورتی و وێرانکردنی". ناو بردووە.[٤٣٥]

[٤٢٩] کیماش تەنها لە سەردەمی دەسەڵاتی شولگیدا شەش جار هێرشی کراوەتە سەر و وێرانکراوە. بڕوانە:
Michalowski, *Op. Cit.*, p. 101-102.
[٤٣٠] پێدەچێت لە نێوان سیموررروم و ئەڕڕاپخادا بوبێت، هەروەها خومورتی لە زۆربەی تێکستەکاندا لەگەڵ کیماش ناوی هاتووە، ئەمەش بەو واتایەیە کە هەردوکیان لە یەك ناوچەدا بوون، پێدەچێت لە ناوچەی دوزخورماتوی ئەمڕۆدا بێت، لە سەر چەمی ئاوەسپی، لە هەمانکاتدا پێدەچێت ناوەکەشی درێژە پێدەری هەمان ناوی کۆن بێت و خومورتی بوبێ بە خورماتوو. بڕوانە: Ahmed, *The Beginnings*, P. 199-200.
[431] Frayne, *REME*, *Vol 3/2*, p. 109-110.
[432] Walker, *Op. Cit.*, p. 36.
[433] *Ibid.*, p. 39.
[434] *Ibid.*, p. 36.
[435] Vacin, *Op. Cit.*, p. 99.

## ٢-٢ بارودۆخی سیاسی گەرمیان لە هەزارەی دووەمی پ.ز.

### ٢-٢-١ فراوانخوازییەکانی ئێشنوننا لە گەرمیاندا

ناوی ئێشنوننا دەگەڕێتەوە بۆ ناوی پایتەختەکەیان کە ئەمڕۆ بە تەل ئەسمەر دەناسرێت. بەپێی کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکان تەل ئەسمەر پایتەختی ئێشنوننا بووە. بە چەند شێوەیەك ناویان هاتووە، لە تێکستەکانی ناوچەی دیالە و دەرەوەشدا، بە گشتی بە سێ شێوە ناویان هاتووە Aš-nun-na، Iš-nun-na، Eš-nun-na'. هەروەها کۆنترین ناوهێنانیان بۆ سەردەمی 'نەرام-سین Naram-Sîn'ی ئەکەدی بە ' Ašnunna' ی ناوی هاتووە، هەروەها لە سەردەمی پاشایانی بنەماڵەی ئوری سێیەم بە تایبەت لە سەردەمی شولگیدا ناوی بە شێوەی 'Išnun' هاتووە.[٤٣٦]

ئێشنوننا یەکەم شانشین بوو توانی لاوازی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئوری سێ یەم بکاتە دەرفەت بۆ خۆی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی ڕابگەیەنێت، لە کۆتایی سەردەمی دواین پاشای ئور 'ئیببی-سین'.[٤٣٧] توانیویانە زۆربەی ناوچەکانی دیالە بخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە.[٤٣٨] ئێشنوننا پێشبڕکێی وڵاتە دراوسێکانی خۆی دەکرد لە جەنگ و دیبلۆماسیەتدا بۆ بەدەستهێنانی هەژموونی خۆی و شانبەشانی ئەوان بەردەوام لە هەوڵدابووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەوڵەتانە هەموویان لە هەوڵ و کۆششی دەسەڵاتی خۆیاندابوون، دوای ئەوەی سەربەخۆیی خۆی وەرگرت 'شو-ئیلیا Šu-īlia' پارێزگارەکەی ئێشنوننا خۆی کرد بوو بە فەرمانڕەوا، بەڵام هەندێ باس لەوە دەکەن پاشایەتی بە خواوەندی شاری ئێشنوننا بە 'تیشپاك Tišpak' سپێردراوە. هەروەها یەکەمین فەرمانڕەوایان ناوی 'شو-ئیلیا' بوو کە دوای سەربەخۆیی خۆی بە خواوەند ناساند بوو و نازناوی پاشایەتیشی لە خۆی نا بوو[٤٣٩].

ئەو پێگە جوگرافیایەی شانشینی ئێشنوننا هەیبوو وایکرد کە بەردەوام کاریگەری شارستانیەتەکانی دەوروبەری لە سەربێت. ناوچەکە دراوسێی عیلام بووە، لەهەمان کاتدا هەندێ لە گروپە ئامورریەکانیشی لێ بووە، وەك 'ئەمنانوم Amnanum' و 'یاخروروم Yaḫrurum' و 'یاباسا Yabasa' و 'ئیداماراز Idamaraz'،[٤٤٠] هەروەها ئەم ناوچەیە دەوڵەمەند بووە بە سەرچاوە ئاوییەکانی.[٤٤١] ئێشنوننا خاوەن ئاینی خۆی بووە و چەند خواوەندیکی تایبەت بەخۆی هەبوو، یەکێکیان ناوی 'تشپاك' بووە، هاوشێوەی 'تیشوپ Teššup' خواوەندی خورری یەکان بووە. تشباك خواوەندی هەورە بروسکە بووە و

---

[٤٣٦] الجبوري، احمد مجيد حميد، "ايبق-ادد الثاني ١٨٥٠-١٨١٣ ق.م ملك اشنونا"، *مجلة العميد، مجلد٢* ، عدد ٣ و ٤، تشرين الثاني (٢٠١٢)، ص. ٣٢٩.

[٤٣٧] هبو، احمد ارحيم، *تاريخ الشرق القديم*، ط١، ج٢، ١٩٩٦، ص. ١٥١.

[438] Maria, D. E., "Notes on the Chronology of the Later Ešnunna Dynasty", *JCS*, Vol. 37. No. 1, (1985), p. 62 ; Mustafa, *Op. Cit.*, p. 55.

[٤٣٩] ڤان دی میرۆپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٥٤.

[٤٤٠] ئەمانە ناوی هەندێ لە خێڵە ئاموررییەکانن لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و بەتایبەت لە سەر کەنارەکانی ڕوباری دیالە و ناوچەکانی دەوروبەری ئێشنوننا نیشتەجێ ببون. بڕوانە: Mustafa, *Op. Cit.*, p. 56-57.

[441] Mustafa, *Op. Cit.*, p. 56.

خواوەندی گەورەی ئێشنوننا بوو.[٤٤٢] میرۆپ دەڵێت "شو-ئیلیا خۆی بە خواوەند ناساندبوو، لە پاڵ نازناوی خواوەندیدا نازناوی پاشایەتیشی هەڵگرتبوو" لە سەردەمی دەسەڵاتیدا سنوری ئێشنوننا و تەواوی دۆڵی دیالە و تاوەکو ڕوباری دیجلەی گرتبوەوە.[٤٤٣] هەروەها لەڕوی سیاسییەوە چالاك بووە توانیویەتی ئەڕراپخا داگیربکات.[٤٤٤]

لە دوای شوئیلیا 'نور-ئاخوم Nūr-Aḫum' دەسەڵاتی وەرگرت، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ ڕزگار بوونی ئێشنوننا لە دەسەڵاتی سوبارتو. لە سەردەمی شو-ئیلیادا توانیبویان شکست بە ئێشنوننا بهێنن، لەبەر ئەوە نور ئاخوم توانی بە هاوکاری ئیشبی-ئیڕرا کۆتایی بە دەسەڵاتی سوبارتو لە ئێشنوننا بهێنێت.[٤٤٥] هەروەها توانی حەوزی دیالە داگیر بکات و پەلی هاویشت بەرەوە ئەڕراپخا و یەکێك لە ساڵەکانی دەسەڵاتی بە ناوی هێرش بۆ ئەڕراپخا ناوبردووە.[٤٤٦] دواتریش کورەکەی 'کیری-کیری Kiri-kiri' پاشان 'بیلالاما Bilalama' دەسەڵاتی شانشینی ئێشنوننایان وەرگرت، ئەم سەردەمە بە سەردەمی بنیاتنان و پێکهاتن دەناسرێت.[٤٤٧] لە دواتردا ئێشنوننا توشی لاوازی دەبێت. نازانرێت ئەم سەردەمی لاوازییە چەندیی خایاندووە، بەڵام جارێك کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی ئیسن و جارێکیش کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی شانشینی 'دێر Dēr' تاوەکو ئەو کاتەی ژمارەیەك فەرمانڕەوای نوێ و بەهێز هاتنە سەر دەسەڵات.[٤٤٨]

لە قۆناغی نوێدا سەرلەنوی دەوڵەتی ئێشنوننا کەوتەوە سەر پێی خۆی و یەك لەو پاشا بەهێزانەی دەسەڵاتی گرتە دەست 'ئیبال-پی-ئێل Ibal-pî-ēl'ی یەکەم بوو. لە سەردەمی ئەمدا فراوانخوازی و گەشەی سیاسی پەرەی سەند، تاوەکو ساڵی ١٧٧٣پ.ز. درێژەی کێشا.[٤٤٩] لە دوای 'ئیبال-پی-ئێل' چەند پاشایەکی دیکەی بەهێز دەرکەوتن لەسەر شانۆی سیاسی ئێشنوننا، 'ئیپیق-ئەدەد Ipiq-Adad'ی دووەم لە ساڵی ١٨٥٩-١٨١٥ پ.ز. ماوەی ٤٥ ساڵ لە حوکمدا بووە. بە پێی دەقەکانی تەل ئەسمەر فەرمانڕەوای ئەو کاتی هەرێمی دیالە 'ئابوشو-سین Abūâšu-Sîn'بووە.[٤٥٠] ئیپق-ئەدەد کە دەرکەوت نازناوی 'فراوانکاری ئێشنوننا'ی لەخۆی نا و دەستی کرد بە فراوانخوازی لە حەوزی ڕوباری دیالە بەرەو ناوچەکانی سەرەوە تاوەکو چیاکانی کوردستان.[٤٥١] هەروەها 'ئیپیق-ئەدەد'ی دووەم توانی شاری می-

[٤٤٢] الجبوری، *المصدر السابق*، ص. ٣٥٨.

[٤٤٣] ڤان دی میرۆپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٥٤-١٥٥.

[٤٤٤] خماس، احمد عبدالجبار، *البیوت الخاصة في مدینة اشنونا (تل اسمر) في ضوء التنقیبات العراقیة للموسم (٢٠٠١-٢٠٠٢)*، رسالة ماجستیر، غیر منشورة، جامعة بغداد، ٢٠٢٠، ص. ٥٦.

[445] Whiting, R. M. *Old Babylonian Letters from Tall Asmar*, Chicago, 1987, p. 24.

[٤٤٦] خماس، *المصدر السابق*، ص. ٥٦ ؛ السعدي، *المصدر السابق*، ص. ١٨٤.

[٤٤٧] باقر، *مقدمة في تاریخ الحضارات*، ص. ٤٥٥.

[٤٤٨] یوسف، عبیر عدنان، *ارابخا (كركوك حالیا) ٣٥٠٠ -٥٣٩ ق.م*، رسالة ماجستیر، جامعة الموصل، ٢٠١١، ص. ٣٥ ؛ باقر، *مقدمة في تاریخ الحضارات*، ص. ٤٥٥.

[٤٤٩] الجبوری، *المصدر السابق*، ص. ٣٣١-٣٣٢.

[450] De Boer, Rients, *Amorites in the Early Old Babylonian Period*, Leiden, 2014, p.228.

[٤٥١] الجبوری، *المصدر السابق*، ص. ٣٣١-٣٣٢.

توران داگیر بکات.[452] هەر ئەم شارە لە تێکستێکدا ناوی هاتووە کە فەرمانڕەواکەی ناوی 'ئاریم-لیم Arim-Lim'بووە، کە ناوێکی ئامورییە. ئەم کەسایەتییە نوسینێکی لە می-توران دۆزراوەتەوە کە تیایدا نازناوی 'Rabiān-Mar.tu'ی لە خۆی ناوە کە واتای گەورەی مارتو هاتووە.[453] لێرەدا دەردەکەوێت کە ئامورییەکان لە ناوچەکانی گەرمیاندا هەبوون و تەنانەت دەسەڵاتداریش بوون. کەناری دیجلە تاوەکو ڕوباری دیالە تاوەکو ئەڕڕاپخا کەرکوکی ئەمڕۆ لە باکورەوە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە تاوەکو مي-توران لە خۆرئاواشەوە تاوەکو نزیك فورات، لە باشوریشەوە تاوەکو نزیك دێر بخاتە سەر دەسەڵاتەکەی.[454] وەك ئەو دەقەی لە 'تەل سیب' دۆزراوەتەوە یەکێك لەساڵەکانی دەسەڵاتی ناودەنێت بە "ئەو ساڵەی 'ئیپیق-ئەدەد' بەسەر دێر دا سەرکەوت".[455] هەروەها دەقێکی دیکە هەیە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئیپق-ئەدەد توانی لە ساڵی ١٨٢٨پ.ز. 'خورشیتوم Ḫuršītum' داگیر بکات کە دەکەوێتە ناوچەی گەرمیانەوە.[456]

ئەو فراوانخوازیانەی 'ئیپیق-ئەدەد Ipiq-Adad'ی دووەم کردی لە دوای خۆیشی کوڕەکەی 'نەرام-سین Naram-Sîn' و پاشان 'دادوشا Daduša' لەسەر ئەو داگیرکاریانە بەردەوام بوون. دەسەڵاتی تەواویان بە سەر دۆڵی ڕوباری دیالە تاوەکو ڕوباری دیجلەدا چەسپابوو، سەدەی هەژدەیەم بە سەردەمی هێز و هەژمونی ئێشنوننا دادەنرێت و یەکێك بوو لە بەهێزترین دەوڵەتەکانی ناوچەکە و مێسۆپۆتامیا. لەم قۆناغەدا ئێشنوننا پێشبرکێی وڵاتانی دراوسێی دەکرد، لە هەمان کاتدا جەنگ و دیبلۆماسیەتی بۆ بەدەست هێنانی هەژموونی خۆی بەکاردەهێنا.[457]

'دادوشا Daduša' لە دوای 'نەرام- سین Narâm-sîn'ی برای دەسەڵاتی وەرگرت، لە ساڵی ١٧٨١ پ.ز وەك لە تێکستێکدا هاتووە بە هۆی شکانەوە وردەکارییەکەی بە تەواوی نازانرێت، بەڵام دەڵێت "ئەو ساڵەی دادوشا چووە سەر تەختی شاهانە لە باتیراتوم قوربانی کرد و لە [سیموررروم و/ لە باتیر]" بەڵام فرمانی دواتر شکاوە و نازانین چی ڕویداوە.[458] هێزەکانی لەگەڵ شەمشی-ئەدەدی شانشینی مێسۆپۆتامیای سەروودا کۆکردەوە بۆ ئەوەی ناوچەی نێوان هەردوو زێ یەکە داگیر بکەن. دوای ئەوەی بەسەرکەوتوویی لە جەنگ گەڕایەوە مۆنۆمێنتێکی بەردینی دروست کرد و ئاهەنگی سەرکەوتنی گێڕا.[459] لە مۆنۆمێنتەکەیدا باسی لێدانی ئەڕڕاپخا و داگیرکردنی 'قابرا Qabra'[460] دەکات و لە سەرەتادا

[452] علي، فيحاء مولود، *الواح فخارية من المواقع حوض حمرين من العصر بابلي القديم*، رسالة ماجستير غير منشور مقدمة الى كلية الاداب جامعة البغداد، ٢٠٠٦، ص. ٤٩.

[453] ئەحمەد، كۆزاد محەمەد، خانەقین و دەوروبەری، ل. ٩.

[454] الجبوري، *المصدر السابق*، ص. ٣٣١.

[455] السعدي، *المصدر السابق*، ص. ٢٧٤.

[456] ئەحمەد، كۆزاد محەمەد، خانەقین و دەوروبەری، ل. ٩.

[457] ڤان دی میرۆپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل ١٥٥.

[458] Michalowski, *Op. Cit.*, p. 154 ; Al Rawi, F. N. N., *Op. Cit.*, p. 39.

[459] ڤان دی میرۆپ، مارك، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٥٥.

[460] قابرا بە شیوەی Qa-ab-ra-a, Qa-ba-ra-a هاتووە، دەکەوێتە ناوچەی هەولێرەوە. بڕوانە:. Ahmed, *The Beginnings*, P. 345.

هاوپەیمانێتییەکەی سەرکەوتوو بوو، لە ئێستادا میلەکەی دادوشا لە مۆزەخانەی بەغدادە.[461] ئەم میلە دادوشا سەرکەوتنە سەربازییەکانی خۆی لە ماوەی دەسەڵاتیدا لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات تێدا تۆمار کرد.[462]

لە سەردەمی 'ئیبال-پی-ئێل Ibal-pî-ēl'ی دووەم شانشینی ئێشنوننا ڕووبەڕووی سەردەمێکی نوێ بووەوە لە لاوازی و لەبەریەك هەڵوەشانەوە لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا. لە سەردەمی 'صیلی-سین Ṣili-Sîn' ئیدی بەرەو قۆناغی کۆتایی سیاسی خۆی چوو، هەرچەندە پاشاکانی پێشتر هاوپەیمانی و فراوانخوازییان بە ئەنجام گەیاندبوو، بەڵام بە هاتنی 'حەمموڕابی Hammurabi' لە ساڵ ١٧٩٢-١٧٥٠پ.ز. پێشکەوتنەکان پێچەوانە بونەوە.[463] حەمموڕابی لە دوای تێکشکاندنی عیلامی یەکان بە یارمەتی 'صیلی-سین'ی پاشای ئێشنوننا، دواتر لە هاوپەیمانیەتیەکە کشایەوە و لە ساڵی ١٧٦٢ پ.ز جەنگی لە دژی ئێشنوننا بەرپاکرد و کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی ئێشنوننا هات، هێزەکانی بابل ناوچەی دیالەیان داگیرکرد.[464] لەوە بەدوا گەرمیان و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێشنوننا بون بە بەشێك لە دەسەڵاتی سیاسی بابل، لە هەمان کاتدا قۆناغی سەرەتای دەرکەوتنی کاشی یەکان بوو لە ناوچەی گەرمیاندا، ڕۆڵی سیاسی و شارستانییان بە شێوەیەکی فراوان لە ناوچەکەدا دیار و بەرچاوە لە ماوەی نێوان ١٥٩٥-١١٥٧ پ.ز.

## ٢-٢-٢ سەردەمی کاشی یەکان لە گەرمیان

سەرچاوە و تێکستە مێخییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کاشی یەکان لە دانیشتوانە ڕەسەنەکانی زاگرۆسن و نیشتەجێی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کەرکوك و گەرمیان و بەرەو ناوچەی بەرزاییەکانی لوڕستان بوون.[465] هەندێ سەرچاوەی دیکە هەن ئاماژە بە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی بابل دەکەن، وەك مەڵبەندێکی نیشتەجێ بوونی کاشی یەکان، پێش دەست بەسەرداگرتنی بابل.[466]

بە گشتی کاشی یەکان لە دانیشتوانی زاگرۆسن و پیشەیان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە، بە زمانێ قسەیان کردووە تاڕادەیەك لە زمانی عیلامی چووە، ئەوان دراوسێی عیلامی یەکان بوون. لە چارەکی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین هەندێك لە کاشی کان بە جموجوڵ و کۆچکردن لە بەرزاییەکانەوە هاتونەتە ناوچەکانی سەرەوەی ڕوباری دیالە/سیروان و لقەکانی و لەوێوە جار جار هێرشیان کردووەتە

---

[461] عبدالصمد، *کردستان العراق في تاريخ القديم*، ص. ٦٥.
[462] الراوي، هاله عبدالكريم، *المسلات الملكية في العراق القديم*، رسالة ماجستير، جامعة الموصل، ٢٠٠٣، ص. ١٠٨.
[463] الجبوری، *المصدر السابق*، ص. ٣٣٥-٣٣٦.
[464] Mustafa, *Op. Cit.*, p. 57 ؛ ڤان دی میرۆپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٥٧.
[465] زاموا، "الكاشيون في كركوك و گرميان (من القرن ١٨ الى القرن ١ ق.م)"، ص. ٢٣٨.
[466] جليليان، شهرام و علی نيا، امير، "ورود كاسيها به ميان رودان و پيامدهای ان"، *فصلنامه علمی- پژوهشی تاريخ اسلام و ايران دانشگاه الزهرا (س)*، عدد ١٦، (١٣٩١)، ص. ٢٤.

سەر بابل.[٤٦٧] بەڵام هیچ ئاماژەیەکی سیاسی بۆ کاششی یەکان لە پێش ساڵی ١٧٤١ پ.ز. تاوەکو ئێستا بەردەست نییە، بەڵکو لە سەردەمی دەسەڵاتی 'سەمسو-ئیلونا Samsu-iluna'حەوتەمین پاشای بنەماڵەی بابلی یەکەم ١٧٤٩-١٧١٢ پ.ز دا چالاکی سیاسی و سەربازییان دەردەکەوێت.[٤٦٨]

لە سەردەمی بابلیدا کۆندا بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتی 'سەمسو- ئیلونا' بۆ یەکەمجار هێرشی کاششی یەکان لە تۆمارەکاندا دەردەکەوێت، هێرشیان کردووەتە سەر سنورەکانی دەوڵەتی بابلی، بەڵام سەمسو-ئیلونا سەرکەوتوو بووە لە دورخستنەوەی مەترسی کاششی یەکان، ئەمەش لەساڵی نۆیەم ١٧٤٠ پ.ز.ی دەسەڵاتەکەیدا بووە.[٤٦٩]

لە دەیەی کۆتایی دەسەڵاتی 'سەمسو-دیتانا' دەسەڵاتی کاششی یەکان لە ناوچەکانی دیالە/سیروان دا زیاتر بووە، بەتایبەت لە ناوچەکانی ئێشنوننا و دەوروبەری، هەروەها ناوچەی تەل موحەمەد (پێدەچێت تۆپلیاشی[٤٧٠] دێرین بێت) کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی 'یەموتبال Yamutbail'دا بووە، هەمووی کەوتە ژێر دەسەڵاتی کاششی یەکانەوە.[٤٧١] لە دوای هێرشە سەرنەکەوتووەکەی سەر بابل پێدەچێت کاششی یەکان زنجیرەیەك شانشینیان لە سەرچاوە و لقەکانی ڕوباری دیالە/سیروان دا بنیاد نابێت، بەشی خوارەوەشی لە ژێر دەسەڵاتی ئێشنوننادا بوبێت، کە لەو کاتەدا بە 'تۆپلیاش Tupliaš' دەناسرا.[٤٧٢]

هەندێ دەسەڵاتداری کاششی یەکان لە پێش کاشتیلیاش ناویان هاتووە وەك 'گانداش Gandaš' لە ١٧٤١-١٧٢٦ پ.ز.، ئاگوم Agum ی گەورە ١٧٢٥-١٧٠٤ پ.ز.، پاشان 'کاشتیلیاش Kaštiliaš'ی یەکەم دێت لە ١٧٠٠-١٦٨٤ پ.ز.، دواتر 'ئاوشی Auši' لە ١٦٨٣-١٦٧٤ پ.ز.، 'ئابی-ڕاتاش Abi-rataš' لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم)، بەڵام زۆریشیان لەبارەوە نازانین.[٤٧٣] بەڵکو زانیارییان لە بارەوە کەمە یاخود لە بارەیانەوە نەنوسراوە، لەبەرئەوە دەکرێت پێش هاتنە ناو وڵاتی بابل حوکمی خۆیانیان کردبێت و دەسەڵاتی سیاسییان هەبوو بێت، بەڵام بەهێز نەبووبن.

لەم سەردەمەدا پێدەچێت ناوچەکانی دیالەی خوارەوە لە ژێر هەژموونی کاششی یەکاندا بووبێت، ناوچەی دیالە بۆ کاششی یەکان ناوچەیەکی گرنگ بووە، کە جگە لە گرنگی ستراتیجی ئەم ناوچەیە لەم

---

[٤٦٧] دیاکونوف، *میدیا*، ل. ١٧٣.

[468] Zadok, R., Peoples from the Iranian Plateau in Babylonia during the Second Millennium B.C., *Iran*, Vol. 25, (1987), p. 17.

[469] William J. Hamblin., *op. Cit.*, p. 181 ; Gadd, C. J., Beginnings of the Kassite Dynasty in: *CAH*, ed. Edwards, E. S., and Gadd, C. J., and Hammond, G. L.) Vol .2, part .1, Cambridge, 2008, p. 224.

[٤٧٠] ئەم ناوە بە دوو شێوە دێت (تۆپلیاش و توگلیاش) دەکەوێتە سەر ڕوباری دیالە، لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلەوە، ناوچەیەکی کاشی نشین بووە، لەگەڵ نیقوو بەشێك بووە لە وڵاتی نامری. بڕوانە: Fuchs, Andreas, "Tupliaš", *RlA*, Vol. 4, Berlin, (2014-2016), p. 191.

[471] Van Koppen, F., The Early Kassite Period, in; *Karduniaš Babylonia under The Kassites*, ed. Alexa Bartelmus and Katja Sternizke, Berlin, 2011, p. 64.

[٤٧٢] دیاکونوف، *میدیا*، ل. ١٧٧.

[٤٧٣] *هەمان سەرچاوە*.

ناوچەیەوە دەیانتوانی لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ زێدی خۆیان.[٤٧٤] هەروەها لەو ماوەیەدا کاششی یەکان وەك خەڵکانی کۆچەری (ئەوانەی گەرمیان و کوێستان دەکەن) لە ناوچەکەدا بەردەوامیان بە ژیانیان داوە.[٤٧٥] بەشێکی دیکە لە کاششی یەکان سەرقاڵی کاری بازرگانیکردن بوون و کۆنترۆڵی بازرگانی نێوان ناوچەکانی بابل لە باشور و باکوریان کردبوو کە بەشێکیان بە ناوچەکانی گەرمیاندا تێپەڕ دەبوون.[٤٧٦]

دەکرێت کۆمەڵە هۆکارێك هەبووبن بۆ هێرش و هاتنی کاششی یەکان بۆ ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا، وەك زیاد بوونی بەرهەمی ناوخۆ و گەشەسەندنی گشتی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە ناوچە شاخاوییەکاندا، هەروەها گەشەی بەرچاوی کانزاکاری پاڵپشتیەکی باشی کاششی یەکان بوو بۆ بەهێزبونیان.[٤٧٧]

کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی یارمەتیدەر بوون کاششی یەکان بکشێن بەرەو مێسۆپۆتامیا، ڕەنگە شەپۆلی کۆچی ڕەگەزە هیندۆ ئەوروپییەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز. دا کاریگەری هەبوبێت لە سەر چوونی کاششی یەکان بۆ بابل.[٤٧٨] هەموو ئەو بۆشاییانەی لە هێزی کار و هێزی سەربازی لە بابلدا هەبوون کاششی یەکان پڕیان دەکردەوە، بەم شێوەیە وردە وردە لە بابلدا ژمارەیان زیادی کرد، دانیشتوانی بابلیش دەستی کاری کاششی و هێزی کاششی یان بە کاردەهێنا.[٤٧٩] کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش وەك نەمانی حاموڕابی و هاتنە سەرکاری کوڕ و نەوەکانی کە پاشایانی لاواز بوون. لەم کاتەدا بنەماڵەی بابلی یەکەم بەرەو لاوازی ڕۆیشت، لە سەردەمی 'سەمسو- دیتانا'دا لە ناوچەکانی باشور لە زۆنگاو و کەنارەکانی کەنداو دەسەڵاتێك دروست بوو بە ناوی بنەماڵەی وڵاتی دەریا و بە بنەماڵەی دووەمی بابلیش دەناسرێ، لە دواتردا حیثییەکان ئەم لاوازییەی بابلیان بە دەرفەت زانی و لەساڵی ١٥٩٥ پ.ز. دا هێرشیان کردە سەر بابل و گرتیان و کۆتاییان بە بنەماڵەی بابلی یەکەم هێنا.[٤٨٠]

حیثییەکان لە سەردەمی 'مورشیلی Muršili'ی یەکەم بەرەو بابل کشان و بە بێ کاششی یەکان نەیان دەتوانی بەتەواوی بابل کۆنترۆڵ بکەن، لەبەرئەوە هاوپەیمانییان[٤٨١] لە گەڵ کاششی یەکان بەست، لە دوای داگیرکردنی بابل لە ساڵی ١٥٩٥ پ.ز. حیثییەکان لە پاش تاڵانکردنی بابل شارەکەیان بە جێ هێشت، بۆ خاتوشای پایتەختیان گەڕانەوە و بەوهۆیەوە 'سەمسو-دیتانا' دوا پاشای بابلی یەکەم کۆتایی هات.[٤٨٢] ئەو زنجیرەیەی کاششی یەکان دایان مەزراندبوو لە ناوچەکانی دیالە و لە سەرەوەتردا ئەم دەرفەتەیان بە هەند

٤٧٤ جلیلیان، و علی نیا، *المصدر السابق*، ص. ٣٢.

475 Bryce, *Op. Cit.*, p. 375.

476 Boivin, Odette., *The First Dynasty of the Sealand in History and Tradition*, Ph.D. Toronto, 2016, p. 102.

٤٧٧ عەلی یێف، ئیقرار، *پاشایەتی ماد*، و.سەلام ئیسماعیل پور، سلێمانی، ٢٠١٦، ل. ٢٩٠-٢٩١.

٤٧٨ *هەمان سەرچاوە*، ل. ٢٩١.

479 Paulus, Susanne, Foreigners under Foreign Rulers, The case of Kassite Babylonia (2 half of 2 millennium B.C.), *in the Foreigner and law*, ed. Reinhard, A., Rainer Albertz and Jakob Wohrle, Wiesbanden, 2011, p. 4.

٤٨٠ زەکی بەگ، ئەمین، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٥٦٩.

٤٨١ هەندێك لە سەرچاوەکان باس لە بوونی پەیوەندی و هاوپەیمانی نێوان کاشییەکان و حیثییەکان دەکەن، بەڵام تاکو ئێستا هیچ یەك لەو سەرچاوانە نەیانتوانیوە بە بەڵگەیەکی شوێنەواری یاخود تێکستێك ئەم بابەتە پشت ڕاست بکاتەوە. لەبەرئەوە تاوەکو دۆزینەوەی بەڵگەکان ئەم وتانە تەنها ئەگەرێکن.

٤٨٢ جلیلیان، و علی نیا، مصدر *قبلی*، ص. ٣٠.

وەرگرت و ئەو بۆشاییەی لە هێزی دەسەڵات لە بابل دروست ببوو لە دوای کشانەوە حیثییەکان[٤٨٣] کاشی یەکان پڕیانکردەوە.[٤٨٤]

لەم قۆناغەدا کاشی یەکان کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتی سیاسییان لە بابل کرد، بەڵام زانیاریەکانمان کەمن لەسەر دەسەڵات و شێوازی حوکمڕانییان، یەکەم پاشای کاشی لە بابلدا دەسەڵاتی وەرگرت ناوی 'ئاگوم Agum'ی دووەم بوو، بە ئاگوم کاکریمێ دەناسرێت و تاوەکو ساڵی ١٥٧٠ پ.ز. لە دەسەڵاتدا بووە.[٤٨٥] یەکەم کاری ئەم پاشایە گێڕانەوەی پەیکەری خواوەند مەردوك و صارپانیتومی هاوسەری بوو لە خانە بۆ بابل و دوبارە نوژەنکردنەوەی پەرستگاکانی بابل.[٤٨٦] لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی بابل کاشی یەکان هەرگیز دەست بەرداری سونەت و ئاکاری خۆیان نەبوون، ئەوەی خۆیانیش بەسەر بابلدا نەسەپاند، لە هەمان کاتدا بەشێك لە کاشی یەکان لە نیشتمانی خۆیان مانەوە لە ناوچەکانی زاگرۆس لە دراوسێیەتی لوللویی و گوتی یەکان.[٤٨٧] ناوی کەسی کاشی جیاواز بوو لەناوی بابلی یەکان، لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا بەزمانی کاشی دەدوان و بەزمانی بابلی دەیاننوسی، هەندێجاریش زاراوەی کاشی یان تێهەڵکێشی نوسینەکانیان دەکرد، پێدەچێت مەراسیمی ئاینی و داستانەکانیان بەشێوەی زارەکی بەیان کردبێت.[٤٨٨]

زنجیرەی پاشایەتی کاشی لە بابل زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ درێژەی کێشا، لە سەرەتای دەسەڵاتیاندا هیچ زانیاریەکمان لەسەر گەرمیان لە بەردەستدا نییە، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی 'ئاگوم'ی دووەم ١٥٠٠-١٥٢٥ پ.ز. یەکەم هێرشی بۆ ناوچەکانی دیالە و لقەکانی ڕوباری دیجلە ئەنجام دەدات.[٤٨٩] پێدەچێت ئەمە یەکەم دەستتێوەردانی سیاسی کاشی یەکان بوبێت لە ناوچەکانی سەرەوە و خوارەوەی دیالە، لەگەڵ ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر ڕێگای خوراسان. لە نوسینەکانی 'ئاگوم کاکریمێ'ی دووەم لە ساڵی ١٥٠٠ پ.ز. دەڵێت "دەسەڵاتم بەسەر ناوچەکانی ئێشنوننا و سەرزەمینی پادان و ئالمان[٤٩٠] و سەرزەمینی گوتی یەکاندا کێشا".[٤٩١] پاشانیش نازناوی پاشای پادان و ئالمان و پاشای گوتی لە خۆی نا.[٤٩٢]

---

[٤٨٣] تێفکرین بۆ چەند و چۆنی هێرشی مورشیلی بۆ ئەوپەری باشور و داگیرکردن و وێرانکردنی بابل دواتر دروست بوونی بۆشایی سیاسی گەورە لە بابل و گەڕانەوەی بۆ پایتەخت، هۆکارەکەشی بۆ ئەو هەڵگەڕانەوە بوو کە ببوە هۆکاری پشێوی لە کۆشکی شاهانەی خاتوشای پایتەخت، کە لەلایەن هانتلی زاوایەوە بەرپا کرا بوو، دوای گەڕانەوەی مورشیلی، گرتی و کوشتی کرد، تەختی پاشایەتی بۆ خۆی وەرگرت. بڕوانە: ڤان دی میرۆپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٨٦-١٨٧.

[٤٨٤] جليليان، و علی نيا، *مصدر قبلی*، ص. ٣٠-٣٢.

[485] Brinkman, J. A., "Foreign Relation of Babylonia from 1600-to-625 B.C. The Documentary Evidence", *AJA*, Vol. 76, N 3, (1972), p. 274.

[486] Goetze, Albrecht., The Kassites and Near Eastern Chronology", *JCS*, Vol. 18, No.4, (1964), p. 98.

[٤٨٧] جليليان، و علی نيا، *مصدر قبلی*، ص. ٣٤.

[488] Kuhrt, A., *The Ancient Near East 3000-330 B.C.*, Vol. 1, New York, 1995, p. 338-339.

[489] Casana, and Glatz, "Babylonian Encounters in The Upper Diyala River Valley; Contextualizing the Results of Regional Survey and the 2016-2017 Excavations at Khani Masi", *AJA*, Vol. 123, N 3, (2019), p. 440.

[٤٩٠] ئەم دوو شارە لە زۆرێك لە تێکستەکاندا ناویان بە یەکەوە هاتووە، پادان پێدەچێت لە کەنارەکانی ڕوباری سیروان بێت لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە، بەڵام ئالمان دەکەوێتە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو، بە پێی هەندی لە سەرچاوەکان دوری نێوان ئەم دوو شارە دوو ڕۆژە ڕێ بووە. بڕوانە: Casana, and Glatz, of Highland –Low Land Borderlands , p. 131.

دوا بەدوای بەهێزبوونی کاششی یەکان و جێگیر بوونی دەسەڵاتیان، کەوتنە ململانێ و هێرش بۆ سەر شانشینی دەریایی لە باشوری بابل، لە ساڵی ١٤٦٠ پ.ز. کاششی یەکان توانیان کۆتایی بە شانشینی دەریای بهێنن و ناوی وڵاتەکەیان گۆڕی بۆ وڵاتی 'کاردونیاش Karduniaš'.[493] لە سەردەمی بەهێزی کاششی یەکان و ئاشورییەکان گەرمیان ناوەندێکی ململانێی نێوان ئەم دوو زلهێزە بووە، هەرکام لەم دوو هێزە بەهێزتر دەرکەوتنایە پەلاماری ئەوی دیکەی دەدا، لە کاتی بە هێزبوونی هەردوولادا ئەوا ڕێککەوتن لە نێوانیاندا دەهاتە کایەوە، وەك ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان 'بورنابوریاش Burnaburiaš'ی جێگرەوەی ئاگوم کاکریمێ لەگەڵ 'پوزور-ئاشور Puzur-Aššur' ی[494] پاشای ئاشور١٥٢١-١٤٩٨ پ.ز. بۆ مەبەستی دیاریکردنی سنوری نێوانیان دروست کرا. سنوری نێوانیشیان بە هێلێك بە سامەڕادا تێپەڕ دەبوو.[495] وەك لە تێکستەکەدا هاتووە دەڵێت "پوزور ئاشوری سێیەم پاشای ئاشور و بورنابوریاشی یەکەم پاشای وڵاتی کاردونیاش سوێندیان خوارد بۆ دیاریکردنی سنوری نێوانیان".[496]

لە قۆناغەکانی دواتردا پاش نزیکەی ١٠٠ ساڵ و جارێکی دیکە ڕێککەوتنی سیاسی بۆ مەبەستی دیاریکردنی سنور لە نێوان کاردونیاش و ئاشورییەکاندا ئەنجام دراوە.[497] لە تێکستەکەدا هاتووە "کارائینداش Karaindaš' پاشای وڵاتی کاردونیاش لەگەڵ 'ئاشور- بێل-نشێشو Aššur-Bēl-Nšēšu'ی[498] پاشای وڵاتی ئاشور ڕێککەوتن بۆ دیاریکردنی سنوری نێوانیان ".[499]

لە سەدەی پازدەیەم پ.ز. پەیوەندی لە نێوان دانیشتوانی نوزی و کاششی یەکاندا هەبووە، کاششی یەکان لە پاڵ دانیشتوانە خورری یەکەی نوزیدا ڕۆڵی کارایان هەبووە لە بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی ئەسپ و تەنانەت هەندێکیان پلە و پۆستی سەربازی و دادوەریان لە نوزیدا هەبووە.[500] لە هەمان کاتدا لە تێکستەکانی نوزیدا هاتووە چەند کەسێکی کاششی لە 'وڵاتی کاششی Māt-Kaššuḫḫi' هاتوون، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە جوگرافیا و پێگەی وڵاتی کاششی بکات، پێدەچێت ئەو وڵاتی کاششییە ئەو دەقانە ئاماژەی پێ دەکەن کەوتبێتە باشوری ئەڕاپخاوە.[501]

---

491 *Ibid*, p. 442.

٤٩٢ الامين، محمود حسن، "الكاشيون"، *مجلة كلية الاداب*، عدد ٦، (١٩٦٣)، ص. ٥٢١.

493 Stillman, N., and Tallis, N., *Armies of Ancient Near East 3000-539 B.C.*, Sussex, 1984, p. 26.

٤٩٤ بە 'پوزور-ئاشور'ی سێیەم ناسراوە کوڕی ئاشور-نیراری یەکەم بووە لە ساڵانی نێوان ١٥٢١-١٤٩٨ پ.ز. بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ لە دەسەڵاتدا بووە، هاوچەرخی بورنابوریاشی کاششی بووە، بڕوانە:. Leick, Gwendolyn, *Who is Who in the Ancient Near East*, London, 1999, p. 132.

٤٩٥ باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات*، ص. ٤٩٨.

496 Grayson, *ABC*, p. 158 ; Goetze, The Kassite and Near Eastern Chronology,p. 98.

٤٩٧ باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات*، ص. ٤٩٨.

٤٩٨ ئاشور-بێل-نشێشو پاشای ئاشور بووە لە ساڵانی نێوان ١٤١٧-١٤٠٩ پ.ز. لە دەسەڵاتدا بووە، بە پێی لیستی پاشایانی ئاشوری کوڕی ئاشور-نیراری دووەم بووە، هاوچەرخی پاشای کاردونیاش، کارائینداش بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتیدا شورایەکی نوێی بنیادناوە لە وڵاتی ئاشور. بڕوانە: Leick, *Op. Cit.*, p. 27.

499 Grayson, *ABC*, p. 158 ; Goetze, The Kassite and Near Eastern Chronology, 98.

500 Malko, *Investigation into Op. Cit.*, p. 18.

501 Malko, *Investigation into*, p. 79.

کاشی یەکان لە ئەڕاپخادا سەرقاڵی کاروباری بازرگانیکردن بوون، بەتایبەت کاری کڕین و فرۆشتنی جۆیان کردوه.[٥٠٢] کاشی یەکان لە ساڵانی ١٤٤٠ بۆ ١٣٤٠ پ.ز. سنوری دەسەڵاتیان تاوەکو ناوچەکانی کەرکوك درێژ بوەتەوە، نزیکەی دوو لە سەدی دانیشتوانی کەرکوك کاشی یەکان پێکیانهێنابوو.[٥٠٣] باوەڕ وایە لە دوای داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە بابل بەشێکی زۆری کاشی یەکان لە ناوچەکانی زاگرۆس ماونەتەوە، ئەمانەش لە تێکستەکانی نوزیدا ئاماژەیان بۆ کراوە، بە وڵاتەکەشیان وتراوە وڵاتی کاشی یەکان، بە تایبەتیش ناوچەکانی باشوری کەرکوکی ئەمڕۆیی دەگرتەوە.[٥٠٤]

لە تێکستەکانی نوزیدا دەقێك هەیە باس لە هۆزێکی کاشی یەکان دەکات، ناوی ئەم هۆزە 'کیززوك Kizzuk' بووە، ناوچەکەشیان بە هەمان ناو ناوی بردراوە. ئەمانە هۆزێکی کاشی بوون و سەرقاڵی کاری بازرگانی و کشتوکاڵکردن بوون.[٥٠٥] برینکمان باوەڕی وایە کاشی یەکانی نوزی لە بنەڕەتدا خەڵکانێکی دەست ڕەنگین و شارەزا و هەندێکیشیان وەك کرێکار و تەنانەت وەك کۆیلەش لە شارەکەدا بوون، لە ڕاستیدا ئەوانە خەڵکی سەرزەمینی کاشی یەکان بوون، بەڵام لە نوزیدا نیشتەجێ کرابوون.[٥٠٦]

لە سەدەی چواردەیەمی پ.ز. کاشی یەکان لە ناوچەکانی دیالە بۆ ناوچەکانی 'دیلمون Dilmun' (بەحرین) لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووە، لەو سەردەمەشدا یەکێك لە بەهێزترین دەوڵەتەکانی سەردەمی خۆی بووە.[٥٠٧] لە هەمان کاتدا پێدەچێت هەموو ناوچەکانی شێروانە و کەلار هەتاوەکو بناری بەمۆ بەشێك لە خاکی کاشی نشین بوو بێت، بە تایبەت لە شێروانەدا پاشماوە شوێنەواری کاشی تێدا دۆزراوەتەوە.[٥٠٨] لەم قۆناغەدا کاشی یەکان هەمیشە لە هەوڵدا بوون بۆ پاراستنی ناوچەی گەرمیان، ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی ڕێگا بازرگانیەکانی بابل بۆ دیالە و بۆ بانی ئێرانی ئەمڕۆ، لەبەرئەوەی ڕێگایەکی بازرگانی گرنگ بوو، بەردی بەنرخیان پێدا هاوردە و هەناردە دەکرد و لە بابلدا بازاڕێکی باشی هەبوو.[٥٠٩] لە هەمان کاتدا ناوچەکانی دیالە (گەرمیان) بەشێکی زۆری دانەوێڵە و بەروبومی کشتوکاڵی و هەروەها ئەسپی دابیندەکرد و بۆ وڵاتی کاردونیاشی هەناردە کردووە.[٥١٠] گرنگیی دیالە و حەمرین لەوەدا بوو بە شادەماری سەرەکی مێسۆپۆتامیا دادەنرا، لەبەرئەوە دیالە و حەمرین (گەرمیان) ئەلقەی پەیوەندی نێوان زاگرۆس لە باکور و مێسۆپۆتامیا بوو لە باشور، دەسەڵاتی هەرهێزێکیش پەیوەست بووە بە ناوچەی

---

[502] Mahammad, Assos Qadir., *Arrapha (Karkuk) Von den Anfangen Bis 1340 V chr. Nach Keilschriftlichen Quellen*, Ph.D. Bayerischen Julius Maximilians Universitat, 2013, p. 130.
[503] Stein, Diana, "*Kassites*" The Oxford Encyclopedia of Archaeology in the Near east, Vol 3, New York, 1997, p. 272,
[504] Sassmannshausen, *Op. Cit.*, p. 292.
[505] Maidman, M. P., "Kassites Among the Hurrian: A Case Study From Nuzi", *SSM*, Vol 8, (1983), p. 20.
[506] Brinkman, "Kassite", *RlA*, Vol.5, p. 469.
[507] Kuhrt, *The Ancient Near East 3000-330 B.C.*, Vol. 1, p. 340.
[٥٠٨] عبدالصمد، *کردستان العراق في التاریخ القدیم*، ص. ٧٨.
[509] Kuhrt, *The Ancient Near East 3000-330 B.C.*, Vol. 1, p. 341.
[510] Sassmannshausen, *Op. Cit.*, p. 293.

دیالەوە ناوچەکانی سەرەوەتر، لەبەرئەوە ئەم ناوچەیە بەردەوام جێگەی مشت و مڕی سیاسی و سەربازی بووە، ناوچەکەش سنورێکی جیاکەرەوەی ڕوونی نییە بتوانرێت بە ئاسانی جیا بکرێتەوە.[٥١١]

ئەوەی زانراوە ناوچەکانی دیالە بەگشتی لە سەردەمی دەسەڵاتی کاششی یەکان لە بابلدا ڕۆڵی سەربەخۆی نەبووە، بەڵکوو ئەم ناوچەیە بەهۆی هاوسنور بوونی لەگەڵ عیلام و ئاشور هەمیشە چەقی ململانێی نێوان ئەم هێزانە بووە، زۆرجاریش نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت وێرانکراوە.[٥١٢] لەبەرئەوە کاششی یەکان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون ناوچەکانی دیالە و سەرەوەتر بۆ ناوچەکانی زاگرۆس کۆنترۆڵ بکەن بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی و گرتنی ڕێگا بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا کە ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا بە ناوچەکانی زاگرۆسەوە دەبەستەوە، لەوێوە بازرگانی بەردە بەنرخەکانیان بۆ خۆیان کۆنترۆڵ دەکرد، کە بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنران، 'کادشمەن-ئێنلیل Kadšman-Enlil'ی یەکەم ١٣٧٤-١٣٦٠ پ.ز. و بورنابوریاشی دووەم ١٣٦٠-١٣٣٣ پ.ز. کۆمەڵێك بەردی بەنرخ 'لاجیورد'ی وەك دیاری دیپلۆماسی بۆ هاوتا میسریەکەی ناردووە.[٥١٣]

'ئاشور- ئوبەللیت Aššur-uballiṭ'ی یەکەم توانی هێرش بکاتە سەر ناوچەی لوللوی و گوتی یەکان و گەیشتوەتە سنوری وڵاتی بابل لە دهۆکی ئەمڕۆ بۆ ناوچەکانی دیالەی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی ئاشورییەوە.[٥١٤] لەوکاتەدا لە وڵاتی کاردونیاش کۆمەڵێك ڕاپەڕینی ناوخۆی بەرپابوون، تەنانەت توانیان 'کارا- خارداش' لە دەسەڵاتدا بکوژن، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی 'ئاشور-ئوبەللیت' دەست بخاتە کاروباری وڵاتی کاردونیاش و 'کوریگالزو Kurigalzu'ی بچوك[٥١٥] لەسەر تەختی دەسەڵاتی بابل دابنێت.[٥١٦]

لە هەمان کاتدا وڵاتی کاردونیاش لە سەدەی سیازدەی پ.ز لە ململانێدا بووە لەگەڵ وڵاتی عیلام لەسەر ناوچەی پادان و ئالمان. لە سەردەمی کوریکالزوی کاششی و 'خورباتیلا Ḫurbatila'ی پاشای عیلامی ئەم ململانێیە بەردەوام بووە، تاوەکو لە کۆتایی سەدەی سیازدەیەم بەهۆی سەختی ململانێی کاششی و ئاشوری لە لایەك و کاششی و عیلامی لە لایەکی دیکەوە، عیلامییەکان توانیان بەیەکجاری ناوچەکانی پادان و ئالمان داگیر بکەن.[٥١٧] لە سەر سنور لە ناوچەی سەرپێڵی زەهاودا کودررویەکی

---

[511] David A. Warburton., Egypt and Mesopotamia, in: *The Babylonian World* ed. Gwendolyn Leick, London, 2007, p. 497.

[512] Adamse, Mac., *Land Behind Baghdad*, Chicago, 1965, p. 53.

[513] Casana, and Glatz, "Babylonian Encounters in the Upper Diyala River Valley", p. 442.

[٥١٤] عبدالصمد، *کردستان العراق في التاریخ القدیم*، ص. ٧٩.

[٥١٥] هۆکاری ئەم دەست تێوەردانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوسەرگیرییە سیاسیەی کە لە نێوان ئاشور و کاردونیاشدا هەبوو، لەبەرئەوەی ئاشور ئوباللیت کچەکەی خۆی کە ناوی موبەللیتات- شێروا بوو دا بە کاراینداشی کوری بورنابوریاشی دووەم، کاتێکیش کاراخارداش کوژرا، کوریکالزوی کوڕی کچەکەی خۆی لەسەر تەختی دەسەڵات دانا. بڕوانە: Leick, *Op. Cit.*, p. 33.

[٥١٦] هاری ساکز، *قوة اشور*، ت. عمر سلیمان، بغداد، ١٩٩٩، ص. ٦٩.

[517] Casana, and Glatz, ''Of Highland –Low Land Borderlands'', p. 131.

کاششی یەکان دۆزراوەتەوە لە ئێستادا لە ئەنتیکەخانەی تاران پارێزراوە، باس لە جوگرافیای هالمان و ڕوباری مێ توران دەکات، لە ڕووی جوگرافی و کارگێرییەوە چۆن بووە.[٥١٨]

لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٣٤٠-١٣٣٠ پ.ز. لە کۆتایی دەسەڵاتی میتانییەکاندا هەمیشە لە ململانێ و جەنگدا بوون لە دژی ئاشورییەکان، لەم نێوەندەدا کاششی یەکان چاویان لەسەر ئەڕڕاپخا بوو، لە دوای کۆتایی هاتنی میتانییەکان ئەڕڕاپخا بووە بەشێك لە قەڵەمڕەوەی وڵاتی کاردونیاش.[٥١٩] هەمیشە هەوڵی ئاشورییەکان ئەوە بووە ئەڕڕاپخا و سەرجەمی ئەو ڕێگایانەی دەڕۆنەوە سەر نامری بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە.[٥٢٠] لەم سەردەمەدا کاششی یەکان پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان هەبوو لەگەڵ ناوچەکانی دیالە و سەرەوەتردا کە پێشتر لێی نیشتەجێ ببوون.[٥٢١]

سەردەمی 'نازی-ماروتاش 'Nazi-Maruttaš ١٣٠٧-١٢٨٢ پ.ز. هاوچەرخی پاشای ئاشوری 'ئەدەد-نیراری Adad-Nerari'ی یەکەم بوو لە ساڵانی١٣٠٥-١٢٧٤ پ.ز. ململانێ لە نێوان ئاشور و بابلدا دروست بوو، پێدەچێت هۆکاری ئەم ململانێیەش بۆ دروستبوونی مەترسی کاششی یەکان لە بەهێزی ئاشور و فراوانخوازی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کاششی یەکان و دروستبوونی مەترسی لەسەر ڕێگا بازرگانییەکان بووبێت، جەنگی نێوانیان لە ناوچەی ئوگار-سەللو بەرپابوو، لە شاری 'کار-ئێشتار Kar-Ištar' نازی-ماروتاشی کاشثی شکستی هێنا و بەشێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە دەست دا.[٥٢٢] ئەدەد-نیرار توانی 'ئوگار-سەللو Ugar-sallu' وێران و تاڵان بکات، هەموو ناوچەکانی ئوگار-سەللو و ئارمان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئاشورییەکانەوە.[٥٢٣] هەموو ئەم جەنگانەش لە سەر خاوەندارێتی کردنی ناوچەی حەمرین بوو.[٥٢٤] لە پاشاندا هەردوو لا ڕێککەوتن بۆ مەبەستی دیاریکردنی سنوری نێوانیان لە 'فەتحە بۆ لوبدو، داقوقی ئەمڕۆ'.[٥٢٥]

لە سەردەمی شەلمانیسەری یەکەمدا لە ١٢٧٤-١٢٤٥ پ.ز. ئاشورییەکان توانییان هێرش بکەنە سەر گوتی و لوللویی یەکان کوشتارێکی زۆریان لە گوتی یەکان کردووە و ناوچەی زاموایان داگیرکردووە،

---

518 Borger, P., "Vier Grenzsteinurkunden Merodachbaladans I Von Babylonien der Tahran-Kudurru. S.B, 33", *AfO*, 23, (1970), p. 1.

519 Miller, Jared, Political Interactions between Kassite Babylonia and Assyria, Egypt and Hatti during the Amarna, in: *Karduniaš Babylonia under the Kassite*s, ed. Alexa Bartelmus and Katja Sternizke, Berlin, 2011, p. 96.

٥٢٠ دیاکونوف، *میدیا*، ل. ١٨٠.

521 Van Koppen, F., Aspects of Society and Economy in the later old Babylonian Period, in: *The Babylonian World*, ed. Gwendolyn Leick, London, 2007, p. 217.

٥٢٢ کینگ، لیونارد، *تاریخ بابل از تاسیس تا غلبه ایرانیان*، ت.رقیه بهزادی، تهران، ١٣٨٦، ص. ٢٣٣.

523 Brinkman, J. A., Notes on Mesopotamian History in the Thirteenth Century, in: *Bibliotheca Orintalis*, ed. A. A. Kampman, R. Frankena, Leiden, 1970, p. 307.

٥٢٤ عبدالصمد، *کردستان العراق في التاریخ القدیم*، ص. ٨٠.

٥٢٥ المزوری، عماد عبدالقادر محمد، *الکاشیون*، رسالة ماجستیر، جامعة صلاح الدین، ٢٠٠٢، ص. ٤٧ ؛ حسین، محمد حمزه، *الملك الاشوري ادنراري و ابنه شلمنصر الاول (١٣٠٧-١٢٤٥ ق.م.)*، رسالة ماجستیر، جامعة بغداد، ٢٠٢٠، ص. ٣٤-٣٥.

هەموو ئەو ناوچانەی لە سەر ڕێگاکەی بوو خستیانە ژێر هەژموونی خۆیانەوە تاوەکو گەیشت بە ناوچەی کەرکوك و ناوچەکانی کوردستانی باشوری ئەمڕۆ تا پارێزگای دیالەیان کۆنترۆل کرد.[٥٢٦]

لە عیلام لە ساڵانی نێوان ١٢٧٥-١٢٤٠ پ.ز. پاشایەکی بەهێز بە ناوی 'ئونتاش-ناپیریشا Untaš-Napiriša'[٥٢٧] دەسەڵاتی وەرگرت. لەم سەردەمەدا عیلام بە بەهێزی دەرکەوتەوە، هێرشی سەربازی کردە سەر ناوچەی دێر و تاڵان و وێرانی کرد داگیری کرد. پاشان ئەم داگیرکارییەی عیلام بەردەوام بووە تاوەکو گەیشتوەتە ناوچەی ئێشنوننا و دەوروبەری.[٥٢٨]

بەڵگەکانی سەردەمی 'توکولتی-نینورتا Tukulti-Ninurta'ی یەکەم ١٢٤٣-١٢٠٧ پ.ز. ئاماژە بەوە دەکات خەڵکانی کاششی لە ناوچەکانی ئاشوریدا نیشتەجی ببون، بەتایبەت ئەوانەی کە دیل بوون لە جەنگەکاندا.[٥٢٩] لە ڕووی سیاسیەوە وڵاتی کاردونیاش لە دوای هاتنە سەرکاری 'کاشتیلیاش'ی چوارەم ١٢٤٢-١٢٣٥ پ.ز. وڵات ڕوبەڕوی قەیرانێکی سەختی ئابوری و سیاسی ببوەوە، بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە هێرشی کردە سەر عیلام و ئاشور.[٥٣٠] کاتێك توکولتی-نینورتا سەرقاڵی فراوانخوازییەکانی بوو لە ناوچەکانی باکور، پاشای کاردونیاش هێرشی کردە سەر سنورەکانی دەوڵەتی ئاشوری لە باشور و ناوچەکانی نێوان ڕوباری دیالە و عوزێم و زێی بچوك.[٥٣١] بەڵام ئەنجامی هێرشەکەی پێچەوانە شکایەوە. توکولتی-نینورتا توانی کاردونیاش بشکێنێت و کاشتیلیاش لە دەسەڵات لابدات.[٥٣٢] توکوڵتی-نینورتای ئاشوری هێرشی کردوەتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کاششی یەکان بەتایبەت لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و 'تەل ئەملاحییە' لە ناوچەی باشوری زامبان و پاشان بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات بەرەو دیالە پێشڕەوی کرد.[٥٣٣] هۆکاری ئەم جەنگەش پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی توکولتی-نینورتا سەرقاڵی جەنگ بوو لەگەڵ نائیرییەکان، کاشتیلیاشی پاشای کاششی یەکان ئەم دەرفەتەی بەهەلزانیوە و ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان ئەم دوو وڵاتەی پێشێل کردووە و ویستویەتی هەندێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاشور بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە.[٥٣٤]

---

[٥٢٦] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ٨٣.

[٥٢٧] ئونتاش-ناپیریشا لە دوای باوکی خومبان-نومینا دەسەڵاتی لە عیلامدا وەرگرت. ماوەی ٣٥ ساڵ لە دەسەڵاتدا بووە، ئەو بە بنیاتنەری زەقورەی چوغە زەنبیل دادەنرێت، هاوسەردەمی کاشتلیاشی چوارەمی کاشی بووە. بڕوانە: Leick., *Op. Cit.*, p. 170.

[٥٢٨] المزوري، *المصدر السابق*، ٦٣.

529 Brinkman, "Kassite", *RlA*, Vol.5, p. 465.

530 Stephan, B., *Handbook to Life in Ancient Mesopotamia*, New York, 2003, p. 91.

[٥٣١] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ٨٥-٨٦.

532 Stephan, *Op. Cit.*, p. 91.

533 Jakob, Stefan, The Middle Assyrian Period (14th to 11th Century B.C.), in: *A Companion to Assyria*, ed. Eckart frahm, Blackwell, 2017, p. 125.

[٥٣٤] احمد، كوزاد محمد، توكلتي- ننورتا منجزاته في ضوء الكتابات المسمارية المنشورة، رسالة ماجستير، مقدمة الى كلية الاداب في جامعة بغداد، ١٩٩٣، ص. ١٢٩.

توکولتی-نینورتا لە تێکستێکدا باس لە هەموو ئەو ناوچە و شارانە دەکات داگیری کردوون، هەرچەندە جگە لە ناوی ئەڕراپخا کارێکی دژوارە بتوانرێت شوێنی ئەو شارانەی دیکە بە وردی دیاری بکرێت، بەڵام پێدەچێت بەشێکی ئەو ناوچانە لە نێوان بەرزاییەکانی حەمرین بۆ زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا بوو بێت.[٥٣٥] 'توکولتی- نینورتا' بۆ ماوەی ٧ ساڵ لە بابلدا مایەوە و فەرمانڕەوایەکی بۆ دانابوو، هەموو ئەو ناوچانەشی داگیری کردبوو تاڵانی کردن، بەپێی هەندێك تێکست باج و سەرانەی بەسەر زاباندا سەپاندووە.[٥٣٦] لە دوای کوشتنی توکولتی-نینورتا، دەوڵەتی ئاشوری بەرەو لاوازی ڕۆیشت لەو ماوەیەدا نۆ پاشا بەدوایدا دەسەڵاتیان گرتوەتە دەست، هەندێجار سنوریان فراوانکردووە بۆ ناوچەی گەرمیان خۆیان بە (حاکم نەك پاشا) لە زابان و ئوگار-سەللو داناوە.[٥٣٧] لە هەمان کاتدا پاشای عیلام 'کیدین-خوتوران Kidin-Ḫuturan' هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی دۆڵی دوو ڕوبار و پەرستگای ئێشتاری لە شاری دێر تاڵانکرد، لەم کارانەیدا مەبەستی بوو دەسەڵاتی ئاشوری لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە کەم بکاتەوە و سنورێك بۆ دەسەڵاتی ئاشوری لە ناوچەی دیالە دابنێت و لە هەمان کاتدا پادانی تاڵان و وێرانکرد.[٥٣٨] هەروەها لە سەردەمی دەسەڵاتی 'ئاشور- دان Aššur-Dān'ی یەکەم ١١٧٩-١١٣٤ پ.ز. دەکەوێتە جەنگەوە لەگەڵ پاشای کاشی یەکان ناوی 'زەبابا- شوما-ئیددینا Zababa-Šuma-Idina' لە ڕێگای گەرمیانەوە هێرش دەکاتە سەر شاری زابان و تاڵانی دەکات و پاشان دەچێتە 'ئیرڕ-یا Irriya' لەوێشەوە بۆ ئوگار-سەللو.[٥٣٩]

کاتێك لە عیلام 'شوتروك-ناخونتە Šutruk-Naḫunte'ی یەکەم لە نێوان ١١٨٥-١١٥٥ پ.ز. دەسەڵاتی گرتە دەست، عیلام لەوپەڕی هێز و دەسەڵاتیدا بوو، بابلیش لەوپەڕی لاوازیدا بوو، لەوکاتەدا پاشای عیلام لە ساڵی ١١٦٠ پ.ز، لە ناوچەی بەرزاییەکانی حەمرینەوە لە نزیك خانەقینی ئەمڕۆوە، هێرشی کردە سەر وڵاتی کاردونیاش.[٥٤٠] بەڵام ئەم هێرشە سەرکەوتوو نەبوو، دواتر بەیارمەتی کوڕەکەی بە ناوی 'کوتیر-ناخونتە Kutir-Naḫunte' جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر ناوچەکانی بابل.[٥٤١] کوتیر ناخونتی هێزەکانی کۆکردەوە و لە ساڵانی ١١٥٥-١١٥٠ پ.ز. لە سوسەوە بە هێزێکی سەربازی زۆرەوە بەرەوە دێر بەڕێکەوت، پاشان تاوەکو بابل پێشڕەوی کرد، کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی کاشی لە بابل هێنا.[٥٤٢] بەم شێوەیە کاشی یەکان لە سەردەمی 'ئینلیل-نادین-ئاخی Enlil-Nadin-Aḫi' لەسەر دەستی

---

[535] Jakob, *Op. Cit.*, p. 125.
[536] Casana, and Glatz, ''Of Highland –Lowland Borderlands", p. 141.
[537] Olmstead, A. T., "Kashshites, Assyrian, and the Balance of Powre", *AJSl*, Vol. 36. No. 2, (1920), p. 145 .
[538] Wiseman, D. J., The End of the Kassite Domination, in; *CAH*, ed. Edwards, E. S., and Gadd, C. J., and Hammond, G. L., Vol. II, part. 2, Cambridge, 2008, p. 444.
[٥٣٩] ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، خانەقین و دەوروبەری، ل. ١١.
[٥٤٠] المزوري، *المصدر السابق*، ص. ٦٤.
[٥٤١] السلماني، جمال، *العلاقات السياسية لبلاد الرافدين مع بلاد عيلام في العصر الاشوري الحديث*، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ٢٠٠٣، ص. ٦٨.
[٥٤٢] المزوري، *المصدر السابق*، ص. ٦٤ ؛ Stein, *Op. Cit.*, p. 272.

عیلامییەکان کۆتاییان هات و وڵاتی کاردونیاش تاڵانکرا و وێرانکرا و تاڵانییەکان بۆ سوسەی پایتەخت گواسترانەوە.[٥٤٣]

لە قۆناغی پاشتردا لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سیاسییان لە بابل، کاششی یەکان لە ناوچەکە هەرمانەوە، بەڵکو ناوچەکانی نامری و خامبان وەك ناوچەی نیشتەجێی هەمیشەی کاششی یەکان مایەوە، لە بابلیش بەشێك لە کاششی یەکان هەرمابوون، لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سیاسی ئەوان، کۆنترۆڵی ڕێگا بازرگانیەکانی زاگرۆسیان کردبوو، بە تایبەت ڕێگای بەغداد بۆ کرماشانی ئەمڕۆ، واتا ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی ئەمڕۆ و ڕۆژهەڵاتی عێراقی ئەمڕۆ.[٥٤٤]

لە سەردەمی 'شیلخاك-ئینشوشیناك Šilḫak-Inšušinak' لە ١١٥٠-١١٢٠ پ.ز. لە بابلەوە هێرشەکانی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە دەست پێکرد، بەتایبەت ناوچەکانی حەمرین و ئەرڕاپخای بە زەبری هێز داگیرکرد و تاڵانی کردن،[٥٤٥] هەروەها توانیویەتی ناوچەکانی دەوروبەری ڕوباری دیالە و ئاوڕێژگەکانی بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە.[٥٤٦] لە پاش مردنی 'شیلخاك-ئینشوشیناك' وڵاتی عیلام توشی جۆرێك لە لاوازی لەبەریەك هەڵوەشانەوە هات، لەوکاتەدا پاشای بابل 'نەبوخودنەسەر Nebuḫadnezzr'ی یەکەم ١١٢٤-١١٠٣ پ.ز. دەرفەتەکەی بەهەلزانی و لەساڵی ١١١٥ پ.ز. هێرشی کردە سەر ناوچەی دێر و توانی تاوەکو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عیلام بڕوات، بەڵام پاشەکشەی کرد، لە پاشتردا و لە ساڵی ١١١٠ پ.ز. توانی بە تەواوی دێر کۆنترۆڵی بکات، ئەم سەرکەوتنەی لە سەر کودورریەك نەخش کردووە دەڵێت "دێر شاری خواوەند ئانومم داگیر کرد و ڕێگاکانیم بەست لە مانگی تەموزدا".[٥٤٧] هەروەها توانیویەتی لوللویی و کاششی یەکان بشکێنێت و دەسەڵاتی بە سەر ئەو ناوچانە دا بگرێت تاوەکو خاشیمور.[٥٤٨]

لە سەردەمی 'تیگلات- پیلێسەر Tiglath-pileser'ی یەکەمدا لە ١١١٥-١٠٧٧ پ.ز. کۆچی ئارامییەکان [٥٤٩] بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە دەستی پێکرد، بە تایبەت بۆ ناوچەی ئەرڕاپخا کۆمەڵێك ئارامی تێدا نیشتەجێ بوون.[٥٥٠] هەروەها خۆیشی هێرشی بۆ ناوچەکانی گەرمیان دەست پێکردووە و توانیویەتی ناوچەکانی ئارمان کە لەژێر دەسەڵاتی ئوگار-سەللودا بووە لەگەڵ شاری لوبدو داگیر بکات و لە ڕوباری 'ڕەدانو، عوزیم' پەڕیوەتەوە ناوچە شاخاویەکانی 'کامولا Kamulla و کاشتیلا

543 Heinz, M., *Op. Cit.*, p. 718.
544 Stein, D., *Op. Cit.*, p. 272.

٥٤٥ السلماني، *المصدر السابق*، ص. ٦٩- ٧٠.
٥٤٦ دیاکونوف، *میدیا*، ل. ١٨٦.
٥٤٧ السلماني، *المصدر السابق*، ص. ٦٩- ٧٠.
٥٤٨ دیاکونوف، *میدیا*، ل. ١٨٧ ؛ Olmstead, "Kashshites, Assyrian, and the Balance of Powre", p. 149
٥٤٩ لە سەردەمی دواتردا بە تایبەت لەسەردەمی ئاشوری نوێ و بە دیاریکراوی لە کاتی دەسەڵاتی تیگلات-پیلێسەری سێیەم، ئارامییەکان لە کەرکوك دژی دەسەڵاتی ئاشورییەکان ڕادەپەڕن، بڕوانە: السلماني، *المصدر السابق*، ص. ٩٠.
550 Jakob, *Op. Cit.*, p. 118 ; Nielsen, J. P., Nebuchadnezzar in Eastern Front, in*: The Ancient Near East in the 12th – 10th Centuries B.C.*, *ed*. Greshon Galil, Ayelet Gilboa, Aren m., Danel Kahan, Munster, 2012, p. 414.

Kaštilla[551]ی داگیرکردووه و تاڵانی کردووه و تاڵانیەکانی بۆ ئاشور گواستوەتەوە.[552] بەڵام باسی شار و ناوچەکانی خوارتر نەکراوە و نەزانراوە ئایا گەیشتۆتە ناوچەکانی خانەقین یاخود نا؟ پێدەچێت هۆکاری ئەمەش بۆ بەهێزی بابلییەکان بگەڕێتەوە، ئاشورییەکان نەیانتوانیبێت بگەنە ناوچەکانی باشورتر لە ئوگار-سەللو و لوبدی (داقوق).[553]

دۆزینەوەکانی گردە شوێنەوارییەکەی ناوجەرگەی چەمچەماڵ کە بە قەڵای سپێ ناسراوە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کاشییەکان. ئاماژەیە بۆ پێگەی گرنگی ناوچەکە، ئەم شوێنەوارە، لەلایەن تیمێکی هاوبەشی فەرمانگەی شوێنەواری سلێمانی و ئەڵمانییەوە کنە وپشکنینی تێدا ئەنجام دراوە. ئەم ناوچەیە پێگەیەکی گرنگ بوو لە ڕۆژهەلاتی کەرکوك یەکێك لە بەڵگە شوێنەوارییە گرنگەکانی تێدا دەرکەوتووە، ئەوەی گرنگی ئەم پێگەیە پشتڕاست دەکاتەوە تێکستێکە کە بۆ کوریکالزی پاشای کاشی یەکان دەگەڕێتەوە.[554] لەم بەڵگەیەدا دەردەکەوێت کە پاشای کاشی کۆمەڵێك دیاری بۆ یەکێك لە پەرستگاکانی شارەکە ناردووە، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە پاشایانی کاشی لە بابل پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ناوچەی ڕەسەنیاندا هەبووە، لە ناوچەکانی کەرکوکیش کۆمەڵێك پاشماوەی گڵێنەسازی سەردەمی کاشی یەکان دەرکەوتووە.[555]

لە ڕووی کارگێڕییەوە وڵاتی کاردونیاش دور-کوریکالزوی پایتەختی بوو، گەورەترین شار بوو، کاشی یەکان بەتایبەت بۆ پایتەخت بۆ خۆیان بنیاتیان ناوە. لە پاڵ ئەوەشدا چەند پێگە و شارێکی گرنگی دیکە هەبوون، ژمارەیان هەشت ناوچە بووە، لەم نێوەندەشدا سێ لە گرنگترین پێگەی سەردەمی کاشی یەکان لە ناوچەی دیالە و حەمریندا بووە،[556] گرنگترین پێگەکانیش لەم ناوچەیەدا بە بڕوای برینکمان پێگەکانی (تەل موحەمەد و تەل ئەملاحیە و تەل زوبەیدی)ین لە ناوچەکانی دیالە.[557]

## ٢-٢-٣ نامار/ نامری، سێبەری کاشی یەکان لە گەرمیان

نامار/ نامری لە سەرچاوە و تێکستەکانی مێسۆپۆتامیادا بە شێوە جیاجیا هاتووە، لە سەردەمی ئەکەدیدا بە شێوەی Na-mar-ri و لەسەردەمی بابلی کۆن بە شێوەی Na-ma-ar هاتووە، لەسەردەمی بابلی

---

[551] ئەم بەرزاییانە بۆ یەکەم جار لە تێکستەکانی تیگلات-پیلێسەری یەکەمدا دەردەکەون، بە پێی تێکستەکە دەبێت لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری لوبدو دا بێت، پێدەچێت بەرزاییەکانی لای دوزخورماتوو بێت. بڕوانە: حنون، *المصدر السابق*، ص. ٣٠١.

[552] Grayson, A. K., *The Royal Inscriptions of Mesopotamia. Assyrian Periods (RIMA), Vol. 1,* Assyrian Rulers of the Third and Second Millennium BC (to 1115 BC), Toronto, 1987. p. 43.

[553] ئەحمەد، کۆزاد محەمەد، خانەقین و دەوروبەری، ل. ١١.

[554] Van Ess, Margarete, Others., 'Chemchemal' Archaeological Projects in the Kurdistan Region in Iraq, ed. Kopanias, Kostas, John MacGinnis and Jason Ur, The Directorate of Antiquities of Kurdistan, Harvard, 2015, p. 14.

[555] زاموا، ''الكاشيون في كركوك و گرميان''، ص. ٢٤٠.

[556] Vermaik, P.S., Babylonian and the Levant during the Kassite Period, in; *The Babylonian World*, ed. Gwendolyn Leick, London, 2007, p. 519.

[557] Brinkman, "Kassite", *RlA*, Vol.5, p. 469.

ناوەڕاست و تێکستەکانی نوزیدا بە شێوەی Na-mar و لە سەردەمی ئاشوری نوێدا بە شێوەی Na-mar و Me-e-mar-ru-ut هاتووە.[٥٥٨] وەك (نامار و نامری و Na-mu-mur, Namitu, Namumur, Namri). ئەم ناوانەش بە زۆری لە تێکستە ئاشوریەکاندا هاتووە.[٥٥٩] نامری لە تێکستەکانی سەردەمی ئەکەدیدا هاتووە وەك هێزێك پێشەنگی ئەو ڕاپەڕینەی کردووە لە دژی نەرام سین.[٥٦٠] لە هەمان کاتدا فەرمانداری نامری ناوی 'ئینگی Ingi' بووە.[٥٦١] هەروەها ئەم ناوە لە تێکستەکانی سەردەمی بابلی کۆندا لە ساڵانی نێوان ١٩٠٠-١٥٩٥ پ.ز. تاوەکو سەردەمی ئاشوری نوێ بەردەوام بووە. لە سەردەمی دەسەڵاتی کاششی یەکاندا لە بابل لە ماوەی نێوان ١٥٩٥-١١٥٧ پ.ز. ناوی لە پاڵ ناوی خامباندا هاتووە، وەك بەشێك لە وڵاتی کاششی 'کاردونیاش' هەژمارکراوە.[٥٦٢] لەسەردەمی کاششی یەکاندا پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نامری و بابلدا هەبووە.[٥٦٣] هەروەها لە سەرەتای سەدەی دوازدەهەمدا بەشێکی زۆری کاششی یەکان لە ناوچەکانی نامریدا نیشتەجێ بوون.[٥٦٤] لە پاشاندا وەك ولایەتێکی کاششی نشین لە سەردەمی ئاشوری نوێدا ماوەتەوە. لەم قۆناغەشدا نامری بەتەواوی لە بابل دابڕاوە و بووەتە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری.[٥٦٥]

سەرچاوەکانی سەردەمی بابلی کۆن و سەردەمی کاششی یەکان زانیاری زۆریان تێدا نییە لە بارەی نامری یەوە. کاششی یەکان لە نامریدا سەرقاڵی بەخێوکردنی مەڕ و بزن و بازرگانی و کشتوکاڵکردن بوون.[٥٦٦] لەگەڵ ئەوەشدا لە هەزارەی دووەمی پ.ز. نامار یەکێك بوو لەو ناوچانەی سەرقاڵی بەخێوکردنی ئەسپ و پەروەردەکردنی بوون.[٥٦٧] بەڵام ئەم ناوچەیە بەر قوڵنگی کنە و پشکنین نەکەوتووە، لە هەمان کاتدا بۆچوونی جیاواز لە شوێن و پێگەیەوە هەیە.

هەندێك پێیان وایە نامری لە نزیك خانەقین لە سەر ڕێگای خوراسان بووبێت، یاخود کەمێك دورتر بۆ نێو سنوری ئێرانی ئەمڕۆ لە خۆرئاوای کرماشانەوە.[٥٦٨] بەڵام ئەم بۆچوونە لە لایەن 'ڕید'ەوە پەسەند نییە و ئەو بۆچونی جیاوازی هەیە لەم بارەیەوە، ڕید باوەڕی وایە پێناچێت نامری هێندە دور بکەوێتەوە، ئەو زیاتر بۆچونەکەی 'لیڤاین'ی بەلاوە پەسەند ترە،[٥٦٩] ئەو لەو باوەڕەدایە نامری پێدەچێت لەسەر ڕوباری

---

558 Frayne, D., *The Early Dynastic List of Geographical Names*, New Haven, 1992, p. 64.

559 Levine, L. D., ''Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros I'', *Iran*, Vol. 11, (1973), p. 22 ; Parpola, S., "Neo-Assyrian Toponyms", *AOAT*, Neukirchen, 1970, p. 257-258.

560 Hallo, ''Simurrum and the Hurrian Frontier'', p. 73.

561 Grayson, A. K., and Sollberger, E., "L'insurrection Générale conter Narām-Suen", *RA*, Vol. 70, No. 2, (1972), p. 120.

562 Levine, ''Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros I'', p. 22.

563 Brinkman, "Foreign Relation of Babylonia from 1600 to 625 B.C.", p. 227.

564 Brinkman, "Kassite", *RlA*, Vol.5, p. 465.

565 Kessler, K., "Namar/Namri", *RlA*, Vol.9, 1998, Berlin, p. 92 ; Brinkman, J. A, *A Political History of Post-Kassite Babylonia 1158-722 B.C*, Rome, 1968, p. 257-259.

٥٦٦ عباس، رجاء عادل، *الهجرة والتنقل والاستقرار في المشرق العربي القديم من مطلع الألف الثالثة الى نهاية الألف الثانية قبل الميلاد*، اطروحة دكتوراه، جامعة دمشق، ٢٠١٨، ص. ١٤٥.

567 Casana, and Glatz, "Babylonian Encounters in the Upper Diyala River Valley", p. 442.

568 Kessler, K., "Namar/Namri", *RlA*, Vol.9, Berlin, 1998, p. 92.

569 Reade, J. E., ''Kassites and Assyrians in Iran'', *Iran*, Vol. 16, 1978, p. 137.

دیاله بووبێت، لەسەر ڕێگای زاموا، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی دەقێکی سەردەمی شەلمانیسەر کە باس لە هێرشێکی سەربازی دەکات و دەڵێت "لە لەشکرکێشیەکدا لە ڕووباری زێی خوارووو پەڕیمەوە، دواتر بە تێپەربوون بە شاخ/دەربەندێکدا بە ناوی خاشیمور[570] چوومە وڵاتی نامری یەوە، پاشان بەرەو ناوچەکانی خارخار شۆڕبوومەوە" (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤).[571] هەروەکو شەلمانیسەری سێیەم لە نامریەوە هێرشی بۆ توگلیاش بردووە، لە کاتێکدا توگلیاش لە ناوچەی بەرزاییەکانی حەمریندا بووە، لەبەرئەوە دەبێت نامری کەوتبێتە ناوچەکانی سەرەوەی دیالە (سیروان)، لەوکاتەشدا نامری شانشینێکی سەربەخۆ بووە هێشتا نەکەوتبووە ژێر دەسەڵاتی ئاشورەوە، بەڵام ئەرڕاپخا بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری.[572] لەوکاتەشدا بەشێکی زۆری کاششی یەکان لە ناوچەکانی توپلیاشدا نیشتەجێبون، پێدەچێت ناوی توپلیاش ناوێکی کاششی بێت.[573]

پێدەچێت نامری هاوسنوری ئەرڕاپخادا بووبێت، بەڵام هیچ کات نامری بەشێك نەبووە لە ئەرڕاپخا و بە پێچەوانەشەوە، ڕەنگە لە باکوریشەوە لەگەڵ زنجیرەی چیاکانی قەرەداغ و وڵاتی زاموا هاوسنور بووبێت.[574] نامری هەرێمێکی گرنگ بووە، کەوتوەتە ناوچەکانی باکوری گەرمیانەوە. لە سێگۆشەی نێوان ئەرڕاپخا و زاموا و میدیا دا بووە، یاخود دەتوانرێت ورد تر بوترێت دەکەوتە ناوچەکانی باکوری کەلار بۆ بناری بەمۆ لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات درێژ دەبووەوە.[575] لە سێگۆشەی نیوان کەلار بۆ دەربەندیخان بۆ کەرکوك.[576] پۆستگەیت لەوباوەڕەدایە ئەگەر ناوچەیەك بۆ نامری دیاری بکرێت، دەبێت ئەو ناوچەیە لە نێوان خانەقین بۆ بەرزاییەکانی دەربەندیخاندا بێت، ئەمەش ناوچەیەکی گونجاوە بۆ پێگەی نامری، بە پێی بەڵگەکان ئەم شانشینە هەندێجار فراوان بووە و توانیویەتی خالمان بخاتە سەر سنوری دەسەڵاتەکەی.[577] بەڵام دیار نییە ماوەی چەند دەسەڵاتی سیاسییان هەبووە و قەوارەکەیان چەند درێژەی کێشاوە. بەڵام هەمیشە هەرێمێك یان ناوچەیەك بەو ناوەوە هەبووە.

### ٢-٢-٤ گەرمیان وەك بەشێك لە سنوری دەسەڵاتی میتانی یەکان

لەم سەردەمەدا دەسەڵاتی میتانی یەکان بەشێکی گەرمیانی گرتوەتەوە، بەڵام هیچ کات دەسەڵاتی میتانی یەکان نەیتوانیوە سەرانسەری ناوچەکە بە تەواوی کۆنترۆڵ بکات، تەنها لە نوزی و شانشینی ئەرڕاپخادا

---

[570] پێدەچێت خاشیمور لە تەنگەی دەربەندیخان لەسەر ڕوباری سیروان لەمپەڕی باشوری دەشتی شارەزوردا بێت، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەنداوی دەربەندیخانی لەسەر بنیاد نراوە. بڕوانە:

Conradie, A. F., *The Inscriptions of Ashurnasirpal II*, Ph.D. University of Stellenbosch, 1989, p. 1052 ; Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan*, P. 234.

[571] Levine, ‘‘Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros I’’, p. 22.

[572] *Ibid*, p. 23 ; Levine, "The Second Compaigin of Sennacherib", *JNES*, Vol. 32, No. 3, (1973), p. 313.

[573] عباس، *المصدر السابق*، ص. ١٤٤.

[574] Brown, S. C., *Kinship to Kingship Archaeological and Historical Studies in the Neo-Assyrian Zagros*, Ph.D. University of Toronto, 1979, p. 5.

[575] زاموا، ‘‘کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان‘‘، ل. ١٥٣.

[576] زاموا، "الكاشيون في كركوك و گرميان (من القرن ١٨ الى القرن ١ ق.م)"، ص. ٢٤١.

577 Postgate, *Op. Cit.*, p. 154.

(تاوەکو باشوری کەرکوك) دەسەڵاتی تەواویان هەبووە. لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٦ پ.ز. ناوی میتانی یەکان[٥٧٨] لە سەرچاوە میسرییەکاندا دەرکەوت، بە تایبەت لە چوارچێوەی لەشکر کێشیەکی تحوتمسی یەکەمی پاشای میسر لە ساڵانی نێوان ١٥٢٨-١٥١٠ پ.ز. بۆ سەر ناوچەکانی فەلەستین و سوریا بووە، ناوی میتانی دەردەکەوێت بە شێوەی 'Mati-te-ni' هاتووە.[٥٧٩]

ناوی میتانی لە سەرچاوە و تێکستەکاندا بە گشتی بە شێوەی جیاجیا هاتووە. لە تێکستەکانی هەردوو پاشا شوتتارنا 'Šuttarna'ی یەکەم و 'ساوشتاتتار Sauštattar'ی میتانییدا بە خەتی مێخی بە شێوەی 'Ma-i-ta-ni' هاتووە، لای میسرییەکان بە شێوەی 'نەهارینا Naharina' هاتووە.[٥٨٠] لە تێکستەکانی نوزی و ئەڕڕاپخادا بە شێوەی 'خانیگڵبات Ḫaniglbat' هاتووە.[٥٨١] لە ئەرشیفی بۆغازکوی بە شێوەی 'Mi-it-ta-an-ni' و لە نامەکانی عەمارنەدا لە نامەیەکی 'توشراتتا Tušratta' دا بە شێوەی 'Ḫurri' هاتووە. پێدەچێت مەبەست لەم ناوە ئەوە بوبێت زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگەی میتانی لە خورری یەکان پێکهاتبن.[٥٨٢] خورری و میتانی یەکان توانیان دەسەڵاتێکی بەهێز لە سنورێکی جوگرافیای بەرفراواندا بنیاد بنێن و بە ئیمپراتۆریەتی میتانی دەناسرێتەوە. سنوری جوگرافی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەوپەڕی خۆرئاوا لە سوریا و ئەنادۆڵی ئەمڕۆ بۆ ڕۆژهەڵات و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس درێژبوەتەوە. ئەم بەرفراوانی سنورەش وایکردووە کۆمەڵێك پێگەی گرنگ و ڕێگای بازرگانی سەرەکی لە ژێر کۆنترۆڵیاندا بێت.[٥٨٣]

پاشایەتی میتانی ناوچەکانی باکوری مێسۆپۆتامیا و بەشێکی ئەنادۆل و سوریای دەگرتەوە لە ماوەی نێوان سەدەی ١٦ بۆ ١٤ پ.ز. یەکێك لە دەسەڵاتە سیاسییە بەهێزەکانی ئەوکات بووە و توانیویەتی ئاشور کۆنترۆڵ بکات. لەگەڵ میسر و حیثییەکانیشدا لە پەیوەندی جەنگ و ئاشتیدا بوون. ئەگەرچی کۆمەڵگای میتانی لە خوررییەکان پێکهاتبوو، بەڵام چینە دەسەڵاتدارەکەی بە زۆری هەڵگری ناوی هیندۆئەوروپین.[٥٨٤] ئیمپراتۆریەتی میتانی لە سێ هەرێم پێکهاتبوو، هەریەکەیان ناوەندێکی تایبەت بەخۆی هەبووە. هەرێمی ڕۆژهەڵات ناوەندەکەی نوزی یان ئەڕڕاپخا کەرکوکی ئەمڕۆ بوو. هەروەها هەرێمی

---

[٥٧٨] بەڵام لە ئەنیسکلۆپیدیای ئۆکسفۆرد دا هاتووە، یەکەم جار لە ساڵی ١٤٩٤-١٤٨٢ پ.ز. ناوی میتانی یەکان بەکارهاتووە، دواجاریش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان ١١١٤-١٠٧٦ پ.ز. سەردەمی تێگلات-پلیسەری یەکەمە، ناوەکەش بە گشتی مەبەست لێی سەرزەمینی خوررییەکانە (ئەمە مەبەست لێی ئەو قەوارەیەیە کە ڕەمەی دانیشتوانەکەی خورری بوون و فەرمانڕەواکانی میتانی هیندۆ ئەوروپی بوون) بووە ئەمەیان زیاتر جێی باوەڕە. بڕوانە: Harrak, Amir, "Mitanni", in: *The Oxford Encyclopedia of Archaeology in the Near East*, ed. Eric, M. Meyars, Vol. 4, New York, 1997, p. 37.

[٥٧٩] جەلال، مێژووی کۆنی کەرکوك، ل. ١٠١.

[٥٨٠] عەوڵا، بەختیار قاسم، *شارستانیەتی سەردەمی میتانی (١٥٠٠-١٢٦٥ پ.ز.)*، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، ٢٠١٧، ل. ٢٠.

[581] Harrak, *Op. Cit.*, p. 37.

[٥٨٢] عەوڵا، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٠.

[٥٨٣] السلماني، جمال ندا صالح، *الدولة الميتانية*، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، ٢٠١٠، ص. ٦٩ ؛ يوسف، *المصدر السابق*، ص. ٣٩ ؛ عەوڵا، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٠.

[584] Leick, *Op. Cit.*, *p.*192 ; Liverani, *The Ancient Near East*, p. 291.

ناوەڕاست ناوەندەکەی واشۆکانی بووە. هەرێمی ڕۆژئاوا ناوەندەکەی ئالالاخ بووە.[585] پێدەچێت نیشتەجێبوونی میتانی یەکان لە ناوچەکانی باکوری مێسۆپۆتامیا و نوزی بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی کاششی یەکان لە بابل، هەروەها نوزی وەك یەکێك لە بنکە سەرەکیەکانیان بووە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، ٢٠ کم دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کەرکوکی ئەمڕۆ.[586]

نوزی یەکێك بووە لە بەهێزترین ناوەندە خورری نشینەکان سەر بە شانشینی ئەڕڕاپخا، زمانی خورری زمانی فەرمیی وڵات بووە و زمانی ئەکەدیشیان بە کارهێناوە لە نوسیندا، لە هەمان کاتدا شانشینی ئەڕڕاپخا بەشێك بووە لە ئیمپراتوریەتی میتانی.[587] چەند بەڵگەیەك دەیسەلمێنن ئەڕڕاپخا بەشێکی گرنگی ئیمپراتوریەتی میتانی بووە، لەو بەڵگەنامانە نامەکەی ساوشتاتتارە لە دەوروبەری ١٤٢٠ پ.ز. بۆ 'ئیتخی– تێشوپ Itḫi-Teššup' پاشای ئەو سەردەمەی ناردووە، لە نامەکەدا ساوشتاتتار داوا لە 'ئیتخی-تیشوپ' دەکات زەوی زار لە ناوچەیەکی ئەڕڕاپخا بدات بە کەسێك بەناوی 'ئوکی Uki' هەروەها پاشای میتانی چەند نوێنەرێکی لە ئەڕڕاپخادا داناوە بە 'سوکاللو Sukallu' و 'خالزوخلو Ḫalzuḫlu' ناسرابوون، یەکێك لە ناسراوترین ئەو نوێنەرانە ناوی 'تێخیپ-تیللا Teḫip-tilla' یە لە ڕێگەی ئەوەوە کاروباری زەوی دابەشکردن بەڕێوە دەچوو.[588]

هەروەها شانشینی ئەڕڕاپخا پاشا و کۆشکی پاشایەتی خۆی هەبووە. پاشاکانی ئەم شانشینە زۆر بە کەمی سەردانی میتانی یەکانیان کردووە یاخود هەرنەیانکردووە.[589] لە سەردەمی دەسەڵاتی میتانی یەکاندا فەرمانڕەوایانی شارەکان خۆیان کاروباری وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی میتانیەکاندا بوون، ئەم سیستەمە لە ئەڕڕاپخادا جێ بەجێکراوە دەکەوتە ئەوپەڕی سنوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی میتانی یەوە.[590]

بەڵگە شوێنەواری و مێژووییەکان دەریدەخەن سەرەتای بە هێزی و فراوانبوونی سنورەکانی دەوڵەتی میتانی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی سەرەکی فراوانخوازییەکانی هەردوو پاشا 'پاراتتارنا Parattarna'ی یەکەم لە ١٥٠٠-١٤٧٠ پ.ز. و 'ساوشتاتتار Sauštattar' لە ١٤٤٠-١٤١٠ پ.ز.[591] لە ساڵی ١٤٧٠ پ.ز لە سەردەمی پاراتتارنادا دەوڵەتی میتانی لەوپەڕی گەشەسەندن و هێزی خۆیدا بووە، توانیویەتی سەرەوەی

---

[585] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ٧٦.
[586] لويد، *المصدر السابق*، ص. ٢٩٢.
[587] Gelb, *Hurrian and Subarians*, p. 67.
[588] جەلال، *مێژووی کۆنی کەرکوك*، ل. ١١٢.
[589] Liverani, *The Ancient Near East*, p. 295.
[590] Otto, Adelheid, The Organisation of Residential Space in the Mittani Kingdom as a Mirror of Different Models of Governance, in: *Constituent, Confederate, and Conquered Space*, ed. Eva Cancik-Kirschbaum, Nicole Brisch, Jesper Eidem, Berlin, 2014, p. 35.
[591] عەوڵا، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٣٦.

بابل واتا هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە و نوزی بخاتە ژێر هەژموونی میتانی یەوە، خۆی بە فەرمانڕەوای هەموو ناوچە خورری نشینەکان دانا.[٥٩٢]

ئەو بەڵگەنامانەی لە کۆشکی نوزی دۆزراونەتەوە، ئاماژە بە مردنی پاشایەك دەکات بە ناوی 'پاراتتارنا Parattarna'، لە هەمان کاتدا تێکستەکان ئاماژە بەوە ناکەن ئەو پاشایە میتانی بێت، بەڵام لە ڕاستیدا میتانی بووە لەبەرئەوەی پاشاکانی ئەڕڕاپخا و نوزی ناوی خوررییان هەبووە نەك هیندۆ ئاریایی.[٥٩٣] لە دوای 'پاراتتارنا Parattarna' ماوەیەك پڕبوو لە ئاژاوە و شەڕوشۆڕ، سنوری دەوڵەتی میتانی کەوتبووە بەر هێرشی دراوسێکانی، سەبارەت بە ناوخۆی دەوڵەتی میتانی لە مۆرێك لە نوزیدا دۆزراوەتەوە ناوی پاشایەکی تێدایە بە ناوی شەوشتەتاری کوڕی پارساتەتتار Parsatattar' تۆمارکراوە، پێدەچێت پارساتەتتار پادشا بووبێت لە دوای پاراتتارنا و لە پێش ساوشتاتتار.[٥٩٤] لە تێکستەکانی نوزیدا ناوی دوو پاشای میتانی هاتوون، ئەوانیش پاراتتارنا و ساوشتاتتاری کوڕی پارساتاتتار کە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر نوزیدا هەبووە، هەرچەندە ئەڕڕاپخا شوێنکەوتەی میتانی بووە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ ئاشور و بابل و دانیشتوانی زاگرۆسیشدا هەبووە.[٥٩٥]

پاشایەکی دیکەی میتانی یەکان ناوی ساوشتاتتار Sauštattar'ە لە دەوروبەری ساڵی ١٤٣٠ پ.ز. لە دوای هێرشی میسر بۆ سەر میتانی یەکان دەرکەوت، دەوڵەتی میتانی بەرەو لاوازی دەچوو، ئەو دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی وڵات و فراوانخوازی، لە باشوری خۆرهەڵاتەوە سنوریان گەیشتە ناوچەی لوللویی، لە باشورەوە توانی دووبارە شانشینی ئەڕڕاپخا بخاتەوەی سەر دەوڵەتی میتانی و بەوەش سنوری گەیشتە ناوچەکانی حەمرین و دیالە.[٥٩٦] لە سەردەمی ساوشتاتتاردا دەسەڵاتی میتانی یەکان هێندە بەهێز بوو توانیویەتی وڵاتی ئاشور بخاتە سەر سنوری قەڵەمڕەوەکەی، لە هەمان کاتدا سنوری دەوڵەتەکەی زۆر فراوان بووە و لە دەریای ناوەڕاست بۆ ئوگاریت و ئالالاخ تاوەکو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و شانشینی ئەڕڕاپخای دەگرتەوە.[٥٩٧]

نوزی وەك یەکێك لە گەورەترین ئەرشیفەکانی سەردەمی دەوڵەتی میتانی بووە، فەرمانڕەوایانی ئەڕڕاپخا لە ساڵانی نێوان ١٥٠٠-١٣٥٠ پ.ز. ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەتی میتانی بووە، هەروەها لە نوزیدا کۆمەڵێك بەڵگەنامەی کارگێڕی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری دۆزراونەتەوە هەموویان بۆ

[592] السلماني، *الدولة الميتانية*، ص. ٧٨-٧٩ ؛ Harrak, *Op. Cit.*, p. 37 ; Liverani, *The Ancient Near East*, p. 291.

[٥٩٣] ڤیلهێلم، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٧٠-٧١.

[٥٩٤] جەلال، *مێژووی کۆنی کەرکوك*، ل. ١١٠.

[595] Maidman, M. P., Nuzi; Portrait of an Ancient Mesopotamian Provincial Town, in: *Civilizations of the Ancient Near East*, ed. Jack, M. Sasson, Vol. 2, New York, 2000, p. 934.

[٥٩٦] جەلال، *مێژووی کۆنی کەرکوك*، ل. ١١١.

[597] Novak, M., Upper Mesopotamia in the Mittaniy Period, in: *Archéologie et Historie de La Syrie*, ed. Winfried Orthmann, Paolo Matthiae, Michel al-Maqdissi, Wiesbaden, 2013, p. 378. ؛ Wilhelhm, G., The Kingdom of Mitanni in the Second Millennium B.C., in: *Civilization of the Ancient Near East*, ed. Jack, M. Sasson, Vol. 2, New York, 2000, p. 1249.

سەردەمی دەسەڵاتی میتانی دەگەڕێنەوە.[598] هەروەها نوزی وەك ناوەندێکی بازرگانی گرنگ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە هێنان و هەناردەکردنی خۆراك و بەرهەمی چنراو لە ناوچەکانی زاگرۆس و بابلەوە بۆ ناوچەکان ژێر دەسەڵاتی میتانییەکان.[599] دەوڵەتی میتانی لە سەردەمی 'شوتتارنا Šuttarna'ی دووەم لە ١٣٨٠-١٣٦٠ پ.ز. کە لە دوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرت بە بەهێزی مایەوە، ئەم پاشایە توانی لە سەردەمی خۆیدا شکۆی سیاسی و سەربازی سنوری دەوڵەتی میتانی بپارێزێت، هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی لە گەشەیەکی بەردەوامدا بوون، بەتایبەتی ناوچەی ئەڕڕاپخا ببووە مەڵبەندێکی کارگێریی و ئابوری گەورە.[600] لە دوای شوتتارنا دەوڵەتی میتانی کێشەی ناوخۆی بۆ دروست بوو لە سەر تەختی دەسەڵات، 'شاتیوازا Šattiwazza' هەڵهات بۆ لای 'شوپیلولیوما Šuppiluliuma'ی حیثییەکان، بەڵام ئەڕڕاپخا نەبووە بەشێك لە کێشەکان، وەك دەوڵەتێکی بێ لایەن سەیری کێشەکانی کردووە.[601] هەروەها شاتیوازا بۆ ماوەیەك لە ئەڕڕاپخادا ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا میتانی توشی کۆمەڵێك هێرشی دەرەکی بووەوە، بە تایبەت هێرشی ئاشورییەکان.[602]

لەم نێوەندەدا لە ئاشور پاشایەکی بە هێز بە ناوی 'ئاشور- ئوبەللیت Aššur-Uballiṭ' ١٣٦٥-١٣٣٠ پ.ز. دەردەکەوێت و توانیویەتی کێشەکان بە هەند وەربگرێت و هێرش بکاتە سەر دەوڵەتی میتانی و خۆی لە پاشکۆیی ڕزگار بکات.[603] دوای نەمانی پەیوەندی میسر و میتانی لە ساڵی ١٣٤٠ پ.ز. کاشی یەکانیش توانیان هێرش بکەنە سەر ئەڕڕاپخا و لە سەرەتادا شەڕەکە لە لوبدو لەسەر سنوری نێوانیان دەستی پێکرد تاوەکو گەیشتە سەر زێی خواروو، لە هەمان کاتدا توشی هێرشی ئاشوری و حیثییەکان هاتبوون،[604] ئاشور-ئوبەللیت سەرکەوتوو بووە لە سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکانی دەشتی هەولێر، هەروەها هێرشی کردووەتە سەر نوزی و بنەماڵەی 'تێخیپ- تیللا Teḫip-Tilla'ی بە دیل گرتووە.[605] کاتێك ئاشور هێرشی بۆ سەر نشانشینی ئەڕڕاپخا و شاری نوزی هێناوە پەیوەندی لە نێوان ئەڕڕاپخا و دوەڵەتی میتانییدا نەمابوو، هەموو هێزو توانای ئەڕڕاپخاش لەم جەنگەی ئاشورییەکاندا تیاچوو.[606] لەم هێرشەدا نوزی تاڵانکرا و وێرانکرا و داگیرکرا و لەوە بەدوا بووە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئاشور.[607] لە تێکستێکی 'ئەدەد-نیرار'ی یەکەمدا ١٣٠٧-١٢٧٥ پ.ز. پاشای ئاشور لوبدو بە سنوری

---

598 Kuhrt, *The Ancient Near East 3000-330 B.C.*, Vol. 1, p. 287.
599 Maidman, Nuzi; Portrait of an Ancient Mesopotamian., p. 939.
٦٠٠ جەلال، *مێژووی کۆنی کەرکوك*، ل. ١١٤.
٦٠١ دیاکونوف، ئی. م، شاتیواسای میتانی لە ئەڕڕاپخا، و.بەختیار سابیر حەمە، هەزارمێرد، ٢١، (٢٠٠٢)، ل. ٩٤.
٦٠٢ جەلال، *مێژووی کۆنی کەرکوك*، ل. ١٢٣. ؛ دیاکونوف، ئی. م، شاتیواسای میتانی لە ئەڕڕاپخا، ل. ١١٠.
٦٠٣ عەولا، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٤١.
٦٠٤ ڤیلهێلم، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٨٥.
٦٠٥ عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ٧٨.
606 Jankowska, N., Ashur, Mitanni, Arrapkha, in: *Early Antiquity*, ed. Diakonoff, I. M., Chicago, 1991, p. 248.
٦٠٧ عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ٧٨.

باکوری وڵاتی کاششی (کاردونیاش) ناوبردووە، بەوشێوەیە دەوڵەتی میتانی دابەشکرا ئەو چاخەی زانایان بە چاخی نوزی ناویان دەبرد کۆتایی هات.[٦٠٨]

لە ڕووی ئاینییەوە یەکێك لەو خواوەندانە لە ناوچەی ئەڕڕاپخادا پایەیەکی گرنگ و ڕێزداری هەبووە، خواوەند 'تێشوپ Teššup'ی با و باران بووە، ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیان و ناوی کەسی هەبووە، بۆ نموونە لە تێکستەکاندا دەردەکەوێت وەك بەشێك لە ناوی پاشاکاندا هاتووە، 'ئیتخی– تێشوپ Itḫi-Teššup' و 'موش- تێشوپ Muš-Teššup'.[٦٠٩] هەروەها لە ڕووی ئاینیەوە لە سەدەی ١٥ و ١٤ پ.ز. خواوەند 'نێر(ی)گال Ner(i)gal' لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دیجلە بە گشتی و لە شاری 'ئازوخینوم Azuḫinum' بە تایبەت پیرۆزی و پایەیەکی تایبەتی هەبووە.[٦١٠]

کەواتە ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری بەشێکی سنوری جوگرافیای گەرمیان دەنوێنێت، لە نێو دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و کارگێری میتانی و هێزەکانی بابل (کاردونیاش) و ئاشوردا هەمیشە وەك ناوچەیەکی گرنگ ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، ئەمەش لە ڕێگای ئەرشیفی نوزییەوە وەك بەڵگە دۆزراوەتەوە و پشتڕاست کراوەتەوە.

---

٦٠٨ جەلال، *مێژووی کۆنی کەرکوك*، ل. ١٢٤.

٦٠٩ عەولا، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٦٠.

٦١٠ *هەمان سەرچاوە*، ل. ٦٢.

# ٣. گەرمیان لە نێو ململانێی زلهێزەکانی نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز.

### ٣-١ گەرمیان لە سەرەتای هەزارەی یەکەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی هەشتەم پ.ز

لە پاش سەردەمی تێگلات-پلیسەری یەکەم لە ١١١٥-١٠٧٧ پ.ز. بە سەردەمێکی تاریك هەژمار دەکرێت کە نزیکەی ١٦٥ساڵ درێژەی کێشا تاوەکو دەستپێکی سەردەمی ئاشوری نوێ لە ٩١١ پ.ز.[٦١١] لەو سەردەمەدا زانیاریەك یاخود تێکستێکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە یاخود نەدۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی دۆخی سیاسی یاخود ئابوری یان کۆمەڵایەتی ناوچەی گەرمیانمان بۆ ڕونبکاتەوە، بەڵام لە سەردەمی نوێی ئاشوری جیاوازترە و زانیارییەکانمان زیاتر دەبن لەسەر ناوچەکە.

گەرمیان لە سەردەمی ئاشوریی نوێدا وەك ناوەندێکی گرنگی ململانێ سیاسی و سەربازییەکانی نێوان وڵاتی ئاشور و وڵاتی بابل و عیلام بووە، بەشێکی زۆری کێشمەکێشە سەربازییەکانیان لە ناوچەکانی گەرمیاندا یەکلای بوەتەوە. هۆکارەکانی پشت ئەم شەڕانەشیان لە ناوچەکانی گەرمیاندا زیاتر هۆکاری سیاسی و پێکدادانی سەربازی بوو، بەمەبەستی دانانی سنورێك بۆ فراوانخوازییەکانی یەکدی بووە. هەروەها دەست گرتن بە سەر ڕێگا بازرگانییە سەرەکیەکانی یەم ناوچەیە واتای بەهێزی سیاسی و سەربازی و ئابوری وڵات بووە.

پاش ئەوەی پاشای ئاشوری ئەدەد- نیراری دووەم لە ساڵی ٩١١–٨٩١ پ.ز. هاتە سەر حوکم کۆتایی بە سەردەمی لاوازی و بێ هێزی ئاشوری هات. لەوە بەدوا سەردەمێکی نوێ لە فراوانخوازی و بە هێزی ئاشوری هاتە کایەوە کە بە سەردەمی ئاشوری نوێ دادەنرێت، ئەم سەردەمە هەتاوەکو هەڵوەشانەوە و ڕوخاندنی دەوڵەتی ئاشوری نوێ ٦١٢ پ.ز. بەردەوام بوو.[٦١٢]

سەردەمی ئاشوریی نوێ، دابەش دەبێت بۆ سەر دوو قۆناغ، قۆناغی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری یەکەم لە ساڵی ٩١١ پ.ز. دەست پێدەکات و لە ساڵی ٧٤٥ پ.ز. کۆتایی دێت، لەوە بەدوا قۆناغی دووەم دێت، لە ساڵی ٧٤٥-٦١٢ پ.ز. دەخایەنێت، تاوەکو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئاشوریی نوێ لەسەر دەستی میدییەکان و بابلییە کلدانیەکان.[٦١٣]

یەکەمین پاشای ئاشوری سەردەمی نوێ ئەدەد-نیراری Adad-Nirari دووەمە (٩١١-٨٩١ پ.ز.) لە سەرەتای دەسەڵاتی دا دەستی کرد بە فراوانخوازی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری، هێرشیی کردە سەر ناوچەکانی زێی خواروو، لوللوبوم، زاموا و نامری.[٦١٤] لەگەڵ سوپاکەی دژی 'شەمەش- مودەمیق Šamaš-Mudammiq'[٦١٥]ی پاشای بابل بە پێی کرۆنۆلۆجی لیستی پاشاکان، سێیەم پاشای بنەماڵەی

---

[٦١١] باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ص.٥٤٠.

[٦١٢] سليمان، عامر، *العراق في التاريخ القديم*، ج١، بيروت، ٢٠١٤، ص. ٢١٥.

[٦١٣] باقر، *مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة*، ص. ٥٤٧-٥٤٨ ؛ الشيخلي، عبدالقادر، *المدخل الى تاريخ الحضارات القديمة*، ج١، بغداد، ١٩٩٠، ص. ١٤٣.

614 Olmstead, A. T., *History of Assyria*, Chicago, 1960, p. 75.

[٦١٥] شەمەش-مودەممیق تاوەکو ئێستا بە هۆی تێکستەکانی سەردەمی ئاشوری نوێوە دەناسرێت، بەڵام هیچ شتێك لە بارەی ڕەگەز و ڕەچەڵەکییەوە نازانرێت، تەنها پەیوەندی جەنگی هەبووە لەگەڵ ئەدەد-نیراری دووەم لە کۆتا دەیەی سەدەی

هەشتەمی بابلی یە لە ساڵی ٩١٠ پ.ز. جەنگ لە نێوانیاندا ڕوویداوە.[٦١٦] تەنانەت ئەدەد-نیراری خۆی بە ڕزگارکەری وڵاتی 'کاردونیاش Karduniáš' ناودەبات.[٦١٧] لە ناوچەی 'خالمان[٦١٨] یالمان Ialman' ڕووبەڕووی سوپای 'شەمەش-مودەممیق' بوەتەوە، جەنگەکە لە ناوچەی گەرمیان بە گشتی و خانەقین بە تایبەتی ڕوویداوە، ئەوەش بۆ سەنگی ستراتیژیەتی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، وایکردووە پێکدادانەکان لەوێدا ڕوو بدەن.[٦١٩]

لە دوای شەڕەکە ئیدی ناوی شەمەش-مودەممیق بەر چاو ناکەوێ، ڕەنگە دوایین جەنگی بوبێت و کۆتایی هاتبێ.[٦٢٠] هەر لەوبارەیەوە ئەدەد-نیراری دووەم لە دەقێکی دیکەدا دەڵێت "بووم بە گەورەی 'کاتموخو Katmuḫu'، هەروەها ناوچەی کاردونیاش کەوتە ژێر دەسەڵاتمەوە، دوای تێکشکاندنی شەمەش-مودەممیق لە بەرزاییەکانی یالمان بۆ ڕوباری 'تورنات Turnat' (سیروان)، ناوچەکانی نێوان 'لاخیرو Laḫiru'[٦٢١] و 'ئوگار-سەللو Ugar-Sallu' کەوتە ژێر دەسەڵاتمەوە، هەروەها هەموو ناوچەی 'دێر Dēr' و 'ئەڕڕاپخا Arrapḫa' و 'لوبدو Lubdu'.[٦٢٢] و کاردونیاش خرانە سەر سنووری وڵاتی ئاشور".[٦٢٣]

لەسەردەمی 'توکوڵتی- نینورتا Tukulti-Ninurta'ی دووەم ٨٩١-٨٨٤ پ.ز. لە سەردەمی ئەم پاشایەدا، زانیارییەکان لە بارەی گەرمیانەوە کەمە، بەڵام لەبارەی فراوانخوازییەکانی سەردەمییەوە ئەوەی زانراوە ئەوەیە توانیویەتی هێرشەکان بۆ سەر ناوچە کاشتی نشینەکان بەردەوام بووە و گەیشتوەتە ناوچەکانی سەرەوەی بەغدادی ئەمڕۆ.[٦٢٤] لێرەدا دەردەکەوێت گەرمیانیش بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئاشوری بووە لەم سەردەمەدا.

---

دەیەمی پ.ز. دیار نەمانیشی لەسەر شانۆی سیاسی پێدەچێت پەیوەندیداربێت بە جێنشینەکەیەوە کە ناوی 'نابو-شوما-ئوکین' بوو، لە لایەن ئەوەوە کوژراوە، هەروەها هیچ پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان ئەو و جێنشینەکەیدا دەرنەکەوتووە. بڕوانە: Brinkman, *A Political History of Post-Kassite Babylonia 1158-722 B.C*, p. 177-179.

[616] Rogers, R. W, *A History of Babylonia and Assyria*, Vol.1, New York, 1916, p. 91.

[٦١٧] یحیی، اسامة عدنان و أخرون، *لمحات من تاريخ بلاد الرافدين*، مطبعة اشوربانيبال للثقافة، بغداد، ٢٠٢٠، ص. ١٤٠.

[٦١٨] کۆزاد محەمەد پێی وایە کە دەبێت یالمان هەمان خالمان بوبێت و لە سەردەمی ئاشوری نوێدا بەکار هاتبێت. ئەحمەد، بایەخی خانەقین و گەرمیان.....، ل. ١١.

[٦١٩] ئەحمەد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام، ل. ٤٣.

[620] Rogers, *Op. Cit.*, p. 146.

[٦٢١] لاخیرو باوەڕ وایە دەکەوێتە ناوچەی گەرمیانەوە لە قەزای کفری لەو ناوچەیەی ئەمڕۆ بە ئاسکی کفری (تورکمانەکان پێی دەڵێن قەرە ئۆغڵان) دەناسرێت. بڕوانە: Postgate, J. N., *Op. Cit.*, p. 153. هەروەها حنون هەمان بۆ چونی هەیە لەسەر شاری لاخیرو. بڕوانە: حنون، *المصدر السابق*، ص. ٣١٤.

[٦٢٢] لوبدو ناوچەکانی باشوری کەرکوك دەگرێتەوە توێژەرەوان پێیان وایە ناوچەی تاوق بووبێت. بڕوانە: ئەحمەد، ''بایەخی خانەقین و گەرمیان''، ل. ١١.

[623] Grayson, A. K. *The Royal Inscriptions of Mesopotamia-Assyrian Periods,* Vol. 3: Assyrian Rulers of the Early First millennium B.C II (858-745 B.C), Toronto, 1996. p. 148. & A.0.99.2 ; Brinkman, *A Political History*, p. 178.

[٦٢٤] عبدالصمد، كردستان العراق، ص. ١٠٣.

ئاشور-ناصیرپاڵ Aššur-Naṣirpal ی دووەم کوڕی توکوڵتی-نینورتای دووەم دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئیمپراتۆرییەتی ئاشوریی نوێیە ماوەی ٢٧ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە (٨٨٣-٨٥٨ پ.ز.) هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و سەردەمەکەی بە قۆناغێکی گرنگی فراوانخوازی ئاشوری نوێ دادەنرێت، بۆ ناوچەکانی دەرەوەی سنووری دەوڵەتی ئاشوری،[٦٢٥] لە ماوەی ٤ ساڵی یەکەمی دەسەڵاتەکەیدا سێ جار هێرشی بۆ سەر زاموا هێناوە، توانیویەتی بە تەواوی کۆنترۆڵی بکات، لە هێرشی سێیەم لە ساڵی ٨٨٠ پ.ز. لە پاش داگیرکردنی 'زاموا، سلێمانی' تاوەکو ناوچەکانی خاشیمور پێشرەوی کرد، پاشان بەرەو ناوچەکانی خواروو و کەنارەکانی ڕوباری دیالە کشاوە.[٦٢٦] سەرەتای هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکانی سەروی ڕوباری دیالە (سیروان) و زێی بچووك دەستپێکرد، بۆ ئەوەی بتوانێت لەوێوە کۆنترۆڵی ڕێگا گرنگەکانی زاگرۆس و بابل بکات، لەوێشەوە بچێتە ناوچەکانی خۆرهەڵات، هەروەها ئارامی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی دیجلە مسۆگەر بکات.[٦٢٧] جوڵاندنی سوپا بە ئاراستەی ناوچەکانی ئەرڕاپخا لەبەرئەوە بوو داگیرکردنی ئەم ناوچەیە واتای درێژکردنەوەی هێڵی بەرگری بوو بۆ وڵاتی ئاشور. لە هەمان کاتدا توانی ناوچەکانی سەرەوەی ڕوباری دیالە بۆ ناوچەکانی زێی خواروو کۆنترۆڵ بکات.[٦٢٨]

هێرشەکانی بۆ ناوچەی دیالە دەستیان پێکرد، وەك خۆی دەڵێت "لە چیای سیماکیەوە Simaki'[٦٢٩] بە خۆم و هێزەکەمەوە تێپەڕیم و لە ڕوباری 'تورنات Turnat' (ڕوباری سیروان) پەڕیمەوە لە گەڵ خۆرهەڵاتندا گەیشتم بە شاری 'ئامماڵیAmmale' لە گەمارۆدا وێرانم کرد و ڕوخانم و سوتانم".[٦٣٠] ئەم فراوانخوازییانەی ئەو سەرتایەك بوو بۆ هێرش و جێگیربوونی ئاشورییەکان لە ناوچەی لقەکانی ڕوباری دیالە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات.[٦٣١]

لە سەردەمی 'شەلمانیسەر Shalmaneser'ی سێیەم (٨٥٨ – ٨٢٤ پ.ز.) نامری و ناوچەکانی دەوروبەری ڕوباری دیالە و لقەکانی چەند جارێك لە لایەن شەلمانیسەری سێیەمەوە بەر هێرش کەوتوون.[٦٣٢] هەروەها لە ناوچەکانی سەرەوەی دیالەدا چەند هۆزێکی کاششی هەبوون هەمیشە بە

---

[625] Grayson, A. K., Ashur-dan II to Ashur-Nirar V (934-745) B.C, in: *CAH*, Vol. 3, p.1, Cambridge, 1982, p. 253
سلیمان، عامر و الفتیان، احمد مالك، *المصدر السابق*، ص. ١٥٦ ؛

[626] Brown, *Op.Cit*, p. 33-34 ; Grayson, Ashur dan II to Ashur Nirar V (934-745) B.C, p. 254.

[٦٢٧] ڤان دی میرۆپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٣٥٥.

[٦٢٨] ساكز، *قوة اشور*، ص. ١١٠-١١١.

[٦٢٩] سیماکی بە ڕای ڕافیدە قەرەداغی شاخی سەگرمەیە لە زنجیرە چیای قەرەداغ. بڕوانە: عبدالصمد، *کردستان العراق في التاریخ القدیم*، ص. ١١٧.

[٦٣٠] عبدالصمد، ڕافدە عبداللە، *کردستان العراق في التاریخ القدیم*، ص. ١١٦-١١٧.

[631] Brown, *Op. Cit*., p. 34.

[632] Karlsson, Mattias, *Relations of Power in Early Neo-Assyrian State Ideology*, Berlin, 2016, p. 34 ; Karlsson, Mattias, *Early Neo-Assyrian State Ideology*, Swedon, 2013, p. 28.

مەترسی دادەنران بۆ سەر سنوری دەسەڵاتی ئاشور، لەبەرئەوە چەند جارێك هێرشی كردووەتە سەر ناوچەكانیان.[٦٣٣]

شەلمانیسەری سێیەم لە دەقێكدا دەڵێت "لە ساڵی هەشتەمی فەرمانڕەوایەتییەكەمدا (كە دەكاتە ٨٥٠ پ.ز.) لە بابل 'مەردوك– بێل-ئوساتێ Marduk-Bel-Usatê' لە دژی برا گەورەكەی 'مەردوك-زاكیر-شومی Marduk-Zakir-Šūmi' ڕاپەڕی و زۆربەی ناوچەكانی 'مێ-تورنات Me-Turnat' و دەوروبەری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە".[٦٣٤] لە ساڵی دواتردا پاشای ئاشور سەركەوتوو بوو لە هێرش بۆ سەر ناوچەی كاششی یەكان لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵات و ڕوباری دیالە، لە هەمان كاتدا دەڵێت "لە ساڵی نۆیەمی دەسەڵاتمدا (واتە ٨٤٩ پ.ز.) بۆ جاری دووەم ڕاپەڕییەوە، منیش گەمارۆی مەردوك-بێل-ئوساتێم دا لە شاری 'گاناناتێ Gananate'[٦٣٥] بە سەریدا سەركەوتم، 'مەردوك-بێل-ئوساتێ' ترسا و بەرەو شاخەكان [٦٣٦] هەڵهات، بۆ پاراستنی ژیانی خۆی، هەموو سەرباز و چەكدارەكانیم كە لە گەڵی بوون كوشت".[٦٣٧]

هەر لە ساڵی نۆیەمی دەسەڵاتیدا ٨٤٩ پ.ز. جارێكی دیكە لە سەر داخوازی 'مەردوك-زاكیر-شومی Marduk-zakir-Šūmi' شەلمانیسەری سێیەم جارێكی دیكە هێرش بۆ سەر 'مەردوك-بێل-ئوساتێ Marduk-bel-usatê' دەست پێدەكات و دەڵێت "لە دوای ئەوەی 'مەردوك-بێل-ئوساتێ' بابلی لەگەڵ براكەی دا 'مەردوك- زاكیر-شومی' بەشكرد، 'مەردوك-زاكیر-شومی' داوای هاوكاری لە من، شەلمانیسەری بە هێز و توانا و بوێر كرد، بە پشتیوانی خواوەند 'ئورتا Urta'[٦٣٨] لێی وەپێش چووم،[٦٣٩] شەلمانیسەر دەڵێت "لە شاری 'زابان Zaban' چومە پێش و قوربانیم پێشكەش بە خواوەند ئەدەد كرد، بەرەو 'مێ- تورنات Me-turnat'[٦٤٠] ڕۆیشتم و شارەكەم گەمارۆدا و گرتم، دانیشتوانەكەیم سەربڕی و تاڵانم كرد، لە میتورانەوە بەرەو 'گاناناتێ Gananate' پێشڕەوەیم كرد. 'مەردوك- بێل- ئوساتێ'، پاشای یاخی، نەیدەزانی چی بكات، لە دژم جەنگا و بەزاندم، كوشت و بڕێكی زۆرم لێكردن، لە شارەكەیدا قەتیسم كرد، دەغڵو دانەكەیم لە بن هێنا و باخ و باخاتەكانیم بڕیەوە، جۆگەی ئاوەكانم بەست".[٦٤١]

---

633 Brinkman, Babylonia 1000-748 B.C, in: *CAH*, Vol. 3, Cambridge, 1982, p. 306.

634 Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, Chicago, 1926, p. 203. & 565.

٦٣٥ هەندێ لە توێژەران باوەڕیان وایە گاناناتێ ناوچەی جەلەولای ئەمڕۆیە .Postgate, *Op. Cit*., p. 154

٦٣٦ بەڵام لەم بارەیەوە لە دەقێكی دیكەدا دەڵێت" مەردوك-بێل-ئوساتێ بۆ پاراستنی ژیانی خۆی بۆ شاری خالمان هەڵهات، دواتر منیش لەوێوە بۆ بابل و بورسیپیا كشام" بڕوانە: Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 37.& A.0.102.0

637 Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 53. & A.0.102.10 ; Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 204. & 566.

٦٣٨ سەبارەت بە ناوی ئەم خواوەندە كە پاشای ئاشوری ناوی دەبات لوكنبیل بە خواوەندی ئورونا ناوی دەهێنێت، بەڵام لە گرەیسن بە خواوەند نینورتا ناوی بردووە، لە ڕاستیدا ئەوەی دووەمیان ڕاست ترە. بڕوانە: Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 230. & 622 Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 30. & A.0.102.5 ;

639 Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 30. & A.0.102.5

٦٤٠ میتورنات ناوچەی تەل حەدادە لە حەمرین بۆ ئەمە بڕوانە: ئەحمەد، خانەقین و دەوروبەری لە سەرەتاوە تاوەكو ئیسلام، ل. ٤١.

641 Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p.30. & A.0.102.5 ; Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 229-230. & 622.

له لەشکرکێشی دووەمدا توانیویەتی مەردوك-بێل-ئوساتێ له ناوبەرێت ،[٦٤٢] وەك له دەقەکەدا دێت جارێکی دیکە شەلمانیسەر هێرش دەکاتەوە سەر ناوچەکە، دەڵێت "له بیستی نیسان له نەینەواوە بەڕێ کەوتم، له زێی سەروو و خوارووو پەڕیمەوە، دوای جێهێشتنی شاری 'لاخیرو Laḫiru' له شاری گاناناتێ چومە پێش مەردوك- بێل- ئوساتێ' وەك ڕێوی هەڵهات و ڕویکردە چیای 'یاسوبو Iasubu' و له شاری 'ئارمان Arman' خۆی قایم کرد. شاری گاناناتێم گرت، تاڵانم کردن، مەردوك-بێل-ئوساتێم گرت و بە تیغی شمشێر کوشتم، هیچ کام له سەربازەکانیم له دەست دەرنەچوو".[٦٤٣]

له ڕوانگەی ئەم دەقانەوە کۆزاد محەمەد پێی وایە شاری 'زابان Zaban' دەکەوێتە ژووروی 'میتورناتەوە Me-turnat'، ئەمەی دواییان تەل حەدادە،[٦٤٤] له حەمرین لەو جێگەی بەنداوەکەی لێ دروست کراوە، له خوار میتورناتەوە شاری 'گاناناتێ Gananate' هەبووە، ئەم شارە بە تێپەڕبوونی کات و پەرەسەندنە زمانەوانییەکان بووە بە جەلەولا، ڕەنگە هەر له ناوچەی جەلەولای ئێستادا بێت، چوونی پاشای بابل له گاناناتێ بۆ بەرزاییەکانی 'یاسوبو Iasubu' بە ناوچەی خانەقیندا بووە، دەبێت خانەقین و دەوروبەری مەیدانی بەشێك لەم شەڕ و شۆڕە بووبێت.[٦٤٥]

پاشای ئاشوری شەلمانیسەری سێیەم له ساڵی شانزەیەمی دەسەڵاتیدا له ٨٤٢ پ.ز. له دژی ناوچەکانی گەرمیان هێزەکانی کۆ دەکاتەوە و دەڵێت "'مەردوك– مودەممیق Marduk-Mudammiq' پاشای وڵاتی 'نامری Namri'، بڕوای بە هێز و چەکدار و سوارە زۆرەکانی خۆی کرد و وە پێشیان کەوت بۆ جەنگ له دژی من، له ڕوباری 'نامیرتو Namiritu' سەنگەری شەڕی دانا ڕوبەڕووم، من شکستم پێ هێنا و سوارەکانیم لێ گرت و مەردوك-مودەممیق Marduk-Mudammiq' له چەکە بەهێزەکانم ترسا، شارەکانی 'بیت- نێر(یـ)گال Bīt-Ner(i)gal' و 'شومورزا Šumurza' و 'نیققو Niqqu' و وڵاتی 'توگلیاش Tugliaš' و شار و بنکە سەربازییە شورا دراوەکانی خۆی بە جێهێشت، بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆی هەڵهات و منیش کۆشکەکانیم تاڵانکرد، خواوەند و ماڵ و موڵکەکان ژنانی کۆشك و ئەسپە تەیکراوە (دابەستەکراوەکانی) له ژمارە نەهاتووەکانیم بە تاڵانی برد، باج و سەرانەی له 'بارو Baru' و ئیللیپی و له دەربەندەکانی توگلیاش وەردەگرت، وڵاتی نامرییم بە هێز و بروسکەی چەکەکانم داپۆشی".[٦٤٦]

شەلمانیسەری سێیەم ٨٤٢ پ.ز. هێرشێکی دیکەی کردوەتە سەر شاری 'نامری Namri' دەڵێت" له شانزەیەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیمدا له ڕوباری زاب پەڕیمەوە و بەرەو وڵاتی نامری بە سوپاکەمەوە بەرێکەوتم. 'مەردوك-مودەمیق Marduk-Mudammiq' پاشای وڵاتی نامری، بۆ ئەوەی گیانی خۆی

---

[٦٤٢] کینگ، *المصدر السابق*، ص. ٢٥٢.

[643] Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 30. & A.0.102.5 ; Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 230. & 622.

[٦٤٤] تەل حەداد له سەردەمی ئاشوری نوێدا بە میتورنات ناوبراوە، بەڵام له ساڵی ١٩٨٠ له تەل حەداد دەقێك دۆزراوەتەوە، کە باس له پەرستگای ئیشاخولا دەکات و شارەکە بە ناوی شاری سیرارا Sirara ناودەبات. رشید، فوزی، ''نص ملكي من تل حداد''، *مجلة سومر*، مجلد ٣٤، جزء ١&٢، ١٩٨١، ص. ٧٦-٧٧.

[٦٤٥] ئەحمەد، ''خانەقین و دەوروبەری له سەرەتاوە تاوەکو ئیسلام''، ل. ٤٤- ٤٥.

[646] Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 40. & A.0.102.6.

ڕزگار بکات ڕایکرد، بۆ شاخەکان، کەلو پەل و سوپاکەی و خواوەندەکانیم بۆ وڵاتی ئاشور گواستەوە و 'یانزو Ianzu' پیاوەکەی 'بیت-خانبان Bīt-Ḫanban'م کردە پاشای وڵاتی نامری".[٦٤٧]

پاشای ئاشوری شەلمانیسەر فەرمانداریکی ناوچەیی بۆ نامری دەست نیشانکرد، ئەم دەسەڵاتدارە دواتر لە لایەن دەوروبەرەوە پشتیوانی کرا و دەسەڵاتەکانی زیادی کرد،[٦٤٨] بەڵام وا دەردەکەوێت دوای ٨ ساڵ جارێکی دیکە پاشا دەستنیشانکراو و دانراوەکەی نامری 'یانزو Ianzu' بوو، لە دژی شەلمانیسەری سێیەم ڕادەپەڕێتەوە، لەبەر ئەوە شەلمانیسەر لەساڵی ٨٣٤ پ.ز. باس لە لەشکر کێشییەکی دیکە دەکات، بۆ سەر شاری نامری لە دژی 'یانزو Ianzu.[٦٤٩] دەڵێت "لە بیست و چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیمدا لە ڕوباری زێی بچووك پەریمەوە و بە زەوییەکانی 'خاشیمور Ḫašimur' دا تێپەڕیم، بەرەو وڵاتی نامری، یانزوی پاشای وڵاتی نامری لە چەکە بەهێزەکانم ترسا، بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات، بەرەو شاخەکان هەڵهات، شارەکانی 'بیت - تامول Bīt-Tamul' و 'بیت - شاککی Bīt-Šakki' و 'بیت - شێدی Bīt-Šēdi' شارە بەهێزەکانیم گرت، جەنگاوەرەکانیم کوشت، تاڵانییەکانی خۆمم بار کرد، شارەکانیم وێران کرد و سوتاندمن، هەندێکیان بۆ شاخەکان هەڵهاتن، لوتکەی بەرزاییەکانم گرت و شەڕکەرەکانم کوشت، دەسکەوتەکانم هێنایە خوارەوە، لەنامری تێپەڕیم و ٢٧ پاشای وڵاتی پارسوا دیارییان پێشکەش کردم" [٦٥٠].

لە ڕوانگەی دڵشاد زامواوە ئەم دەقە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە و بەشێکی ئەو بۆ چونانە ڕەت دەکاتەوە کە پێیان وایە نامری دەکەوێتە دیوی سنووری ئێرانی ئەمڕۆوە. لەم دەقەدا ڕاستەوخۆ شەلمانیسەر دەڵێت "لە دوای تێپەڕبوون بە زێی بچوك بە دەربەندی 'خاشیمور Ḫašimur'دا گەیشتم بە وڵاتی نامری" تەنانەت نەگەیشتوەتە ڕوباری سیروان، لەبەر ئەوە پێدەچێت نامری کەوتبێتە بەری ڕۆژئاوای ڕوباری سیروان، لە بەشی باکوری گەرمیان.[٦٥١]

دیارە دوای هەڵهاتنی یانزو جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە نامری لە دژی شەلمانیسەر ڕادەپەڕێتەوە، ئەمەش پاشای ئاشور بێزار دەکات، بۆیە ئەمجارە بە هێرشی لە ناکاو پەلاماری نامری دەدات، دەڵێت "بۆ جاری دووەم بە خۆم و سوپا و سوارەکانمەوە بەرە و وڵاتی 'نامری Namri' جوڵام، 'یانزو Ianzu' پیاوی خامبانم بەدیل گرت لەگەڵ خواوەندەکانی و سەربازە لە ژمارە نەهاتووەکانیم لە ڕیشەوە دەرهێنا، تاڵانی وڵاتەکەی و کەلوپەلی کۆشکەکەیم بۆ شاری ئاشور ڕاگواست".[٦٥٢] لە دوای ئەم هێرشە ئیدی پاشای ئاشوری نەوەستا و بەرەو پێشتر هەنگاوی نا، بەتایبەت بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی میدیا. شارەکانی

---

647 Grayson, *RIMA*, *Vol. 3*, p. 67. & A.0.102.14 ; Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 205. & 573 ; Grayson, Ashu Dan II to Ashur nirari V, p. 266.

٦٤٨ حازم، حسين يوسف، *الملك الاشوري شلمنصر الثالث ٨٥٨-٨٢٤ ق.م*، رسالة ماجستير، جامعة الموصل،٢٠٠١، ص. ٦٨.

٦٤٩ زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٥٤.

650 Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 67-68. & A.0.102.14 ; Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 206. & 581.

٦٥١ زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٥٤.

652 Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 68. & A.0.102.14.

'ئارازیاش Araziaš' و 'خارخار Ḫarḫar' ی داگیرکرد.[٦٥٣] ئەم ناوچانە بەشێك بوون لە یەكێتی هۆزەكانی میدیا لەو كاتەدا، پێدەچێت مەبەست لەم هێرشە سەربازییانەی پاشای ئاشورییەكان ئەوەبووبێت ئەو ناوچانە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی باج و سەرانە.[٦٥٤]

هەر لە سەردەمی شەلمانیسەری سێیەم لە ساڵی ٢٤ فەرمانڕەوایەتییەكەیدا كە دەكاتە (٨٣٤ پ.ز.) كە بە تەواوی لە نامری دڵنیابوەوە، هێرشەكانی زیاتر فراوانتر بوون، هەروەها بە هۆی فراوانخوازییەكانی پاشایانی ئاشورەوە، ناو و باسی شوێنی نوێ وەدەركەوت، لە هێرشێكدا باس لە داگیركردنی شاری 'خارخار Ḫarḫar' یان 'كارخار Karḫar' دەكات.[٦٥٥] كە لەو كاتەدا بەشێك بووە لە یەكێتی هۆزەكانی میدیا و تەنانەت دوای داگیركردنی خارخار وێنەی خۆی لەسەر بەرد هەڵكۆڵیبوو.[٦٥٦] هەر لە هەمان ساڵدا پاشای ئاشوری لە ناوچەی نامری بەرەو پارسوا وەرێ كەوت و بەوتەی خۆی ٢٧ پاشای پارسوا دیارییان بۆ هێناوە، دوایش ناوچەكانی 'ئێسامول Esamul' و 'تارزانابی Tarzanabi' گرت و سوتادنی (جەنگاوەرەكانیانی كوشت) و پەیكەری خۆی لە خارخار دانا.[٦٥٧] دواین هێرشەكانی پاشای ئاشور لە ساڵانی ٨٣٨-٨٢٧ پ.ز. بوو بۆ ناوچەكانی دیالەوە و دەردراوەكانی.[٦٥٨]

سەردەمی 'شەمشی- ئەدەد Šamši-Adad'ی پێنجەم ٨٢٣-٨١١ پ.ز. دوای وەرگرتنی دەسەڵات بە سێ ساڵ، دەستی كرد بە گەڕاندنەوەی زۆربەی ناوچە ڕاپەڕیوەكان، بۆ ژێر دەسەڵاتی ناوەندی.[٦٥٩] لە كۆتایی سەردەمی فەرمانڕەوایەتییەكەیدا توانیویەتی دەست بەسەر ناوچەی بەرزاییەكاندا بگرێتەوە، كە لە كۆتایی دەسەڵاتی شەلمانیسەری سێیەم جیا ببونەوە، وەك 'لوبدو Lubdu' لە باشوری كەركوك لە نزیك داقوقی ئەمڕۆ و زابان لە گەرمیان داگیربكات، لەو جێگەیەی ڕوباری سیروان زنجیرە چیای حەمرین دەبڕێت، لە پاڵیدا باس لە گرتنی ئەڕڕاپخا (كەركوك) و ئوربێلیوم (هەولێر) دەكات.[٦٦٠]

شەمشی ئەدەدی پێنجەم لە هێرشی چوارەمیدا دەڵێت "دوای تێپەڕین بە ڕوباری زاب (زێی بچوك) چومە وڵاتی كاردونیاشەوە دوای تێپەڕین بە دەربەندی نێوان شارەكانی زادی و زابان لە بەرزاییەكانی ئیبیخ تێپەڕیم گەمارۆی مێ تورانم دا تاڵانم كرد و داگیرم كرد".[٦٦١] لە هێرشەكەیدا شەمشی ئەدەد گەیشتە ناوچەكانی دیالە و ڕوباری ئەڵوەند و لە بەرزاییەكانی حەمرین و سیروان پەڕیوەتەوە و گەیشتوەتە

---

[653] *Ibid*, p. 68. & A.0.102.14.

[٦٥٤] Grayson, A. K., Ashu-Dan II to Ashur-Nirari V, in: *CAH*, Vol. 3, P1, Cambridge, 1982, p. 266. ; البرواری، ریبر جعفر احمد، *الحملات العسكرية الاشورية على كوردستان (٩١١-٦١٢ ق.م)*، دهوك، ٢٠١٢، ص. ١١٤.

[٦٥٥] دیاكونوف، میدیا، ل. ٢١٢.

[٦٥٦] *هەمان سەرچاوە*، ل. ٢١٣.

[657] Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 206. & 581.

[658] Grayson, Ashu-Dan II to Ashur-Nirari V, p. 266.

[٦٥٩] مورتكات، انطوان. *تاريخ الشرق الادنى القديم*، ت. توفيق سليمان و على ابوعساف وقاسم طوير، دمشق، ١٩٦٧،ص. ٢٩٢.

[٦٦٠] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٣٦.

[661] Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 258. & 723.

گاناناتێ.توانیویەتی هەموو ڕێگا بازرگانییەکانی کۆنترۆڵ بکات و دەڵێت "لە بەرزاییەکانی یالمان پەڕیمەوە و گەمارۆی شاری 'دیبینا Dibina'[٦٦٢]دا و ملکەچم کرد".[٦٦٣]

لە دوو ساڵی کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا بەیەکدادانە سەربازییەکانی لەگەڵ بابلدا دەستی پێکرد، بە هاوکاری عیلامییەکان، هەوڵی دەسەڵاتیان دەدا.[٦٦٤] هەروەها لەدەقێکدا باس لە هێرشە سەربازییەکانی خۆی دەکات، دژی 'مەردوك-بەلاسو-ئیقبی Marduk-Balassu-Iqbi'، لە باکوری بابل کە لە دوای 'مەردوك-زاکیر-شومی' دەسەڵاتی وەرگرتبوو، بووە هاوپەیمانی عیلامییەکان، بۆ ئەم مەبەستە پاشای ئاشور لە دژی ڕکەبەرەکەی لە ناوچەی دیالە و حەوزی ڕوباری ئەڵوەند، جەنگی دەست پێکرد،[٦٦٥] لە ساڵی ٨١٤ پ.ز. شەمشی-ئەدەد سوپاکەی لە ڕوباری دیالە دەپەڕێنێتەوە لەو جێگەیەی ڕوبارەکە بەرزاییەکانی حەمرین تێدەپەڕێنێت و دەڵێت" لە هێرشی پێنجەمدا بۆ دووەمین جار بەرەو کاردونیاش هێرشم کرد، لە ڕوباری 'زاب Zab' پەڕیمەوە و زنجیرە چیای حەمرین 'ئیبێخ Epiḫ'م تێپەڕاند، بە هێزەوە لە ڕوباری 'تورنات Turnat' تێپەڕیم، شارەکانی 'قاینا Qaina' و 'پادانو Padanu' و 'ماکورڕێتێ Makurrete'[٦٦٦] سێ لە شارە گەورە شاهانەکان و ٢٥٠ ئاوەدانی دەوروبەری دەسەڵاتەکەیم وێرانکرد، شکۆ و گەورەی ئاشوری خواوەندم 'مەردوك-بەلاسو-ئیقبی Marduk-Balassu-Iqbi' پاشای کاردونیاشی لە خۆیدا نقوم کرد، بە ترسەوە لە هێزەکانمی دەڕوانی، هیچ ڕکابەرێکی نیە، ئەو گاناناتێ شارە بە شورا دەورە دراوەکەی خۆی بە شەو بەجێ هێشت، لە شەودا چووە شاری 'نێمیتێ-شەڕری Nemetti-Šarri'، وەدوای کەوتم، عەرەبانە و سوارەکان و ئامرازە جەنگییەکانیم برد، من بە تەواوی لە شارەکانیدا دەجەنگام، لە دەروازەی شاردا کوشتاری بە کۆمەڵم لێکردن و باخەکانیم بڕییەوە، ٢٤٥ لە ئاوەدانیەکانیم وێرانکرد و سوتاندمن".[٦٦٧] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناوچەی گەرمیان لەوکاتەدا خاوەنی باخ و بووە و ئاوەدانی زۆری لێ بووە، سوپا و شار و شورای بەهێز و ئەسپ و گالیسکەی هەبووە و لەو هێرشانەدا زیانی زریی بەرکەوتووە.

شەمشی-ئەدەد لە ڕووی سەربازییەوە گەیشتە ناوچەکانی دیالە و دەوروبەری ڕوباری ئەڵوەند لە بەرزاییەکانی حەمرین و ڕوباری سیروان هەتاوەکو شاخی خاشیمور دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە،

---

[٦٦٢] لە ناوچەی گەرمیان و بە دیاریکراوی لە نێو بەرزایەکانی شاکەل گوندێك هەیە بە ناوی دێبنە نزیکەی ٢کم لە گردی ڕەحیمەوە دوورە. توێژەر.

[٦٦٣] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم* ص. ١٤٠-١٤١ ؛ Luckenbill, *ARAB*, Vol. 1, p. 258. & 724

[٦٦٤] يحيى، و اخرون، *المصدر السابق*، ص. ١٥٠.

[٦٦٥] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٤١. ؛ Brinkman, Babylonia 1000-748 B.C, p. 308-309.

[٦٦٦] ناوی شارەکانی 'قاینا Qaina' و 'پادانو Padanu' و 'ماکورڕێتێ Makurrete' هەمویان پێکەوە لە تێکستێکی سەردەمی شەمشی ئەدەدی پێنجەمدا دێن دەڵێت "دوای تێپەڕین بە ڕوباری تورنات (دیالە) پێی گەیشتووە". پێدەچێت کەوتبنە ناوچەکانی خانەقین و دەوروبەری. بڕوانە: حنون، نائل، *المصدر السابق*، ص. ٣٣٥.

[667] Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 190. & A.0.103.2. ؛ Brinkman, *A Political History of Post-Kassite Babylonia 1158-722 B.C*, p. 208.

دواتریش باس لە چوونی بۆ ناوچەکانی بەدرە و جەسان و خوارووی مەندەلی دەکات.[٦٦٨] شەڕەکانی نێوان بابل و ئاشور لەم سەردەمەدا لە ناوچەکانی دیالە و دەوروبەری بەردەوام بوو، لە دوای 'مەردوك-بەلاسو-ئیقبی' کەسێکی دیکە بە ناوی 'بابا-ئەخا-ئیددینا Baba-Aḫa-Iddina' لە دژی ئاشور جەنگا.[٦٦٩] ناوچەکانی نێوان دیالە تاوەکو ناوچەکانی باکوری بابل لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون.[٦٧٠] بەڵام پاشای ئاشوری پەلاماری دەدات، لە تێکستێکی دیکەدا شەمشی-ئەدەد باس لە هێرشی شەشەمی دەکات لەساڵی ٨١١ پ.ز. بۆ سەر ناوچەکانی حەمرین و دەڵێت "لە هێرشی شەشەمدا بەرەو کاردونیاش بەڕێکەوتم لە زێی خوارووەپەڕیمەوە، بەرزاییەکانی حەمرین 'ئێبیخ Ebiḫ'م تێپەڕاند، دواتر لە ڕوباری تورنات ڕەت بووم، 'بابا-ئەخا-ئیددینا Baba-Aḫa-Iddina' لەگەڵ سەربازەکانی لە شاری 'نیبو Nibu' کۆببونەوە، شارەکەم لە ڕێگەی تونێل و نەردەوان و ئامرازی بەهێزەوە تێکشکاند، بابا-ئەخا-ئیددینا و کۆمەڵێك کەل و پەل و کوڕ و کچەکانیم دەست بەسەرکرد...".[٦٧١] لە هەمان کاتدا شەمشی-ئەدەد لە هێرشەکەیدا توانیویەتی شارەکانی دێر و لاخیرو گاناناتی و مێتوران داگیربکات.[٦٧٢]

شەڕەکانی نێوان بابل و ئاشور بەردەوام بوون، لەم سەردەمەدا ناوچەکانی حەمرین و دەوروبەری ببونە ناوچەی ململانێی نێوان بابل و ئاشور.[٦٧٣] هەروەها تاوەکو ناوچەکانی 'زاددی Zaddi' پێشڕەوی کردووە کە ئەوپەڕی سنوری باکوری بابلی پێکهێنابوو.[٦٧٤] شەڕەکانی شەمشی-ئەدەدی پێنجەم یەکلاکەرەوە بوون، لەگەڵ کاشتی یەکان، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و زۆربەی ناوچەکانی سەرەوەی بابلی وێرانکرد و سوتاندنی، هەر ئەمەش وایکرد بەردەوام بێت بەرەوە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی بابل.[٦٧٥]

کاتێك 'ئەدەد- نیراری Adad-nirari'ی سێیەم ٨١٠-٧٨٣ پ.ز. هاتە سەر حوکم وڵاتی ئاشور هێز و توانای جارانی نەبوو، دیارە خەڵکی ناوچەکە ئەمەیان زانیبوو، بۆیە کەوتبوونە جوڵە، خارخار سەربەخۆیی بەدەستهێنا بووەوە، بەڵام دواتر هەمدیسان داگیرکرایەوە. لە دەقێکدا هاتووە، دەڵێت "لە ژێر چاودێری خواوەند ئاشوردا ڕۆیشت و میرەکانی چوار ناوچەی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لە نێوان 'سیلونا Siluna'[٦٧٦] و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا، وەك ناوچەکانی 'ئیلليپی Ellipi' و 'خارخار Ḫarḫar' و 'مادای Madai'ی ....... داگیرکرد".[٦٧٧]

---

[668] Brinkman, *A Political History of Post-Kassite Babylonia 1158-722 B.C*, p. 209.

[٦٦٩] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٤٣.

[670] Brinkman, *A Political History of Post-Kassite Babylonia 1158-722 B.C*, p. 212.

[671] Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 191. & A.0.103.2.

[672] Brinkman, Babylonia 1000-748 B.C, p. 309 ; Grayson, *ABC*, p. 168.

[٦٧٣] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٤٣.

[674] Brinkman, *A Political History of Post-Kassite Babylonia 1158-722 B.C*, p. 208.

[٦٧٥] ساكز، هاری، *عظمة بابل*، ت. عامر سليمان، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٧٩، ص. ١١٨.

[٦٧٦] سیلونا بە 'کیلونا Ciluna'ش لە دەقە کلاسیکیەکاندا دەخوێنرێتەوە، تەنها یەکجار لە تێکستەکاندا هاتووە، ئەوەش بۆ مەبەستی ئاماژەکردن بۆ شاخ هاتووە. دڵشاد زاموا باوەڕی وایە پێدەچێت سیلونا کەوتبێتە باکوری نامری یەوە، لەبەرئەوەی

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٧٩٧ پ.ز. ئەدەد-نیرار توانی بە تەواوی ناوچەکانی نامری و دەوروبەری کۆنترۆڵ بکات و بیکاتە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئاشوری.[٦٧٨] هەروەها ئەدەد-نیراری لە ساڵی ٧٩٤-٧٩٥ پ.ز. هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەی دێر و داگیری کرد.[٦٧٩] دوای دەست بەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە فەرماندە 'شەمەش-ئیلو Šamaš-īlu' وەك فەرمانڕەوای وڵاتی گوتی و هەموو وڵاتی نامری دیاریکرد.[٦٨٠] دواتریش توانی ناوچەی ئەڕڕاپخا داگیر بکات و فەرمانڕەوایەکی ئاشوری لایەنگری خۆی دابنێت و دەڵێت "لە هێرشەکەمدا چەند ناوچەیەکم داگیر کرد فەرمانڕەوایەکی شوێنکەوتەم لە ئەڕڕاپخا دانا و هەموو دانیشتوانە لوللوبییەکەم کۆچ پێکرد بۆ وڵاتی ئاشور".[٦٨١] ئەدەد-نیرار لە کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتەکەیدا پیوەندییەکانی ئاسایی کردەوە گەڵ بابل و سنوری یەکیان پاراستووە، وەك لە تێکستێکدا هاتووە دەڵێت "ئەدەد-نیرار پاشای ئاشور و پاشای کاردونیاش دیلەکانیان گەڕاندەوە و بەشە خۆراکیان بۆ بڕاندوەتەوە".[٦٨٢]

لە کۆتایی سەردەمی 'ئەدەد-نیرار'ی سێیەمدا فراوانخوازییەکانی ئاشوری وەستان، دواتر کوڕەکەی ناوی 'شەلمانیسەر Shalmaneser' چوارەم بوو، لە ساڵانی ٧٨٣-٧٧٢ پ.ز. دەسەڵاتی وەرگرت، زانیارییەکان زۆر دەگمەنن لەبارەیەوە.[٦٨٣] لە سەردەمیدا تەنها ئەوە دەزانرێت کە لە بارەیەوە هێرشێکی کردووەتە سەر نامری، بەڵام لە ئەنجامی ئەم هێرشە هیچ نازانین.[٦٨٤]

لە سەردەمی ئاشور-دانی سێیەم ٧٧٢-٧٥٥ پ.ز. کە لە دەسەڵاتدا بووە، بەڵام بەهۆی دۆخی ناوخۆیی نەپەرژاوەتە سەر هێرشی دەرەکی، ئەم پاشایە دوو جار لە ساڵەکانی ٧٧١ و ٧٦٧ پ.ز. هێرشی کردووەتە سەر شاری گاناناتێ، بەڵام هیچ لەبارەی وردەکاری ئەم هێرشانەوە لەبەردەستدا نیە.[٦٨٥] تەنها هێرشێکی بۆ سەر ناوچەکانی میدیا هێناوە ئەوەش لە ساڵی ٧٦٧ پ.ز. دا بووە، پێدەچێت ئەوەش دیارترین هێرشی سەردەمی ئەم پاشایە بووبێت.[٦٨٦]

---

ڕاستەوخۆ دوای سیلونا ناوی نامری هاتووە، هەروەها دورنییە پەیوەست بووبێت بە ناوی شاخی ژیلوان و پێی وترابێت ژیلونا ئەمەش ئەگەرێکی لاوازە. بڕوانە: زاموا، دڵشاد، ''شوێنەواری شارە کۆنەکانی ژێر شاری سلێمانی لەبەر ڕۆشنایی تۆمارە مێخی و کلاسیکی و بەڵگە شوێنەوارییەکاندا، *تویژەر*، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)، ل. ٥٦١-٥٦٢.

[677] Pritchard, J. B., *Ancient Near Eastern Texts*, Third printing, New Jersey, 1974, p. 281 ؛

الجبوری، خیریة عبدالحمد، *الملك الاشوری ادد-نیراري الثالث* (٨١٠-٧٨٣ ق.م)، رسالة ماجستیر، جامعة بغداد، ٢٠١٧، ص. ١٣٩.

[678] Fuchs, A., Assyrian and the East: Western Iran and Elam, in*: Companion to Assyria*, ed. Eckart, Frahm, Blackwell, 2017, p. 261.

[679] Brown, *Op. Cit*, 1979, p. 48.

[680] Grayson, *RIMA*, Vol. 3, p. 232. & A.0.104.2010

[٦٨١] عبدالصمد، *کردستان العراق في التاریخ القدیم*، ص. ١٤٩-١٥٠.

[682] Grayson, *ABC*, p. 169.

[683] Brown, *Op. Cit*, p. 73.

[684] Grayson, *Ashur dan II to Ashur Nirar V* (934-745) B C, p. 276.

[685] *Ibid*, p. 277.

[686] Brown, *Op. Cit*, p. 75.

'ئاشور– نيرارى Aššur-Nirâri'ى پێنجەم لە ساڵى ٧٥٤-٧٤٦ پ.ز. لە دەسەڵاتدا بووە. هێرشى سەربازى ئاشورييەكان بۆ ناوچەكانى نامرى و كەنارەكانى زێى خواروو بەردەوام بووە، بە تايبەت لە ساڵانى نێوان ٧٤٩-٧٤٨ پ.ز.[٦٨٧] هەر لەم سەردەمەدا ڕاپەڕين لە ناوچەكانى 'ئەڕڕاپخا كەركوك' و 'گوزانا Guzana' لە دژى پاشاى ئاشورى دەست پێكرد، بووە هۆى كۆتايى هاتنى دەسەڵاتى ئاشور- نيرارى.[٦٨٨] پاشاى ئاشور لە ماوەى هەشت ساڵى دەسەڵاتيدا دوو ساڵى تايبەت كردووە بە هێرش كردن بۆ سەر نامرى و وێرانى كردووە.[٦٨٩] لێرەوە سەردەمێكى نوێ لە ئيمپراتۆرييەتى ئاشورى دێتە كايەوە بە قۆناغى دووەم لە سەردەمى ئاشوورى نوێ دادەنرێت. لەم سەردەمەشدا گەرميان وەك ناوچەيەكى ململانێى سياسيى و سەربازى لە نێو بەرداشى ئاشور و بابلدا بووە. هەر يەك لەو هێزانە بەهێزتر ببوايە دەكەوتە هێرش و پەلامار بۆ فراوانخوازى و ناوچەكانى گەرميان و دانيشتوانە كاششيەكەيشى بەگشتى لە نێوان بابل و ئاشوردا لەم هێرشانەدا پشكى شێريان بەركەوتووە.

---

[٦٨٧] ديلا پورت، ل.، *بلاد مابين النهرين*، ت.محرم كمال، طبعة الثانية، مكتبة الاداب بالحماميز، القاهرة، ١٩٩٧. ص. ٢٥٥. ؛ Grayson, *Ashur-dan II to Ashur-Nirari V* (934-745) B.C, p. 276

[688] Grayson, *Ashur-dan II to Ashur-Nirari V* (934-745) B.C., p. 278.

[689] Brown, *Op. Cit*, p. 75.

## ٣-٢ گەرمیان لە ناوەڕاستی سەدەی هەشتەمەوە تا ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پ.ز

تیگلات-پیلێسەر Tiglath-Pileserی سێیەم (٧٤٥-٧٢٧ پ.ز.) دوای هاتنە سەر دەسەڵات، ناکۆکی و ململانێ نێوخۆییەکانی بابلی بەهەل زانی بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ناوچە کێشە لە سەرەکانی نێوان ئاشور و بابل و هێزەکانی بگەیەنێتە ئەوپەڕی ناوچە سنورییەکانی نێوانیان بە درێژای ڕوباری دیالە و بەرزاییەکانی حەمرین بۆ ڕوباری دیجلە.[٦٩٠] پاشایی نوێ چالاکییە سەربازییەکانی لە دژی ناوچەکانی نامری دەست پێکرد، لە ساڵی ٧٤٤ پ.ز. تەنها دوای ساڵێك هێرشی کردە سەر ناوچەی نامری وەکو دەڵێت "لە ساڵی دووەم (٧٤٢ پ.ز.)ی فەرمانداریەکەمدا خواوەند ئاشوری سەروەرم هانی دام بۆ داگیرکردنی وڵاتی نامری".[٦٩١]

لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جوڵانەوە لە ناوچەکانی زێی خوار و ئەو ناوچانەی دەکەوتنە باکوری وڵاتی بابلەوە، لە سەردەمی دەسەڵاتی دا لە ساڵی ٧٤٥-٧٢٧ پ.ز. لە ناوچەکانی حەمرین و دەوروبەریدا هەبووە.[٦٩٢] لە دەقێکدا دەڵێت "لە ساڵی دووەمی دەسەڵاتەکەمدا بەرەو وڵاتی نامری کشام و ناوچەکانی 'بیت-زاتی Bīt-Zatti' و 'بیت- ئابدادانی Bīt-Abdadani'[٦٩٣] و 'بیت-سانگی[٦٩٤] Bīt-Sangi' مل کەچ کرد".[٦٩٥] هەروەها لە دەقێکی دیکەدا لە سەردەمی 'تیگلات-پیلێسەر'ی سێیەم دەڵێت "من شارەکانی نامری و بیت-ساگی و بیت-خامبانم داگیرکرد".[٦٩٦] لەگەڵ ئەوەشدا لە درێژییەکانی فراوانخوازییەکانی 'تیگلات-پیلێسەر' توانیویەتی سەرکەوێت بەسەر 'بیت-خامبان Bīt-Ḫamban' و سومورزو Sumurzu و 'بیت-باروا Bīt-Barua' و 'بیت- زوالزاش Bīt-Zualzaš' و 'بیت-ماتتی Bīt-Matti' و 'نیکو Niku'دا.[٦٩٧]

---

[٦٩٠] ساکز، *قوة اشور*، ص. ١٢٩.

[691] Grayson, A. K., Assyria: Tiglath-Pileser III to Sargon II (744-705 B.C), in: *CAH*, Vol. 3, P. 2, Cambridge, 1991, p. 79 ; Tadmor, Hayim and Yamada, Shigeo, *The Royal Inscriptions of the Neo-Assyrian Pireod, Sennacherib (704-681 BC) (RINAP)* Vol. 1, Indiana, 2011, p. 17.

[692] Brinkman, J. A., Babylonia in the Shadow of Assyria, in: *CAH*, Vol. 3, p. 2, Cambridge, 1991, p. 24.

[٦٩٣] کۆنترین ناوهێنانی ئابدادانی بۆ سەردەمی شەلمانیسەری سێیەم ٨٥٨–٨٣٤ پ.ز. دەگەڕێتەوە، کە لە لەشکر کێشیەکدا ئابدادانی داگیرکردووە و پاشان بەرەو نامری وەڕێ کەوتووە، پێدەچێت ئابدادانی کەوتبێتە ناوچەکانی باکوری خۆرهەڵاتی بیت خامبان، لە زۆربەی لەشکرکێشییەکانی سەردەمی ئاشوری نوێدا ناوی لە پاڵ ناوەکانی نامری و بیت خامباندا هاتووە، بە دیاریکراویش ناوچەکانی ڕۆژئاوای کرماشانی ئەمڕۆ. بڕوانە: ملکزادە، مهرداد، شاهك نشین ابدادانی در ماد غرب، *مجلە باستان شناسی و تاریخ*، عدد. ٢، (١٣٧٤)، ص. ٤١-٤٣.

[٦٩٤] ڕافیدە قەرەداغی پێی وایە بە Zangi یش دەخوێنرێتەوە، ڕەنگە بۆ ناوی عەشیرەتی زەنگەنە بگەڕێتەوە، لە ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوك و کرماشان نیشتەجێن، ناوچەکانی نێوان جەلەولا خانەقین بە ناوچەی زەنگئاباد دەناسرێ، هاوشێوەیە لەگەڵ بیت زەنگی ئاشورییە، بڕوانە: عبدالصمد، *کردستان العراق فی التاریخ القدیم*، ص. ١٤٧.

[695] Luckenbill, *ARAB*, Vol .1, p. 271. & 766.

[696] *Ibid*, p. 286. & 795.

[٦٩٧] عبدالصمد، *کردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٤٩. ؛ Luckenbill, *ARAB*, Vol .1, p. 291. & 811

دواتر هێرشەکانی تێگلات-پیلێسەر لە ساڵانی نیوان ٧٣١-٧٢٩ پ.ز. بەردەوام بووە بۆ سەر هۆزێکی ئارامییەکان بەناوی 'پوقودوPuqudu' کە بە تایبەت لە ناوچەکانی لاخیرو و ئەڕراپخاوە پشێوییان دروست کردبوو.[٦٩٨] دواتریش هێزەکانی بۆ ناوچەکانی بۆ خواروو جوڵاند، لە ڕۆخی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە لە نزیك بەغدادەوە لە ڕووبارەکە پەڕییەوە بەرەو بابل.[٦٩٩] هەروەها لە سەردەمی دەسەڵاتیدا میدییەکان دەسەڵاتیان لە ناوچەکانی خۆرئاوای ڕووباری دیالە و سیرواندا زیاتر بوو، لەبەرئەوە پاشای ئاشور ڕووبەڕوویان بووەتەوە و لەو ناوچانە دەریپەڕاندون و دوری خستونەتەوە بۆ ناوچەکانی ئێرانی ئەمڕۆ.[٧٠٠]

سەردەمی 'سارگۆن Sargon'ی دووەم ٧٢١-٧٠٥ پ.ز. لە ئاشور دەسەڵاتی وەرگرت، لە سەرەتادا دەستی کرد بە دامرکانەوەی ڕاپەڕینە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئاشور، لە لایەن عیلامییەکانەوە پشتگیری دەکران.[٧٠١] گرنگترین ڕاپەڕیوان 'مەردۆك-ئاپلا-ئیددینا Marduk-apla-iddina' بوو کە عیلامییەکان هاوکار و پشتیوانی بوون، لە ساڵی ٧٢٠ پ.ز. هێرشی کردە سەریان لە ناوچەی 'دێر Dēr' ناوچەی بەدرەی ئەمڕۆ دەگرێتەوە، هەرچەندە سارگۆن لە دەقێکدا باس لە تێکشکاندنیان دەکات، بەڵام سەرچاوەکانی تر وای باس ناکەن.[٧٠٢]

سارگۆنی دووەم دوای دامرکانەوەی ڕاپەڕینە ناوخۆییەکانی ئاشور، دەستی کرد بە هێرشی سەربازی بۆ سەر ناوچەکانی سەرەوەی ڕووباری دیالە (سیروان) بە تایبەتیش لە سەر ناوچەی خارخار، لە تێکستێکدا باس لە هێرشە سەربازییەکانی دەکات، بۆ سەر دانیشتوانی کەنارەکانی ڕووباری زێی سەرەوە و خوارەوە، لەگەڵ خارخار چۆن وێرانی کردووە، خەڵکەکەشی بۆ بنکە سەربازییەکان ڕاگواستووە.[٧٠٣] سارگۆن باس لە هێرشێك دەکات بۆ سەر ناوچەکانی نامری و ڕۆژهەڵاتی دیجلە، ئەم هێرشە بە وتەی خۆی وەك لە تێکستەکەدا هاتووە بە فەرمانی خواوەند ئاشور بووە. وەك دەڵێت "لە ساڵی دووەمی فەرمانڕەوایەتییەکەمدا خواوەند ئاشور فەرمانی پێکردم بە هێرش کردن دژی وڵاتی نامری".[٧٠٤] هەر لەو

---

698 Holloway, *Op. Cit.*, p. 346

هۆکاری ئەم هێرشە پێدەچێت بۆ ئەو پشێویە بگەڕێتەوە بە هۆی کۆچی ئارامییەکانەوە لە ناوچەکانی ئەڕراپخا و لاخیرۆ و دەورووبەری تاوەکو ڕووباری دیجلە دروستیان کردبوو. بڕوانە: Holloway,*Op. Cit.*, p. 346.

٦٩٩ السلماني، جمال ندا صالح، *العلاقات السياسية لبلاد الرافدين مع بلاد عيلام في العصر الاشوري الحديث (٩١١-٦١٢ ق.م)*، ص. ٩٠.

٧٠٠ الحديدي، احمد زيدان خلف صالح، *الملك الاشوري تجلاتبليزر الثالث (٧٤٥-٧٢٧ ق.م.)* رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ٢٠٠٣، ص. ٦٦.

701 Frame, G., *The Royal Inscriptions of Neo-Assyrian Pireod, Sargon II (721-705 BC) (RINAP)* Vol. 2, Pennsylvania, 2021. p. 41 ؛ ساكز، *قوة اشور*، ص. ١٣٥.

٧٠٢ باقر، *المصدر السابق*، ص. ٥٦٤.

٧٠٣ عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٥٢-١٥٣.

٧٠٤ محمود، نبيل نورالدين حسين، *الحملات العسكرية الاشورية، دوافعها ونتائجها في ضوء النصوص المسمارية المنشورة*، اطروحة دكتوراه، جامعة الموصل، ٢٠٠٦، ص. ٩٤.

ساڵەدا سارگۆن توانیویەتی شارەکانی نامری و بیت خامبان و ئیللیپی داگیر بکات و باج و سەرانەیەکی زۆریان بەسەردا بسەپێنێت.[٧٠٥]

لە ساڵی شەشەمی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا سارگۆنی دووەم هێرش بۆ سەر ناوچەی خارخار دەست پێدەکات، بە بیانوی ئەوەی فەرمانڕەوای خارخار کە ناوی 'کیبابا Kibaba' بووە، ویستویەتی لە دژی سارگۆنی ئاشوری لەگەڵ پاشای 'ئیللیپی Ellipi' هاوپەیمانی ببەستێت. بۆیە سارگۆن هێرش دەکاتە سەر ناوچەی خارخار و داگیری دەکات.[٧٠٦] سارگۆن دەڵێت "'کیبابا Kibaba' فەرمانڕەوای خارخارم گەمارۆ دا، لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا بە دیل گرتم، شارەکەیم تاڵان کرد، خەڵکی ئەو ناوچانەی دەست بەسەرم کردبوون، بۆ ئەوێم ڕاگواستن و نیشتەجێم کردن و شارەکەم نوێ کردەوە، بووم بە دەسەڵاتداریان".[٧٠٧]

هەر لەبارەی خارخارەوە سارگۆن ئاماژە بەوە دەکات و لە دەقێکدا دەڵێت "خەڵکی خارخار لە دژی کیبابا ڕاپەڕیون و کیبابا بەرەو ئیللیپی هەڵهات".[٧٠٨] لە دوای دەست بەسەرداگرتنی خارخار بۆ ماوەیەکی کاتی ناوی خارخار دەگۆڕێت و دەیکات بە 'کار– شارروکێن Kār-Šarruken'.[٧٠٩] دواتر 'ماننو- کی-نینوا Mannu-Kī-Ninua' دەکرێت بە پارێزگار یان فەرمانداری شاری خارخار دانرا بێت، دوای ئەوەی ناوەکەی گۆڕا بۆ 'کار-شاروکێن'[٧١٠] سنورەکەی فراوان دەکات و شەش ناوچەی دیکە دەخاتە سەر ولایەتەکە. خارخار وەك ناوەندێکی لێدێت و دەبێت بە پایتەختیان.[٧١١] چوار لەو ناوچانە ناوچەی میدیا بوون، ئەمەش ڕێگەیەك بوو، بۆ ئەوەی لێیەوە سەرانە لە ٢٨ ناوچە لە ناوچەکانی میدیا وەربگرێت.[٧١٢]

لەوکاتەدا شۆڕش و ڕاپەڕینێکی گەورە لە ناوچەکانی خارخار بەرپا بوو، ئەم ڕاپەڕینە لە لایەن یەکێتی هۆزەکانی ماد و ئیللیپی یەوە یارمەتی سەربازی دەدرا، هەروەها ئەم ڕاپەرینە سەریکێشا بۆ ناوچەکانی دیکە وەك نامری و بیت خامبان.[٧١٣] چونکە وایان چاوەڕوان دەکرد دانیشتوانی خارخار ڕاگوێزرێن و خەڵکی دیکە بهێنرێتە سەر ناوچەکەیان، ڕاپەڕین دەستی پێکرد، بیت-خامبان و ناماریش پشتیوانی بوون و لەوێش ڕاپەڕین تەشەنەی کرد، بەڵام لە لایەن سارگۆنی دووەمەوە بەزوویی کۆنترۆڵ کرا و دامرکێنرایەوە، بۆیە شورا و شاری قایمتر کرد.[٧١٤]

---

705 Frame, *(RINAP)* Vol. 2, p. 341.
706 Luckenbill, *ARAB*, Vol II, Chicago,1927, p. 6. & 11.
707 *Ibid*, p. 29. & 57.
708 Frame, *(RINAP)* Vol. 2, p. 61.
709 Olmstead, *Op. Cit*., p. 246. ؛ Grayson, Assyria: Tiglath-Pileser III to Sargon II (744-705 B.C), p. 95. ؛ Frame, *(RINAP)* Vol. 2, p. 61.
710 Stephanie, D., and Postgate, J. N., *Cuneiform texts from Nimrud*, Vo. III, Oxford, 1984, p. 187.
٧١١ کامیرون، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٤٢.
712 Elayi, Josette, *Sargon II, King of Assyria*, Atlanta, 2017, p. 167.
٧١٣ دیاکونوف، *میدیا*، ل. ٢٦٨.
714 Diakonoff, I. M., The Cities of the Medes, in: *Script Hierosoly Mitana*, ed. Mordechai Cogan and Israel Ephal, Jerusalem, 1991, p. 17.

ئەم هێرشەی سارگۆنی دووەمی ئاشوری لە ساڵی ٧١٥ پ.ز. بووە، هەروەکو لە دەقێکدا باسی لە کوشتارەکەی خارخار دەکات و دەڵێت" کاتێك دانیشتوانی خارخار جارێکی دیکە ڕاپەڕینەوە، لە دژی ئاشور، ئەو ڕاپەڕینەیانم بە هێز سەرکوتکرد، ٤٠٠٠ هەزار کەسم سەربڕی و ٤٨٢٠ کەسی دیکەم ڕاگواست و ناوی زۆرێك لە شارەکانم گۆڕی".[٧١٥] لە نوسراوێکدا ئاماژە دەکات خۆی گەمارۆی خارخاری داوە و 'کیبابا Kibaba'ی فەرمانڕەوای بە دیل گرتووە، ئەوەش لە ساڵی هەشتەم ٧١٤ پ.ز. ی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بووە، دانیشتوانی ناوچەی خارخار هەمیشە لە دەسەڵاتی ئاشوری ناڕازی بوون،[٧١٦] وەك لە دەقێکدا هاتوە دەڵێت "سەرکەوتم بەسەر 'خاشیمور Ḫašimur' و 'نامری Namri' و 'بیت-خامبان Bīt-Ḫamban' و 'پارسوا Parsua' و 'ماننا Manna'، هەروەها بەسەر وڵاتی موشکی دا سەرکەوتم، ڕووبەرووی دەسەڵاتداری عیلامی بوومەوە لە ناوچە 'دێر Dèr'.[٧١٧] سارگۆن بە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە توانی باج و سەرانەیەکی زۆر کۆ بکاتەوە، ئەمەش پشتیوانێکی گەورەی بوو بۆ هێرشەکانی دواتری کە بە هێرشی هەشتەم دەناسرێت.[٧١٨]

لەسەردەمی 'سینحاریب Sennacherib'دا لە ساڵانی ٧٠٤ - ٦٨١ پ.ز. گەرمیان وەکو چەقی ململانێی نێوان بابل (کاردونیاش) و ئاشور، کەوتە بەر هێرشی سەربازی و داگیرکاری.[٧١٩] سینحاریب خۆی باسی ئەو هێرشانە دەکات کردویەتیە سەر ناوچەکە، دەڵێت "لە هێرشی دووەمدا خواوەند هانی دام دژی کاششی یەکان و وڵاتی یاسوبیگالا و لە نێو شاخەکاندا بوو، پاشاکانی پێش من نەیانتوانی بوو ملکەچی بکەن، لەو ناوچانەی دۆڵی زۆری لێبوو، وەکو گای کێوی پەلامارم دان، شارە بە شورا دەورە دراوەکانییانم گەمارۆ دا، بەسەریاندا سەرکەوتم و مەڕ و مانگا و ئەسپەکانیانم بە تاڵانی برد، شارەکانم وێرانکرد و سوتاند، دانیشتوانی خاکی کاششی یەکان و وڵاتی یاسوبیگالا لە دەستم هەڵدەهاتن"[٧٢٠] لە ساڵی ٧٠٢ پ.ز. سینحاریب هێرشی سەربازی بۆ سەر ناوچەی کاششی یەکان و وڵاتی نامری دەست پێکردوە، لەم هێرشەدا سینحاریب ڕوبەڕوی بەرهەڵستی سەخت بوەوە، تەنانەت لەهەندی ناوچەی زۆر سەخت ناچار بووە بە پێ پێیدا تێپەڕ ببێت، ئەو ناوچانەی داگیرکرد و خەڵکەکەی ڕاگواست.[٧٢١] ڕەنگە هۆکاری ئەو هێرشانەی سینحاریب لە ساڵی ٧٠٢ پ.ز. بۆ نامری لەبەرگرنگی هەڵکەوتەی جوگرافیای بوو بێت بۆ دەوڵەتی ئاشوری کە جیای دەکاتەوە لە ناوچەکانی ئێران و پشتیوانی دانیشتوانەکەی مسۆگەر بکات،

---

[715] Elayi, *Op. Cit.*, p. 167.
[716] Luckenbill, *ARAB*, Vol .2, p. 29. & 57.
[٧١٧] عبدالصمد، *کردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٥٧.
[718] Grayson, Assyria: Tiglath-Pileser III to Sargon II (744-705 B.C), p. 95.
[٧١٩] عبدالصمد، *کردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٥٩.
[720] Luckenbill, *ARAB*, Vol. 2, p. 117. & 236.
[٧٢١] محمود، *المصدر السابق*، ص. ٨٢.

نەوەکو دەسەڵاتەکانی ئەوکاتی ئێران هاوپەیمانیان لەگەڵ ببەستن و دژی دەوڵەتی ئاشوری بەکاریان بهێنن.[٧٢٢]

لە دەقێکدا سینحاریب دەڵێت "لە هێرشی دووەممدا ..... گەیشتم بە ناوچەی کاششی یەکان و یاسوبیگالای دوژمن....بە ناوچە سەخت و بەرزاییە دژوارەکاندا تێپەڕیم، شارەکانی بیت-قوبادی.....ئەو ناوچانەم خستە سەر ناوچەی ئەڕڕاپخا..." [٧٢٣] سینحاریب لە دوای داگیرکردنی ئەو ناوچانە توانی هەموو ناوچاکان بخاتە سەر ناوچەی ئەڕڕاپخا (کەرکوکی ئەمڕۆ). دواتر چەند شارێکی داگیرکردووە، لە نێو ناوی ناوچەکاندا باسی 'خاردیشپی Ḫardišpi' و 'بیت-قوبادی[٧٢٤] Bīt-Qubadi' دەکات.[٧٢٥] هەروەها بەشێکی کاششی یەکانی ڕاگواست و لە بیت قوبادی نیشتەجێی کردن و هەموویانی خستە ژێر چاودێری فەرمانڕەوای ئەڕڕاپخا و خودی خۆشی چوو بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی ئێللیپی.[٧٢٦] دوای تەواو بوونی داگیرکارییەکانی بە ناوچەکانی حەمرین و باکوری ئەڕڕاپخا گەرایەوە بۆ وڵاتی ئاشور و نەینەوای پایتەخت، لە هەمان کاتدا سەرانەی بەسەر ئەو ناوچانەدا سەپاند و ملکەچی کردن.[٧٢٧]

ناوچەی گەرمیان لە سەردەمی سینحاریبدا لە میانەی ئەو هێرشانەی کردویەتی دوچاری پارچەپارچە بوون بووە و دانیشتوانەکەی توشی ڕاگواستن و لێکدابڕان کراون، هەروەکو خودی سینحاریب باسی ئەو حاڵەتە دەکات. هەروەها سینحاریب لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا توانیویەتی شاری خارخار داگیر بکات، لەهەمان کاتدا سنورەکەی بچوککردوەتەوە، چەندین ناوچەی لێ دابڕیوە، وەك 'ساپاردا Saparda' و 'بیت-کاری Bīt-Kari'.[٧٢٨] هەروەها شاری ئیلینزاشم داگیرکرد و ناوی شارەکەم بۆ کار سنحاریب گۆڕی، خەڵکی ئەو ناوچانەی داگیرم کردبوون تێیدا نیشتەجێ کرد و ئەوانەم خستە ژێر دەسەڵاتی فەرمارەوایەکی شوێنکەوتەی خۆم کە والی خارخار بوو، بەوجۆرە سنورەی وڵاتەکەمم فراوانکرد.[٧٢٩] سەنحاریب لە ساڵی ٦٩٤ پ.ز. هێرشی کردوەتە سەر عیلامی یەکان، ئەو کات دەسەڵاتیان تاوەکو

---

[٧٢٢] عبدالله، محمدامين امين، الحروب و اثرها علي الاوضاع الداخلية الاشوري، اطروحة دكتوراه، جامعة الاسكندرية، ٢٠١٦، ص. ٩٦.

[723] Grayson, A. K., and Jamie, Novotny., *The Royal Inscriptions of Neo-Assyrian Pireod, Sennacherib (704-681 BC), (RINAP)*, Vol. 3, N 1, Indiana, 2012, p. 14. دیاکونوف، *میدیا*، ل. ٢٧٩ ؛ محمود، *المصدر السابق*، ص. ٨٢.

[٧٢٤] هەندێ لە توێژەران باوەڕیان وایە کە بیت-قوبادی لە نزیك مەندەلی بێت، هەندێکی دیکە پێیان وایە لە نێوان دەربەندیخان و زنجیرە چیای حەمریندایە. بڕوانە: حنون، *المصدر السابق*، ص. ٣٣٥. بەڵام لیڤاین باوەڕی وایە دەبێت بیت-قوبادی لە نێو بەرزاییەکانی زاگرۆس نەبووبێت، پێدەچێت لە دراوسێی ئەڕڕاپخا بووبێت، یان ناوچەکانی باشوری خۆرئاوا تر تاوەکو دیالە. بڕوانە: Levine, L. D., The Second Compaigen Sennacherib, *JNES*, Vol 32, N 3, (1973), p. 315.

[725] Grayson, and Jamie, Novotny. *(RINAP)*, Vol. 3, N 1, p. 14.

[726] Grayson, A. K., Assyria: Sennacherib and Esarhaddon (704-669 B.C), in: *CAH*, Vol. 3, p. 2, Cambridge, 1991, p. 112.

[٧٢٧] حبيب، طالب منعم، *سنحاريب سيرته و منجزاته (٧٠٤-٦٨١) ق.م*، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، ١٩٨٦، ص. ٨٩.

[728] Diakonoff, The Cities, p. 17.

[729] Grayson, and Novotny, *RINAP*, Vol. 3, N 1, p. 174 ; Grayson, A. K., Assyria: Sennacherib and Esarhaddon (704-669 B.C), Vol. 3, p.2, p. 112.

ناوچەی 'دێر Dēr' هاتبوو. توانیویەتی هێزەکانی عیلامی لەو ناوچانە وەدەربنێت، سەرجەم ئەو ناوچەیە لەڕووی ئیداری و سەربازییەوە بکاتە بەشێك لەدەوڵەتی ئاشوری.[٧٣٠]

لە سەردەمی حوکمی 'ئەسەرحەدوندا Esaehaddon' ٦٨١-٦٦٩ پ.ز. ناوی خارخار لە نێو نوسراوەکاندا دیار نامێنێت. تەنها ئەوە نەبێت لە دەقێکدا لەسەر زاری خواوەند ئاشورەوە باس دەکرێت ئەویش دەڵێت "ئەوەتا خەڵکی خارخار پلان لە دژی تۆ دەگێڕن و دژی تۆ جوڵان و دەوری تۆیان داوە لێت دەپارێمەوە (ئاشور) منیش سکاڵاکەی تۆم لە دەرگا گەورەکەی ئاسمانەوە پێگەیشت، من ئاگاداری کاهینەکەی خۆم بووم، دەمەوێت دوژمنەکانت بسوتێنم، تۆ لە ناوەڕاستیاندا دەوەستی من لە بەردەمت لایان دەبەم، وایان لێ دەکەم بەرەو کێوەکان هەڵبێن و تەرزەیان بەسەردا دەبارێنم".[٧٣١] لێرەش خواوەند خۆی باس لە مەترسی خارخار دەکات، لەسەر دەوڵەتی ئاشوری خۆی لە کۆتایی دەقەکەدا نزا دەکات بۆ لەناوچونی شاری 'خارخار Ḫarḫar'، لە هەمان کاتدا ناوی شاری 'دێر Dēr' لە دەقەکاندا دەردەکەوێت، وەك ناوەندێکی ئاینی گرنگ تەماشاکراوە و پەرستگاکانی نۆژەنکراونەتەوە.[٧٣٢] لەهەمان کاتدا دێر وەك ناوەندێکی ئاگاداربوونی ئاشورییەکان لە سێگۆشەی نێوان بابل و عیلام و ئاشور بوو. هەروەها وەك ڕێگایەکی بازرگانی و سەربازی نێوان ئاشور و عیلام گرنگی پێدراوە.[٧٣٣] تێکستەکە نازانرێت هی کام یەك لە پاشایانی ئاشورییە، بەڵام لە زۆرێك لە سەردەمەکاندا پاشایان بە بیانووی ئاین هێرشەکانیان ئەجامداوە. ئەم پەنا بردنەش بۆ خواوەندەکان پیشەی بەردەوامی پاشایانی ئاشوری بووە.

لە سەردەمی 'ئاشوربانیپاڵ Ashurbanipal' (٦٦٨-٦٢٧ پ.ز.) لە ساڵی ٦٥٢ پ.ز. هێرشەکانی بۆ ناوچەکانی دیالە دەست پێکرد. توانی ناوچەکان ملکەچی خۆی بکات، لەوێوە بۆ ناوچەکانی خوارو تر هێرشەکانی بەردەوام بوو.[٧٣٤] بەڵام لە ململانێی نێوان شەمش-شوم-ئوکین و ئاشور-بانیپاڵی برای، ناوچەکانی دابەشکرد بۆ دوو بەرەی دژ بە یەك. هەریەکەیان هەوڵی دەدا ئەو ناوچانە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. لەم نێوەندەشدا ئەڕراپخا نەیتوانی بێ لایەنی خۆی بپارێزێت،[٧٣٥] هەروەکو لە دەقێکدا نێردراوێك لە لایەن شەمش-شوم-ئوکین Šamaš-Šum-ukin'ەوە دەچێتە ئەڕراپخا و داوای یارمەتی لە 'ئەبلیا Ablea' فەرمانڕەوای ئەڕراپخا دەکات، کە دژی دەسەڵات ڕاپەڕێت.[٧٣٦] لەم سەردەمەدا گەرمیان ناوەندێکی بەرچاو بووە هەمیشە پاشایانی ئاشور هێرشیان بۆ بردووە لە زۆربەی تێکستەکانیاندا باسیان کردووە و لە قۆناغی دواتردا زانیارییەکان کەم دەبنەوە، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ

---

[٧٣٠] حبیب، *المصدر السابق*، ص. ١٠٤.

[٧٣١] الطعان، عبدالرضا، الفكر السياسي في العراق القديم، بغداد، ١٩٨١، ص. ٤٧٦.

[732] Leichty, E., *The Royal Inscriptions of Neo-Assyrian Pireod, Esarhaddon (680-669 BC), (RINAP)*, Vol. 4, Indiana, 2011, P. 272.

[٧٣٣] سنيد، احمد حبيب، *اسرحدون*، رسالة ماجستير غير منشورة في التاريخ القديم، جامعة واسط، ٢٠٠٦، ص. ٩٩.

[٧٣٤] محمود، *المصدر السابق*، ص. ٥٥.

[٧٣٥] عبدالصمد، *كردستان العراق في التاريخ القديم*، ص. ١٦٤-١٦٥.

[736] Olmstead, *Op. Cit.*, p. 75.

هەموو ئەو ئاژاوە ناوخۆیانە و لاوازی پاشای ئاشوری و بەهێزی هێزەکانی دەوروبەریان، وەك میدییەکان، هەروەها پچڕانی ساڵنامەی ئاشورییەکان بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئاشوربانیپاڵدا.

لە ساڵی ٦١٥ پ.ز. هێزەکانی بابلییە کلدانییەکان لەگەڵ ئاشور پێکدادانیان لە نێواندا دروست بوو لە ئەڕڕاپخا و بابلیە کلدانییەکان توانیان ئاشورییەکان تاوکو زێی خوراوو ڕاو بنێن و بنکەکانیان داگیربکەن.[٧٣٧] لەم کاتەدا پاشای بابل لە ژێر هەژموونی ئاشور هاتە دەر و هەر لە هەمان ساڵدا ویستی پێشڕەوی بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو تاوەکو قەڵای 'تەکریتاین Takritain' لە تکریت پاشڕەوی کرد، لە قەڵاکەدا لە لایەن ئاشورییەکانەوە گەمارۆ دران، بەڵام ئاشوری یەکان نەیانتوانی هیچ سەرکەوتنێك بە دەست بهێنن ناچار بوون دەست لە گەمارۆدانەکە هەڵگرن و لە قەڵاکە پاشەکشەیان کرد.[٧٣٨]

لە نێوان ئەم دوو هێزەدا هێزی سێیەم میدیا بوو بۆ یەکەمجار لە دامێنی چیاکانەوە وەدەرکەوتن، لە مانگی ئۆکتۆبەر چوونە نێو ئەڕڕاپخا[٧٣٩] ئەمەش سەرەتای جموجوڵێکی سیاسی نوێبوو، لە ساڵی ٦١٤ پ.ز. لەشکری میدیا بە فەرمانی کیاکسار لە ڕێگای ئەڕڕاپخاوە چونە سەر دیجلە، دواتر بەرەوە ئاشور پێشڕەویان کرد و شاری ئاشور داگیر کرا کاتێکیش سوپای بابل گەیشت ئاشور کۆتایی هاتبوو.[٧٤٠] بەم شێوەیە گەرمیان و هەموو ناوچە زاگرۆسییەکان و بەشێکی باکوری مێسۆپۆتامیا بوونە بەشێك لە فەرمانڕەواییەتی میدییەکان.[٧٤١] هەروەها لەو ماوەیەدا میدییەکان دەستیان گرتبوو بەسەر هەموو ڕێگا بازرگانییەکانی ناوچەکانی باکور و خۆرهەڵاتی بابل ئەمەش ببووە هۆکاری لاوازی و قەیرانی ئابوری و گرانی لە وڵاتی بابل.[٧٤٢]

لە ساڵی ٥٥٠ پ.ز. دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی میدیا لە لایەن ئەخمینییەکانەوە، گەرمیان و زاگرۆس بوونە بەشێك لە دەسەڵاتی پاشایەتی ئەخمینی، کۆرش لە ٥٤٧ پ.ز. لە گەرمیانەوە بەرەو هەولێر وەڕێ کەوت بە خۆی و سوپاکەیەوە، بۆ هێرش کردنە سەر لیدیا و ئەنادۆڵ.[٧٤٣] لە دواتر و لە بەهاری ٥٣٩ پ.ز. کۆرش لە دوای تێپەڕبوون لە دیالە فەرمانڕەوای گوتیوم کەناوی 'ئوگبارو Ugbaru' دەستنیشانکراوی نابونائید بوو لە یەکێك لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە. لە سوپای بابل هەڵگەڕایەوە و چووە پاڵ سوپاکەی کورش.[٧٤٤] بە پێی گێڕانەوەکان لە کاتی پەڕینەوە لە ڕوباری 'گیندس، دیالە'دا یەکێك

---

[٧٣٧] مجیدزادە، *همان منبع*، ص. ٣٤٩.

[٧٣٨] دیاکونوف، *میدیا*، ل. ٣٦٨ ؛ مجیدزادە، *همان منبع*، ص. ٣٤٩.

[٧٣٩] لە ڕاستیدا هەتاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نییە بیسەلمێنێت مادەکان لە ناوچەکانی گەرمیانەوە هاتون و بەرە و ئاشور وەڕێ کەوتبن بۆ هێرش کردنە سەر وڵاتی ئاشور. بەڵام لە هەمان کاتدا ناوچەکانی گەرمیان و دەروازەکانی مونزریە و پەروێزخان دوو ئاسانترین دەروازە بوون بۆ ئەوەی مادەکان بتوانن بەو هێزە زۆرەوە هاتوچۆی پێدا بکەن بە ئاسانی و بە بێ دروست بوونی کێشە و هەروەها نزیکترین دەروازە بوون لە ناوچە و پایتەختی مادەکانەوە.

[٧٤٠] دیاکونوف، *میدیا*، ل. ٣٦٩.

[٧٤١] زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان''، ل. ١٥٧.

[٧٤٢] ساکز، هاری، *عظمة بابل*، ص. ١٧٨.

[٧٤٣] زاموا، ''کرۆنۆلۆجیای مێژوو و شارستانییەتی گەرمیان ''، ل. ١٥٧.

[٧٤٤] داندامایف، محمد ع.، *تاریخ سیاسی هخامنشی*، ت. فرید جواهر کلام، تهران، ١٣٨٨، ص. ٦٠.

له ئەسپەکانی کورش نەیتوانیوە لە ئاوەکە بپەڕێتەوە و خنکاوە. هەروەها کورش ماوەیەك لە ناوچەی دیالەدا ماوەتەوە.[٧٤٥] قۆناغ بە قۆناغ توانی ناوچەکانی کوردستان داگیر بکات تاوەکو توانی هەموو هەرێمەکانی بەری ڕۆژهەڵاتی دیجلە بخاتە سەر سنوری قەڵەمڕەوەکەی.[٧٤٦] پاشان بەرەو بابل بەڕێ کەوت. پاش شەڕێکی سەخت لە نزیك یەکتر بڕی نێوان ڕوباری دیالە و دیجلە لە ناوچەی 'ئۆپیس Opis' هێز و سوپای ئەخمینییەکان توانییان سەرکەوتن بە دەستبهێنن و لە ١٢ تشرینی یەکەمی ٥٣٩ پ.ز. بابل کەوت و ئەخمینییەکان دەستیان بە سەر هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بابلدا گرت.[٧٤٧] لێرەوە بەو ڕاستیە دەگەین گەرمیان و پێگە جوگرافیاییەکەی ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان. هەمیشە وەك مەیدانی جەنگ بوو لە نێوان ئەو هەموو هێز و دەسەڵاتە سیاسییانەی لە مێسۆپۆتامیادا دروست بوون، هەر هێزێکی سیاسیش توانیبێتی ئەم ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات ئەوا توانیویەتی دەستی بگات بە زۆر شوین و جێگەی دیکە، ئەمەش ململانێکانی لە ناوچەکەدا سەخت تر کردووەتەوە.

---

[٧٤٥] *همان منبع*، ص. ٦١.
[٧٤٦] ساكز، هاری، *عظمة بابل*، ص. ١٨١.
[٧٤٧] ڤان دی میروپ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٤١٢

## ئەنجام

دوای لێکۆڵینەوە لە مێژووی دێرینی گەرمیان لە هەزارەی سێیەم تاکو ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پێش زاین و هەروەها شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی کاریگەری فەرهەنگ و گەلانی دێرینی ناوچەکە و دەوروبەری لە گەرمیاندا لێرەدا بە کۆمەڵە دەرئەنجامێك گەیشتین دەتوانین لە چەند خاڵێکدا کۆیان دەکەینەوە لەوانە:

یەکەم: سنوری جوگرافیای گەرمیان ناوچەیەکی ستراتیژییە و ڕۆڵی گرێی هەیە لە نێوان ناوچەکانی باکور و باشور، ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان باکور و باشور بە گەرمیاندا هاتووە، بە تایبەتی بە درێژای ڕوباری سیروان. کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕێگایە کۆنترۆڵکردنی سەربازی و بازرگانی و هاوردەکردنی ماددەی خاوی بە دوادا هاتووە. ئەمەش وایکردووە بە درێژای مێژوو ئەم ناوچەیە وەك ناوچەیەکی گرنگ تەماشا بکرێ هەر هێز و قەوارەیەکی سیاسی ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا و دەوروبەر هەوڵی دەست بەسەردا گرتنی ئەم ناوچەیەیان داوە.

دووەم: ناوی 'گەرمیان' یەکەمجار بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ نێو تێکستە سریانییەکان، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت پێشتر ئەم ناوچەیە لە ڕووی مێژووییەوە ناوی نەبووە، بەڵکو ئەم ناوچەیە بە ناوی جیاجیا و شاری جیاجیا ناوی هاتووە وەك ناوەکانی سیمورروم و دێر و کارخار و ئاواڵ و نامری و توپلیاش و میتوران و نیقووم...هتد.

سێیەم: ئەم ناوچەیە بە درێژایی مێژوو لە چاخی بەردینی کۆنەوە مەڵبەندێکی گرنگی ژیان و ژیار بووە، ئامراز و پاشماوەی شوێنەوارییەکانی چاخی بەردینی ناوەڕاست و نوێ و پاشان فەرهەنگەکانی وەك حەسونە، سامەڕا، حەلەف، عوبەید، وەرکا و لە دواتریشدا فەرهەنگی نەینەوا پێنج لە کنە و پشکنینە شوێنەوارییەکانی ناوچەکەدا دۆزراوەتەوە.

چوارهەم: ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی گرنگ بووە، لەم ناوچەیەدا گەلانی بەهێز و جەنگاوەری وەك گوتی و لوللویی و خورری و کاششی ژیاون، ئەگەر کۆنترۆڵیان نەکردایە بەزوویی دەگەیشتنە ناوجەرگەی مێسۆپۆتامیا و ئەم ناوچەیە کلیلی دەرگای هێزەکانی مێسۆپۆتامیا بوون بۆ ئێران. هەریەك لەم گەلانەش خاوەنی تایبەتمەندی خۆیان بوون لە زمان و ئاین و....هتد، ئەم گەلانە بەشدارییەکی کارا و ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە مێژووی دێرینی ناوچەکە و مێسۆپۆتامیا لە ڕووی سیاسی و فەرهەنگییەوە.

پێنجەم: لە ناوچەی گەرمیاندا لە هەزارەی سێیەمی پێش زایندا چەند شانشینێك هەبوون، هەرچەندە تائێستا شوێن و جوگرافیای ئەم شانشینانە بە تەواوی یەکلایی نەبووەتەوە. بەڵام زۆرێك بەڵگەکان لەگەڵ ئەوەدان ئەم شانشینانە دەکەونە سنوری گەرمیانەوە. بە تایبەت شانشینی سیمورروم ئەم شانشینە خورری نشین بووە یاخود خوررییەکان لە دانیشتوانە سەرەکیەکەی بوون. ئەم شانشینە لە سەردەمی بنەماڵە سومەرییەکانەوە ناوی دێت و هێرشی سەربازی کراوەتەسەر. هۆکاری ئەم هێرشانە بۆ دەوڵەمەندی و

پێگەی ستراتیژی ناوچەکەوە بووبێت، لەبەرئەوەش لە دوای هەرکەوتنێك توانیویەتی بە زوویی هەستێتەوە، لە دواتریشدا لەسەردەمی ئەکەدی و پاشانیش لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور. کرۆنۆلۆجیای مێژووی ئەم شانشینە لەبەر ڕۆشنایی تێکستەکان و تۆمارکردنی هێرشەکانیان بۆ سەر سیموررروم و ئەو شانشینانەی لە گەرمیاندا هەبوون زیاتر ڕووندەبێتەوە. لەم شانشینەدا هەندێك پاشا هەبوون بە ناوبانگترینیان ئیدیـ(ـن)ـسن و زبازونای کوڕی چەند تێکستێکی دۆزراوەتەوە ئاماژە بە هێرش فراوانخوازیەکانیان کردووە و سنوری دەسەڵاتیان فراوان بووە لە دەڤەری ڕانیەوە بۆ ناوچەکانی خانەقی و دەوروبەری. ئەم شانشینەی لە دوای بنەماڵەی بابلی یەکەمەوە ئیدی ناویان نامێنێت لە نێو تێکستەکاندا. لە هەمان کاتدا ناوی چەند شانشێکی دیکە لە نێو تکستەکاندا دێت وەك شانشینەکانی کارخار، دێر و مادگا، ئەمانیش بەهۆی تێکستەکان و هێرشە سەربازییەکانەوە بەشێك لە مێژوویان دەزانین.

شەشەم: شانشینی ئێشنوننا یەکێك بووە لەو شانشینانەی سنوری دەسەڵاتەکەی لە ناوچەکانی دیالەی ئەمڕۆ بووە، لە هەمان کاتدا لە سەردەمی بەهێزیاندا توانیویانە چەند جارێك بۆ ناوچەکانی خوارووی گەرمیان پەلبهاون بیخەنە سەر سنوری دەسەڵاتیان.

حەوتەم: لەگەڵ دەرکەوتنی کاشییەکان ناوچەکانی گەرمیان و بەتایبەت دەوروبەری ڕوباری دیالە/ سیروان بوە بە مەڵبەندی ناوچە کاشی نشینەکان و لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەم کاتێك کاشییەکان توانیان دەسەڵاتی سیاسی بابل وەربگرن و بۆ ماوەی نزیکەی ٤٥٠ ساڵ فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی مێسۆپۆتامیا بکەن. گەرمیان ناوچەیەکی کاشی نشین و گرنگپێدراوی کاشییەکان بووە و هەموو کات هەوڵی پاراستنیان داوە لە هێرشی دەرەکی بەتایبەت هێرشەکان ئاشور و چەند جارێك ڕێککەوتنی دیاریکردنی سنور لە نێوان کاشییەکان و ئاشورییەکان هاتوەتە کایەوە ناوچەکانی گەرمیان وەك سنورێکی جیاکەرەوەی نێوان بابل و ئاشور دیاریکراوە. هەروەها نامری هەرچەندە تاوەکو ئێستا پێگە جوگرافیایەکەی بە تەواوی نەدۆزراوەتەوە، بەڵام وەك سێبەر و ناوچەیەکی کاشی نشین ڕۆڵێکی دیاری هەبووە، لە ڕەوتی ڕوداوەکان و زۆر جار ڕووبەڕوی هێرشی ئاشوری وەستاوەتەوە.


میتانییەکانیش یەکێك بوون لەو دەسەڵاتە سیاسییانەی لەو کاتەدا توانیویانە فەرمانڕەوایەتی بەشێك لە ناوچەکانی گەرمیان بکەن، بەتایبەت سنوری دەسەڵاتیان تاوەکو ناوچەکانی باشوری کەرکوکی ئەمڕۆ هاتووە.

هەشتەم: گەرمیان لە سەردەمی ئاشوری نوێدا ناوەندێکی گرنگ بووە، لە بەشێکی زۆری تێکستەکانی سەردەمی ئاشوری نوێدا ناوچەکانی گەرمیان بە (شار و شانشینەوە) ئاماژەیان بۆ کراوە، هەمیشە ئاشور لە سەردەمی هەریەك لە پاشاکانیدا لە هەوڵدا بوون بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە کۆنترۆڵ بکرێت، هەرپاشایەك بەجۆرێك هێرشی کردووەتە سەر، جارێك ئاشور و جارێك بابل و جارێکیش میدیا هێرشیان بۆ هێناوە، هەندێجار سنوری شانشینەکانیان بچوککردوەتەوە و چەند ناوچەیەکیان لێ دابڕیوە، باج و سەرانەیان بەسەردا سەپاندووە، لەسەردەمی هەندێ لە پاشا ئاشورییەکاندا ئەم ناوچەیە خراوەتە ژێر دەسەڵاتی

فەرمانڕەوای ئەڕڕاپخاوە، تەنانەت دوای داگیر کردنی ناوچەکە ناوی شوێنەکانیشیان گۆڕیوە، وەك ئەوەی سارگۆن ناوی کارخاری کرد بە کار-شاروکێن، ئەم ناوچەیە لە ململانێی نێوان ئاشور و بابل و میدیادا پشکی شێری بەرکەوتووە لەو وێرانکاری و هێرشانە. تاوەکو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئاشوری لە سەر دەستی میدیا و بابل. لە دواتردا ناوچەی گەرمیان بوو بە بەشێك لە سنوری دەسەڵاتی میدیا.


## پاشکۆکان

نەخشەکان. نەخشەی ژمارە(1)




نەخشەی سنوری جوگرافی و تۆپۆگرافیای گەرمیان وەرگیراوە عزەدین جمعە و ئارام حەسەن، تایبەتمەندییە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان''، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە ١، (٢٠١٧). ل. ١١٥.


**نەخشەی ژمارە(2)**




**نەخشـەی بەشێک لەناوچە شـوێنەوارییەکانی حەمرین**


وەرگیراوە لە اياد كاظم داود السعدي، *تاريخ مملكه اشنونا فى ضوء تنقيبات منطقة ديالى و حمرين*، رسالة ماجستير، غير منشوره، جامعه بغداد، (٢٠٠٧). ص. ٣٦٢.

**نەخشەی ژمارە(3)**




نەخشەی وەرگیراوە عزەدین جمعە و ئارام حەسەن، تایبەتمەندییە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان''، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژمارە ١ (٢٠١٧). ل. ٩٦. بەدەستکاری کردن و دیاری کردنی چەند شانشینێک لە لایەن تێژەرەوە.

## نەخشەی ژمارە (4)




